# گرەوی چاوەکانی ئەم

ئەزموون



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# گرەوی چاوەکانی ئەم

## ئەزموون

ئەحلام مەنسوور



پێشکەشە بە شاعیر بورهان ئەحمەد و خاتوو ئەڵماس و
کچەکانی پەروا و سارا و شێبا و سانا

ناوی کتێب: گرەوی چاوەکانی ئەم – ئەزموون
نووسینی: ئەحلام مەنسوور
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٢٥
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + فەرهاد ئەکبەری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٩١٢ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

(ئەم) و (ئەو) دوو دەروێشی سەیری ئەدەب بوون، پێوەندیی نێوانیان ناوونیشانی نەبوو، گوڵێک و دڕکێک بوون، بەقەدەرێک فڕێ درابوونە ناو پایتەختی عێراقەوە (بەغدا).

هەموو رۆژێک بەهۆی هەڕەشەی ئاسمانی ئەو شارەوە تووشی خوێنبەربوونێکی سەیر دەهاتن.

لە پێناوی ئازادیدا ناچاربوون بەیەکەوە بڕیارێک بدەن کە خوێنی خۆیان ببەخشنە ئەدەب، لە دوورەوە بۆنی ئاسمانی خوێناویی کوردستانیان دەکرد، بەپێی پێوانەی ئەمڕۆ، دوو هاوڕێی نیشتمانپەروەر بوون. چەکیان پێ نەبوو. بەڵام مێشکێکی ئەڵماسییان





هەبوو، هەموو جۆرە پەردەیەکیان دەدڕی و هەروەها دیوارە شووشەییەکانیان وردوخاش دەکرد، ئەم هەمیشە لەبەر خۆیەوە دەیوت "پەردە هەڵماڵین باجی خۆی دەوێ" باجی پێوەندیی ئەو دووانەش بەردەبارانکردنیان بوو.

وێڵ و سەرگەردانی دوو تۆڕی ئەفسووناوی بوون، بەبێ دەستی راوچی فڕێ درابوونە ناو دەریایەکی تەمومژاوی لە ئازادی کە لە رادەبەدەر بێ سنوور بوو، نەبڕوایان بە شانەی حیزبی دەکرد نە دەبوونە مەیموونی رژێم، تەنیا گیرۆدەی پەناهەندەییی خۆیان بوون و هەمیشە سەرگەردانی جۆرێک لە سەربەستی بوون کە پێشوەخت دەیانزانی چییان دەوێ.

خەونەکانیان قەت فەرامۆش نەدەکرد و برسێتیی ئەمڕۆیان دەسپاردە ئایندەیەکی نادیار و وێڵ و بەبێهوودەیی لە شەقامەکانی بەغدادا دەسووڕانەوە و زۆرجاریش وەکو دوو ئەسپ غاریان دەدا و کە شەکەت دەبوون، فرمێسک و برسێتی دڵی دەدانەوە و نەیاندەزانی مانای ئارام چییە.. یاخود چۆنە، نەشیاندەزانی کە ئایندەیەکی پڕ لە مەینەتی چاوەڕێیان دەکا و بە خێرایی هەنگاوە موگناتیسییەکانیان پەلکێش دەکا، دڵنیاش بوون کە دۆزەخێک شوێن پێ و جێ پەنجەکانیان قووت دەدا. بۆیە ترپەی هەناسەکانیان لەنێو سییەکانیاندا خنکابوون، نووسینەکانیان خەفە کرابوون.

(ئەم) کە دەگەڕایەوە بۆ کونجەکەی، ئەزموونی رۆژانەی دەبەخشییە لاپەڕەکانی.

(ئەو)یش کە لە بازاڕەکانەوە دەگەڕایەوە بۆ ئوتێل، دەبووە ئیمپراتۆری پێنووسەکەی، وەکو دوو کۆتری باڵشکاو هەنگاوەکانی

شانبەشانی یەکتری هەڵدەفڕین و لە پڕ یەکێکیان دەکەوت، ئەوی تریان بە دەنووکی زمانە پەلاسەکەی هەڵی دەگرتەوە، زۆرجاریش هێڵی هەنگاوەکانیان هاوتەریب دەبوون، بۆیە قەت پێشبڕکێیان نەدەکرد و ئایندەی رۆژگاریان دابووە دەستی پەلکەزێڕینەی قەدەرێک کە زۆر تەمومژاوی و نادیار بوو و هەر بەزمانی خەنجەرەکەی شکاتی لێ دەکردن.

" ئەگەر ئاواهی بکەن واو واتان بەسەردێ" هەڕەشەکردنی قەدەر، جۆرێک لەمەترسیی خستبووە ناو دڵیانەوە کە هەمیشە دەستیان لەسەری بوو نەوەک یەک ملیمەتر لە رێگا لابدەن و ببنە دوو مەیموون.

بەغدا تاڕادەیەک بووبوو بە مەیموونخانە، دەنگێک لە کۆشک و بەندیخانەکانەوە دەهات و هەڕەشەی لە هاووڵاتییانی دەکرد: "میمونم بازی بکن حلوا بخور".

حەڵوای ژەهراوی جۆری هەبوو، ئامرازەکانی جینۆسایدکردن و لە سێدارەدان و لە کارلابردن و ئەتککردن و..و... دەرخواردی عێراقییەکان دەدرا. بەشێکیان ناچار دەبوون حەڵواکە هەر نەجوون و یەکسەر قووتی بدەن.. بەشێکی تریش حەڵواکەیان وەکو خوێن هەڵدەهێنایەوە و هەر لە جێگای خۆیاندا گیانیان لە دەست دەدا و دەمردن.

زۆربەی زۆری هاووڵاتییانیش حەڵواخواردنیان کردبووە پیشەی هەمیشەیی خۆیان، ژەهری حەڵواکەش وەکو درمی تاعون بڵاو دەبووەوە، رۆژی وا هەبوو ئەو ژەهرە دەبووە سووراوی ژنان یان دەبووە عەترو دەرپێی کچان.

خۆ پیاوان هەر مەپرسن، ئەو ژەهرە بە رادەیەک هەر هەموویانی





خەساندبوو، پیاوان لەناو قەفەسی خێزانەکانیاندا خنکابوون، تا دەهات پیاوی خەسێنراو و خنکاو دڵی خۆیان زیندەبەچاڵ دەکرد و بەجەستەو بەئەو پەڕی وڕو گێژییەوە بۆ نان پەیداکردن و بەشدارینەکردن لە جەنگەکان یان خۆلادان لە بۆنەکان یاخود چاونووقاندن و گوێ کەڕکردن لە خوێندنەوەی دروشمەکان و بیستنی هەواڵە سواوەکانی رادیۆ، یان کوێربوون لە سەیرکردنی تەلەفزیۆن، ئەمانە هەموویان بووبوونە هۆی هەڵمژینی ژەهری ئەو حەڵوایانە کە لەناخدا بڕیاریان دابوو نەیخۆن.

رژێم هەر جارەو بەشێوەیەک حەڵوای ژەهراویی دەرخواردی هاووڵاتییان دەدا.. رەنگی ژەهرەکەش یاخود تامی یان کاریگەریی لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر گۆڕانکاریی بەسەردا دەها، جگە لە فەرمان و سەپاندنی هەندێک یاسا و بڕیار، سازدانی ئاهەنگی ژەهراوی یان لێدانی چینێک لەهەر شەش مانگ جارێکدا.

یاخود تێکەڵکردنی دابوونەریتی عەشیرەتگەری بە ئاهەنگەکانی قەرەجەکان و سەماکردنیان و چەقەنەلێدانی گەوادەکانیان لەو باخ و بێستانە زەوتکراوانە و تاپۆکردنیان بەسەر ئەو گەلاڕەشانەی درەختی ئەو بنەماڵە شوومە کە دەسەڵاتیان گرتە دەست و شارەزاییان پەیداکرد لە دروستکردنی حەڵوای ژەهراوی هەمەجۆردا.

رەنگی حەڵوا ژەهراوییەکان چەند سیفەتێکی لە خۆگرتبوو، رەنگی رەشیی حەڵوایەک بۆ خۆفرۆشتن بەکاردەهێنرا، ئەو حەڵوا رەشە بەزۆر دەکرایە دەمی هاوڵاتییانەوە، ناچار دەبوون دەمیان بکەنەوە و ناچار دەکران بڵێن بەڵێ بەسەرچاو.

سەگە هارەکانی رژێم سینی و سفرەیان قەت بەکارنەدەهێنا،

بەڵکو لە داوودەزگاکاندا پێش واژۆکردن بەپێی لیستی ناوەکان، یاخود بەیانی باشکردن، دەبووایە ئەو دەمانە هەمیشە بەکراوەیی روویان بکردایە حەڵوا رەشەکە و قووتیان بدایە، ئینجا رێورەسمی کارکردن دەستی پێ دەکرد و کاریگەریی حەڵوا رەشەکە لەسەر ویژدان ئەوەندە زۆر بوو، بە رادەیەک ویژدان بە چەقەنەلێدان و جۆرێک لە مەستبوون و جۆرێکی تر لە خۆبادانەوە هاواری دەکرد: "بمگرن و تەپڵ لێ بدەن و ئێمەش سەمادەکەین و بەئارەزووی خۆتان یاری بە کلکمان بکەن و چاومان دەربکەن، هەمیشە لەخزمەتداین، گوێمان ببڕن حازرین، بەئارەزووی خۆتان بمانگێن".

حەڵوا دروستکەر و حەڵواخۆر، بوون بە چینێکی دوو سەر، هەمیشە بەرانبەر بەیەکتری دادەنیشتن، ئیدی منداڵانیش بە سینی حەڵوایان دەگێڕا، فەرمانبەران و کارگێڕان لەیەک کاتدا، بوون بە حەڵوا دروستکەر و حەڵواخۆر، هەندێکیشیان دەستڕەنگینییان پێوە دیاربوو، بەتایبەتی لە رازاندنەوەی حەڵواکانیاندا، چ بە کرێمی ژەهراوی یان بە فستقی سەوز یاخود گوێز و شعریە و بادەم و گوێزی هیندی. ژنان هەر مەپرسە، ماڵەکانیان، چاوەکانیان، دڵیان دەکردە فڕنی برژاندنی ئەو جۆرە حەڵوایانە، کرێمە رەنگاو رەنگەکانیش ئەوەیان دەسەلماند کە هەریەکەو بەمۆدیلێک یاخود بە شێوازێک کاریگەریی لەسەر حەزو ئارەزووی حەڵواخۆران هەبوو، بۆ نموونە ئەوەی حەزی لە خانووی تازە بووبووایە، حەڵوای سپی دەخوارد. ئەوەی حەزی لە پلە و پایە بووبووایە، حەڵوای قرمزیی دەخوارد، یان ئەوەی حەزی لە دەسەڵاتداری بووبووایە، حەڵوای زەردی دەخوارد، یان ئەوەی حەزی لە ئۆتۆمبێل کڕین بووبووایە، حەڵوای پەمەیی دەخوارد، ئەو کەسەی کە





حەزی لە سەفەرکردن بۆ هەندەران بووبووایە تەنیا حەڵوای مۆری دەخوارد. تەنیا خاوەنی باڕەکان قازانج و سەرمایەیەکی باشیان دەست دەکەوت، چونکە بە شەو کاریگەریی حەڵواکان کەم دەبووەوە و ویژدان سەری هەڵدەدایەوە و پەنابردن بۆ عەرەق و شەرابخواردنەوە بووبووە خووی پیاوە خەسێنراوەکان. مەلای مزگەوتەکان بەخوتبەکانیان جۆرێک لە حەڵوایان دەئاخنییە گوێی نوێژکەران، ئیدی دەستەواژەی (حفظه الله) پێش (الله اكبر) ویژدانی دەمەزەرد دەکردن.

کچان بە قەڵەمی حەڵوایەکی تایبەتی چاوەکانیان دەڕشت، سۆزانییەکان بە پاشماوەی حەڵواخۆران خۆیان و منداڵەکانیان تێردەکرد، منداڵ و کەسوکاریان بە گۆرانیی "حەڵوا کونجی... کوس نارنجی"و بە دەف و چەقەنەلێدان پێشوازییان لە گیرفانە پەنەماوییەکانیان دەکرد. کەسی وا هەبوو رۆژی سێ ژەم، لەباتی نان، حەڵوای دەخوارد، تێر تێر دەبوو، ورگی دەئاوسا و سەری بچووک دەبووەوە. پێویستی نەدەکرد حەڵوا دروستکەران لەکاتی دابەشکردنی حەڵواکانیاندا پڕوپاگەندەی بۆ بکەن، زۆر لە حەڵواخۆرانیش دەمیان لیکی دەکرد. حەڵوا بووبوو بە جۆرێک لە تلیاک، هاووڵاتییان فێری بووبوون، بەبێ جوینەوە، قووتیان دەدا و خۆیان بە هەرزان دەفرۆشت و ئیدی خۆفرۆشتنی بە کۆمەڵ و تاک بووبووە تاکە نەریتی کۆمەڵگەی عێراقی، بەرانبەر بە جووتێک پێڵاو یان نەعلی ناسک، بەردەست و کارگوزارەکان دەبوونە ئەندامی دەزگای ئەمنی عێراقی. جگە لەو هەموو شۆفێرانەی کە زمانیان مەشقکرابوو بۆ دواندنی نەفەرەکان و بە کاسێت تۆماریان دەکرد و ئەو جۆرە راپۆرتانەیان دەدایە ئەمن و بەخەیاڵیاندا نەدەهات ئەو رۆژە کاسبییان کردبێ یان نا، هەتاوەکو لە

پرسەکانیشدا بە سینی حەڵوایان دەگێڕا و دایکی شەهیدەکان بەرانبەر بە خوێنی کوڕەکانیان حەڵوایان دەخوارد و پارچە زەوی و ئۆتۆمبێل و دەرماڵەیان وەردەگرت، کڕین و فرۆشتنی مرۆڤ تەنیا تاکە بازاڕی رژێم نەبوو، بەڵکو بەقیمەکردنی گۆشتی زیندانییەکان و لیکاوی جەللادەکان بۆ کەبابی گۆشتی شۆڕشگێران دەبووە تاڤگە و لافاو، لاشەکانیش لەژێر سزادان و بتڵ و پانکە و ئامێرە کارەباییەکان و بەردانی سەگ و گون تەقاندن و زمان و گوێ بڕین و دەست و قاچ شکاندن، باجی بەرهەڵستکاران و شۆڕشگێڕان بوو، راستە کەس نەیدەوێرا بڵێ (لەل)، بەڵام خوێن گەرمی واش هەبوو بەهۆی نوکتەیەکەوە باجەکەی دەداو زمانیان دەبڕی و خوێنی دەکرا بە هەوێنی حەڵواکان.

بەڵێ بەهای خوێنی بەرهەڵستکاران بووبووە هەوێنی حەڵواکان، سەرگەردانەکانیش بۆ ماوەیەک گیریان دەخوارد، هەندێکیان بە ناچارییەوە بۆ پاروویەک نان رادەست دەبوون و حەڵوای سەوزیان دەخوارد، بەشەکەی تریش دەبوونە میوانی هەمیشەییی (ابو غریب) یان (نوگرة السلمان) جگە لە راگوێزانی لادێیەکانی کوردستان و ئەنفالکردنیان و.. و.. و.

هۆڵی زانکۆکان بووبوونە لانەی جڕوجانەوەر و شەمشەمەکوێرە و جاڵجاڵۆکە، چونکە هەر خوێندکارێکی سەر بە رژێم دیکتاتۆرێک بوو بۆ خۆی، ئیدی درم و پەتای بەکرێگیراوەکان ئاسمانی عێراقی تەنیبوو، کون و کەلەبەر نەمابوو بۆنی حەڵوای تێ نەچووبێ و پڕی نەکردبێ.

مردن بریتی بوو لە ئاردی ئەو جۆرە حەڵوایانە، تەرم بەدوای تەرمدا





لاشە بەدوای لاشەدا بە دزییەوە دەکرانە گۆڕە بەکۆمەڵەکان یان رادەستی کەسوکاریان دەکران، بە مەرجێک بە دزییەوە بنێژرێن و پرسەیان بۆ دانەنرێ. کفن رۆڵێکی گەورەی هەبوو، رەنگی کفنی عێراقی سوور بوو، لەناو دەریای خوێندا دەخووسا، شەپۆلەکانی دیجلەش هەر خەریکی هەیوەی شێرەکردن بوون، شەپۆل نەما قوڕ نەگرێتەوە، ماسییەکانیش پاشماوەی حەڵواکانیان قووت دەدایەوە و دیجلەش ناچار بوو لەترسی ماسییە خۆفرۆشەکان لافاو نەکا، درەختەکان قەد و رەگەکانیان دەڕنی و تەنیا ئەستێرەکان بێدەنگ بوون.

مۆدێلی نەهامەتییەکان زۆر بوون، مۆدێلی حەڵواکانیش بەربەرەکانێی مۆدێلی حەڵواکانی پاریسی دەکرد، مندالآنیش فێری حەڵواخواردن بوون لەباتی نەستەلەو بنێشت و نوقوڵ و چوکلێت، جۆرێک لە حەڵوا پێشکەش دەکران و ئیدی دەمیان لیکی دەکرد و لە بنەڕەتدا ( واتە لە مناڵدانی دایکیانەوە) فێری هەڵمژینی بۆنی حەڵوای تایبەت بە خۆیان بوون و یەک وێنە دەبووە وێنەی باوکی هەموو منداڵانی عێراق.

(بابا)، بەڕەی ژێر قاچی باوکانی راکێشاو باوک ئەو رێزەی نەماو قەت نەبووە سمبولی خەیاڵی ژن و منداڵەکانی.

چنینەوەی تۆڕ بۆ حەڵوانەخۆران پێویستی بە پلان دارِشتن و بیرێکی نهێنی هەبوو، ئەوەی نەکەوتایەتە ناو ئەو تۆڕەوە راودەنرا تا هیلاک و ماندوویان دەکرد چ بەنانبڕین یان فنیشکردن یان ورووژاندنی مێشکی بە پڕکردنەوەی فۆرمە حیزەکان، کە هەر هەفتەیەک فۆرمەکان لەگەڵ جۆرێکی نوێ لەو حەڵوایانە پێشکەش بە

هاوولاتییان دەکران، جگە لە ترساندن و سەندنەوەی ئاوی چاوە قووڵ و ماتەکان.

زۆر کەسیش بە کێکی چەند قات و رازاندنەوەیان و دابەشکردنیان بەسەر بنەماڵەکان، خەریک بوون؛ چونکە ئەوان ئامادەنەبوون خۆیان هەرزانفرۆش بکەن. هەروەها حەزیان نەدەکرد وەکو هەرچی و پەرچییەکان لە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی حەڵوادا هەڕاج بکرێن.

دەبووایە بە دەعوەتکاری و جۆرێک مامەڵەی قەڵب و بەرتیلدان و دامەزراندنی کۆمپانیا و بەخشینی زەویوزار و باخ و بێستان و گەرمکردنەوەی بازاڕی شەریکی، ئینجا هەردوولا بەگومانەوە دەمانەوە و دەزووەکەی نێوانیان وەکو ریشی (معاويه)ی لێ دەهات.

سەرۆکی فەرماندە بووبە سەرۆکی سەرۆکە عەشایەرەکان، (وحدة – حرية – اشتراكية) بووبە دروشمێکی فەرامۆشکراو، ئیدی دەزووەکان گرێ دەدران و کونی تۆڕەکان بچووک و بچووکتر دەبوونەوە، بە رادەیەک ماسییەکانی دیجلە لە قنگەوە هەناسەیان دەدا.

رۆح لە عێراقدا پلە بەپلە، قۆناغ بە قۆناغ، پەیتا بە پەیتا، هەڕاج دەکرا، زۆر هەرزانفرۆش کرابوو بە خۆڵ (بالروح بالدم نفديك ياصدام) دەرهاویشتەی حەڵوا جۆربەجۆرەکان بوو، زمانی چەقۆ بە هەسان دەمەزەرد دەکراو ملی مرۆڤ لە ملی مێش و مارمێلکە هەرزانتر بوو، حەڵواخۆرانیش گیرۆدەی مێشکگوشین بوون، مێشکەکانیش بوون بە کارگەی هەڵهێنەری هێلکەی گەنیو و بۆگەن، هەندێک سەریش دەبوون بەبلۆک و سەری تریان پان دەکردەوە...

پیرەژنان کەزی و پرچەکانیان دەبڕی و فڕێیان دەدایە سەر مەرقەد و مەزارگاکان، بەهۆی مووچە دابەشکردن بەسەر بێوەژنان زۆربەی





زۆریان بوون بە پۆلیسی نهێنی، بە رادەیەک راپۆرتیان لەسەر کوڕەکانیان، لەسەر جووڵانەوەی مێرووڵەکان، لەسەر فڕکان فڕکان و تەراتێنی مشکەکان بۆ دەزگا ئەمنییەکان دەنووسی، کەس نەیدەوێرا بە چاو قسە بکا، لێوەکان دوورانەوە، گوێیەکان قوڕقوشمیان تێ ئاخنرا، لەئەنجامیشدا نەباوکسالاری ما و نە دایکسالاری، دەسەڵاتسالاری بووە تۆڕێکی ئەفسووناوی و هەموو عێراقییەکانی پێچایەوە و فڕێی دانە ناو چاڵی وێرانییەوە.

رۆڵی موخابەرات تا دەهات فراوانترو چڕتر دەبوو، لە حەمامەکان لە ژووری نووستن، لە تەوالێتەکان، لە مەتبەخ و دالانەکان، بۆنیان بڵاو دەبووەوە، گومان دەبووە تاقە سیفەتی هاوولاتییان، گرەو لەسەر گومانکردن بووبووە پیشەی هەموو، ئای لە چارەڕەشیی بێلایەنەکان کە بێ بەش بوون لە ئۆکسجین و نان و ئاو... دەترسان بچنە باوەشی ژنانیان، لە سێبەری پشیلەو سەگەکان دەترسان، کە دەڕۆیشتن هەر ئاوڕیان دەدایەوە و هەناسەبڕکێیان بوو.

حەڵواکان لەئاستی حەڵوای خورماو حەڵوای ئارد و حەڵوای کونجی نەمان، بۆ مامۆستایانی زانکۆ و نووسەران حەڵوای (كامل مواصفات) بەرهەم دەهێنران، مێشک دەکڕرا بەرانبەر بە خانوو، پۆست، ئۆتۆمبێل، سەفەر، بلۆکی دۆلار.

زاناکان پەرێشان کران، روحیان وێران بوو بە خۆیانیان دەوت: "وقعنا بين المطرقه والسندان" واتە دەکەوتنە نێو دەستاڕێکەوەو وەکو ئارد دەهاڕران، هەندێکیان رایان کرد، راویش دەنران، هەندێک پزیشکی بلیمەت و ناودار بەهەزار جۆری فرتوفێڵەوە خۆیان دەربازکرد، ئەویش بە خۆ خانەنشینکردنیان یان دەست لەکار

ترازانیان یان سەفەرکردنیان، خاوەنی هەموو ئەقڵە جوانەکان بەهۆی فەرمانی دەستبەسەربوون واتە دانیشتن لە ماڵەکانیاندا، بەزۆری میری، لە ماڵەکانیاندا زیندەبەچاڵ کران.

چین و توێژ نەما زەرەرمەند نەبێ تا گەیشتنە جووتیار، لەباتی کەر بە پیکابێک دەکرا، هاربوون بە دشداشەو عەگال و نەعلێکەوە پیکابەکانیان لێ دەخوڕی، دابەشکردنی ئۆتۆمبێل وەکو خەڵاتێکی سەربازی، وەکو دابەشکردنی تەماتە وابوو، ئەستێرەکانی سەر شانی نەفەرەکان بە حەق و ناحەق خۆیان دادەنران و لادەبران. ڕۆژنامەنووسانیش بوونە زوڕناژەن، (کابراش وەکو هارون الرشید) بە "اعطوهم الف درهم"، زوڕناکانیشی کڕی، هەروەها دەستکاریی ئاوازەکانی نووسینی کرد...

شاعیران و گۆرانیبێژان خاتوو هونەرمەند (عفیفة اسکندر)ی لێ دەربچێ، بوون بە تووتی و زوڕناژەن، حەڵواش بەپێی ڕۆژانە بەپێی بۆنە و ڕێوڕەسم بووە دابوونەریتێکی باو، بە ڕێزەوە بۆی دەوەستان، تەنیا بۆ ئەوەی قنجێکیان بەربکەوێ.

هاوڵاتییان لەسەر شۆستەکان بەهۆی هۆڕنی ئۆتۆمبێلە تازەکان کەڕو وڕو کاس دەبوون.

کەرەکان وازیان لە زەڕین هێناو بێدەنگ بوون، بۆ باریش لادێیەکان بەکاریان نەدەهێنان، بەیەکەوە و بە کۆمەڵ کۆدەبوونەوە و زۆر زۆر لەوبارە نالەبارە بێزار بوون، تەنیا هەر ئەوان حەڵواخۆر نەبوون و زۆر زۆر یاخی بوون، نەپێستی خۆیان گۆڕی و نە کلکیان باداو نە ترپەی زەڕینیان گۆڕی.. بەیەکەوەو بەجیاجیا سکاڵایان دەکرد و جۆرێک لە ماتەمی دای گرتبوون، لە دێرزەمانەوە خێزانیان نەبوو و ئازادبوون،





بەڵام بڕیاریان دا پشت بەیەکتر ببەستن و خۆیان رادەستی ئەو سیستەمە نەکەن، بەکۆمەڵ دەگریان، ئاو لە چاویانەوە دەهاتە خوارەوە راستە بێدەنگی و یاخیبوون پیشەی جارانیان بوو، بەڵام لەو ماڵانەدا زیاتر سووربیان بە حەڵوانەخۆرەکان دەبەخشی و بوون بە سنبول، هەی هاوار لە نامۆیی و بێ پارەییان، دەیانوێرا کۆ ببنەوە، کۆڕ بگرن و پرسیار ئاراستەی یەکتر بکەن، خاوەنی قسەی خۆیان بوون، هیچ کامێکیان هەڵوێستی خۆی نەگۆڕی، گلەییشیان لە بێ ئارامیی حەڵواخۆران دەکرد، هەمیشە لە نێوخۆیاندا دەیانوت:

– چۆن چۆنی ئەم گەلە لە ژێر باری ستەمکاری رزگار بکەین، چۆن و کەی مان دەگرن و ڕێپێوان دەکەن و کەی شۆڕشێک بەرپا دەکەن؟

هەرە زیرەکیان دەیوت ئەم گەلە تازە فێری سەرشۆڕی بووە، مەحاڵە دژی دیکتاتۆر و بێچووە دیکتاتۆرەکان بووەستن.

راستیشی دەکرد، چونکە هەر بەڕێوەبەرێکی ئیداری بێچووە دیکتاتۆرێک بوو بۆ خۆی، هەر هەموو کارمەندەکان بە زمانی دیکتاتۆرییەوە فەرمانڕەواییان دەکرد، بگرە هەر تەماتەفرۆش و کڕیارێک یان پیازفرۆشی عارەبانەو هەژارێک، بەبێ چەند و چۆن، بەبێ مامەڵەکردن. سکاڵاکانیان دەسپاردە قنگی کەرەکان، کەرەکانیش زۆر ئازاریان پێ دەگەیشت، قنگیان پڕ دەبوو لە سکاڵا بۆیە نەدەتڕان، تڕینەکانیان سپاردە دەمی بێچووە دیکتاتۆرەکان، گەلی عێراقیشیان شوبهاندە مەڕ، بۆیە هەر کە گوێیان لە پرسیار و دەستوور و فەرمانێک بووبووایە، لە نێوان خۆیاندا دەیانوت: ئێستا مەڕەکان بەبێ یەک و دوو یەکسەر بڕیارەکان جێبەجێ دەکەن، با فێریان بکەین چۆن بڵێین نا.. نەخێر.. نایکەین.

زۆر زۆریش لەو دوورەوە، بۆنی زیندانییەکانی زیندانەکانیان دەکرد: هەر ئەوان پیاون وەکو ئێمە دەتوانن بڵێین نا..

ڕۆژ بە ڕۆژ مێژووی هەڵوێستکارانیان تۆماردەکرد، مانگ بە مانگ مێژووی بەرهەڵستکارانیان لەسەر نێوچەوانیان دەنووسی، نەوەک مێژووی ڕاستەقینەیان لەناوبچێ، ئیدی مێژووی یاخیبووەکانیشیان لە نێو چاوە رەشەکانیاندا دەشاردەوە. دەزگاکانی موخابەرات و ئەمنی کاریان بەکاری کەرەکانەوە نەبوو، بە رادەیەک دەسەڵاتداران بۆ دەرمانیش پێویسییان بە ئاوی چاوی کەر نەبوو، خوای کرد دەرمانی شێرپەنچە لە کلکەکانیان بباریایە، چونکە کێک و گوڵی فەرەنسای گەواد هەموو بەیانییەک بەفڕۆکە لەپاریسەوە بۆیان دەهات، کەرەکان دووڕوو و دووزمان نەبوون، دووفاقییان نەدەزانی، بەڵام دووڕوو و دووزمانیی عێراقییەکان بە رادەیەک لەناو ناخیاندا چێنرابوو، هەر یەکێکیان بریتی بوو لە هەزار کەس، بەکورتی، یەک سەرو ملیار زمان، بۆیە درۆکردن بووبووە پیشەی هەمووان، حەڵوا ژەهراوییەکانیش زەین و زەمین و هۆو پاڵپشتی درۆکان بوون، مەلاکانی مزگەوت خەڵکیان فێری درۆکردن دەکرد، مامۆستایان لە خوێندنگاکاندا خوێندکارانیان فێری درۆکردن دەکرد، بەڕێوەبەرەکان لەدامودەزگاکاندا کارگوزارو کارمەندەکانیان فێری درۆ دەکرد، بە رادەیەک زمان، زمانەکان، پێنووسەکان، بووبوونە کانیی درۆ، هەروەها کارگەی درۆ، دەرمانخانەکان دەرمانی درۆکردنیان دەفرۆشت.

پزیشکەکان عیلاجی درۆیان بە نەخۆشەکان دەبەخشی درۆ درۆ درۆ، بە رادەیەک بەرماڵەکان بە دەزووی درۆوە دەچنران، (الله اکبر)یش بە درۆوە لە منارەی مزگەوتەکانەوە بڵاو دەبووەوە، چونکە





دیکتاتۆرەکە زەوی و ئاسمانی ئەو وڵات و گەل و میللەتەی گرتبوو، تەرازووەکان لە باتی ئاسن بەدرۆ نرخ و قورسایی شمەکەکانیان دەکێشا، بۆیە نرخی ماددەکان دەفڕین، دراوی تازەو جۆری مامەڵەکردنی نەک تەنیا هەر قەڵب و ساختە بوو، نەک هەر تەنیا کەسێک و لە ماڵەکەیدا و لەبەردەستی منداڵەکانیدا پارەی قەڵبی بەرهەم دەهێنا، بەڵکو بازاڕ لە بنەڕەتەوە هەڵتەکاو زەرەنگەرەکان نرخی راستەقینەی زێڕیان لەبیر چوو و زێڕی قەڵبیان دەفرۆشت، کولێرەکانیش زۆر تەنک بوون بۆیە بووکی عێراقی لەباتی تارا، کولێرەی بەکاردەهێنا، بۆنی دەکرد و دەیخوارد و تێرنەدەبوو.

تادەهات حەڵوای ژەهراوی جێی کولێرەی دەگرتەوە، وردە وردەش حەڵواکە بوو بە گوو..

بە رادەیەک هەر هەموویان گوویان خوارد و لێی بێدەنگ بوون، لەبەرانبەریدا لە ئوتێلەکاندا، لە ڤیستیڤاڵەکاندا، لە بۆنەکاندا، لە ڤیستیڤاڵە ئەدەبی و هونەرییەکاندا، شیرەمەنی و شیرینیی هەویری بیانی پێشکەشی بەشداربووان دەکرا، پاشماوەکانیشیان بەرکەس نەدەکەوت، بەر ماسییەکانی دیجلە دەکەوتن، بۆیە ئەمانیش هار بوون، نرخیان بەرز بووەوە و لە (ابو نواس)دا بەنرخێکی گران لەلایەن بەڵێندەرە ورگ زلەکانەوە دەکڕران.

کەران مانیان گرتبوو هیچ نەبوو بیخۆن، نەسەوزایی و نەپاشماوە، ددانەکانیان جیڕ بووبوون، پیاو بوون، چەقەنەیان لێ نەدا بۆ ڕۆژی رەشی مرۆڤی عێراقی کە جاران بارەکانیان چەند گران بوو تۆڵەیان لێ نەکردنەوە، بە بێدەنگییەوە وتیان: "اللهم لاشماته". سەرسام بوون. پێش نەکەنین، بەڵکو بەکۆمەڵ بەتایبەتی بۆ مردووەکانی جەنگی

نێوان عێراق و ئێران... هیچ مردووییەکیشیان بار نەدەکرد دەیانوت: کرۆنا خۆش بێ، تۆیۆتا خۆش بێ، ئێمە هیچ.

ئەو جەنگە بازاڕی چادری گەرم کرد، بازاڕی کورسی، سفرەو مەڕو گا و سینی و مەنجەڵ و کەوچک، بە رادەیەک گەڕەک و عەشیرەت و بنەماڵەکان تێر تێر دەبوون و قرقێنەیان لێ دەدا.

بەیەکترییان دەوت:

– عەوافی

فاتیحا خوێندن باوی نەما، وشەی، عەوافی جێی فاتیحای گرتەوە، ئەمما چ نووسەرێک دەتوانێ مەینەتیی ئەو جەنگە تۆماربکا، نازانم چەند هەزار ژن بێوەژن بوون، چەن ملیۆن منداڵ بێ باوک بوون، چەند کارگە بێ کرێکار بوون، چەند کێڵگە بێ جووتیار بوون، چەند سەربازگە بێ سەرباز و ئەفسەرو عەریف بوون، مەگەر هەر کەرەکان بزانن.

کەرەکان بێ کار بوون، پەڕە پەڕە مێژووی ئەو جەنگەیان تۆمار دەکرد.. ژنان قژیان بەسەرەوە نەما، بووکەکان، عاشقان، کچە چاو رەشەکان بێ ناز و بەبێدەنگییەوە، گیانیان لە دەست دا، پیرو پەککەوتەکان رۆحیان رادەستی مردن کرد.

هەر کەرەکان دەزانن گۆڕستانەکان چەند پان و بەرین بوون؟! هەر کەرەکان دەزانن گۆڕستانی (وادی السلام)ی نەجەف کە بنی نەبوو چۆن پڕ کرا؟! هەر کەرەکان دەزانن ژمارەی ئاڵای عێراقی چەند دانە بوون؟!

رۆژی چەند هەزار دانە بەکاردەهێنران؟!

هەر کەرەکان دەزانن کە زوڕناچییەکانی رژێم چەند گۆرانی و شیعر





و چیرۆک و وتاریان نووسی؟!

هەر کەرەکان دەزانن چۆن ئاوازی هەلهەلە تێکەڵی قیژەو هاوارو باوکەڕۆی ژنان بوو؟!

کەرەکان بەبێدەنگی گفتوگۆیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد، نەیاندەزەڕاند، یان زەڕاندنی کەرەکان کەم دەهاتە بەر گوێ، کەس سەرنجی نەدەدان، تەنیا منداڵانیش حەزیان نەدەکرد سواری پشتیان بن یاخود یاری بە کلکیان بکەن، یان وردەبەرد بئاخننە ناو گوێیەکانیان، دەیانوت: تا تۆیۆتا هەبێ و خۆش بێ، ئێمە کێین؟

حەزیان دەکرد رێپێوان بکەن، حەزیان دەکرد مان بگرن، بەناوی جەنگەکەشیان دەوت (قاترسیا) سەربازە کوژراوەکانیش ناویان لەیەک دەچوو، زۆربەی زۆریان (عەباس)، (حەسەن)، (حوسێن)، (محەمەد)، (عەلی) بوون، بۆیە بەئاسانی لاشەکانیان لەیەکتر جیا نەدەکرایەوە، زۆر جاریش دەستی حوسێن ناوێک دەخرایە ناو تابووتی عەباس ناوێک، یان قاچی محەمەد ناوێک دەخرایە ناو تابووتی مەحموود ناوێک، عاشقانیش لە هەموو کەس زیاتر ماڵوێران و سەرگەردان بوون، کچان بەدزییەوە نامەکانیان یان وێنەکانیان لە ستیانەکانیاندا بە نایلۆن دەپێچایەوە، لەترسی کەسوکاریان فرمێسکە گەرمەکانیان قووت دەدایەوە، دڵیان دەمرد، مافیشیان نەبوو بچنە پرسە یان بە جلی رەش خۆیان بپێچنەوە، دڵیان هەر گڕەی دەهات و چاوەڕێی ژوانێکی رەشتریان دەکرد، پەردەی کچێنیی هەندێکیشیان رووشابوو، ئیدی تا هەتایە بە قەیرەیی دەمایەوە.

تەنیا کەرەکان مردوو و زیندوویان لەیەکتر جیادەکردەوە، ئەگینا گەلانی عێراق بەگشتی چاوەڕێی مردنێکی قەترانییان دەکرد، ئاسمان

مردبوو، خاکی عێراقیش ببووبووە گۆڕستانێکی گەورە، حەڵواخۆرانیش بگرە هەر لەئەفسەرە گەورەکانەوە تا سەربازەکان، ڕۆحیان فیدای دیکتاتۆر دەکرد، وەکو وتم ڕۆح لە هەموو شت هەرزانتر بوو، خۆ (خوێن) لە میزیش هەرزانتر بوو.

رادیۆ و ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن لەسەر یەک ریتم تا ٨/٨/ ١٩٨٨ بە دروشمی سواو و دووبارەکراوە خەڵکیان وڕ و گێژ کردبوو، راستییەکەی خەڵکی کەڕ کردبوو، شیعر و ئەدەب و هونەری راستەقینە لە قنگی کەرەکاندا شاررابوونەوە، کەس نەیدەوێرا لە ماڵەوە دابنیشێ و بنووسێ، نووسەرە حەڵوانەخۆرەکان دەترسان، پۆلیسێک لە ناخیاندا هەڕەشەی لێ دەکردن، سانسۆری گەواد وەکو قیر هەر دەکولا و لاپەڕەکانی قیرتاو دەکرد، هەزارەها پارچە شیعر و چیرۆک دڵی نووسەرەکەی دەکردە گۆڕێکی کونکونکراو و جەرگێکی لەتلەتکراو، دایکیشی دەیکێشا بە ڕانی خۆیدا و دەیبۆڵاند و دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە:

– ئاخر ئەگەر شێت نەبێ، چۆن لە فەرەنساوە دەگەڕێتەوە بۆ ناو ئاگر! بەمە دەڵێن ئاخر شەڕ، خوایە بەڵکو بەر تۆپێک بکەوێ.

ڕێی هاتوچۆکردنیان لێ نەگرت بەڵکو ئێ بەر ئاگری بکەوێ و لەجێی خۆیدا بمرێ... بە تورکمانی پێی دەوت:

– ئۆیلم، ئۆیلم ئۆیلم! بەشکەم ئەڵلا جانوو ئاڵسن

ئەمە بەرانبەر بەو دوعا و سەرزەنشتانە بێدەنگ دەبوو، تەنیا حەقی بەسەر جیهانی خۆیەوە هەبوو، رادیۆ رەشەکەی باوکی بەکاردەهێنا، کە تاقە میراتی بوو جگە لەو مێزە ساجە شڕە، ئاقڵیشی کردبوو کە دەفتەرێکی چوارسەدی کڕیبوو.





ئەو سێ ژنە خوویان گرتبوو بە (ئەم)ەوە، لەسەریەک دەیانوت:

– شار بۆنی مردنی لێ دێ، کەچی ئەم شێت و شڕە لە نووسینی خۆی نابێتەوە، لە بەزمی خۆی ناکەوێ.. هەی خوایە چۆن گیرمان خواردووە بەدەستییەوە، نازانم بۆچی نایکوژی، بۆئەوەی بمێنێتەوە بۆ عاری دنیا؟

(ئەم)یش حەزی دەکرد عەباسی نانەوا بدوێنێ، بزانێ تیڕوانینی ئەو بۆ ئەم جەنگە چییە، ئایا بەردەوامە لەسەر دەستەواژەی (مەسیری سیاسەت).

نەنکیشی دەیبۆڵاند: ئاخرشەڕ، کولیچە و کفتە دەکا، نانەوایی دەکا، خەیاتی دەکا، ئاوی تەماتە دەگرێتەوە، لێفە دەکاتە بەڕە! هەر ئازایە جگەرە بکێشێ و بنووسێ، کێ ئەمە دەهێنێ ئەم شێتە؟

پیاو ژنی دەستڕەنگینی دەوێ، چی بکا بە (ئەم)؟

مەعریفەت، کەمال! ناشترسێ لە تۆپباران، کۆڵان بە کۆڵان بۆ قەڵەم دەگەڕێ، بووەتە کەمال و یەحیا شێت!

ئەم منەتی نەبوو بە چێشتەکەیانەوە، هاوڕێی سەگ و پشیلەکان بوو، دووکەڵ خڕۆکە سوورو سپی و سییەکانی پڕ کردبوو، کاری بە گەدەیشەوە نەمابوو.

دووکەڵ، ئۆکسجین و نان و ئاوی بوو، بۆیە تاقەتی شاتەشاتکردنی لەگەڵ ئەو سێ نەوەیەدا نەبوو، دەزانی تەنیا هەر مارکیز دەتوانێ بیانکاتە پاڵەوانی خۆی، یەکە یەکە قەڵەمەکانی ژمارد، خستنییە ژێر پشتییەکەیەوە ئەو سییانەش ئیشارەتیان بۆ یەکتر کرد،

– هە، نووشتە دەخاتە ژێر سەرینەکەیەوە!

خۆی رادەژەنی و دەینووسی، دەیزانی قەدەر تەنیا بۆ نووسین

دروستی کردووە، بیری لە مەمکەمژەو بوتڵی شیرو چاوەزاری منداڵان دەکردەوە، بێشکەو لانکە بەتاڵە بەجێماوەکانیش بووبوونە تاقە زادەی مێشکی، نەیدەزانی بەخەونی چ دایک و منداڵێک پڕیان بکاتەوە، لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ درابوو، دەستەوەستان هەر لەگەڵ دیوارو داڵانە چۆڵەکاندا قسەی دەکرد...

– خوایە، دەسەڵاتم ناوێ، باشە کە نیمەو نامەوێ، مەرگ بۆ وشە، مەرگ بۆ بیر، مەرگ بۆ فەلسەفەو ئەدەب و هونەرو نان و قەڵەم...

نەفرەتی دەباراندە سەر لاپەڕەکانی، لەتاودا وەڵامی هیچ پرسیارێکی نەدەدایەوە لە کاتێکدا شارەکە، گەڕەک،ماڵی باوکی تۆپباران دەکرا..

– ئەمانن، یان ئەوانن؟

– ...............

ئەو سێیانەش لەسەر تۆپەکان گرەویان دەکرد...

– نا دایکم، ئەمانن...

– نا ئەوانن...

– ئەی گووی وەقەور باوگ هەر دووگیان یارو عالەم ئەڵڵا تەفروتوین کردنە.

دەگەڕان بۆ شەکری کلۆ، ئارەزووی چایی دیشلەمەیان دەکرد.

(ئەم) هەر خۆیی رادەژەنی، لەباتی بێشکەی هەموو منداڵانی شار خۆی رادەژەنی، گرەی دەهات بۆ رێبوارێک بۆ هەواڵێک، بۆ وەڵامی پرسیارێک، دیواری ماڵەکەی بەرانبەریان هەرەسی هێنا، دەرگای ماڵەکەی تەنیشتیان تۆپی (ئەم) لای بەرکەوت، سەیری چڵکاوی وشکبووی ئاوەڕۆکەی ناوەڕاستی شەقامی کرد، بۆنی دەهات، شەقام





کشومات، ئاسمان بێدەنگیی دەباراند، تارمایی تەنوورەکەی نازە نانەواش بووبوو بە سێبەر، پەڕەی گوڵەکان وەریبوون، عەبا رەشەکان فڕێ درابوونە ناو خۆڵەوە، ژنان بەسەر رووتییەوە رایان کردبوو لەبەرخۆیەوە وتی: جەنگ یانی جەنگ.

بڕیاری دا سەر لە گۆڕستانە گەورەکەی شار بدا، چەند کێل رووخاون، چەند گۆڕ هەڵتەکێنراون، چەند مردوو داچڵەکیون؟ حەزی کرد رەنگی بەهەشت و دۆزەخ ببینێ، بەراوردیان بکا لەگەڵ ئەو رۆژەی کە شار تێیدا مردووە، حەزی دەکرد لەناو چاڵێکدا خۆی زیندەبەچاڵ بکا.

هیوای نووسینەکانی راسپێرریێتە قەدەر، دڵنیاش بوو کە گۆڕ هەڵکەنی گۆڕستانەکە نابینێ، کەس نەبێ مردوو بنێژێ، ئەمە ئەوپەڕی، نائومێتر شارە، هیچی نەوت دووکەڵی جگەرەکەی هەڵمژی و ماڵەکەی بەجێهێشت، کووچەو کۆڵانی تەی کرد، گەڕەک نەما سەری پێدا نەکا، دەرگا کراوەکان نەمان دایان نەخا، تفاق و ناوماڵ چاوەڕێی دزێکی دایکئازایان دەکرد.. هەر کاتژمێرو جارێکیش کۆستەرێک بە تەرم و قیژو قاژی ژنان و قژ رنینیان بێدەنگیی شاری دەورووژاند، لەپڕ لەناو کۆستەرەکە دادەبەزین، ئەڵقەیان دەبەست، چینێک (هەیوە شێرەو ئاغام رۆ)یان دەکرد و دەیانقیژاند و دووبارە لەترسی تۆپباران سواری کۆستەرەکە دەبوون، دەشیانزانی لەکاتی ناشتنی مردووەکەیاندا بەر تۆپێک دەکەون و لەناو گۆڕەکاندا تەخت دەبن.

بوار بۆ کەس نەبوو پرسە دابنێ، سەرەخۆشیی لێ بکرێ، مردوو بنێژێ، ئاو نەبوو مردووی پێ بشوا، دەرگای مزگەوتەکانیش

داخرابوون مردوو بەبێ شۆردن و فاتیحاو یاسین و کفنکردن، هەرزانفرۆش و بێ نرخ دەبوو، مردنی خۆڕایی، مردنی مفت، مردنی ناکاو، مردنی بێ شیوەن.

لەگەڵ ژناندا تێرتێر شیوەنی کرد، نەشیدەزانی مردووەکە کێیە، لە هەموویان زیاتر یەخەی خۆی دڕی و لە پێستی خۆی دەرچوو، لە هەموویان زیاتر دەیکێشا بەسەری خۆیدا، ژنانیش دەیانناسی و نەیاندەناسی و پرسیار لەسەر پرسیار، ئەم هەر بەردەوام بوو لەسەر شیوەنکردنی، سێ چین زیاتری دەکرد و بەدەم شیوەنکردنەوە هەیتا هەیتا وەڵامی دەدانەوە:

– ئەرای چە لە فەرەنساوە هاتیدە ناو ئاگرواران؟

ئەمیش هەر بەیەک رستە وەڵامی دەدایەوە: شێت بیمە، ئاخرم شەڕ بییە! ئاخر چە بکەم لەورا، وەگوللەی ئەوان ئیمە کوژریەین.

کاتێک کە بەجلدڕاوییەوە دەگەڕایەوە، وەڵامی ئەو سێ ژنەی نەدەدایەوە کە ناویان لێ نابوو (کەوگیری شار)

خۆیشی دەیوت:

– شەڵلا کەوگیری شار بوومایە، لەناو مەنجەڵدا تێر دەبووم: خۆمم تێردەکرد و هەموو شاریشم تێردەکرد.

نەتدەوت بە پانتۆڵی پڕ مۆدەوەو بە جانتای جوسێ و دەلسییەوە لە فڕۆکە دابەزیوە، هەمیشەش حەزی دەکرد رۆمانی (حي اللاتين)ی (سوهەیل ئیدریس)، یان (موسم الهجرة الى الشمال)ی تەیب سالح بخوێنێتەوە، شتەکانی زۆر بەجوانییەوە دەبینی، هەر لە منداڵیشیەوە فێری هەیوەی شێرەکردن بووبوو. (ئاغام رۆیی) لە دەمی ئامینە شەوکەت ئەمین باپیری دەسەندەوە، دایکیشی لە کۆڕی ژناندا دەری





دەکرد و لەسەر یەک دەیوت:

– پرچت بوڕن باوگد مرترە وەها هەیوەشێرەو ئاغام رۆ کەید؟

رۆژانە رووداوەکانی تۆمار دەکرد، دەیزانی ئەنجامی ئەم جەنگە لە زیانی هەردوولایە، قازانجیشی بۆ کەس نییە، هەر ئاغا سواری ئەسپەکەی دەبێ و تەقە لە ئاسمان دەکا و ئاسمانیش دادەچڵەکێ و سەرلەنوێ خەوی لێ دەکەوێ.

ئەو ئاسمانە هەمیشە خەوتبوو، دەتوت تلیاکی کێشاوە یان موعتادی شرینقەی ڤالیۆمە، بێدەنگ. قەت لە ئسفەنج نەدەچوو، هیچ دڵۆپە خوێنێکی هەڵنەدەمژی، بۆنی ئاهی هیچ دایکێکی نەدەکرد، گوێی لە قیژەی هیچ بێوەژنێک نەدەبوو، تەنیا لە زستاندا دوو دڵۆپەبارانی دەباراند و بەشێوەیەکی رۆتینی کاروباری خۆی بەجێ دەهێنا. هەتاو لەهەمان کاتی خۆیدا هەڵدەهات و ئاوا دەبوو، ئەستێرەکان ئەوەندە کوێربوون ئاسمانیان کردبووە بەردەرگای مزگەوتی گەورە، خۆ مانگ، هەر لە ئاهەنگەکاندا و شەوانی سووری دەسەڵاتدا ئامادە دەبوو، بەڕاستی سروشتێکی زۆر حیز بوو.

ئاسمان بەدەستی بووبووایە حەڵوای ژەهراویی دەرخواردی هەتاو و مانگ و ئەستێرەکان دەدا، تەوەری زەویش بۆخۆی هەر دەسووڕایەوە و لە سووڕانەوەی خۆی نەدەکەوت..

کارو کاسبیی ئەمان تەنیا کار و کاسبییەکی رۆتینی بوو، هیچ جیاوازییەکیان نەبوو لەگەڵ تراکتۆر و ماتۆڕو تەنەکەی خۆڵ، تەنیا (با) کاریگەریی هەبوو، گەرم دەبوو و دەکوڵاو دەبوو بە هەڵمێکی رەش، ئاوە شیرینەکەی دیجلەش تا دەهات تاڵ دەبوو، دەتوت ژەهردار بووە.. تامەکەی جارانی نەما، لیخن، سەوز، پیس، لینج، پڕلە

پاشماوەی حەڵواخۆران، بە تۆزێک کلۆر دابەش دەبووە سەر بۆری و بەلوعەکان، زۆرجاریش تەنگ دەبوو، ماسییەکان بەکۆمەڵ گیانیان لەدەست دەدا، پێویستیان بە تۆڕی راوچی نەدەبوو، ماسیی پاشماوەی حەڵواخۆرانیش گەندەڵ و بۆگەن دەبوون، نەدەبوونە دەرمانی هیچ نەخۆشێک.

ورده ورده (با)کەش بۆنی حەڵوای گرت، ئیدی (ئەم) دەخنکاو بەلەسە دەبوو، بەهەرحاڵ گەنجێتیی بریتی بوو لە خۆپاراستن لە تام و بۆن و قەوارەو کاریگەریی حەڵوا، بۆیە بڕیاری دا خۆی بە نووسەر بزانێ و پۆلیسەکەی ناخی و پێنووسەکەی بکاتە چەک و پۆلیسەکە بکوژێ و بۆنەی ٧-٤ بکاتە بۆنەی لەدایکبوونی رۆمانێکی.

(ئەم)، بەدگومانیی ئەم هاوتەریب بوو لەگەڵ بێگەرتر دڵە کریستاڵییەکەیدا، تەنیا هرمان هسە لە رۆمانی گورگی بیاباندا توانیبووی هەردوو کەسایەتییە پێکهاتووەکەی بەرجەستە بکا، دڵۆپە خوێنێکی دەکردە حەوت شەو و حەوت رۆژی فرمێسکبارانی، تا دەهات خوێنی تەنک دەبوو و فرمێسکی ئەستوور دەبوو، هەر خۆیشی نەیدەزانی چۆن سەر لەم هاوکێشە سەیرە دەربکا، پرچی دەچنی و نێوچەوانی دەگۆڕی، بەخۆیی دەوت:

– تۆبڵێی کەسێک هەبێ هەموو رۆژێک بەشێوەیەک نەخشەی نێوچەوانی بگۆڕێت و دەمامک لە روو نەکا؟

نینۆکەکانی زۆر تیژ بوون، هەرچی دەمامکی ببینیایە دەیڕووشاند، یەکە یەکە لە رووەکان لای دەبردن، زۆر حەزی لە وشەی (خرمیش)ی تورکی بوو، واتە (چرنووک) وا پێستی لێوەکانی دەکردەوە دەتوت گەورەترین پزیشکی جوانکارییە، ئارایشتی بە روخسارەوە





نەدەهێشت، بە تف دەموچاوەکانی سواغ دەداو لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– کەران باوگەیل...

پێستی درۆی دەموچاوەکانیشی بەشێوە چرنووکێک دەڕووشاندەوە، ئەگەر دەموچاوەکان تۆزێک شکۆمەنتران هەبووایە، ئەوا خاوەنەکانیان ئارەقی شین و مۆریان دەردەدا، لە هێرش بردنیدا جەربەزە بووە، دەزووی ناهەقیی بە گوێزانی برژانگەکانی دەبڕی و بە مقەستی سەرنجەکانی هێڵی نێوچاوەکانی لە قەدەرو چارەنووسی جیادەکردنەوە و بە چەقۆی سەرنجەکانی بیلبیلەی چاوەکانی هەڵدەکۆڵین، نە مردن لە هەقی دەهات، نە ژیان، دەیوت:

– هەردووکیان و پێڵاوەکانم.

سەری لەسەر دەستی راستی وەکو مزراح دەسووڕایەوە وەک دەڵێن، هەموو ساتێکیش مردنێک بوو بۆخۆی، ساتێک دەبووە ئەمبولانس، ساتێکی تریش دەبووە عارەبانە، ساتی دواییش دەبووە سندووقی منداڵە بۆیاغچییە کوردەکان و بزماری پینەچییەکان.. و دوای ساتێکی تریش دەبووە باری حەماڵەکانی شۆڕیجە، پێی نەدەویست پرسیار لەخۆی بکا و بڵێ:

– چیم دەوێت؟.

چونکە ئەوەی دەیویست یەکسەر جێبەجێی دەکرد، دروشمی سەرەکیی ژیانی راستگۆیی لەگەڵ خودی خۆیدا بوو. وەکو رووباریش رێی خۆی گرتبووەبەر، بەربەستەکانی بە پێلەقە دەشکاند و لافاوی دەکرد.. بە رادەیەک زیانی بەخۆی دەگەیاند.

تووڕە نەدەبوو، پرسیاری نەدەکرد ئایا "ئەم خوشکخیزانە چییان لێم دەوێ؟" نا.. کە تووڕە دەبوو بەهیچ شێوەیەک دۆ و دۆشاوی

تێکەڵی یەکتر نەدەکرد..

رستەیەکی دەکردە شیش و تیرو دەیهاویشتە ناو دڵ و جەرگی بەرانبەرەکەی بەتایبەتی ئەگەر خاوەن دەسەڵاتێک بووبوایە، بەرانبەر بەم توندوتیژییەی پێستی زۆر تەنک بوو، چواردەوری دەمارو هاتوچۆکردنی خوێنیان بەبێ چاویلکەو زەرەبین دەبینی، لەوپەڕی برسێتیشیدا پەکی نەدەکەوت، چونکە نانی بریتی بوو لە لاپەڕەی کتێبەکان، دڵە شکاوەکەی لەناو پەراسووەکانیدا تا دەهات وەکو گلۆپ دادەگیرساو دەکوژایەوە بەپێی وزەی مێشکی، هەرگیز لەوپەڕی شێتبوونیدا شانەکانی مێشکی فیوزیان نەدەکرد، کە نیمچە شێت دەبوو، لە کۆڵانەکاندا دەسووڕایەوە و لەگەڵ خۆیدا بە ئیشارەت قسەی دەکرد و هەندێک خەیاڵیش بە ئارەزووی خۆیان تێ دەپەڕین، هاتوچۆیان دەکرد و وەکو هەورو شەپۆل ون دەبوون و لەناو دەچوون، برووسکەکان کاریان دەکردە سەر چاوەکانی و هەروەکو دووربین، بە تروسکایییەک هەموو ترۆپکی شاخەکانی کوردستانی دەبینی، هەرچەندە بەپێچەوانەی ئادەمیزاد، دوو رۆحی هەبوو، لە دابەزین و هەڵبەزیندا رۆحی هەموو کەروێشک و پشیلەکانی دنیای لە ناخدا شاردبووەوە، ئەویش بۆ رۆژی رەشی خۆی نەبێ، رۆژانی سپی یان مۆر یان پەمەیی یان شین یان سەوز بووبن، رۆژانی بە هەرچوار مەوداو رەهەندو... پەلکەزێرینەیی بوون، خۆی سەیری تێکەڵیی شەکری بێ ئارامیی دەکرد.

دڵگەورەیی بەرانبەر بە شەق هاویشتنەکەی یەکسان بوو، مارەکان ئیرەییان پێ دەبرد، نەک تەنیا هەزار پێی هەبوو، یان بست بە بست شارەزای پایتەخت بوو بەڵکو بەفرکانێک و بەهۆی هەندێک کاری





سیاسی، لە سەرەتای پایتەختدا وەکو سێبەر چاوت پێ دەکەوت و لە کۆتاییی پایتەختدا دەبوو بەهەمان سێبەر، بەڵام لەگەڵ کێداو لە کوێدا؟ کەس نەیدەزانی، دەسەڵات نەبێ.

گرەوی دەهات بۆ گڕ، دەیزانی هەر ئاگر ئاگر خامۆش دەکا، رۆژی واهەبوو لە رۆحەکانی هەڵدەها و تەشقەڵەی بە دارو دیوار دەکرد و ئنجا گەڵاکانی دەوەرین و دەگەڕایەوە بۆ موعتادیی خۆی، هەر فێر بووبوو گەشت بکا، سەرانسەری دنیا دەگەڕاو دەگەڕایەوە سەر مل وشانەکانی، بۆیە پێویستی بە پاسپۆرت نەبوو، رادیۆ رەشەکەی شەوان هەموو دەنگوباسی بۆ پەخش دەکرد، شەپۆلەکانی چەند هێماو کۆدیان بە گوێیەکانی دەبەخشی، ئیدی هاوکێشە سیاسییەکان لە شانەکانی مێشکیدا جێی خۆیان دەگرتەوە، لەوکاتەدا کۆمپیوتەر نەهاتبووە ئاراوە، کەسیش نەیدەزانی مێشکی ئەم کۆمپیوتەرێکی خوێناوییە و هەست و نەستی شاراوەی تێدا خنکاوە، کەس گوێی لێ نەدەگرت، ناچار دەبوو هەفتەی دوو دینار بداتە دەروونناسەکەی بۆ کرینی گوێیەکانی ئەو، ئەویش خەون و نەستی بەپێی هەموو قوتابخانە دەروونییەکان بۆ شی دەکردەوە، پێی خۆش بوو، چێژی وەردەگرت لەو زانستە جوولەکەییە، سیحری کلیلی دەروونی مرۆڤی دەستکەوت و زانیی شەڕی سارد لە شەڕی جیهانیی سێیەم و شەڕی دەروونی جیابکاتەوە، لە قۆناغی ئاوییەوە هەنگاوی نا بەرەو ناخی خۆی، وەکو سوقرات زانیی راستی واتە ناسینی خود، هەفتەی دووجار، لەو ژوورەدا، پەردەکان هەڵدەدرانەوە، درۆکان دەبوونە راستی، گریان دەبووە پێکەنین، نائومێدی دەبووە هیواو ئینجا بە هەردووکیانەوە بوونە جووتیار زەویی خەونیان دەکێڵێ، گرێکانیان

دەکردەوە، بۆنی بۆگەنی خۆی دەکرد و شەرمی لە راستی نەدەکرد، دەیزانی نەستی چڵکاوە، کاری دەروونناسیش کارێکی چاکسازیی رۆحییە، بە رەهایی رادەستی ئەم زانستە بوو، هەر لە یەکەم دانیشتنیاندا ئاوێنەکەی شکاند، وردوخاشی کرد، چونکە زانیی ئاوێنە تەنیا روخسار پیشان دەدا، ئاوێنەی زەمان، ئاوێنەکانی فرۆید و یۆنگ و ئدلەرو فرۆم و سارتەرو لاکان، جاری وا هەبوو لە ئاوێنەکەی شکسپیردا خۆی دەبینییەوە، ون نەبوو، ئاوێنەکانی تێکەڵی یەکتر کرد، ئاوێنەیەکی سیحری و ئەفسووناویی خستە ناو نەستیەوە. زانیی نەستی پێی دەڵێ:

– با ئەتک بکرێی، با پەردەی کچێنیت بڕووشێ، سێکس بانگی سروشتە.

هێزە نادیارەکەی کە وەکو سێبەربوو لە ناخیدا ون کرد، لەگەڵیدا یاریی دەکرد، ئەم ونی دەکرد و ئەو دەیدۆزییەوە، دەبوو بە شەڕیان جاری وا هەبوو بەیەکەوە یاریی شەترەنجیان دەکرد، یەکتریان فریو دەدا، یان بەیەکەوە دەدۆڕان و یان بەیەکەوە کشیان لە یەکتر دەکرد و پێ دەکەنین، دەروونناسەکەی پێی دەوت: "نەخۆش یاری لەگەڵ شەیتاندا دەکا، کەچی تۆ یاری لەگەڵ سێبەری خۆت دەکەیت، ئەگەر تا مردن بە کافری و زندیقی بمێنیتەوە، نیگەرانیت هەر دەمێنێتەوە!

وەکو حیزبی کرێکارانی بەریتانیاو حیزبی پارێزگاران یەکتریان دەهاڕی، نە دەسوانەوە، تا دەهات وەکو دوو بەردی ئەستوور ئەستوورتر دەبوون و ئنجا بوون بە بلۆک و دیوارو کۆڵەکەو شاخ، زەحمەتە دوو شاخ یەکتر بهاڕن، چونکە ناگەنە یەکتر، ببنە هیمالایا، هەر ناگەنە یەکتر، تا دەهات بالایان بەرزتر دەبوو، بەرگەی بەفری





زستان و گڕی بورکانیان دەگرت و هەمیشە بەرگرییان لە خۆیان دەکرد، شەڕەکەیان زۆر کوشندەو ترسناک بوو، جاری واش هەبوو جێگۆڕکێیان لەناو خۆیاندا دەکرد، ئەم بە ئەوی دەوت:

– من تۆم..

ئەویش بە ئەمی دەوت:

– من دەتمرێنم، دەتبەزێنم..

شەڕێکی ماقووڵ و ناماقووڵ بوو، پرووشی ئەو شەڕە بەر دەست و قاچیان دەکەوت، رادەستی یەکتر نەدەبوون و لە کەلی شەیتانیش نەدەهاتنە خوارەوە. راستییەکەی شەیتان رۆڵی نەمابوو، نە گوێگری نەڕەنەڕەکانیان بووو نە زمانی بۆ دەردەکردن، شەیتان لەئاستی گەرمیی ئەم شەڕە بێهوودەیەدا لە کەلی خۆی هاتە خوارەوە.

هەردووکیان یارییان بە کات و شوێن و رووناکی و تاریکی و خۆڵ و ئاو و ئاگر و با دەکرد، کە لە یاریی شەترەنج دەبوونەوە یاریی مار و پەیژەیان دەکرد، بەیەکەوە دەخلیسکانەوەو بەیەکەوە سەردەکەوتن، دەبوون بە پاڵەوان و دەرهێنەری سێرک لە دارستانەکاندا پیاسەیان دەکرد بەزەییان بە هێزی شێر و پڵنگ دەهاتەوە، ناوبەناو ئەم (فاوست)ی دەخوێندەوە، یان بە دزییەوە (ژانەکانی ڤارتەر)و هەموو رۆمانەکانی دیستۆڤسکی دەخوێندەوە. سێبەرەکەی ناخیشی هەڕەشەی لێ دەکرد. (مەگەر لەم دنیاو لەو دنیادا بتسووتێنم) کردی بە کێو، هەموو تووڕەیی بەسەریدا باراند، بەلام تا دەهات رووی ئەم سوورتر دەبووەوە، بەتایبەتی لەگەڵ خودی خۆی و بیرو باوەڕی خۆیدا.

تادەهات چاوقایم و چاونەترس دەبوو، وەکو قومارچییش نەیدەوت:

– دنیاو گونم.

چونکە خۆیی نەدۆڕاند، کرۆکی ژیانی بریتی بوو لە خۆنەدۆڕاندن، کەس نەیدەزانی چییە؟ سۆفییە یان گەڕیدە، پەرییە یان سۆزانی، کچە یان ژن، نێرە یان مێ، ڕەحمان یان شەیتان!، خۆی هەر خۆی بوو و دابەش نەدەبووە سەر سێبەری ئاوێنەکان، کە تووڕە دەبوو، لەبەرچاوی سێبەرەکەیدا تەشتێکی گەورەی دادەناو لەبەر بەلووعەدا دادەنیشت و جلی گوامیی سەرمایەداری و ماسۆنییەتی بە چڵکاو و پیسایی ریسواتر دەکرد، بۆئەوەی خەڵکی بۆنیان بکەن، بەکورتی شەڕەکەی نێوان خۆی و سێبەری ناخی خۆیدا هەمیشە پەرەی دەسەند و تەشەنەی دەکرد و کە دەگەیشتە تینی سێبەری خۆی لە سێبەری هەموو جیادەکردەوە.

پەندە فەرەنسییەکەشی ڕەت کرد. کە لە ئیگۆییستی خۆیان بێزار دەبوون و دەیانوت:

– هەر یەکەو بۆ خۆی و خوا بۆ هەمووان.

هەمیشە بەیانییان کە ڕوویان لە یەکتر دەکرد هەریەکەو سەری پەتەکەی نێوانیان بە قایمی رادەکێشا، یان بەیەکەوە بەردەبوونەوە، یان لەپی دەستی ڕاستیان بریندار دەبوو پەتەکە دەبووە هێڵی ڕاستی، زەفەریان بە یەکتر نەدەبرد. ناچار دەبوون بە دانیشتنەوە هەردوو سەری پەتەکە رابکێشن، دووبارە هەڵدەستانە سەرپێ، کەسیان کەسیانی نەدەبردەوە، ناچار دەبوون پەتەکە فڕێ بدەن، قورسایییان وەکو یەک بوو، هێزیشیان یەکسان بوو، قورسایی (ئەم) سوپەر بوو، قورسایی سێبەرەکەیشی هێزێکی نادیار بوو، قەت پرسیاریان ئاراستەی یەکتر نەدەکرد، (ئەم) خۆی بوو، (ئەو)یش هەر وەکو خۆی بوو، دەستبەرداری یەکتریش نەبوون، هەمیشە وەکو دوو عاشقی





سوپەرمان بەیەکەوە بوون، نە جنێویان بەیەکتر دەداو نە یەخەی یەکتریان دەدڕی، چونکە شەڕەکەیان لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوو، کاتێک کە یارییان دەکرد، مووەکانی سەریان دەوەری، مێشکیان دادەگیرسا، ئاستی بەرزبوونەوەی ڕۆحیان هاوتاو یەکسان دەبوو، زۆرجاریش هەریەکەو لەناو تای تەرازوویەکی گەورەدا دەوەستان، قورسایییان بەقەد قورسایی گۆی زەوی دەبوو، (ئەم) دەیوت:

– من منم و هەر وەکو خۆمم و جیاوازنیم.

ئەویش دەیوت:

– من لە تۆ گەورەترو پیرۆزترم، من دروستکەری تۆم.. دەتمرێنم..

(ئەو) بەربەرەکانێی لەگەڵ گلگامێشدا دەکرد، لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– گلگامش سەهوی کردووە، من دەزانم چۆن نەمری بەدەست بهێنم، سەرم دەخەمە ناو قوزی دایکم و منداڵدانەکەی هەڵدەتەکێنم، بۆئەوەی چیی دی مرۆڤایەتی لەسەر ڕەوتی خۆی بەردەوام نەبێ، دایە حەوا درۆیە، ئەفسانەیە، لەوانەیە کچی(نەوال سەعداوی) بم، یان هاوڕێی (نزار قەبانی) بم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆم هەر خۆمم، جیاوازم، نەمریش دەبم، نەمریی من لە دڵەڕاوکێکەمدایە... لە کۆتاییشدا من و کامۆ باوەش بەیەکتردا دەکەین و دەبینە ژن و مێرد.. من لایقی کامۆم، هەر ئەو دەتوانێ بمگرێ بە خۆیەوە، قایم قایم بمگوشێ، ماچم بکا، با سێکس نەکەین، با زۆڵمان نەبێ، نە گەردوون لە حەقمان دێ و نە خۆمان لە حەقی خۆمان دێین، ماچی دەکەم:

– کامۆ گیان کە جوانی!. با گەنج بم و تۆ پیربی، عیشقی فەلسەفی تەمەن نازانێ، گڕەم دێ بۆت، لەناخمدای، هەموو ڕۆژێک بەشێوەیەک لە مێشکمدا لەدایک دەبی، تۆ هەر خۆتی و منیش هەر خۆمم، کامۆ

گیان با بەردەکەی سیزیف بەیەکەوە هەڵبگرین، با ئەم هەوڵەبدەین، لەو بڕوایەدام بەردەکە ناکەوێ، چونکە بناغەی شاخەکە هەڵدەتەکێنین، من و تۆ لەیەک زیندانیشدا بین دیالۆگەکانمان قەت تەواونابن، نە پێویستیمان بە نانی حیز دەبێ و نە ئاوی گەواد.. ناشخەوین، ئازاتر من و تۆ لە زینداندایە، خۆ حەزدەکەم بێمە ناو گۆڕەکەتەوە، خۆم زیندەبەچاڵ بکەم.. نا هەڵت دەستێنم لەو خەوە ناخۆشە کە دەیبینی، لایە لایە بۆ برینەکانت دەکەم، چونکە من تەنیا هەر تۆ دەناسم، کەس ناناسم... سێبەری خۆم نەیتوانی بمبەزێنێ، ئادەی شانەکانت، با ئەم سەرە قورسە بخەمە سەر شانەکانت و ئنجا بمرم، نازانم بۆچی خۆم وەکو بێشکە رادەژێنم؟ سەرمە وا رام دەژێنێ، یان رۆحمە، دەی شانۆنامە دەنووسی؟ بنووسە، بمکەرە ئەکتەری خۆت، من زەیف نازانم، لە هەموو کات و شوێنێکدا فێرت کردم وەکو خۆم بم، بەڵام ئەکتەرێکی سروشتی و زگماکیم، ژیان دەرهێنەرمە، رێم بدەرێ با لاپەڕە رزیوەکان و کتێبە کۆنەکان بخوێنمەوە، با بناغەی قەشەو مەلاکان و سیاسەتمەداران هەڵبتەکێنم، رۆمانی نامۆکەت بە زمانی خۆت دەخوێنمەوە، چوارساڵ بە قەرزو قۆڵە هەوڵم دا فێری زمانەکەت بم، رۆمانی (تاعون)ت لەژێر سەرمدایە، دەرمانی خەو لێخەرە، تۆی ئارام هەمیشە نیگەرانم دەکەی، دڵەڕاوکێکەم کۆتاییی پێ نایەت، ئای کە دەرمانێکی شیرینیت.

کە شەڕی لەگەڵ ناخی خۆیدا دەکرد، ماندوو دەبوو بۆ پشوودان بە فەلسەفەی کامۆ زاخاوی مێشک و رۆح و لەشی خۆی دەدایەوە، وەکو پیل شەحن دەبوو ئەمجارە خۆی وەکو (تۆم و جیری) یارییان دەکرد، هەر حیکایەتێکیان چەندین گرتەی فەلسەفی و سینەمایی دەویست،





بەبێ دەرهێنەر، بەبێ بینەر بەبێ کات و شوێن یاریی خۆیانیان دەکرد، زۆرجاریش یەکتریان دەتەپاند، یان یەکتریان تەخت دەکرد، تا دەهاتیش ئاستی ململانێیەکەیان بەرزتر دەبووەوە لە هەواو ئاسماندا شەڕیان دەکرد، بەبێ زمان بەبێ سەرو دەست و قاچ، کە ماندوو دەبوون دادەبەزینە سەر گۆڕەپانی دووگۆڵی، ئنجا قاچیان بەکاردەهێنا، گۆڵیان بەسەر یەکتردا تۆماردەکرد و لە کۆتاییی یارییەکەدا هەمدیس هەر یەکسان دەبوون، جەماوەرو ناوبژیوان و یاریزانی تران رەفز دەکرد تا کۆتایی بە شەڕەکەیان دەها، شەڕێکی تر و بە جۆرێکی دی دەستی پێ دەکردەوە، دەیانزانی کە شەڕەکانیان سیزیفین، بەڵام ئینکاربوون و بەچاو تروکاندنێک لە پایتەختێکی وەهمیدا شەڕێکی گەورەتریان بەرپا دەکردەوە قەت بەیەکەوە شەڕەنگێز نەدەبوون. کراسی عوسمان و ریشی معاویەشیان بەکارنەدەهێنا، لە قووڵایی هەموو ئۆقیانووسەکاندا بەیەکەوە نوقم دەبوون و پێی دەوت:

– ها سەیربکە چۆن هونەرمەندێکم، ببینە ئەوە ئسفەنج، ئەوە مرواری، ئەوە ئاژەڵانی ناو ئاو، نەهەنگەکانیش پێمان ناوێرن، دەتوانم دۆلفینەکان بە دووچاو بخەوێنم، بەڵام تۆیەکی عاسی بە ئاو تەڕ نابیت، فێری دەریا بپێچیتەوە و بیخەیتە ژێر باخەڵت، دەڵێی لەپشتی شێخی سەنعان لەدایک بووی باخەڵت پڕە لە نهێنی، هەر دەبێ بمری.

ئەمجارەیان سێبەرەکەی ناخی بێدەنگ دەبوو، نەک لەبەرئەوەی لە هەڕەشەکەی دەترسا، بەڵکو بۆ وەڵامێک دەگەڕا "کن فیکون"ی بکا، کەچی سێبەرەکەی ناخی لەسەر قسەکانی خۆی بەردەوام دەبوو:

– رۆژنامەنووسی، وەرە گونم بگرە، دە ئازابەو لە رۆژنامەکەتدا بڵێ

من "نیم" یان کۆمۆنیستم، یان سێکس دەکەم...

– من قنگ بە میدیای گەردوون دەسڕم، چونکە موخابەرات ڕێنماییان دەکا میدیای ئازاد نییەو نابێ، ئەی نابینی بێکارم؟

– ڕاست دەکەی، بەڵام تەنگیان بە ڕۆحت هەڵچنیوە...

– گوویان خوارد، پێنووسەکەم خۆش بێ.. دەیخەمە ناو کونی قنگیانەوە.

لاپەڕەکانی ژێر دەستی (ئەم) خەریک بوون ماڵئاوایی لە پەنجەکانی بکەن، کێشە کۆنەکەی ناو مێشکیشی بووبووە ئاگرپرژێن، ناخی کردبووە وێرانە خاک، قەت خامۆش نەدەبووەوە، خەمێک هەراسانی کردبوو دەیزانی سەرچاوەی ئەو خەمە لەکوێوە تر، حەزی دەکرد ڕەگ و ریشەکەی لەبنەوە دەربهێنێ، دەروونناسەکەی دەیزانی کە قەیرانی (بوون)ی هەیە، لەناو سەنگەرێکدایە لەهەموو لایەکەوە تەقەی لێ دەکرێ، وا خەریکە دەبێتە جەنگاوەرێکی گەورە و لە هەموو ئاستەکاندا ململانێی خۆی دەکا، دومەڵەکانی ناو سەریشی بە تەڵە شقارتەیەک دەتەقینەوە، زووخاو لەچاو و گوێیەکانییەوە دەهاتنە دەرێ، بەڵام وەکو ژنێک چۆن منداڵی دەبێ و ژان دەیگرێ، تەقینەوەکەی دواخست، تادەهات سەری گەورەو گەورەتر دەبوو، خۆراکی ئەو دومەڵانەش زانیاری (معرفە) بوو، بۆیە حەزی نەدەکرد لاپەڕەکانی ژێر دەستی بەکێم و برین و زووخاو سواغ بدرێن، لە مەرەکەب و لاپەڕە زیاتر هیچ جۆرە سامانێکی تری نەبوو، نەدەرمانی بێ مێشکیی هەبوو، نە لۆکەی تەمەڵی، دەیشیزانی هۆی ڕاستەقینەی تەقینەوەی ئەو دومەڵە گەورانەی نێو سەری چییە؟ وا خەریکن دەبن بە هێلانە، وردەوردە گەورە دەبن، خانەکانی ناو سەری داگیر دەکەن و





ئاگر لە مووە سپییەکانی سەری بەردەدەن، تۆزێکی مابوو کاسەی سەری بتەقێ و شەق ببا، دەشترسا، دیواری ئەو ژوورە زیندانییە بەرگە نەگرێ و لە ئەنجامدا بنمیچەکە هەرەس بهێنێ و ئەو ژوورە دۆزەخییە کە بۆ ماوەی سی ساڵ هەموو شیلەی لاوێتیی مژی، ببێتە دوا گۆڕی، هەمیشە دومەڵەکان هەڕەشەیان لێ دەکرد، بە ڕادەیەک نەیدەوێرا سەیری میلی کاتژمێرەکەی بکا، نەیشیدەوێرا چاویلکەکەی لەچاو بکا.

لەم دواییەدا خۆی لەدومەڵەکانی دەدزییەوە پاکانەی بۆ دەهێنانەوە، هێدی دەبووەوە و گفتوگۆیەکی سەیر شەوەهای شەو هۆشی هەستی بەنگ دەکرد، زۆرجار ناچار دەبوو پەنا بەرێتە بەر نووکی پێنووسەکەی و دومەڵە بچووکەکەی بتەقێنێ و زووخاویان بکاتە کورتە چیرۆکێک.

ئەمجارە ڕێی بەخۆی نەدا، بەنووکی ئەو پێنووسە کە هەندێک جار بەپیرۆزی دەزانێ، هەندێک جاریش رقی لێ هەڵدەستێ، کەوا پەرتەوازەی کردووە و هەمیشە بێ لانەو بێ کەس بووە و کەس لەزمانی نەگەیشتووە، نووسەرانی ئەورووپا، تاقە موگناتیسێک بوون کە بیرەکانی کردبوونە وردە دەرزی، مێشکی یاری دەکرد و دەگەیشتە سەرانسەری دنیا. لاپەڕەی چەرخەکانی هەڵدەدایەوە، جاری واهەبوو دیستۆفیسکی لایلایەی بۆ دەکرد لەگەڵ ئیلیۆشادا دەگریا، وەکو ئیڤان شێت و عاقڵ دەبوو، هەروەها وەکو دیمیتری قوماری دەکرد، کەس نەیدەزانی ژوورەکەی سیبریایە یاخود پاریس، زاخاوی مێشکی بەهێریان هسەو ئەندرەی ژەیە دەدا، دەمارێکی خۆی دەبڕی، تا دەهات نەزیف بێهۆشی دەکرد. ئەمە نەک وێنای پاڵەوانی چیرۆکەکانی حەفتاکان بوو، بەڵکو خۆی پاڵەوانێکی حازر بەدەستی ئەو جیهانە جەنجاڵە بوو؛ چونکە نووکی پێنووسەکەی ئەو توانایەی هەبوو ژێر

بەژێر میکرۆب و ڤایرۆس بگۆڕێتەوە بەدەرمان ناچاریش دەبوو، ئەو نووکە بکاتە شرینقەو لەخۆیی بدا.

هەوڵدانەکانی سیزیفی بوون پێشوەخت دەیزانی چارەی نییەو بەنووسەربوون یانی نەخۆشیی شێرپەنجە. دەرمانە راستەقینەکەیشی شیعرو ژیانی بۆدلێرو رامبۆو ڤێرلێن بوو.

دەیدواندن و بەیەکەوە بێهۆش دەبوون، دادەگیرسان و دەکوژانەوە، ئەوان دەیانخواردەوە (ئەم) سەرخۆش دەبوو. بە رادەیەک تێکەڵی یەکتری بوون، قاچیان لەدەستیان جیا نەدەکرایەوە، دووجار ژیا.. لەسەر لاپەڕەکانی ژێر دەستی و لەگەڵ ئەواندا فووی دەکردە رۆحیان و لە فەرەنساوە گۆڕەکانیانی بەجێ دەهێشت و تاقە دەرمانی ژیانی زیندووبوونەوەیان فرمێسکی (ئەم) بوو، ئەوان مردنیان تاقی کردبووەوە، بۆیە ژیانی (ئەم) یان کردە مەرگێکی رۆژانەو ساتانە. کامۆ ناچار دەبوو نیوە شەو سەردانی بکات و بیوروژێنێ بەڵکو برینەکانی ناخی لەگەڵ سێبەری دەروونناسەکەیدا تیماری بکەن. هەیتا هەیتا رستەکانی جیمس جۆیسیان دەکردە (ئەلالویا) سارتەریش گۆرانیی بوون و نەبوونی بۆ دەچڕی، (ئەم) حەزی دەکرد چاوێلکەکەی تێکەڵی چاوێلکەکەی ئەوان بکات.

بەشێوەیەک پیتەکانی ناو کتێبەکانیان لەناو مێشکی (ئەم)دا وەکو یۆرانیۆم خەریکی پیتاندن بوون.

نەشیدەزانی ئەم سەرە لەکوێدا بشارێتەوە، جاری وا هەبوو دڵی خۆی بۆ دەکردنە قاسەو لەسەر شانی دەداو لە شەقامەکانی بەغدا لەگەڵ سێبەری (حوسێن مەردان) دەسووڕایەوە، بەیەکەوە تینووێتییان بە یاخیبوون دەشکاند، بەسێبەرەکەی حوسێن مەردانی دەوت





"بەداخەوە کورد حوسێن مەردانی نییەو نایشیبێ، منیش تامردن دەبێ سێبەرم تێکەڵی سێبەرت بێ، ئەی حوسێن مەردانی جوانتر لەخۆم ئەی رامبۆی عێراق". زۆربەی زۆری نووسەرانی رۆژئاوا لەو ژوورە زیندانەدا ئازاد دەبوون و بەیەکەوە گۆرانییان بۆ مەرگ دەوت.

ئەمیش (مەحوی)ی نەدەناسی شیعری ئیلیا ئەبوو مازیی بۆ دەچڕی، (خودێکم هەیە کە نازانم چییە) - بەزیندووبوونی ئەوان ژوورەکەی تادەهات پان و بەرین دەبوو و ئاسمانیش رەنگی خۆی دەگۆڕی و ئەستێرەکانیش کەمتر دەبوون.

مێشکی (ئەم)یش نەیدەتوانی ئەدەبی کوردی هەڵبمژێ، نەیدەزانی خاوەنی خۆشی نەبوو، چونکە زەمینەی رۆشنبیریی عەرەبی بوو، یەکەکە نووسەرانی کوردی دەناسی، بەڵام ئەمەیان مەرگەساتە، بەرهەمەکانیانی نەدەخوێندنەوە باسیشی نەدەکردن. دەبووایە شەو رۆحی مەحوی زیندووبایەو سەردانی کۆبوونەوەکانی بکردایە، شەوێک نیچەو هۆڵدرلین، بوون بەمیوانیان بەڵام هۆڵدرلین هەر دەگریا، دوای مردنیشی میلان کۆلی بەری نەدابوو، بەمیراتی بۆ (ئەم)ی جێ هێشتبوو. (نیچە)ش شێتییەکەی هێناو لەوەشەوە تاریکیی بەخشییە (ئەم)، هەردووکیان زۆر میهرەبان بوون، لانکێکیان لە فەلسەفەو شیعر بۆ دروست کردبوون (ئەم)یش لەم لانکەدا بەجوانی وەکو منداڵ خەوی لێ کەوت، (ئەم) دڵی بەهەموو ئەو زاتە جوانانە خۆش بوو، تووشی (نامۆ)بوونێکی سەیر بوو، ساتێک یاخی دەبوو ساتێکی تریش نامۆ، تا نامۆبوون و یاخیبوون تێکەڵ بەیەکتر بوون. تا بوو بەخۆی، بەردەبارانکردنی ماکەرو کەرەکان ژەمێکی هەنگوینی بوو، یەکەیەکە ئەو بەردانەی قووت دەدا، نەیدەوت "نا".. "من نیم".. "من ئەمم".. "من

ئەمەم" زۆرجاریش (حوسێن عارف) دەبووە دەرمانێکی میهرەبان، هەروەکو نانی گەرمی پیرۆز داڵدەی دەدا، دەبووە چەتری کاتێک کە بۆنی خوێنی یەکتریان دەکرد، هەستیان دەکرد کە ئاسمان هەیەو زەوی دەخولێتەوەو کورد شۆڕش بەرپا دەکا، بۆیە لە بەردەمی (حوسێن عارف)دا دەبوو بە پاسارییەک هەڵدەفڕی و لەسەر شانەکانی دەنیشتەوە، حوسێن قەت پشتی لێ بەرنەدا، نەشیدەهێشت کەسێک پێی بڵێ "کش"، بە سەعات گوێی لێ دەگرت و میهرەبانیی بەسەردا دەباراند، هەوڵیدەدا ئەم پیرۆز بکا، هەروەکو پیرۆزیی جارانی، بەڵام تا دەهات پلەی یاخیبوونی (ئەم) بەرزتر دەبووەوە شەپۆلە تووڕەکانی فەلسەفەی بوونگەرایی لەحەقی نەدەهاتن، دەروونناسەکەشی لەیەک کاتدا بوو بەبراو دایک و باوک و مامۆستا.

ئەم زاتانە بوونە پەرژینێکی هەمیشەیی سەوزو سوور بوون بەزەوی و ئاسمان، بەشەو و رۆژی. زاتەکان لەزیادبووندا بوون، ڤیرجینیا وۆلف و ناتالی ساوت و ئالان رۆبگریێ هاتنە ریزیانەوە، وردەوردە بوونە چەند ئەڵقەیەک، هەروەها چەندین بازنەیەک و لەناو یەکتریدا دەخولانەوە، (ئەم)یش هەر ساتەو دەبووە (مورید)ی یەکێکیان، تا هەر هەموویان چوونە ناو یەکترەوە (ئەم)یان لە مۆدێرنەیەتی پڕکرد و بۆی دەربازبوو، بوو بە (خۆ)یەکی جیاواز، جیاوازتر لە خۆیی جارانی. پێکهاتەیەکی سەیروسەمەرە، خوێنەکەی لە تاقیگەی کەسێتیی کوردیدا شینە دەکرایەوە.

شەوی یەکەمی تەنیایی بەدومەڵێکی ناو سەری وت :

– ئەگەر ئەتەقی چی دەکەیت، نامەوێت پێنووسەکەم گڵاو ببێت، دەمەوێت خوێن بخۆم و لەناو دەریای خوێندا مەلە بکەم بەخوێن،





دەریای لێوەکانم سوور بکەمەوەو بەخوێن تینوێتیی پێنووسەکەم بشکێنم و وێنەکانم بەخوێن بکێشم و ئاوازەکانم بەخوێن بچڕم. من بەتەمام ببم بەتابلۆیەکی خوێناوی، گۆرانییەکی خوێناوی و هۆنراوەو شانۆگەری و رۆمانێکی خوێناوی.

ئاگر هەیە هەروەها ئاو و با و خۆڵ، بەڵام خوێنیش هەیە، بووبوورە نە ڤینۆسم و نە شەهرەزاد و نەسیمۆن دیبۆڤوار، بەڵام رووبارێکی خوێناویم، پاکم، بۆنم بکە. هەرچی مردوویەک بۆنم بکات زیندوو دەبێتەوە، خونچەکان دەپشکوێن، گوڵەکان بۆن پەخش دەکەن، ماسییەکان رەنگاو رەنگ دەبن، بەردەکان قسە دەکەن، خۆڵەمێش دەبێتە ئاگر، ئاسمان عەدالەت دەبارێنێ، رادیۆکان بێدەنگ دەبن، دیکتاتۆرەکانیش... هتد

زۆری وت، دەیزانی کە دومەڵ دەبێتە مین و بۆمباو دەتەقێتەوە، بەڵام بەرووی کێدا؟ (ئەو)؟ نەخێر، کولتوور؟ لەوانەیە.

وتی : جارێک ددان بەخۆتا بگرە بابزانین شۆڕشەکەی خودی خۆم چۆن دەبێ و بەچ لایەکدا دەشکێتەوە. نەکەی لەناوەختدا بتەقیتەوە، ئەم چەند ساڵە چۆن چۆنی گوزەرانت کرد؟ ئابەم شێوەیە هێمن بەرەوە، چەندین ئاگرپژێن لەناخمدا هەن با خامۆش ببنەوە ئەمجا...

(ئەم) دەسەڵاتی بەسەر دومەڵەکانی ناو سەری نەبوو، یەک بەدوای یەکدا دەتەقینەوە، دەورووژایەوە، ئەوانیش تۆڵەی خۆیان لە تاڵە مووە سپییەکانی سەریان دەسەندەوە، نەدەڕووخا و هەرەسی نەدەهێنا، هەندێک دومەڵیش هەبوون مانیان دەگرت و خوێنی پاکیان بەخوێنی پیس دەگۆڕییەوە...

"ڕێ بدەن با دەسەڵاتێکی بچووکم بەسەرتاندا هەبێ گاڵتەم پێ

دەکەن، پەنەماون زووخاوتان زۆرە لەچەند برینێکی کۆن پێک هاتوون، سارد و گەرم و تیژو بێ بۆنن، بەشێکن لەخۆم، دەی هەڕەشەی چیم لێ دەکەن؟ دەی بتەقنەوە. (ئەو) شەرم لەرووی خۆی دەکا، هەزار رووی هەیە، ئەویش دومەڵی خۆی هەیە، ئەگەر رۆژێک لەرۆژان بەرووتاندا بتەقنەوە و بەیەکەوە وێران دەبن، دەی دەمامک فڕێ بدەن من دومەڵێکم نەدیوە، دەمامکی هەبێ بڕوام بەوشەی (شەرەف) نەماوە، نا هەڕەشە لە میلی سەعاتەکەم دەکەم، باتەمەنیشم وەکو کۆتر هەڵبفڕێ، خۆ هەر درەختێک دەبێ بەدیاریەوە دابنیشم، مەبەستم پێنووسەکەمە، ئێوەش دڵنیاتان دەکەمەوە کە کاتتان لەدەست دەرنەچووە، خۆ بیری نەوت نین، شاخی پیرەمەگروون و قەندیل نین، لەهەوریش ناچن، هەتاو و مانگیش نین، تەڵە شقارتەیەکیش نین.. شەوانم تاریک دەکەنەوە، نا نا ناسووتێم، بەداخەوە کە دومەڵێکی گشتییش نین. دەبێ بزانن کە جەرگم قاسەیەو بەهیچ کلیلێک ناکرێتەوە دڵیشم هەمیشە بۆ مەرگ لێدەدات و ناوەستێ، کەللەی سەریشم سەنگەرێکی ئاسنینە، لە منداڵدانم شوێنتان نابێتەوە و قەت سەرمایەی من نەبووەو ئەو ئازاترەی کە هەمە لەناو هیچ دەرمانخانەیەکی کوردیدا دەستم نەکەوتووە، خوێن بەرانبەر بە ئازاترە، خوێنی دنیام هێناو قەرز کرد، بەرانبەر بەساتێکی ئازادیم. خوا دەکا کورد ملیارد جار پێستم کەوڵ دەکا، من هەمیشە ئازادم بەتەنیام و ئازادم؛ چونکە مەیموونی کەس نەبووم، دایکیشم هەڕەشەی شێتخانەی لێ کردم، هێشتا بەردە قووتدراوەکانی جارانم ماون، ها ها.. ها لەمۆزەخانەی کوردیدا دایان دەنێن، هاها..ها خۆشەویستییش بووەتە دەوڵەت، کارگێڕو دەوڵەتی دەوێ، جاران تەنیا دەزگایەکی ئابووری بوو و هیچی تر، لەدەرگاوە دەچووە ژوورەوەو





دوای مانگێک لە پەنجەرەکانەوە دەهاتە دەرەوە، ئێستا بووەتە هێلکەیەکی گەنیو، هەتاکو مۆبایلەکانیش بۆنیان دێ، دەی لەڕێی مۆبایلەوە دەستپەڕ بکەن، وادیارە دومەڵەکانم فێری دەستپەڕی کوردیش بوون، ئەی هاوار سەرم سەنگەرێکی بێ پەنجەرەیە و فیشەکی کەس نایەتە دەرەوە، بەڵام دەڵێن: کە گوایە بەهەزار گوللە دیوارەکانی کونکون کراون، ئەدەبچێتی سەرینم بوو، کەچی لەسەر لاپەڕە سپییەکانی ژێر دەستی نووسەرانی جیهان سەری هەموو نەتەوەکان تاشراوە، هەر لە قوللە رەشەکانەوە تا چین و ژاپۆن، بتەقنەوە، لاپەڕەکانم دەکەمە دۆشەک و لەسەری دەخەوم، قەت درۆ لەسەر تەنافی ئێوە هەڵناخەم، من وا کەوتوومەتە دوای کەری مانگرتنەوە، چۆلەکەیەکی کەڕو لاڵ و کوێرم، قەت ناچمە ناو قەفەسی کەسەوە، ئایا دەزانن لەنێوان من و ئێوەدا پۆلیس هەیە، پۆلیسی ژوان و لێدانی دڵ و گوناه و پەشیمانی و پەنجەو لێوگەستن.

دومەڵەکان ئێوە دەنگن، کەچی هەموو لەشتان چاوە، لەهەنگاوەکانم ورد دەبنەوە، ئێوەش بووبوون بەپۆلیس، سەری برینەکانم بەچەقۆی زەردەخەنەکانم دەبڕم، دە بڕوانن، بەرەو چ قووڵاییەک هەنگاو دەنێم قاچەکانم بوونە رەگ و ریشە، واخەریکە خۆشم دەبمە درەختێک، جا چییە پێستی ملم چرچ بووە، هێڵەکانی نێو چەوانم بەناو یەکتردا چوون و بوون بەدارستان، جا چییە ددانەکانم کەوتوون، بۆچی کەرپیاوێک هەیە بزانێ چۆن دڵداری بکات؟ ماسییەکانی دووکانیش بوون بەدەیناسور، من بەدوای قیبلەنومای عیرفانێکدا رادەکەم کە کەس تائێستا بۆنی رەیحانەکەی نەکردووە، دە ئێستاش ئەگەر نووکی پێنووسەکەم بچەقێنمە دەمارێک لە دەمارەکانم، نەوت دەبارێتە سەر دێڕەکانم، گڕ دەگرن سەریشم نەوتاوییە، گڕتنی سەرم شقارتە

داگیرساندنی ناوێ، بەبۆنی کۆنەپەرستی دەسووتێ، واتە رەگەزی من رەگەزی نەوتاوییە، خەونەکانیشم نەوتاوین، بۆیە ئەی دومەڵەکانی ناو سەرم گڕ بگرن، چ پیاوێک زمانم بمژێ دەمرێ، هەرچی منداڵێک شیری مەمکم بمژێ دەمرێ، ئێوەش لەم ساتەدا کە بۆنی وشەی نەوتاوی دەکەن و وشەی نەوتاوی دەخوێننەوە ئاگاتان لەچاوەکانتان بێ کوێرنەبن، فرمێسکەکانم ماچم دەکەن نەوتاوین، میزیشم نەوتاوییە، هەروەها لیکاوی دەمم هەناسەم، تا هەڵوێستی رۆژانەم مانگانەم و ساڵانەم، ئەگەر ئێوە ئینگلیزن وەرن، تا بەخوێنم بتانخنکێنم، کەران باوگەیل، خۆ هەتاوی من پایتەختە تەمومژاوییەکەت لەناودەبات، من هەتاوم هەیە، تۆش هەر شەوت هەیە، کاتەکان تێکەڵی یەکتری مەکە مە، بەڕۆژیش میللەتە تەمبەڵەکەت خوێنی منداڵانمان دەمژن، ئێستاش بەمەمکە شیر نەوتمان دەخۆیتەوە، هەرجارە و بەشێوەیەک قەد و باڵای ئاوێنەکەت دەگۆڕی، چونکە دەمی من، بلدۆزەرەو هەر تفت بۆ رەوانە دەکا، سێبەرت دەچێتە ناو شانەی هەموو حیزبەکان، دەبێتە مینێکی ژەهراوی، رۆژێک دێت دەبیتە جەللادی خۆت، دەبیتە نێچیری تۆڕەکانی کرێکارانت، سێبەرت راوت دەنێت باڵەکانت دەشکێن چەناگە ریشدارەکەت دەکەوێتە ژێر دەستی منداڵانی جیهان، دەزانم کە بەدزییەوە ملیار کاسێتت قووت داوە و مت و بێدەنگیت، هەر کاسێتێکیشت، بەزمانێک قسە دەکا، راستت بۆ دەکەنە چەپ و تازەگەریت بۆ دەکەنە فۆلکلۆر، ئاوازە ناشیرینەکانت بەدوای هارمۆنییەکی دۆزەخستانی دەگەڕێن، وەکو بەرازەکانت هەر دەتۆپی، ئەی کۆنتر لە پۆستاڵی سەربازەکانی چەرچڵ.

***





(ئەم) ویستی بەپەنجە جەخت لەسەر قۆپچەیەک لە قۆپچەکانی دەروونی دومەڵێکی یەک ملیار گرێ بکا، خشەخشی گەڵای هەزار درۆی پرۆژەی پووچەڵ و زمانی فریای نەکەوت، دەیویست وەک دەسەڵاتداران پێش درۆی دومەڵێک بکەوێ، خۆی و ئەدەب رایان کرد، پێشبڕکێی نێوانیان تەواو نەدەبوو، ئەم لەسەرخۆ بوو، کەچی ئەدەب هەر رای دەکرد، هیلاک دەبوو، هەناسەی سوار دەبوو لەرێگەدا چاوەڕێی سوارچاکێکی وەک سەلیم بەرەکاتی دەکرد.

کەچی ئەدەبەکەی پشووی دەداو وێستگەی چۆڵی بۆ خۆی دەدۆزییەوە و دەیوت: "ئەدەب شەمەندەفەرە، بێ بلیت، بێ نەفەر، بێ شۆفێر، بێ رێبوار، هەتاکو کارەباکەیشی خوێنە، بەچ ئاگرێک تاریکیی شەوانی وێستگەیەکی چۆڵ و هۆڵ و بێ گەڕیدە رۆشن بکەمەوە.

ئاگری برسییەکانی رۆژهەڵات وێستگەیەکی بێ چەک و دووڕییانە وا خەریکە ئاگر لەلێوەکانمەوە بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە، ئاگری بابەگوڕگوڕ و بڵێسەی بانمیل مانگ و ئەستێرەکان دەسووتێنن (شنەبایەکی زەردیش نابینم) ئاستی گڕەکەم دابەزێنێت، بەڵکو رەشەبای سلێمانی خۆشی دەکا، بەهەلەکە سەماکردن نەبێ ناوی هەندێک کەس لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو نانووسرێ، پەنجە بێگەردەکانیشم بەچڵکی جوگرافیا سەریان لێ شێواوە، گومان لە پەنجەرەکانی روحمەوە هەڵدەفڕێ، تا وانەکانی سیاسەتمەدارانیش ئاسمان بەردەباران دەکەن، دەنگێک لەئاسمانەوە دێ، دەزانم سێبەری ناخم و شەیتان جێگۆڕکێ بەشوێنەکانیان دەکەن، دەنگەکەم لەدەنگی ئاسایشبوونی روح دەچێ، گوڵێکی نەوتاویم، هەروەها دڕکێکی

نەوتاویم، دەمەوێ مـرۆڤ دروست بکەم، ئەی پاڵەوانی ڕۆمـانـەکـان مرۆڤ نین؟

یەک یەک دروستیان دەکەم، لەدایک دەبن و دەیانکوژم، دەیاننێژم، گۆڕەکانیان لەسەر شان هەڵدەگرم و جاری واش هەیە بەپەتی خوایی گالیسکەی نەمرییان رادەکێشم، بەبرژانگەکانیشم قەفەسێکی ئاسنینیان بۆ دروست دەکەم تاکو ببنە مردوویەکی نموونەیی، ئەمانیش بۆنی نەوتیان لێ دێ و بەئارەزووی خۆیان داوای بەهەشت و دۆزەخی ئەدەبم لێ دەکەن، ئا مردنی نەوتاوی بەهەشتە، ناچاردەبم لەسەر لاپەڕەکانم نەخشەی قەفەسی تۆمەتبارکردنیان بکێشم، ئەمە پیشەی منە، خەیاڵە نەوتاوییەکەشم، وەکو لۆکە هەلاجیی خوێنم دەکا، ئیدی لەم کارە سیزیفییە بەرەو کوێ هەنگاو بنێم؟

ئەم لاپەڕانەم داڵدەی منن، حەزیش ناکەم ئاگر لەنووکی پێنووسەکەم بەربدەم و وشە نەوتاوییەکانم بسووتێنم، ٣٥ ساڵە سنگی من بنکەی دووکەڵی نەوتاوییە، تەنیا هەوری ئاسمانی ماڵەکەشم لەباتی باران دڵۆپە نەوت دەبارێنێ، ئاوی ئاوەڕۆکەشم نەوتاوییە، ئای قومارکردن لەسەر نەوت چەند بەلەزەتە".

ئەو: دومەڵەکان بنوون دڵنیابن کە گۆی زەوی تەنیا لەژێر قاچەکانی ئەمدا ناسوورێتەوە، شەوان هاوکێشەکان دەکاتە پەیژەو لەسەر پایەیەکیان چاوەڕێی (هیچ) دەکا، وەرزەکان بەڵێنی نادەنێ، ماسیی ڕووبارەکان بەیانی باشی لێ ناکەن، پرسیار لە ئاش و ئاشەوان دەکا، جامێک پەرداخێکی بدەنێ بۆ تینوێتی شکاندنی بەئاوی ئازادی دڕی بۆ دەکەنە ژەمێک و پێی دەڵێن نۆشی گیانت بێ..

تامەزرۆی تاقە هەواڵێکە بۆ ئەوەی تاقە وشەیەک سەرتاسەری





تەمەنی کەژاوەی خەونەکانی بێ، چەندین ساڵە وردە گلەییی کردووەتە خەڵووز، وا ئاگری چاوەڕوانی پەرە دەسێنێ و دەیکاتە خۆڵەمێش، وەک مۆمێکی تۆراو لە شەودا داناگیرسێتەوە، دووڕیانەکانیش دەبنە پەت و هەنگاوەکانی بەند دەکەن، دەڵێ ئای لە تاریکیی وەرزەکان کە لەیەکتر دەچن؟

دەنگدانەوەی هاوارەکانی تێکەڵی خەمۆکی و نیگەرانیی ئاسمانی دۆزەخ دەبن، ڕاستییەکان وەکو سەربازەکانی شەترەنج یەکەیەکە ریزیان دەکا.

وەرزی پایز بەئەنقەست پەلاماری دەدات دەڵێ: ئای (لە مۆتەکەی زیندووەکان)؟

هاوڕێیەکانم بوونەتە خەڵووز و هەر یەکێکیان بەشێوەیەک ئاگری بێ ئارامیم خۆش دەکاتەوە، نووسین ئەمبولانسە و ڕۆماننووسین دەرمانە، دەبێ خەمە قورسەکانم بکەمە پۆستاڵ و سیسرکەکانی سەر زەوی پان بکەمەوە.

بەئارەزووی خۆی ئەم دوا قەفەسەی هەڵبژاردووە، قاچە ئیفلیجبووەکانی ڕێگەکانی ون کردوون، وشەکانی تەزیون هەروەها تاساون، کەچی مرۆڤیشن، گۆشت و خوێن و ئێسقانن، دەگرین و لە ڕەشەبای شەیتان دەترسن و هەروەها لەزریانی سیاسەت.

کاتێک کە یەکتریان بەجێ هێشت، دڵنیابوون کە گومانی هەردووکیان دەرگایەکی داخراوە، بەتایبەتی لەرووی کێشەی نێوانیاندا، دووبارە دووڕییانەکان بوونە پەت و ئالان بەهەنگاوەکانیانەوە، ئەم هەموو لەخۆسێدارەدانە برسێتی و بێ ڕێوشوێنی و بێکاری و بێ جگەرەییە، زەلالەتیان لەدەستی

دواکەوتوویی زۆر کەس و گەندەڵیی دەزگاکان بووبوونە چەند بەردێکی قورس و چەند بەربەستێک.

(ئەو) لەگەڵ خۆیدا وتی "با وشەی پایز لەسەر لاپەڕەکانی گەردوون بسڕینەوە، دەبێ پایزی شاعیران بکوژرێ، بەفریش هەموو شارەکان سپی دەکاتەوە، تەنیا کەشتیی درۆکانیشم خنکاوە، لەبن دەریای بێهوودەییدا، خنکاو، دەبێت لەنێو لم و زیخ و چەو و ماسی و بەرد گیان لەدەست بدەم و خۆم بنێژم، تۆ بڵێی راوچییەک هەبێ بزانێ چۆن بمخاتە ناو تۆڕەکەیەوە".

لە هەمان کاتدا گلەییەکانی وەکو بەفر دەتوانەوە، گڕی خۆشەویستییش فرمێسکەکانی (ئەم)ی وشک دەکردەوە، ئایندەشی لە دەریایەکی خوێناوی و مەی دەچوو، تەنانەت لەدوورەوە بۆنی خوای خۆی دەکرد، لەچاوەڕوانیی بارانێک زۆر تووڕە بوو بەلافاوەکەی دومەڵەکانی ناو کاسەی سەری خۆی لەگەڵ خۆیدا ببات.

بەلایەوە گرنگ نەبوو رووباری نێوانیان بڕوات یان نا، خوا دەکا رێی خۆی بەرەو دۆزەخ دەگرێ، هەمیشە ملوانکەی تاوانیان دەگۆڕییەوە، لەناو تای تەرازووی ویژدانیشدا دادەنیشتن، قەت قورساییان یەکسان نەدەبوو، بە بەنجی وشەکان، هەی هاوار چارەی بیرکردنەوەکانیان کە رەش و قەترانی بوو، بەنجی وشەکانیان خەویان لێ دەخس (تارا)ش قەت نەبووە خەونی (ئەم)، هەر لە یەکەم رۆژی یاخیبوونەکەیەوە (تارا)ی کردە خۆڵەمێش، حەزی نەدەکرد وەکو ماکەران زەماوەندی کۆیلایەتیی بۆ سازبکەن، بەڵکو دەمامکە هەمیشەییەکانی دەڕووشاندەوە، حەزی دەکرد سەیری سێبەرەکان بکا و بزانێ چۆن هێدی هێدی گیان دەدەن، دەگرین، مەست دەبن، لەتر





دەدەن، جیاوازیی لەنێوان گریان و گیانداندا نییە، سێبەری ئەمڕۆ لە تاوانەکانی مرۆڤ دەبووری، مرۆڤی خوێڕی، کە بەچەند توخمێک داوێنی خۆی پیس کرد و بەهەموو شێوەیەک لەئاوێنەی شەیتاندا دەرکەوت.

وڕێنە بەدوای وڕێنەدا، هەیتا هەیتا سوێندی دەخوارد، بە گڕی داوێنی تەنیایی دوێنێ شەو، بە گڕی داوێنی پێرێ و بەسرپێرێ شەو، داوێنی شەوانی رابردووو داهاتوو، بەداخەوە ناوونیشانی چیرۆکی دوێنێ شەوی لەبیرکرد، ناوی چی بوو؟ نازانێ.. گرەو؟ گومان؟ تارا؟ داوێن؟ دومەڵەکەی بوو، ناتەقێتەوە، با جارێک پێ لە جەرگی ئەدەبی بێگەرد بنێ، با داوێنی ئەدەبیش بسووتێ، با داوێنی سیاسییەکانیش بسووتێ، با دنیا هەمووی ئاگر بگرێ... بڵێسەی گڕی تارای ئەدەب بە دڵۆپە فرمێسکەکانی ئەمی خوێناوی دەبێ، لە کوێ تاوانە پیرۆزەکانی بشارێتەوە؟

سەنگەرەکانیش چاڵیان نییە، با لەناو منداڵدانی دایکی بیانشارێتەوە بەرەو منالدانی مەرگێکی سەیر هەنگاو دەنێ، ئای یەک ملیار عیزرائیل هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە گیانی لێ دەستێنن.

ئەڵبەت (ئەو)یش بۆ خودی خۆی سکاڵا دەکا، بەڵام وەکو ئەم خۆی ناخواتەوە، ئەم پەنجەکانی پێی دەخوا، هەنگاوەکانی قووت دەدا، شەو و رۆژیش بەدەستی عیزرائیلەکانی دەروونی هاوار لەسەر هاوار دەکا، ریسوا بووە، پاکانەش بۆ هیچ کردەوەیەک ناکا، عزرائیل وەکو بنێشتە دەیجوێ و بە تفێک فڕێی دەدا، لە دەمی عزرائیلێکی تردا خۆی دەبینێتەوە.

ئەمیش وا ژەهری دومەڵەکەی دەیکوژێ، وا خەریکە پەراسووەکانی

دەبنە قەفەس، ئیتر ناتوانێ بێدەنگ ببێ، ناشوێرێ بڵێ نەخێر وانییە، مەلەوانیش نییە، هیچ رووبار و دەریایەک رازی نین خۆی و تاوانەکانی تەڕبکەن، رووبار لە هەنگاوەکانی دەترسێ، دەریاش لە مین و بۆمبای تاوانەکانی، دەیەوێ خوا پەلی بگرێ و دەربازی بکا، خەیاتێکی دەوێ هەنگاوەکانی بدوورێتەوە، پزیشکێکی دەوێ سییەکانی لە پەراسووەکانی جیابکاتەوە، قەفەسەکانیان لە یەکتر ناچن، (ئەو) خۆی بۆ خۆی دروستی کردووە، کەی ئارەزووی لێ بێ پەرژینەکانی تێک دەشکێن و بەرەڵا دەبێ، ئەم روو لەکوێ بکا؟ لەچواردەوریدا چەندین قەفەسی دەستکرد وەکو فاق بۆی دانراون.

دەیزانی هاوڕێیەکەی هەر باسی خۆی دەکا، دەیزانی هۆی سکاڵاکردنی لە چییەوەیە، ناچاربوو بێدەنگ ببێ، زۆریش هاواری کرد، ناوبەناویش کپ و خامۆش دەبووەوە، دەیزانی کە شەپۆلی توورەیی خۆی قووت دەداتەوە، هەرکە دەیزانی بە تەواوەتی گوێی لێ نییە سەرلەنوێ قەوانەکەی بە جۆرێکی ترو لەسەر دیوێکی تر دەخستە کار، بە سەرنجێکی ئەم وەک بلێی سویچی ئامێرەکە دەکوژێنێتەوە لە هیچەوە پرسیاری لێ دەکرد. مەبەستی نەبوو بزانێ وەڵامەکەی ئەم چییە و چۆنە، مەبەستی بوو بزانێ گوێی لێ بوو یان بیری لە شتێکی تر دەکردەوە، تا لە پڕ وتی:

– دومەڵەکەی جەرگم وا خەریکە دەتەقێ، وا خەریکە دەمکوژێ، تۆ خۆت بۆ خۆت شێت بە، شێتخانە باشترین سەنگەرە، بۆت هەیە هەموو شتێک بڵێی کەس گلەییت لێ ناکا، دومەڵەکەی تۆ بەرەو رووی کۆمەڵگا دەتەقێ، چونکە دومەڵێکی دەستکردە و بۆیان دروست کردووی، دەستی کەسانی تری تێدایەو دەست و پەنجەی خۆتی تێدا





نییە، بەڵام دومەڵی من دومەڵێکی راستەقینەیە.

– تکایە بە هەڵەدامەچۆ، بیر لە خۆت بکەرەوە، دومەڵەکەی من ژەهری تێدایە، خۆم دەکوژێ، دومەڵەکەی تۆ لەناو سەرتدایە، ئەگەر تەقی نامری، شێت دەبی، کەچی دومەڵەکەی من وەکو شێرپەنجە وایە، هەر جارێک لەشوێنێکەوە سەرهەڵدەدات، جاری وا هەیە دەترسم ئیفلیج ببم، جاری تر دەترسم کوێر ببم، تۆ لە باڵندە دەچی بۆت هەیە بفڕی، من قەفەسەکەت دەشکێنم، بە شەق، بە راست.. خۆ دەتوانی شەقێکی تێ هەڵبدەیت، بێ باکبە، لە هیچەوە دەتلێیتەوە، بۆ؟ بە عەشقی کێ و بە یادی کێ؟ بوختانت پێ دەکەن؟ چش، چی دەبێ با ببێ، ئەو پەڕەکەی...

– دڵم مەدەرەوە.

– نێرەکەری وەکو تۆ تارای بۆ چییە؟ تۆ لە تارا گەورەتری...

– نازانی چیمە، هێشتا ئەم پرسیارەشم لێ دەکەی؟..

جیاوازی لەنێوان من و تۆدا ئەوەیە، تۆ دەتوانی بێدەنگ بی، دەتوانی بڵێی (ئا یان نا).

– بە کورتە چیرۆکێک وەڵامی ملیار پرسیار دەدەیتەوە.

– چیرۆک نانووسم، من دەمەوێ بژیم، ژیان خۆشە...

– ناهێڵی بڵێم (بەڵێ وایە) یان (نەخێر وانییە).

– با جێگۆڕکێ بە دومەڵی خۆمان بکەین.

– یانی تۆ دەبیتە من و منیش دەبمە تۆ.

– وا خەریکە دەخنکێم، لە قووڵاییی رووبارێکی خوێناویدا، پاک دەبمەوە، خۆزگەم بەخۆت کە تاوانەکانت زۆر گەورەن.

– بوومەتە دوو کەرتەوە، تکایە قەفەسەکەت بەجێ بهێڵە، با دومەڵەکەت بتەقێ، ببێ بە هەتوانی برینەکانم، پارچەپارچە بووم، پارچەکانم بدەرە دەم یەکترەوە.

– تۆ هەزار شەیتان لەسەر دەستت پەروەردەکراون.

– تۆش هەمیشە ماشە بووی، هەمیشە خەڵووزیان پێ دەگرتی لەناو مەقەڵییەکانیشدا دەبووی بە خۆڵەمێش، هەرچی پشکۆی دنیا هەیە پێ هەڵدەگیرێ، منیش ناوێرم لێت نزیک ببمەوە، دەترسم پەنجەکانم بسووتێن.

– هێشتا بەغیلی بە دومەڵەکەم دەبەیت؟ ئەگەر خۆم فڕێ بدەمە ناو دەریای زووخاوەوە، خۆم دەمرم...

– منیش چڵکاوی خەون پاکم دەکاتەوە، چڵکاوەکەم بە ئارەزووەکانم، کە لە (د.د.ت) دەچن پاک دەبێتەوە...

– بووین بە سۆفی.

– دەبین بە هەموو شتێک، دەبین بە دەروێش، بە دوو جەمسەری دژ بە یەک، قسەی خۆشمان بێ هەندێک جاریش زۆر سووک دەبین، من دەبمە خۆڵڕێژی تۆ و تۆش بە گسکی قەدەر گوناهەکانم دەماڵی.

ئەم و هاوڕێیەکەی هەمیشە بۆ کەساسیی خۆیان دەگریان، بێ بڕبڕەی پشت بوون، لەژێر بنی هیچ سێبەرێکدا ئارامیان نەدەگرت، ئای لەو جۆگە خوێناوییانە کە لە کونە گوێ و لووتەوە لافاویان دەکرد، پێویستی نەدەکرد پەنابەرنە بەر جەللادێک، بە دەستێک برینیان دەپێچایەوەو بە دەستێکی تر خۆیان تیرۆر دەکرد، نەشیاندەزانی بۆچی هەمیشە بە ئاگری ئاگردانەکان گڕیان دەگرت، دەسووتان و دەبوون بە خۆڵەمێش، پەتی ئازادی دەیخنکاندن، بەیەکەوە دەیبەستن،





ناچار دەبوون فاتیحاو یاسین لەسەر یەکتر بخوێننەوە، ئازاتران پردێک بوو لە بزمارو بەپێی پەتی بەسەریدا دەڕۆیشتن، نەورەسەکانی خەمیش بە باڵە بەهێزەکانیان ئاگری ئاگردانەکانیان خۆش دەکردەوە، گریان و گریان تاقە پیشەیان بوو، دڵۆپی فرمێسکەکانیان بۆنی خوێن و نەوتیان لێ دەها، کەس نازانێ بۆچی هەموو شەوێک لەباتی عەرەق، خوێن و نەوتیان دەنۆشی و بەنگ دەبوون، کەس نەیدەزانی بۆچی بە نهێنی و پەنهانییەوە خۆیان دەرمانخوارد دەکرد، برینەکانی سەردەستی ئەو بووبوونە ئەو خاڵە دەقگرتووانەی کە بە ئاسانی نەخشەی نێوچەوانیت دەدۆزییەوە، ئەمیش زۆری دەوت لەناو بازنەیەکی بەتاڵدا دەخولایەوە، لەبەر خۆیەوە هەر شتی دەو، خۆی وەڵامی پرسیارەکانی خۆی لەباتی ئەو دەدایەوە، تۆڕی سیحر کردبوونی بە دوو بووکە شووشەی قورمیشکراو "لە دەوروبەرم زۆر بێزارم، لە هیچەوە گەمارۆم دەدەن، بە بەرد سەرم دەشکێنن، تاقگەکانی خوێن ناخیان دەشۆردمەوە.

ڕۆژی ٤٨ کاتژمێر بەردەباران دەکرام، وڕکم دەگرت و دەبوومە منداڵ، بەلەسەو شێت دەبووم، شەق دەبەم و دەنووسێمەوە بەقەدی خۆمەوە، جاڵجاڵۆکەکان زۆر هاموشۆیان دەکردم، خەمیشم نەبووایە بەردەکانی رووبارەکانم دەکردە خەم و دەبوونە نێچیری تۆڕەکانم... هەرجارەو بەشێوەیەک خۆم دەدەم بە دەستەوە، بووم بە قوڕی دەستکرد، جارێک درۆزنم و جارێک شەیتانی دومەڵەکانمان هەڕەشەمان لێ دەکەن، کاتێک کە هەستیان پێ دەکردین و دەیانزانی سەرفرازین، لەباتی پارەیش ژانمان لە یەکتر قەرز دەکرد، زۆر جاریش ژانەکانمان شێوەی کارتی قوماریان لە خۆیان دەگرت، بێ ئازار نەدەژیان، زۆر جاریش پارەمان قەرز دەکرد و ئازارمان پێ دەکڕی و

بەشێوەیەکی یەکسان دابەشمان دەکردن بە سەر خۆماندا، زۆرجار ئازار دەبووە تەماتەو باینجان و گەدەی خۆمانمان پێ پڕ دەکرد و زووخاومان دەتکاند و نەماندەزانی چ قوڕێک بەسەرماندا بکەین!".

– با گرەوێک بکەین.

– لەسەر چی، ئێمە هەموو شتێکمان دۆڕاندووە، مەگەر قومار بە گیرفان بەتاڵی خۆمان بکەین، قەت گرەوەکانمان نەبردوونەتەوە دەزانی؟!

– بەڵێ.

– من بەرگری لە خۆم ناکەم، بەڵام با گرەو لەسەر گوناهەکانمان بکەین...

– پیسایی دەبارێ لە ئاسمان، ئێمە هەمیشە بێ چەترو دەمامک بووین، ئاسمانیش هەمیشە بە چەقۆکەی شەیتان لە یەکترمان جیا دەکاتەوە.

– شەڕ بە نووسینەکانم مەفرۆشە.

– ئەدەب ئێمەی دۆڕاندووە، بەهەرحاڵ لە تاریکیداین، ڕۆژی ڕەشەو بەسەری دەبەین، ڕۆژی سێ ژەمیش تف لە خۆمان دەکەین.

– کێ تفەکانمان لە ڕوومان جیا بکاتەوە؟ مەگەر ئاوێنەکان!

– هەموو ڕۆژێک وەکو دیاری، یان چەپکێک دڕک لە دوورەوە چەند تفێکی خەستم بۆ ڕەوانە دەکرد، کلک و گوێی کەسانی تری دەگرتەوە، نێوچەوانە پیرۆزەکەت کە هەمیشە ماچم دەکرد بوو بە تەختەی ڕەشی سروشت، بە ئارەزووی خۆی شیعری نامۆی لەسەر دەنووسی، ئێمەش لە هێما نهێنییەکانمان تێ دەگەیشتین.

– تفمان بە پارە دەکڕی...





– وانییە، کە هەمیشە دەبووین بە حەللاج و پیرۆز بووین و مەرگێکی وەنەوشەیی چاوەڕێی دەکردین، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نرخی تف بەرز دەبێتەوە، هەروەک نرخی دۆلارو زێڕو نەوت و خوێن!

– تفی خوێناویمان لە ئاوێنەکانیشمان دەکرد. من تفی خەست و تاڵ و ژەهراویم لە دەمدایە، تفی شیرین نابەخشم بەکەس.

– ئەی تف لە قەفەس و پەرژینەکانیان ناکەین؟

– مردم، بەڵام مردنی من بریتییە لە دەسرازە، نا من نامرم... با گلگامش بمرێ، بەڵام من نامرم، چونکە بووم بە خۆم.

– من سێ قەفەسم هەیە، یەکێکیان سەرم کە چۆلەکەکەیەتی، دووەمیان سینگ و پەراسوو و دڵ و جەرگم، سێیەمیشیان دەست و قاچم...

– پێنووسەکەشم زیندەبەچاڵ کرد، کفنیش نەکراوە، ئای کە قەڵەم گاڵتە نازانێ، بەداخەوە دەسەڵاتم بەسەر پێستی خۆمدا نییە، هەوڵم داوە بەهۆی زۆر شتەوە پێستم لە خۆم جیابکەمەوە، هەرکە چاوم دەنووقێنم وادەزانم لەم پێستە کفنە دەرچووم.

– تفێک، تەنیا تفێک.

– لە کێ؟

– لە ڕووی ڕەشی زەمانە، لە خۆم، لە پێستەکەم...

– نەخێر بەپێچەوانەوە، کێ ئەم پێستە دروست دەکا؟ لەبەرمانی دەکا، هەندێک جار لە هیچەوە چرچ دەبێ... زۆر جاریش ڕەشەو زۆر جاریش وەکو پێستی زیبرایە (کەرە کێوی) خەت خەتە.

– ئەی قەیفەو سمۆکن؟

– ئەوە پێستی سەدام حوسێنە کە کرپویەتی...

– ورچە، مارە، ماسییە.

زۆرمان وت، هەستمان کرد لەناو یەک رووباردایین و رووبارەکە کەناری نییە، نە ئەمبەرو نە ئەوبەر، کەنارەکان یەک لە یەک بێ ئارامترن، باری سەر شانیشمان زۆر قورس بوو، هەموو هیوایەکیشمان جڕتکێشان بوو بۆ زەمانە... بستێک لە گۆڕەپانەکان دیار نەبوو، باس و کێشەکان تێکەڵی یەکتر بووبوون پیاومان دەکردە نێرەمووک و ژنمان دەکردە ماکەر... پارچەپارچە بووین، خەریک بوو بکەوینە ناو تۆڕی راوچییەکانی ئەستێرەکان... باوێشکمان دەداو جێمان تەنیا لەناو سکی نەهەنگەکان دەبوو، دەستمان دەوەشاند و لە بەرد و زیخ و گوێماسی زیاتر هیچ شتێکمان بەدی نەدەکرد، خەریک بوو چەند لەتێکمان لەم کەنارو ئەو کەنارەدا بە جێ بهێڵین، بووبووین بە پاشماوەی رێککەوتەکان و گیانمان سات بە سات دەردەچوو و راوچییەکان هەر وەکو راوچییەکەی هەمنگوای تەنیا چەند ئێسقانێکیان بۆ مایەوە.

ئایا دەزانی تا رادەیەک قەفەسەکەم پاراستوومی، ئەگەر تێیدا ئەژنۆم بشکێ، دەتوانم پاڵ بدەمە پەرژینەکانی و دڕکی درەختێک بکەمە گۆچان، ئەگەر هاتیشمەوە سەرخۆم دەست و پێ دەوەشێنم وەک ئەوەی قەفەسەکە منداڵدانی دایکم بووبێ.

– تۆ لە یەک ساتدا هەزار مێرووله قووت دەدەی...

– بەتاقی تەنیا جرو جانەوەرەکان قووت دەدەم، هەیە بە کۆمەڵ لە نێو نیمچە قەفەسێکدان بە تۆمەتی یەک تاوانیش، تاوانەکانی من زۆرن، لە باسکردن نایەن.

– ئەگەر دومەڵەکەی جەرگم تەقییەوە، ئا ئەو کاتە بزانە من بەم





پەنجە وردانە کش لە هەزار کەس دەکەم و راویان دەنێم بۆ ناو کولانەیەک، کلیلی کولانەکەش هەر لەناو گیرفانە کونکونەکانمدایە.

– راستە، چاوەڕوانی جەنگێکە لەناو سینگمدا رەگی خۆی داکوتاوە، چاوەڕوانی بووەتە دڕک، خوێنی ئەم جەستە پووکەم دەمژێ، دەترسم، رۆژێک لە رۆژان بمرم و کشم لە کەس نەکردبێ.

– ئێمە جەللادی خۆمان و یەکترین، دیارە بەرەو شێتخانەی مردووەکان هەنگاو دەنێین.

– هەموو کاتێک رۆژ رۆژی تۆیە، بۆت هەیە بە زووخاوی برینەکانت خۆت بشۆیتەوە، پێستە چرچەکەت بسڕیتەوە بۆئەوەی نەمری، ژەنگ نەگری.

– رۆژێکی وا چاوەڕێم دەکا، دەزانم مردنێکی ئاسایی نامرم، وەکو مۆم دەتوێمەوە، ناتوانم بە مووییەک چراکانی مێشکم بکوژێنمەوە، مووییەکی سپیش لە نێوانماندایە، بە ئاسانی دەپسێ و خێرا دەبینە دوژمن، تەپڵ بۆ یەکتر دەکوتین، من یان تۆ بە دە پەنجەو لەسەر دە تەپڵ و هەزار دومبەڵەک بە ملیار ترپە بەردەبینە گیانی یەکتر، کەرو ماکەر دەبین، سیزیف کە بەردەکەی هەڵدەگرت هیوای سەرکەوتنی هەبوو، کەچی من و تۆ بەرەو دواوە هەنگاو دەنێین... سیزیف دەچێتە سەر شاخ، ئێمە دەچینە نێو کولانەو سەنگەرو قەفەسەوە، لە چاڵێکەوە بۆ چاڵێکی تر، لە گۆمێکەوە بۆ گۆمێکی تر، لە کۆستکەوتنێکەوە بۆ کۆستکەوتنێکی تر، وا ئەمڕۆش خۆم بەتۆ دەبەخشم، خۆم دەدەمە دەستی تۆ.

– ئنجا خۆ خۆت نادۆڕێنی، وادەزانی دەستەکانم پیسن.. مرۆڤێکی گلاوم...

– نەخێر

– دومەڵەکەی جەرگم هەر خۆم دەکوژێ، مەترسە نامری...

– دوا چەکی تۆش هەر دومەڵەکەتە.

– مەترسە، بە رووتدا ناتەقێتەوە.

– من دەسەڵاتم بەسەر دومەڵەکەی سەرمدا نییە، بە رستەیەک دەتەقێ، کەسیش تاوانبار ناکەم.

– دومەڵەکەی من ماڵییە، شوێنەکەی خۆشە، شوێنی منداڵەکانی گرتووەتەوە، هەرچی هێزو توانام هەیە دەیمژێ، زۆرجاریش دەتۆقم، خۆ ئاوێنەکەت راهاتووە لە سەر شێتبوونم.

–........................

– تەقینەوە بڕیاری لەسەر نادرێ...

– وادیارە بڕوات بە بزووتنەوەی مێژوو هەیە...

– من بیر دەکەمەوە، بیرکردنەوەش کارە..

– ئاخر بیر لە شتێکی خراپ دەکەیتەوە، واتە خەو دەبینی...

– چارەیەکم بە قەرز بدەرێ...

– کەس چارەی خۆی بە تۆ نادا.

– من چارەی رەنگاورەنگم دەوێ ئەی بێچارە.

– تۆ زۆر دەزەڕی، نۆتەت بۆ دروست بکەم؟!

– زمانت زۆر درێژە...

– ئەی وادەزانی دەفەکانی غەوس سەمات پێ دەکەن؟

– ئەگەر باران ببارێت لە ترساندا دڵم دەوەستێ، بەیانییان هەرکە ئاسمان دەبینم دەمرم... ئەگەر هەور هەبوو ئەوا سەرلەنوێ دڵم خێرا





لێدەدا، سێبەریشت شەوان هەراسانم دەکا، ئەگەر مانگەشەویش هەبوو، گوێ لە ترپەی دڵت دەگرم، ئیتر ئاگام لە دڵی خۆم نامێنێ.

– دڵت بووەتە پۆستاڵ...

– ئێمە کە شەڕدەکەین تەپڵی ئاشتبوونەوە لێ دەدەین... هەلەکەسەماش دەکەین.

– من دەروێشم، لەسەر ریتمە نەشازەکان زیکر دەکەم...

– فەیتوری دەڵێ: أحدق بلا عين و أرقص بلا ساق....

– هەرچیت پێ بڵێم لە مێشکتدا دەبێتە فیلمێکی سینەمایی، من دەبمە پاڵەوان و تۆش دەبیتە دەرهێنەر، بە ئارەزووی خۆت مەقەست لە گرتەکان دەدەی، گومان لە هەناسەکانم دەکەی، بە تەڵە شقارتە مووە سپییەکانی سەرم دەسووتێنی.

– من رۆماننووسم، ئەگەر پاڵەوانەکانم لەناو مەنهۆڵێکدا بن، بە نووکی پێنووسەکەم کە وەکو قولاپ وایە یەکە یەکە بەرزیان دەکەمەوە.

– بوون و نەبوون بە ئارەزووی من و تۆ نییە، ناخۆشە ئەدیب ببێ بە قازی و پارێزەر، بەرگری لە پاڵەوانەکانی خۆی بکا، یان پاکانەیان بۆ بکا، یانی چی خوێنەر ببێ بە قازی.

– تائێستا کەس پێی وتووی دەتکوژم؟

بەڵێ، خۆم بە خۆمم وتووە. چونکە رۆژێک لە رۆژان خاوەنی خۆم بووم...

– من هەمیشە بێ خاوەن بووم. ئەگەر هاورێمی بمکوژە.

– کەس بە تاوانبار نازانم. هەموو کەسێک کەسێکە بۆ خۆی.

– تۆ لەجیاتی من قسە دەکەیت. سێ رێ لە بەردەمماندا هەن، دەبێ

خۆمان بە کۆمەڵ بکوژین، یان دەبێ وەکو خۆمان بمێنینەوە، یان بە نیوە دۆڕاو و نیمچە هەڵخەڵەتاوی و تەپڵباز، یان هەر بە نیوەکەرتی، واتە دەبینە چوار بەشەوە، چونکە تەنیا یەک گوێمان هەیە، تاقە چاوێکی خێل و دەستێکی ئیفلیجمان هەیە...

– بێز لە کوشتنی خۆم دەکەمەوە، رەنگە شایستەی مردنێکی پیرۆز نەبم.

– هەر بۆ نەنگی بمێنم باشترە.

– وا مەڵێ، مردن ژیانێکی تری لە دوایە...

– بە راست تۆ پەریت دیوە؟ دەڵێن دوو باڵی هەیە...

– من شەیتانم بینیوە، دەڵێن کلکی هەیە... داوام لە شەیتان کرد تفم لێ بکا، ڕاست دەکەی تفی دۆست هەنگوینە.

– خۆم خۆم دەکوژم... ئۆیش ببوورە تۆش هەمیشە دەمکوژی.

– من بێباکم.

– منیش...

– درۆ دەکەین، وەکو دوو پڵنگی بریندار واخەریکە یەکتر دەخۆین...

– ئای لە ئازارەکانم کە پشکۆن!

– ئای لە ناخم کە ئاگردانە!

هەردووکیان زۆریان وت، سێ بەشی قسەکانیان ناماقووڵ بوون، بۆیە دووبارە دەمامکیان فڕێ داو بەیەکەوە چوونە ناو یەک قەفەسەوە.

لە یەکتر زۆر بێزار بوون، خەریک بوو چاوی یەکتر دەربکەن، لووتی یەکتری ببڕن، ئەڵقە لە گوێی یەکتر بکەن، نەک تەنیا کلکەکانیان شەڕیان دەکرد، بەڵکو لە دوو مەیموون دەچوون، تا دەهات لە یەکتری





نزیک دەبوونەوە، دوو ئەوەندەی تر لە یەکتر دوور دەکەوتنەوە، وەنەبێ قسەکانیان د.د.ت بووبێ، رق و کینەو تانەو توانج تێکەڵی خۆشەویستییان بوون، زۆر دەگریان، ئەم بە ئەوی وت: میز لە چاوەکانتەوە دەبارێ...

ئەویش بە ئەمی وت: خوێن لە چاوەکانتەوە دەبارێ...

شیوەنیان دەکرد بۆ رۆژە رەشەکانیان، ئیفلاسی و ئاوارەیی گەمارۆی دابوون، کە دەبوو بە شەو، ئەو مەست دەبوو، ئەمیش پەرداخی فرمێسکی خۆی دەخواردەوە، ئەمەندە بەنگ دەبوو، دەتوت تەنێک تلیاکی کێشاوە.

لە سووچێکدا هەریەکەو لەناو قەفەسی زستانییاندا بێ ریش و پوولەک و پێست یەخەی رۆژگاریان دەدڕی...

کێشەکە لەوەدابوو کە خۆیان ناسیبوو، دەیانزانی چییان دەوێ و بەرەو چ لایەک هەنگاو دەنێن و کاردانەوەی کردارەکانیان وەکو خشت دەدایە سەر شانە خشتئاساکانیان، زۆرجار دەبوونە گۆچانی یەکتر، زۆرجاریش پاشقولیان لە یەکتر دەگرت و بەسەر دەمدا دەکەوتن...

خەویان کەم بوو، لە خۆیانەوە هەر شتیان دەوت، واش دەردەکەوتن کە بێدەنگی تاقە پردێکی نێوانیان بێ.

ئەم بە ئاوێنەکەی خۆی وت:

– حەزناکەم لەخۆمەوە شت بڵێم، هەریەکێک لە ئێمە بەرپرسیارە، عەیبە خۆم بشارمەوە، هەر بۆ تەپڵ لێدان ئازاین.

ئەویش بە ئاوێنەکەی وت:

– چیم دەوێ؟ نازانم چیم دەوێ، ئیفلاسی دەبێتە هۆی چاو و راو.. بە هەزار پەت و دەسترازە وەکو چەپکێک مار بەسراومەتەوە، کەس

سەروەر نییە، تەپڵەکانیش دڕان، دەبێ یەک ملیۆن پاساو بۆ خۆم بهێنمەوە.

– لەجیاتی پۆلێک کۆتر گمە گممە، دەبێ خۆمان بە کۆمەڵ بکوژین، یان یەکتر کوێرو لاڵ و شەل بکەین، دەشبێ هەزار چاو قەرز بکەین، چونکە چاومان لەسەر زۆر شت داناوە...

– بەڵێ بەڵێ تۆش وایت، مەقەستت لە پێ و پلی من داوە، زمانم بڕاوە، لێوەکانم بە یەکەوە دووراون، دەمکوتم دەکەی، بە زمانی منیش قسە دەکەیت، ئنجا لە کۆتاییشدا جڕتێکم بۆ دەکێشی، هەموو شتێکت هەیە بەڵام ویژدانت نییە، قاچێکم ون بووە، دزیوتە، بووم بە کاریکاتێر.

– هەموومان دەمامک لە رووین، کاریکاتێرین، بە خۆشمان دەزانین سەیرە، هەرچی تاوانمان هەیە لەنێو بتڵە بەتاڵەکان کۆیان دەکەینەوە، شەڕ بە دارو دیوار دەفرۆشین، قەسابخانەیەکی سەیرە، لە سەربڵندی و شکۆمەنتر خۆمان دەژین، بە چەقۆ سەری سەربڵندیم دەبڕم، کەچی هێشتا هەر بێدەنگم.

– من شکۆمەندی و سەربڵندیم نییە.

– کە تۆ نەتبێ، دەبێ منیش لە مرۆڤایەتیم ببمەوە، من سنوورم بۆخۆم داناوە، بە بەلاش خۆم نابەخشمە رووداوەکان، ستراتیجییەتی تایبەت بە خۆمم هەیە، تۆ نیتە من چ تاوانێکم هەیە؟

– کەسمان سەروەر نین و کەسیشمان قارەمان نین!

– ببینە چوار بەشەوە، ئێمەمانان تەنیا یەک گوێمان هەیە، تاقە چاوێکی خێل و دەستێکی ئیفلیج و... بە دەستەکەی تریش پەنجە دەخەینە نێو چاوی یەکتر، بە کورتی یەکتر کوێرو کەڕ و لاڵ و شەل





ئەکەین، ئەمەیە پیشەی ئێمەی نووسەران، دەبێ دووچاو قەرز بکەین کەچی چاوەکانمان لەسەر هیچ دادەنێین.

– تۆش وایت مەقەستت لە پێ و پلی من دا، بە زمانی منیش قسە دەکەی، هەنگاویش دەنێی پرسیاریشم لێ ناکەی، ئنجا جڕتێکیشم بۆ دەکێشیت، هەموو شتێکمان هەیەو ویژدانمان نییە، دەتەوێ سەرت بۆ بلەقێنم، قاچێکم ون بووە، ئازاری بێدەنگیم تێکەڵی ئازاری برینەکانم بووە، ئەگەر برینەکانم کردە دیاری بیانبەخشم بە کێ؟ ئەی گڕی دڵم بۆ گەردوون نەسووتێ؟ چی بکەم؟ وڕێنەکانم نابنە چیرۆک، فرمێسکەکانم نابنە دەنکی تەزبیح، دەنگم نابێتە گڕی گۆرانییەک، هەی هاوار لە چ رۆژێکداین! سەرم بووەتە هێلانەی برین، دڵم بووەتە لالەزاری مۆتەکەکان، پەنجەکانم بوونەتە جاڵجاڵۆکەی مردن، نە دەتوانم دەستبەرداری ساتەکان ببم و نە دەتوانم برینەکانم بکوژم، نە کەسیش دەمکوژێ، ساتە مردووەکانیشم خۆڵ دەخۆن و بەرد دەکەنە ئاو، جەرگیشم بووەتە شەو، لە تاریکی زیاترو لە خوێن زیاتر هیچ شتێک نابەخشنە بێ ئارامیم...

(ئەم) دەستی کرد بە وڕێنەکردن.

ئا... هاتمە سەر کێشەی ئارام، کە نە دەمگرێ و نە دەیگرم، بێ ئارامی ئەو کەلەپچەیەیە کە لێوەکانمی قفڵ داوە، ئەو زەنجیرەیە کە ملمی جەڕ داوە، ئەو پەتەیە کە وشەکانمی خنکاندووە، ئەو بزمارەیە کە زمانمی هەڵواسیوە، ئەو برینەیە کە قەت بە هەموو تیشکەکانی هەتاویش وشک نابێتەوە، ئەو مردنەیە کە هەموو ساتێک جیام دەکاتەوە لە خەون و هەناسە، ئەو حەبە خەو لێخەرەیە کە نیوەشەو دام دەچڵەکێنێ، ئەو گۆمەیە کە دەمخنکێنێ و دەمکاتە بۆقێکی دۆڕاو، ئەو

خەڵووزەیە کە پەیتاپەیتا بیبیلەی چاوەکانم دەکاتە پیلی گریان، ئەو چاویلکەیەیە کە هیچ جۆرە تارماییەک لە ڕێیەوە نابینم، ئەو مردنەیە کە بە شەقێک فڕێم دەداتە ناو زیندانی تاکەکەسی، ئای لە بێ ئارامیی خانەو شانەکان، ئای لە بێ ئارامیی دووکەڵی جگەرەکان، لە پرتەپرتی پڵیتەی چرای ڕۆحم، بێ ئارامیی ئاوازەکان ویران دەکەن، نا نا، من بێ ئارامی دەبەخشمە نۆتەو کۆپلەکان، فرمێسکەکان وەکو بورکان دەکوڵێن، ئەوانیش لە بێ ئارامیی ئارامن، ئاسمانیش بارانی بێ ئارامی دەبارێنێتە سەر پێست، هەی هاوار، هاهاها وار ئەی بێ ئارامی کە بوویتە قەراغ و سەوڵ، بوویتە بەرد و چەو، بوویتە هەورو ئەستێرە، ڕۆحم ئازادبکە، سەرم بێشکەیە، دەلەرزم وەکو خەونی گەڵایەکی زەردی هەڵفڕیو، ئەی بێ ئارامی ئارامیم پێ ببەخشە، با با...

ئەی بێ ئارامی هەتاوێکی نوێم دەوێ دەروونە خاپوورە ویرانەکەم ڕۆشن بکاتەوە، مانگێکی سوورم دەوێ شەوە ڕەشەکانم پەمەیی بکاتەوە، ئەستێرەیەکم بدەرێ فرمێسکەکانم بسڕێتەوە، هەورێکم بدەرێ خەمەکانم بشواتەوە، بارانێک ببارێنە برینەکانم وشک بکاتەوە، خەونێکی سەوزم بدەرێ گومانەکانم بچنێتەوەو بیانکا بە پرچ، نامەیەکم بۆ ڕەوانە بکە بە بۆن و عەترەکەی شانەکانی مێشکم ببووژێنەوە، ئەی بێ ئارامی تاکەی بمرم و بژیم، تکایە ساتەکانم مەژمێرە، ئۆخەیەکانم کۆ مەکەرەوە، پەنجەکانم مەسووتێنە، لایەلایەی شەهیدەکانم بۆ دووبارە مەکەرەوە، تکایە چاڵێکم بۆ هەڵبکەنە با بمرم، من شەهیدی بەفرم، مەرگی گیام، شەپۆلی دەریام، ماسیی کانیم، کێ بملاوێنێتەوە، کەس.





شەوان بە لایتێکەوە دەگەڕێم، ژوورەکان تەی دەکەم، لە نائومێدی زیاتر هیچ دیوارێک نییە سەری خۆمی بخەمە سەر، خشتەکانی ببنە سەرین.. ببنە مەرگێکی ئەرخەوانی، بێ ئومێدی وەکو کفن دەمپێچێتەوە، دارە مەیتەکانیش وەکو بەلەم لە تەنیشت یەکتر و بە بێ نقەییەوە چاوەڕێی هەنگاوەکانم دەکەن، ئای لە گرێی زمانە کۆڵەکەم، ئای لە گرێی ددانەکانم، ئای لە گرێی برژانگەکانم، قوڕگم، هەناسەکانم، سەرم وەکو سەری عیسا لەسەر هەزار پەت و سێدارە هەڵواسراوە، من هەمیشە چی؟ ڕادەکەم سێبەری گۆڵەکان ڕاوم دەنێن، تارماییی گەڵاکان بە مەقەست هەنگاوەکانم دەبڕن، چی ما؟ هیچ، شاخێک هەیە ناوی هیچە، نا نا سەرناکەون بە سەریدا، بەڵکو زۆر قورسەو لەسەر شانمدایە، ڕێگایەک لەبەر پێیەکانمدایە ناوی هیچە، دەڕۆم، دەڕۆم و ڕادەکەم و بۆ دواوە دەگەڕێمەوە ڕێگاکە تراویلکەشە، نە پردێک ڕاستییە و نە جادەی ڕیڤۆلییە، ئای لە مەرگی هیچەکان، ئای لە گیاندانە هیچەکان، خەونە هیچەکان فڕێم دەدەنە ناو دڵی مۆتەکەیەک کە ئەویش هیچە، سارتەر، نەبوون(عدم)ی بەمن ناساند، منیش (هیچ)ی پێ دەناسێنم، ئایا تامی (هیچ)تان کردووە؟ نانی (هیچ)تان خواردووە؟ بە ئاوی (هیچ) قاچتان تەڕ بووە؟ بە دەستڕازەی (هیچ) برینەکانتان قومات کردووە؟، (هیچ) قوڕێکی دەستکردە نا، من قوڕێکی دەستکرم و (هیچ) من دەکاتە دووپشک، بۆق، جاڵجاڵۆکە، شەمشەمەکوێرە، هیچ نە دەرزییەو نە دەرمان، نە عەرەق و نە تلیاکە، نە ڤالیۆمەو نە ئەفیون، (هیچ) تارێکیش نییە بۆ ئەوەی قژم شانە بکات، نە عارەقی سوێرە بۆ ئەوەی لێوە وشکەکانمی پێ وشکتر بکەمەوە، ئیدی بێئارامی + هیچ = چی؟

– نازانم

ئەی هیچ – بێئارامی = مەیینی وشە خوێناوییەکانم

من هەمیشە وشەی خوێناوی دەزێم، بەبێ مامان بەبێ پزیشک بەڵام بە ژان، ئەی هێز – ژان + بێ ئارامی = هەر هیچ

نا.. من! ئەی من چیم؟ کێم؟

هەی وەیشێرە لە ئاگری هیچ، لە سێبەری هیچ، لە هەنگاوەکانی هیچ خودەکان دەخۆن، دەڕێن. زاوزێ دەکەن، بەڵام من هەر هیچ، بۆ بۆیەی نینۆکەکانیشم رەنگیان لە رەنگی هیچ دەچێ؟

بۆ بۆنی دووکەڵی جگەرەکانم لە بۆنی هیچ دەچێ؟ بۆ رەگ و ریشەی بیرەکانم لە خاکی هیچدا چێنراون؟ هیچە چەپێنراوەکان چییان بەسەرهات؟ ئەی هیچە لەسێدارەدراوەکان، ئەی هیچە خەفەکراوەکان؟ ئەی هیچە زیندەبەچاڵکراوەکان؟ چییان لێ بکەم؟

ئەی گریان و فرمێسکی (هیچ)؟ ئەی دڵداریکردنی (هیچ) لەگەڵ (هیچێک) کە دوو گونی هیچی هەیەو هیچی نییە.

هێلکە هیچە، مرۆڤیش هیچە، بەڵام تۆ بڵێی منیش (هیچ) بم.. ئەی بێئومێترەکەم؟ هەر هیچە؟ دیارە هەتاهەتاییشم هەر هیچە، دۆزەخ و بەهەشت و گۆڕیشم هەر هیچە، لایە لایە بۆ چ (هیچێک) بکەم؟ باوێشکەکانیشم هیچن، حەزو ئەوینیشم هیچن!

هیچ لە یەک هێلکەوە لەدایک نەبوو، لە فرمێسکەوە نەترووکا، لە دڵۆپی خوێنێکەوە بۆنی نەهات، لە شەپۆلی مەرگەوە رەنگی نەبوو، لە خۆڵەوە بۆنی نەبوو لە ئەستێرەوە نەبارییە سەر چەترەکان، تەڵە موویەکیش نەبوو، بۆئەوەی ببێ بە شیعر، عیشقیش نەبوو بۆئەوەی ببێ بە خۆڵەمێش، بەداخەوە پەیژەش نییە بۆئەوەی هەنگاوە ونبووەکان





بەسەریدا بکەون، گریش نەبوو بۆئەوەی لە ناخی ئاگرەوە هەڵبقوڵێ، ئاخیش نەبوو لە کانگای دڵەوە ببێتە گۆرانییەک، کاوەش نەبوو بۆئەوەی نەخش و نیگاری خۆی لەناو فنجانەکاندا بخوێنێتەوە، کارتی قوماریش نەبوو بۆئەوەی سیاسەتمەدارەکان یاریی پێ بکەن، نەخشەش نییە، سنووریش نییە بۆ ئەوەی شۆڕشگێڕان خوێنی لە پێناودا بڕێژن، فیلمیش نییە، بۆئەوەی زاخاوی مێشک بدەن، مۆسیقاش نییە بۆئەوەی کەس گوێی بۆ شل بکا، گرفتەکە لەوەدایە کە هیچ لە هیچەوە لەدایک بووەو هەر بە هیچ گیان لەدەست دەدا، پشتی منیش بووەتە ئەو گۆڕەپانەی کە یاریزانە هیچەکان دووگۆڵیی لەسەر دەکەن، هیچیش نە تۆپەو نە بەردی سیزیفەو نە نزاو نوێژەو خاوەنیشی دەبێتە هیچ و نابێتە شاعیر، تۆبڵێی کێ دروستکەری هیچ بێ، گەردوونی دروست کردبێ لەپێناوی هیچداو، مەرگیش بتوانێت کۆتایی بە هەموو شتێک بهێنێ بەڵام نەتوانێ کۆتایی بە هیچەکان بهێنێ! ئای، هیچ نە سووراوێکی تا لێوی خۆمت پێ مۆر بکەمەوە، نە قەڵەمێکی رەشی تا چاوە کزەکانمت پێ بڕێژم، نە شانەیەکی تا مووە سپییەکانی سەرمت پێ دابێنم، نە چاکەتی تا شانەکانمت پێ گەرم بکەمەوە، نە شیعری ئاراگۆنی تا گوڵی ئینجانەکانمت پێ ئاودێر بکەم، نە فرمێسکیشی بۆئەوەی وەکو ئەتۆم، بتەقیتەوەو بۆخۆت کۆتایی بە ژیان بهێنی..:

ئەی هیچ،

گۆرانییەکی هەتاهەتاییش نیت

پەلکەزێڕینەیەکیش نیت

ئەی چییت؟

هاوکێشەیەکیش نیت

جگەرەکەشم هیچە، نووسینیش هەر لە بناغەوە (هیچ) بووە، ئەی جەنگەکان؟ ها! هیچ ناڵێم! با مرۆڤەکان دەکەنە هیچ... شارەکان دەکەنە هیچ،....

گرێ دەروونییەکانیش لای دەروونناسەکان دەبنە هیچ، ئاسمانیش هیچە، زەویش لە پانتاییەکی هیچدا دەخولێتەوە، ئەستێرەکانیش بەهیچەوە هەڵواسراون، تیشکی خۆریش هەر هیچە، ئەی چی هیچ نییە؟ بێ ئارامییەکەی من!

رۆحمی کردووەتە جۆلانە، سەری کردوومەتە چەرخ و فەلەک، زەردەخەنەی بۆ کردوومەتە ژەهرەکەی سوکرات، تەمی بۆ کردوومەتە قەتران، دوو کێلۆ نائومێدی بخەمە ناو تای تەرازوو، ئایا چەند کێلۆی هیچ لە تایەکەی دیدا لەگەڵیدا یەکسان دەبێ، مردنیشم لێ بووەتەوە دەمی شێر، من هەمیشە شیری رەش دەنۆشم و رەیحانی سەوزم لێ دەبێتە خۆڵەمێش، شەکریش لێم دەبێتە خەڵووزی هاڕراو، ئەوەی دەمێنێ تەنیا خۆم و ئەم پێنووسە حەرامزادەیە، دەڵێ:

– تۆ زۆڵێکی هیچ وپووچی و نابی بە هیچ.

– یانی چی؟ ئەم هاوکێشەیە چۆن شی بکەمەوە؟.

دەریاکان دەبنە هیچ، (ئێ)کان دەبنە هەڵم، کورە خۆشم هیچم، هیچیش نیم، ئۆکسجینیشم لێ بووەتە هیچ، مانگ و ساڵ و رۆژ و وەرزیشم لێ بوونەتەوە شەو و رۆژێکی هیچ، کاتژمێرو خولەک و ساتەکانیشم هیچن – ئەگەریش هیچ نەبن لەپڕ دەبنە سوتووی تەڵە شقارتەکان، ئەی رووناکی؟

خوا دەزانێ کە چەند هیچم! ماشینی رۆژگاریش دەمهاڕێ و دەمکا





بە پاشماوەیەکی هیچ، کورە کەلەپچەکانیش هیچن، ئای رەنجەڕۆ خۆم!

نە زیندانی تاکە کەسی فریام دەکەوێ و نە زیندانەکەی خودی خۆم، نە کەلەپچەکانی شەیتان فریام دەکەون و نە قووڵاییی بیرەکان، من شێتێکی بێ هۆشم، خۆشەویستی دەست نادات بۆ زاخاوی دڵم، بیرو فەلسەفە دادی مێشکە تیژەکەم نادەن.. ئەی ناتوانم پرسیار بکەم، چونکە هەموو وەڵامەکان لە گیرفانمدان، کلیلی رۆحیشم ونە و نادۆزرێتەوە، کلیلی دەروونم ونە و ئەگەر بیدۆزمەوە شێت دەبم، من تەنیام و لەکەس ناچم، بەڵام هەموو کەسەکان نە لە دوورو نە لە نزیکەوە لێم تێ ناگەن، بەڵام لە هەموویان دەگەم، ئەرێ کێ بوو وتی بنووسە؟. نووسینەکانم نە لە ژانەکانی ڤارتەر دەچن و نە لە دۆزەخی دانتی و نە لە زیکری دەروێشەکان، چەند بە گومانم لە پیت و وشەکانم، چەند داخ لەدڵم، چەند گرینۆکم و چەند شپرزەو چەواشەم، ورک دەگرم لە جگەرەکانم، لە ڕەنگ و بۆنی پەنجەکانم، با نووکی پێنووسەکەم بچەقێنمە ناو بیلبیلەی چاوەکانم، چی دەبێ؟ کوێر دەبم، باشتر؛ چونکە نامەوێ هیچ شتێک ببینم، نامەوێ دەست و پەنجەی هەڵفڕیو لە تەلەفزیۆندا ببینم، چی بکەم بۆئەوەی بکوژرێم؟ بۆخۆم خۆم نەکوژم؟ بەچی و بۆچی و لەپێناوی چی و ئەگەر هاواربکەم چی دەبێ؟ هەر هیچ دەنگدانەوەی هاوارەکانم ناگەنە ئاسمان، خوا دەکا هەزار مایکرۆفۆن بەکاربهێنم، کێ گەمارۆی داوم؟ کێ بە پەت لە سێدارەی داوم و نامرم و دەمرم و نامرم و، بەسە! بێزاری وا خەریکە دەمخنکێنێ، بێزاری گۆڕێکەو خۆی کردووەتەوە بە ژوورەکەمدا، زرەی زنجیر بێ ئارامم دەکا، ئۆکسجین بێزارم دەکا، ئەستێرەکان تووڕەم

دەکەن، سەگبابانە تێم دەڕوانن، بێدەنگن و دەدرەوشێنەوە، منیش دەکوژێمەوە، بەپێچەوانەی مێیەکانی گەردوون، هاهاها دەیانەوێ بە پیاوان یەکسان بن، نازانن کە پیاوانیش سەرشۆڕن، لێی بگەڕێ، ئەگەر زمانم بڕی چی دەبێ. لاڵ دەبم، خۆزگە لاڵ ببم، ئحم ئحم، سییەکانم بوونەتە کولخان، هەریەکێک لەخۆیەوە ئامۆژگاریم دەکا "جگەرە مەکێشە خراپە" هاهاها نازانن کە موعتادم، لە داگیرساندنی هەر جگەرەیەک تا کوژاندنەوەی خۆم دەکوژم و...

– ئێمەی نووسەران یەکتر کوێرو شەل و لاڵ دەکەین.

– تۆش وایت، مەقەستت لە لەپەل و پلی من دا، بە زمانی منیش قسە دەکەی، قۆپیم لێ دەکەیت، پرسیارم لێ ناکەیت، ئنجا جڕتێکیشم بۆ دەکێشی، هەموو شتێکمان هەیە ویژدان نەبێ، کەچی خۆمان بە ویژدانی گەل و میللەت لە قەڵەم دەدەین.. ئای تڕحێو، ئاخ قاچێکم ون بوو.. گوێیەکم کەڕ بوو.. چاوێکم کوێر بوو، بەخۆشم نازانم، کەچی تۆ بەم بەزمە دەزانی.

– بوویت بە کاریکاتێر.

– گەردوون لەمێژە کاریکاتێرە نەک تەنیا مرۆڤ... هەی ئاخرشەڕ... باپێکێک هەڵبدەمەوە، شیرڕڕ... ورگم بووەتە قەڕابە.

– هەرچی خەتاشمان هەیە دەیانخەینە ملی بتڵە بەتاڵەکان، شەڕ بە بتڵ و بە من مەفرۆشە.

– تۆ بتڵێکی پڕی لە خوێن، بتخۆمەوە؟

– هە.. من شەڕ بە مێزو پەرداخی بەتاڵ دەفرۆشم

– قەسابخانەیەکی سەیرە!





– من گومان لە گومانەکانم دەکەم، بە چەقۆ لە سەربڵندی و شکۆمەنتر خۆم دەدەم، شکۆمەندیم رووشاوە، دەمێکە، دەسەڵاتی حیز رووشاندی، زۆر بێ غیرەتم زۆر، سۆزانییەکان لە من بەغیرەتترن.

– بۆ سۆزانییەکان چییانە، هە؟!

– یەک ملیۆن برین دەخەنە ژێر پەنجەکانی لەزەتی ناوگەڵ برسییەکان، وەکو...

– تکایە با لەم کێشەیە نەدوێین... تەنیا پاشماوەی قسەکانیانمان بۆ دەمێنێتەوە.

– بەرد دەهاوێین و نامانەوێ سەرمان بشکێ...

– ئازاری بێدەنگی زۆر قورسە، ئەگەر برینەکانم بکەمە دیاری و بیانبەخشمە تۆ، چییان لێ دەکەی؟، تیماریان دەکەی، تێکەڵی برینەکانی خۆتیان دەکەی؟

– نا... من سۆفی نیم... من کەرم بەڵام باری تۆ هەڵناگرم.

– من بەبێ برین ناژیم، بەبێ برین ژیانم ناچێتە سەر.

ژیانم زۆر تاڵە، برینەکانیشم زۆر هەنگوێنین، تێکەڵی یەکتر دەبن و تامێکی تایبەتی دەبەخشنە خوێنم.

– دەتەوێ برینی تازەت بۆ بکرم، بۆت قەرزبکەم...

– برین نە دەکڕێ و نە دەفرۆشرێ و نە دەبەخشرێ.

– ناشخورێ.

– بەلای منەوە جێگەی سێ ژەمی خواردنی گرتووە.

دەتەوێ برینێکم بکەیتە ژەمێکی خۆت؟..

– بۆ، کەرم؟

– بیکەرە ناو پەرداخەکەتەوە...

– بۆ من تینووی برینی تۆم؟

– نا.. کێ تینووی برینی منە، جگە خۆم؟

کێیە وا بریندارە و بە برینی من نەبێ چاک نابێ و دەرمانی ئەم دنیایە تیماری نەکا، تەنیا...

– بەسە بێ عاری.

– یەک سەنتیمەتر برین بە قەرز نادەم بە کەس.. چونکە برینەکانم پیرۆزن. لەوانەیە هەندێک کەس بڵێن چی؟ برین قەرزناکرێ!.

– نووسینیش قەرزناکرێ.. شەڕ بە هەموو شتێک بفرۆشە بە برینی من نەبێ.

– خراپ دەکەم برینەکانت لە دومەڵەکانت جیا دەکەمەوە؟! مرۆڤایەتیی من لەچەند برینێک پێک هاتووە، ئەگەر بێتو بە فرمێسکەکانت ساڕێژیان بکەیتەوە، هیچم بۆ نامێنێتەوە...

– راستیت بۆ دەمێنێتەوە...

– راستی وەهمە... شتێکی نەدیوە. دومەڵەکانم راستین، قۆپی لەسەر خودی خۆت بکە.

– ئاوێنەکەم ڕێ نادات.

– وابزانم ناگەینە هیچ ئەنجامێک.

– دراماکانیش هیچن، نە سەرەتاو نە کۆتاییيان هەیە.

– من سێبەرم ناوێرێ بەم ڕەقییەوە شتێکم لەگەڵدا بڵێ.

– سەرم گۆڕستانێکە، بووەتە دوو بەشەوە، بەداخەوە پردێک لە ناوەڕاستیاندا نییە. بۆیە کەس ناتوانێ بەسەریدا بڕوا...





– سەری تۆ دیوەخانە.

– گریمان، پردێک هەبوو، دەدۆڕێی.

– تۆ ملت پەت دەبڕێت، نەک بەپێچەوانەوە...

– تۆش هەزار دەمامک دەگۆڕی و هیچ بە هیچ ناکەی.

– گیانت پێ دەبەخشم.

– بە فوویەک ناتوانی گیانێکی پاکم پێ ببەخشی.

– خۆ دنیا لەسەر تۆ نەوەستاوە؟!

– لەسەر هیچ کامێکمان نەوەستاوە، گیروگرفتەکە لەوەدایە کە ناوەستێ، خۆزگە بوەستابایە بۆخۆم ئاسوودە دەبووم، ژیانیش هیچە، لەسەر هیچ وەستاوە، من هیچم ناوێ لە ژیان، بەڵام نازانم ئەو بۆچی یەخەم دەگرێ، بووم بە بووکەشووشەی دەستی، بە ئارەزووی خۆی یاریم پێ دەکا، ئاهـ، قاچم لە ئاسماندایە، سەریشم نازانم لە کوێدایە، خۆزگەم بە...

– بە کێ؟ فریشتەخان یان شەیتان یان...؟

– تۆ، کە بێدەربەستی، لە پێستی خۆت دەرچوویت و لەیەک ساتدا ئازاد بووی...

– من...

– بێ عاری!

– خۆت وات لەخۆت کردووە، کە سەرت نەبێ ئیتر دەبێ هەر دنیاش نەبێ، ئەکتەرو دەرهێنەرو قارەمانێکی دۆڕاوی.

– دیسانەوە بێدەنگ بوویت، بێدەنگییەکەت وێستگەیە تێیدا پشوو دەدەی، بارەکانت دەخەیتە لایەکەوە، یەک تۆپەڵ پرسیار دەبارێنی، دوو

ئەوەندەی تر ئاڵۆز دەبم، ناچار دەبم رابکەم، دوو پێ قەرز بکەم، تەنیا باریکە رێگایەک لەبەر پێیەکانم دەبینم و بۆی دەردەچم، ئەمەندە هۆڕن لێ دەدەی، ملیارەها پۆلیسی هات و چۆم بۆ هان دەدەی، من قەت گوێ لە وشەی تۆپ ناگرم، هەزار فیکەش ناگەنە هەنگاوەکانم، حەزدەکەی هەزار چرای سەوزو سوورو زەردم بۆ هەڵبکەی، با هەمیشە دابگیرسێن و بکوژێنەوە، چش بە گونمەوە... گڵۆپەکان فیوز دەکەن، شیڕڕڕ.

– تۆ رێ و شوێنت نییە،

– ڕێ و شوێن...؟

– دەمەوێ لایە لایە بۆ ئەستێرەکان بکەم، دەمەوێ گۆرانییەکی ماتەمینی بۆ مانگ بچڕم، دەمەوێ لەگەڵ هەتاودا گڕوگاڵ بکەم، دەمەوێ لە چواردەوری زەویدا هەڵبفڕم.

– کەچی من بەدگومانم.

– دەمەوێ بگریم، لە فەلسەفەی گریان تێنەگەیشتووم. نینۆکەکانم دەگرین، لەباتی چاوەکانم چاویلکەکەم دەگری، ئاگر لایە لایەم بۆدەکا، گڕو بڵێسە باوەشێنم دەکەن، رەشەبام لێ دەبێتە ڤالیۆم و حەبی خەولێخەر، شەکریش دەبێتە تلیاک، گڕەم دێ، بەفر ئاگرم بۆ خۆش دەکا و ئاگر مووچڕکم پێ دەسپێرێ... من رەنگی خەڵووز وەکو رەنگی گیا دەبینم، چی بکەم؟ نا نا شێت نیم، بەڵام بازنەکان داخراون، فرمێسکەکان بوون بە کڵۆو پرووشە، تۆ دەبەنگی...

– حەیوان...

– ئنجا چییە بەیانییان لە سەگ دەچم و نیوەڕوان دەبمە مانگا و زۆرجاریش کەرم و شەوان دەبمە مار، چوارپێنج ئاژەڵ لە ناخمدا





بەیەکەوە دەژین.

– شەڵلا کەر بوویتایە..

– بۆ ئەوەی باری خۆتم بخەیتە سەر؟

– باری من تەنیا لاپەڕەکانم هەڵی دەگرن.

– زۆر ناسک دیاری و لە کریستاڵ دەچی...

– من تەنیا نانێکی گەرمم، ناشزانم کێ تێردەکەم! نە چۆلەکەکان بەمن تێردەبن و نە کۆترەکان.

– چیتە؟

– نازانم... خۆزگە بمزانیایە، لە ئاغزەی جگەرەکانم بپرسە، ئەوان دەزانن چاک وەڵامت بدەنەوە.

– تۆ لە هەڵمات دەچی... بە دوو پەنجە فڕێت دەدەمە ناو هیچەوە...

– نا دوا وێستگام هەر چاڵەکەیە، دوێنێ شەو مردم، بەس نەمزانی لە کوێ خۆم بنێژم...

– تۆ نامری.

– بۆ؟

– نازانم.

– هەموو ساتێک لەگەڵ داگیرساندنی جگەرەیەک لە دایک دەبم و لەگەڵ کوژاندنەوەی دەمرم، رۆژی شەش پاکەت دەکێشم ٦×٢٠=١٢٠، واتە سەدو بیست جار لەدایک دەبم و دەمرم..

– لەم حیسابە حیزە...

– ئەرێ حیز چییەتی؟

– نازانم...

– یەکێک ئازادە تێلا ببڕێ بە قنگی خۆی، بۆچی ئاخر تێ ناگەم... ئەم هەراو هوریایە چییە لەسەر کونەکانی ئادەمیزاد؟

– باسەکەت بگۆڕە...

– باسی چ ئاشێک بکەم من بایەکی هاڕراوم، ئاشەکان خوێنیشم دەهاڕن، دەمارەکانیشم... بیلبیلەی چاوە کزەکانیشم، دڵم، هەناسەکانم...

– خۆش بەحاڵت، تۆبڵێی ڕۆژێک لە ڕۆژان!

– دەروێش بم؟! بۆنی ئەسفەنیک دێ...

– نا، ئەوە بۆنی خوێنتەو د.د.ت تێدایە.

– من باڵۆنم.

– تۆ هیچ نی...

– ئۆخەی، تارماییەکان، پەنجەکانم دەدوورن بە قەد یەکترەوە...

– دەزانم

– لێوەکانم لە یەکتر جیادەکەنەوە

– دەزانم

– مووەکانی لەشم بوونەتە چەقۆ...

– دەزانم

– ئەی بۆ نامکوژی؟

– ئەی بۆ تۆ خۆت ناکوژی؟

– ئارثەر کێستلەرو ژنەکەی خۆیانیان کوشت.

– ئێمە ژن و مێرد نین...

– دەزانم کە دوو مەیموونی سەیرین. من کلکم نییە، کلکم بڕاوە، لە





ئەزەلەوە، کە حەزم لە وشەی (ئەزەل)ە!

– باز دەدەی... دەڵێی مزراحی.

– نا... مەیموونێکی پیری بێ کلکم، خۆم خۆم دەناسم...

– ئێمە لە پای چی ئەم قسانەدەکەین؟

– دژی مردن قسە دەکەین.

– سەبری جووتیارت هەیە...

– کلکم نییە بۆ ئەوەی گرێی بدەن بە کلکی یەکێکی ترەوە...

– ئەم ئازاترەت پێ جوانە یان هەست بە بێکەسی دەکەی؟

– بۆش و بەتاڵم، وەکو بتڵی بیرە، شەقێکم تێ هەڵبدەی، ورد و خاش دەبم...

– تۆ زۆڵیت، نە ئاوی، نە بای، نە خۆڵی، نە ئاگری... تۆ تۆپەڵێک وشەی... جوانی..

– بەچی دەچێ... وشە نە دەرمانە، نە ئاوە، نە ئاگرە، نە خۆڵە نە بایە، نە نانە، نە فرمێسک.

– کە شتێکی جوان دەنووسی هەست بە چی دەکەی؟..

– نووسین و گووکردن جیاوازییان نییە.

– حەزت لە چییە؟

– زیندان... ئەگەر خۆم خۆم بکوژم زیندانی دەکرێم؟ نەخێر... زندیق ببم و نەبم هیچ، پیاوکوژیش نیم، بەزەییم بە دیکتاتۆرەکاندا دێتەوە...

– بڕۆین؟

– بۆ کوێ؟

– نازانم

– منیش نازانم...

– پێستت دەخورێ بۆ زیندان؟!

– ئا.

– کەواتە دەزانیت چیت دەوێت؟

–..........

– بۆ زیندان؟

– ئازاد دەبم. نە دەتوانم دزی بکەم، نە پیــاوکــوژم و نە بڕوام بە حیزب هەیە، وەکو کەر ساڵی جارێکیش نازەڕم. ئەرێ گەردوون بۆنی دێ؟

– تازە دەزانی

– نا... ئەمڕۆ بۆنی تەپاڵەی لێ دەهات...

– دوێنێش بۆنی پشقلی لێ دەهات...

– پێرێ بۆنی گووی سەگی لێ دەهات.

– سبەینێ...

– بۆنی ریقنەی لێ دێ...

– هەی ئاخرشەڕ، هەی قەشمەر، هەی لەگام...

– گۆدۆی لەگامیش هەر نەهات، ناشیەت.

– با ماکەران هەر چاوەڕێی بکەن.

– ماکەران دەیانەوێ یەکسان بن لەگەڵ کەرەکانیان.

– ها ها ها ها....





– ئۆخەی کە شتێکی رەهام، نە کەرم دەوێ و نە جاش.

– خەوت نایەت...

– بۆ، بۆئەوەی مــۆتەکــەکــان هــەراســانم بکەن... بۆ کێ مــردووە بۆئەوەی بخەوم؟

– خەفەتت بۆ دەخۆم...

– لە تەنیـایی و بێکەسی خـۆشـتر نیـیە. خەفـەت بۆ خـۆت بخـۆ کە حەوت هەشت جاشت خستووەتەوە. بێ عەقڵ... (لا اعلم من اين ولكني اتيت)... ئیلیا ئەبوو مازی، گەورە بوو..(ولقد بصرت طريقاً فمشيت وسأظل سائراً ان شأت ام أبيت)...

– بڕۆین؟

– ئەرێ ئێمە بە دانیشتنەوە رۆیشتووین، بە مردنەوە مردووین...

– نا ببوورە ژیاوین...

– من وردە وردە گیـان دەدەم، لۆکـەیەک سـیکۆتینی مـشک تۆپینی لەسەرەو پێچراوەتەوە بە ملمەوە، تەنیا کامۆ دەزانێ کەی دەمرم!

– بگرین...

– برسیتە؟

– نا، دەمەوێ بڕشێمەوە.

– بۆ؟

–.........

– پرسیارە ناماقووڵەکان بەربەستن...

– ناماقووڵ؟ چما چی ماقووڵە؟

–..........

– مردن... ماقووڵە.

– وایە... هەڵسە... ئێستا رووبارەکەی تەنیشتمان لافاو دەکا... بارانێکی سەیرە...

– رقم لە بارانە، رقم لە ئێوارانە.

– کەچی عاشقان حەزیان لە باران و ئێوارانە!

– گوویان خوارد

– ها ها ها ها ها ها.

– عاشق = کەر = تەڕەماش = هیچ... گەوج.

– بەداخەوە کە زیرەکیت...

–..........

– زۆر دوور دەڕوانی...

– کوره بەردیش نیم، بۆئەوەی نەقش لەسەر پشتم بکرێ... زیرەکی واتە نەهامەتی.... ئەگەر زیرەک بوومایە تلیاککێش دەبووم، داخەکەم... دەردی خۆم دەمکوژێ، هەی داد هەی بێداد.

– ماندوو بووین...

– ئا..

– خاو بووین..

– ئا....

– کەلەپچەت دەوێ؟

– ئا... ئا... ئا...

–.... سەرچاو، سەرچاو، سەرچاو بەس داوای زەواجم لێ نەکەی.

وەکو دوو مزراح هەر یەکەو بەشێوەیەک و بەرەو لایەک غل بوونەوە،





چاڵێک نەبوو ئارامی تێدا بگرن، ئەو رووی کردە مەیخانەیەک، تێکەڵی بەدمەستەکان بووەوە، داوای قاپێک عەرەقی کرد و بەبێ مەزە دەستی پێ کرد، حەزی دەکرد ئافرەتێکی سۆزانی بەرانبەری دابنیشێ، ناوگەڵە برسییەکەی تێر بکا...

(ئەم)یش رووی کردە گۆڕەپانە شارراوەکان، لەو شەوەدا تراویلکەکان یارییان بە جادووەکان دەکرد، وەکو سەربازێکی هەڵاتوو هەستی دەکرد کە ملیۆنەها چاوی ئەمن بەدواوەیەتی، هەموو هاتوچۆکەرانی سەر شۆستەکان سێبەری خۆیان پێشیان دەکەوتن، کەچی ئەم لەهەر چوارلاوە سێبەرەکانی وێنەی کەرو سەگ و مارو مانگاو چۆلەکەیان بەرجەستەدەکرد، قاچەکانی ئاوسابوون، شەپۆلی هۆشی بوو بە بڵدۆزەر، هەر وێنەی تەڵخ و فیلمی شێواو لەناو مێشکیدا تێکەڵی یەکتر دەبوون و رەت نەدەبوون، بۆی نەدەکرا لاپەڕەکانی ئەلبومی مێشکی هەڵبداتەوە، دەنگێک لەناو گوێیەکانی تادەهات بەرز دەبووەوە "کەس لەمن ناگا، دەسەڵات کوشتمی".. یەکسەر سێبەرەکان بوون بە ئەسپ، غاری داو دەنگی هەنگاوەکان بوون بە دەنگدانەوەی قامچییەک، شاق، شریق، دگڵن دگڵن، دگڵن، دگڵن "نە جان پۆل سارتەر فریام دەکەوێ و نە کامۆ دەرمانخواردم دەکا" رێیەکان ونیان کرد، نە تارمایی کتێبەکان دیاربوون و نە بزماری فسفۆریی جاددەکان، تەنیا دەنگی ئەمبولانس ئاسمانی پایتەختی هەراسان کردبوو، ئەمبوولانسەکە چۆڵ بوو، شوفێرەکەش بەلەسە بووبوو، کەچی ئەم خەونی بەخۆیەوە دەبینی، کە لەناو ئەمبولانسێکی ئاسمانیدایە و ئەمبولانسەکەی باڵ دەگرێ و روو لە ئەستێرەیەک دەکا...

"چی دەبێ لەناو ئەستێرەیەکدا بخەوم، وەکو کەسەکانی ئەشکەوت دوای سێ سەد ساڵ بەخەبەر بیمەوە، لەوانەیە کەس لەسەر گۆی زەوی نەمێنێ تەنیا خۆم نەبێ، ئاه!".

دەستی برد بۆ گیرفانەکانی، نە جگەرەیان تێدابوو نە پارە، پێڵاوەکانی زۆر ئەستوورو تەسک بوون، بەرگەی قاچە قەڵەوەکەیان نەدەگر، نەشیتوانی روو بکاتە چایخانەیەک، چونکە رقی لە تەلەفزیۆن دەبووەوە "خوایە یەکێکم بۆ ببارێنە بۆ ئەوەی قەرزی لێ بکەم" تراویلکەکان تێکەڵی ئەندێشەی بوون، لەبەر دەرگای چایخانەیەک کەرەویتەیەکی شکاو قیت بووبووەوە، دانیشت و یەکسەر داوای جگەرەیەکی لە رێبوارێک کرد، شاگردەکەش چایەکی تەڵخی بۆهێنا، "من و بێ دەربەستییان نەوتووە، رووی ٧ـی نیسان رەش بێ".

– اکو چای بالدین؟

– نعم تتدللین..

"ئەم بەغدایییانە چەند جوانن؟! لە پەلکەزێڕینە دەچن، شەکر لە هەنگاوەکانیانەوە دەبارێ، خەریکە خوێنم تێکەڵی خوێنیان دەبێ، ئێستاش من بەغداییم، چش لەخۆم" کەوتە وتووێژ لەگەڵ شاگردەکەدا، زانیی کە خەڵکی (سنک)ە، زانی کە (حیز)ە، زانیی کە بێزارە، لەچاویدا وەکو فیلم تێپەڕی (کوردەکانیش فێری گەوادی بوون، لە بەتاوینەوە تا مەسبح ئۆتێلیان هەیەو گەوادی دەکەن).

دوو سۆزانی تێ پەڕین، دوو پیاوی مەست گاڵتەیان بە رۆژی ٧ی نیسان دەکرد، حەزی کرد هەنگاوی سۆزانییەکان بژمێرێ، شەرمی لەخۆی کرد "میللەتەکەم نازانێ چ جیاوازییەک لەنێوان منێکی ئازاد و دوێنێی کۆمۆنیست و ئەمڕۆی و جودیدا هەیە، ئاخ لە دواکەوتوویی





میللەتەکەم، لە کۆتاییشدا خۆ هەر رەنجبێوەرو هەناسەسارد دەبم".

چاوەکانم بوون بە بورکان، هەرچی خوێن هەیە دەم و چاوی پێ سواغ دەدەم، "ئەگەر بمرم چی دەبێ؟ هیچ"... چایەکە ساردبووەوە، جگەرەکەش بووبووە تلیاکێکی ساتی، ئەویش تەواوبوو، کات زۆر درەنگ بوو، شەو و تاریکیی شەو بەغدایان دەگریاند، دەیزانی شەوانی بەغدا زۆر جوانن، تەنیا ئەو شەوانە دەتوانن ببنە فارگۆنی شەمەندەفەری خەمەکانی، شەوان تێ دەپەڕین و باری ئەمیان دەپێچایەوە و تا بەرەبەیان ساتەکان دەبوونە حەماڵ و بەخۆبەخشی هەر زووخاوی ئەمیان بار دەکرد، نە رووباری دیجلە فریای دەکەوت و نە رۆشنیی چراکانی کە هەمیشە زەرد و سوور بوون و لەسەر شەپۆلەکاندا سەمایان دەکرد...

تراویلکەکانی ئەو شەوە پڕبوون لە بێهوودەیی، ئاشی ئەو بێهودەیییەش (ئەم)ی کردبووە دوو لەتەوە، دەتوت قنگی لەسەر دەمی بورکانەکەدایە، دووکەڵی بێزاری لە کونە لووتەکانییەوە دەردەچوو، نە ئاوازێکی ئاسمانی فریای دەکەوت و نە ریتمی نەبوونی، "هەموو شتێکم بووە بە قەتران" بڕیاری دا بەرەو پردی (الجمهورية) دووسێ هەنگاو بنێ، ترسا نەوەک پردەکە لەژێر هەنگاوە قورسەکانیدا هەرەس بهێنێ، پەشیمان بووەوە، بڕیاری دا سەرێک لە (دەروونناسەکەی) بدات، بە شرینقەی ڤالیۆم پلەی بێزاری و تووڕەیی نزم بکاتەوە، دەیزانی تووشی قەیرانی (الوجود) بووە، نە ڤالیۆم فریای دەکەوێ و نە رووخانی رژێم، رژێمێکی دی دێ "رژێم هەر رژێمە" کەس نەیدەزانی چییەتی... تەنیا هاوڕێ نزیکەکانیشی کە بەمەی خۆیان دەخەساند، گیریان خواردبوو بە دەستییەوە...

"گڕەم دێ بۆ زەردەخەنەیەکی قاوەیی، گڕەمدێ بۆ لەپی دەستێک وەکو کولێرە گەرم و نەرم بێ، گڕەم دێ بۆ قامچییەک لە هەورە سوورەکانی مێشکم بدات و راویان بنێ، گڕەم دێ بۆ رابەرێک بە وەعز سەرم نەئێشێنێ، گڕەم دێ بۆ وەلییەک بە گۆچانەکەی زرم لە خەمەکانم بدات و هەڵیانبوەشێنێتەوە، گڕەم دێ بۆ خدری زیندە سرووشی خەونم پێ ببەخشێ، گڕەم دێ بۆ دەروێشێک بە (حەی حەی) رۆحم بکاتە چۆلەکە، گڕەم دێ بۆ قەشەیەک عیسام بۆ زیندوو بکاتەوە، گڕەم دێ بۆ شەیتانێک لە تەنیشت ئێسقانەکانی دیستۆڤسکی بمنێژێ، گڕەم دێ بۆ هەناسەیەک کوێرم نەکا، گڕەم دێ، گڕڕڕڕەم دێ دێ د.. ێێێ".

بەغدا لەپڕ بووە تەنوور، لە پاژنەی قاچەکانییەوە ئاگر دەردەچوو و بەرز دەبووەوە، وەکو دوو هێڵی هاوتەریب هەنگاوی شەکەتیان بەدواوە پەڵکێش دەکرد، "دە باشە کە ئاگر بووەتە پاسەوانم باغیشم نییە، بەهەشتیش نابینم، خوایە ئەم دنیایە دۆزەخ و ئەو دنیایە بەهەمان دەستوور، خوایە گڕڕەم دێ، بۆ برینەکەی ئیمامی عەلی، بۆ سەری حەللاج و حوسەین، هەی هاوار گڕڕەم دێ بۆ مردووەکانی ژێرزەمین، گڕڕەم دێ بۆ عیزرائیل."

رۆیی، شەپۆلەکانی دیجلەش رۆشتن، رۆیی.. هەورەکانی ئاسمانیش رۆشتن، رۆیی.. ئاوە پیسەکەی ناو زێرابەکانیش رۆشتن، رۆیی.. فرمێسکەکانیش رۆشتن، رۆیی.. ستوونێکی ئاگر لە پەنایدا بەرز بووەوە، رۆیی.. چەند ستوونێکی ئاگر لە چوار دەوریدا بەرز بوونەوەو رۆیشتن، چاوەکانی هەڵگلۆفی ئاگر لە بیلبیلەکانییەوە هاتە دەرێ، گوێی لە دەنگی (ئەکشن) بوو، شەقامەکان رۆیشتن، عامودی





ترافیکەکان رۆیشتن پەرداخی مەیخانەکان باڵیان گرت، پەیکەری (سەعدوون) فڕی شەقام و کووچە و کۆڵانەکانی (البتاوین) سەرەو ژێر بوون، سۆزانییەکان قژیان دەڕنی و منداڵە زۆڵەکانیان دەگریان، کەس نەبوو بڵێ: شەوێکی شوومە! کەس نەبوو ساتەکانی تۆمار بکا، کەس نەبوو قژە گڕگرتووەکەی بەقوڕ، بە قوڕی خەستی گۆڕەپانی (النصر) خامۆش بکاتەوە، "شرینقەی ڤالیۆم لەخۆم بدەم = شرینقەی ڤالیۆم لەخۆم نەدەم".

"چیم دەوی؟!" شاگردی کەبابخانەی (کاکە عەبدوڵڵا) شیشەکانی بەدەستەوە گرتبوون، پەیتاپەیتا قیمەکەی دەشێلاو دەیلکاندە قەد شیشەکانەوە، بڵێسەی ئاگری مەقەڵییە گەورەکە بەرز دەبووەوە، "ئەرێ کاکە شیش نییە بۆ مرۆڤ؟" شیشی من پێنووسەکەمە، مەقەڵی من لاپەڕەکانمن، نازانم ئەم قەدەرە حیزە چی بوو کە منی کردە نووسەر!، ئەستێرەکان بووە شەڕیان، لەیەکتریان دەدا، مانگیش هەر شیوەن و هەی وەشێرەی دەکرد، ئاسمانیش سوور هەڵگەڕا.

"خوایە کێ لایە لایەم بۆ بکا خوایە؟"...

رۆیی، تونێلەکەی (باب الشرقي)یش رۆیشت، رۆیی چایخانە و کتێبخانەکانیش رۆیشتن، رۆیی، باڵەخانە و کلینکی دکتۆرەکانیش رۆیشتن، رۆیی، دەرمانخانە و عارەبانە و رێبواران و سینەماکانیش رۆیشتن، سەربازی نادیار چاوەڕێی هەنگاوەکانی دەکرد... دەستی بەرز کردەوە، پەنجەکانی راوەشاند، هاواری کرد "هیچ شتێکی پیرۆز نەماوە، تەنیا، ت – ن – ها ها ها ها ها" هاهاکانیش رۆیشتن، دەنگدانەوەکەشیان نەبوو، ون بوون، لەبەرخۆیەوە مەقەڵییەکی گەورەی بینی، ویستی تێیدا دابنیشێ و درێژ ببێتەوەو خەڵووز بکرێ

بەسەریدا، "ئاھ مەقەڵییەکەش، کارتۆنە، چیمە؟"

مەلا بانگی دا.. (الله اکبر) گوڵەکانی چواردەوری پەیکەری سەربازی نادیار گریان، گڵۆپەکان گریان، دەنگدانەوەی بانگەکەش (حي على الصلاة)یش گریا، "پەنجەکانی دەروونناسەکەشم دەگرین، پەنجەکانم دەگرین..".

"من نەخۆشم، لەکەس ناچم، کەسیش لەمن ناچێ، خۆزگەم بەم ڕێبوارانە، کە هیچیان نییە، دڵ و دەروونیان ئارامە، سادەن، دێن و دەڕۆن و دەخۆن و دەژین و دەژین و دەمرن، لەوانەیە وابزانن کە من وەکو خۆیانم"

شەو، شەوی ٧ی نیسان بوو، میکرۆفۆنەکان گریان گرتبوو، قسەکان تێکەڵی یەکتر بووبوون، هاوارەکان بوون بە تەم، دەسەڵاتی عێراقییەکان بووبوونە مەزە، پێکەنین بووبووە خۆڵەمێش، دیجلەش هەر دەینالاند، شەپۆلەکان نەورەسەکانیان زیندەبەچاڵ دەکرد. ویستی رابکا، بەڵام حەوتەکان دەبوونە هەشت و رایان دەکرد، "ئاخ، ٧ی نیسان، ١٧–٣٠ی تەمموز، ٢٨نیسان، گوو...".

عێراقییەکان تفیان دەکردە ئاسمان، ئەمیش هەیتا هەیتا بەردەکانی ژێر پێی کۆکردنەوەو دەستی کرد بە بەردەبارانکردنی پەیکەری بەشێوەی هەشت–ی سەربازی نادیار...

بەرد نەما، فرمێسک نەما نەبێتە بەرد، شەونمی گوڵەکانیش بوون بە بەرد، سەریشی بوو بە گۆی زەوی، ناچاربوو سەری بداتە بەر خشتی پەیکەرەکە، خوێن فیشقەی کرد، دەم و چاو و کراسی سپی و شانەو مەمکەکانی سوور کردەوە، نەیوت (ئای) هاواری نەکرد، حەزی کرد لەژێر پەیکەرە هەشتییەکەدا بمرێ، دەیزانی نابێتە پەیکەر، دەیزانی





ئەم جۆرە هەڵوێست و تووڕەبوونە لەجێی خۆیدا نییە، بەڵام چاری ناچار بوو، نەیدەتوانی لەم سەر شکاندنە زیاتر هیچی تر بکا. گرەیدەهات بۆ مردن، حەزیشی دەکرد خۆی فڕێ بداتە ناو دیجلەوە، شەپۆلە تووڕەکان بیبەن بۆ کەنداو، زۆرجاریش حەزی دەکرد باڵ بگرێ و سەری بداتە بەر شاخەکانی حەمرین، خوا دەکا بەرەو ئەڵوەن ببێ بە جۆگەو ڕێی خۆی بگرێتەبەر، تەنیا هەر خۆی گرەی بۆ مردن دەهات، بەڵام چۆن مردنێک؟! نەک ناوی بچێتە مێژووە حیزەکەوە، ئەو مێژووە کە نە گریانی دەزانی و نە بەزەیی و نە شیوەن، زۆر لیست هەبوون کە دەخوێنرانەوەو فڕێدەدرانە ناو تەنەکەی خۆڵەوە...

دەیزانی گۆڕی ڕاستەقینەی تەنووری ژنانی گەرمیانە، بەتایبەتی تەنوورەکەی نەنکی، زۆری نەخایاند بڕیاری دا بگەڕێتەوە کونجەکەی، خۆی تێیدا مەڵاس بدا و شەیتانەکان کڕنۆشی بۆ بەرن، لەسەر بەرماڵەکەی، واتە لاپەڕە ڕەشکراوەکانی وشەکانی سوور بکەنەوە و پێی بڵێن: (خۆش بەحاڵت).

بە ئەوپەڕی بێهۆشییەوە، شەکەت، هاڕاو، ئارد خۆڵەمێش، خۆڵ، دەگەوزایە ناو چاڵی ئاسمانی بەغدا، هەنگاوی بەرەو بەتاوین دەنا و سۆزانییەکان بوون بە تارمایی، ناسیاوێک ستۆپی گرت، ناسییەوە.

– بۆ کوێ دەڕۆی؟

– بۆ ماڵەوە.

– بۆ نەخۆشخانە نەڕۆین، بووی بە بورکانی خوێن، ئۆتومبێل لێی داوی؟..

– ئا.

درۆی کرد، فێر بووبوو درۆ بکا، درۆی گەورەو مامناوەندی و

بچووک، درۆی خڕو پان و باریک و کورت، درۆی سێ گۆشەیی، چوار گۆشەیی و لاکێشەیی، درۆی رەش و پەمەیی و سوورو ئەرخەوانی و سەوزو شین، درۆی نەخشەدارو بۆندارو قەوارەی سەیر سەیر، درۆی وا هەبوو کە لە درەخت دەچوو، درۆی وایشی هەبوو کە لە باڵۆن دەچوو، دوا درۆیشی لە چاوەکانیدا شاردبووەوە... سواری ئۆتومبێلەکە بوو، گوێیەکانی کەڕ بوون، ئاگای لە کاسێتی ناو تەسجیلەکە نەبوو، پەنجەرەکەی کردەوە و بەرەو راست و پێشەوە سەیری کرد، خۆی لەناو ئاوێنەکەدا بینی، جۆگەکانی خوێن بۆنیان دەهات، پەلەکان ئاوسابوون، برینەکەش تەڕ بووبوو، زانیی کە تەنیا یەک دومەڵی تەقیوەتەوە...

ژوورەکەی بە ڕەنگی خۆڵەمێش تەنرابوو، دووکەڵی جگەرەی شەوی پێشووی هەڵمژی و یەکسەر کەوتە سەر جێگەکەی، دەستی بردە چوار دەوری دومەڵەکەی، کونێک هەناسەی دەدا، کێم و زووخاو مەییبوون، دەنگی سیسرکەکان مژدانەی شەوێکی تەنک و کورتیان دایە، زەردەخەنە نیشتە سەر لێوەکانی، هیچی لەگەڵ خۆیدا نەوت، پێڵاوەکانی لەخۆیانەوە داکەنران، زۆر حەزی لە چا دەکرد، بەڵام غیرەتی نەبوو دابەزێتە خوارەوە، خەریک بوو میز بەخۆیدا بکات، دەستی بردە ناوگەڵی و بۆی هاتە خوارەوە، لە تەوالێتەکەدا دوو پەڵەی خوێن بەربەرەکانییان لەگەڵ خوێنی دومەڵەکەی سەریان کرد، کە خوێنەکەی بینی، بێزار بوو...

– ئوو هوو، هایهوو... کاکەی هووووووو.

خۆی بۆ شەوێکی شوومتر ئامادەکرد، رووداوەکانی ئێوارەی بیر نەچووبووەوە، نەیزانی چۆن لۆکە بدۆزێتەوەو لە کوێدایە؟





"لۆکە بۆ برینەکەی سەرم نییە، ئینجا برینەکانی تر!"

ئاوی کردە ناو تەوالێتەکە، دەستی شۆرد و حەوزی دەستشۆرەکە پڕبوو لە ئاوێکی زۆر سوور "یانی چی کەمن کچم، مێم، خۆزگە کوڕ بوومایە، من لەچی دەچم؟ خۆشم نازانم، نێرەمووکم، کەچی داهێنەر نیم، شەو لایەلایە بۆ برینەکانم ناکا" باوێشکی دا و سەرکەوت، لەسەر قاڵدرمەکان خۆی بۆ رانەگیرا، کەوت، ئازارێکی زۆری پێ گەیشت، وەکو سەگێکی بریندار بە شەلەشەل گەیشتە ژوورە قەفەس ئاساکەیەوە و نەیتوانی خۆی فڕێ بداتە سەر قەرەوێڵەکەی و کەوت و یەکسەر بۆی بوورایەوە. پێڵاوەکانی بەخێرایی و ئەوپەڕی بێدەنگییەوە، هاتنە خوارەوە...

بۆئەوەی دووپاتی بکەنەوە کە خاوەنەکەیان هاتووەو پێویست ناکات چاوەڕێی بکەن...

شەوەکە زۆر بێزار بوو، رقی لە بۆگەنیی خوێن و زووخاو و کێم بووبوو، خەریک بوو بیکوژێ، دەیرِوانییە ئەو جەستە سامناکە، ئەو هەناسە سواربووانە، ئەو جۆگە فرمێسکانە، ئەو جۆرە ورِێنانە، بۆنی ئازاری تەقینەوەی دومەڵەکەی کرد و لووتی گرت...

شەو بەخۆی وت: چی لێ بکەم؟ چۆن وەئاگای بهێنمەوە؟ نانا گوناهە، با بخەوێ...

دەنگێک لەو جەستە شەکەتەوە هات، نە نزابوو و نە نووزە نووزو نە پرخەپرخ...

شەو و ئەو دەنگە ململانێیەکی سەیریان لەگەڵ یەکتردا کرد، ئەمیش وەکو پردێکی هەرەسی هێنابێ کەوتبوو، خاپوور بووبوو، وێران... ناو بەناو شەو و دەنگەکە گوێیان لە وشەی "کورد.. کوردستان

"پێشمەرگەکان، پەناهەندەکان، لەسێدارە دراوەکان" دەبوو، بە پچڕپچڕی لە کونە لووت و گوێیەکانی دەردەچوون.

"ئەم" خەونەکانی لەناو تەوالێتەکە بەجێ هێشتبوو، تێکەڵی میزو پیسایی و خوێن ببوون، خەوتنێکی بێ خەون خەوت، داڵدەی ئاخەکانی تەنیا تارمایی ئەو جۆگە خوێناوییانە بوون.

شەو بەزەیی پێدا هاتەوە، نەیزانی چۆن بیپێچێتەوە، کات و کاتژمێرەکانی خێرا بکات، شەش سەعات بکاتە شەش سات، شەو بڕیاری دا نەبێتە مۆتەکە، ئاوێنەکەی داپۆشی و حەزی دەکرد ئەو شەوە دوا شەوی بێت و..

شەو نەبووە لۆکەو دەرمان و حەبی خەولێخەر، نەبووە سەرین و خەونێکی خۆش، نەبووە لەفاف و برینپێچ و دەرزی، نەبووە دایک، نە بەزەیی لێ دەباری و نە میهرەبانی، زۆر مات بوو، تاقەتی چووبوو لەم جیهان و ژیانە بێ سەروبەرە، وای دەزانی شێتە، هەشت سەعات کەلەپچەی دەکردە دەستەکانییەوە، حەبی خەولێخەری دەدایەو لێی بێزار دەبوو، لە سکاڵاو گریان و شیوەن و دووکەڵی جگەرەکانی و وڕێنەکانی.

زۆرجار تفی لێ دەکرد، شەو حەزی لە شەوانی سیاسەتمەداران بوو لە شەوانی قومارچی و دۆڕاوەکان بوو (ئەم)یش لە شەوانی ئەوان زۆر بێزار بووبوو، تاڕی دەکرد، بە شەونخوونییەوە دەیکوشت، گوللەی خەونی ئاڵۆزی پێوەدەنا... شەو زۆر گەمارۆی دەدا، بۆی دەبووە کفنێکی رەش، نووکی میلی سەعاتەکانی دەئاخنییە نێو چاو و گوێیەکانی (ئەم) وردە وردە سەری دەئاوسا، وەکو باڵۆنێکی گەورەی لێ هات، مێشێک دووان لەسەر برینەکەی نیشتنەوە، کەچی هەستی





پێ نەکردن، جۆگەکانی فرمێسک هەڵقوڵین وەکو کانی، شەو راهاتبوو لە سەر ئەم جۆرە دیمەنانە، بۆیە خۆی تێک نەدا وەک بڵێی نە خوێن دەبینێ و نە باراندنی فرمێسک، سنگی بەرزو نزم دەبووەوە، دەتوت شاخی سەفین و پیرەمەگروونن، تک تک فرمێسکەکان دەبارینە سەر زەوی، لە خوارەوەش دەنگی قەڵەباڵغی تێکەڵی دەنگی بێژەرو دروشمەکانی شەوی حەوتی نیسان دەبوو، شەو بڕیاری نەدابوو کۆتایی بەخۆی بهێنێ، خۆی کردبووە رەشماڵێک و بەغدای پێچابووەوە، پلەی گەرمای گەیشتبووە ئاسمان.

کەسیش نەیزانی بۆ، بەڵام (ئەم) دەیزانی کە بەهارەو هەمیشە بەهاری بەغدا شوومە، دەست لەکار دەکێشێتەوە و براکەی دەیژێنێ، کەس نەیدەوێرا داوای نووسینی بۆنەکانی لێ بکا، بەڵام (ئەم) کتێب و دەفتەرەکانی کۆدەکردەوە و بۆی دەردەچوو.

شەوی حەوتی نیسان شەوێکی زۆر شوومە بۆ گەلانی عێراق، بەهۆی گۆرانییە سیاسییەکانەوە کەس گوێی لە دەنگی بانگ نەدەبوو، مەلای مزگەوتیش نەیدەتوانی پشوو بەخۆی بدا، گەلانی عێراق دەبوونە مێروولە، دیکتاتۆرەکەشیان جووتێک پێلاوی تۆپی لە پێیەکانی دەکرد و ئیتر هەرچی سەرە هەموو پێشێل دەکران...

گۆرانی و سروود و دروشمەکان عێراقیان هەراسان دەکرد، (ئەم)یش بێ ئاگابوو، دەتوت گایەکی بریندارەو تازە لە گۆڕەپانەکانی ئیسپانیا هاتووەتە دەرەوە، بێ کەس و بێ خاوەنی مەلاسی جەستە ئاوساوەکەیان دابوو، نە باوەشێنیان دەکرد و نە لایەلایەیان بۆ دەکرد، لێوەکانی وشک بووبوون، گڕەی دەهات بۆ تنۆکێک ئاو، پەرییەکانیش ئەو شەوە بەغدایان بەجێ هێشت، جنۆکەکانیش هەر تەپڵیان لێدەدا،

دکتاتۆرەکەش لە جەژن و ئاهەنگێکی ئەفسووناویدا بوو، (شەو) ڕۆژ بوو بۆ ئەوان، دۆزەخیش بوو بۆ عێراقییەکان، زەنگی مزگەوتی (ابوحنیفة) لێی دا (نۆ) (دە) (یازدە) (دوازدە) ئەم وەکو خشت لەسەر کاشیی ئەو ژوورە دوو مەترییەدا پان بووبووەوە، شەو پێی وت:

هەی داد هەی بێداد کەس لەماڵ نییە

کەس لە دەردی کەس خەوەردار نییە

ئەم قسەیەی شەو، نەدەچووە گوێیەکانییەوە، ناوبەناو بە ئەوپەڕی بێئاگاییەوە تۆزێک دەجوولایەوەو سەرلەنوێ وەکو خۆیی لێ دەهاتەوە، دەتوت کۆمەڵێک خشتەو دەق کراون، ئاوێنەکەی بێزاربوو، زۆر میهرەبان بوو، لۆکەی پەیداکرد و بە ئەسپاییەوە برینەکەی خاوێن کردەوەو دەست و ملی سڕییەوەو چاوە کزەکانی لە تارمایی فرمێسکەکان جیاکردەوەو گزنگێکی لە هەتاو دزی و ڕووناکیی بەخشییە دڵە ئاوساوەکەی و چاوەکانی کردەوەو گوێی لە زەنگی مزگەوتەکە بوو کە پێی وت ٧ی نیسانە!

تاریک و ڕوون بوو، چاوەکانی هەڵگلۆفی و حەزی کرد بزانێ ئەو گزنگە چۆن دزراوەو چۆن چۆنی ڕووناکیی بەخشییە چاوەکانی و بە دزییەوە هاتە خوارێ و میزی کرد و دەموچاوی شت و چاکەی لێناو پەرداخەکەی سەرخست، تارمایی و سێبەرەکەی زۆر ڕەش بوون، تارماییەکەی لەسەر دیواری دەستی ڕاستی دەجوولایەوە، بەڵام سێبەری لای دەستی چەپی مانی گرت و نەجوولایەوە، جرتێکی کێشاو خەریک بوو دەستی ڕاستی بسووتێ، چاکە لەناو کووپەکەدا سەمای دەکرد، خۆی گەیاندە ژوورەکەی و هەناسەی سوار بووبوو، گلۆپەکەی داگیرساند و لە ئاوێنەکەیدا وەکو خۆیی لێ هاتبوو، نە شوێنەواری





دوومەڵ مابوو و نە جۆگەی تێکەڵاوی خوێن و فرمێسک... ڕادیۆکەی پێکرد و کوژانترەوە، شەو بە سەربەرزییەوە ژوورەکەی بەجێ هێشت و (ئەم)یش حەزی دەکرد لەگەڵ ڕۆحی خۆیدا بدوێ، بەهیچ شێوەیەک ئێوارە ترسناکەکەی ڕۆژی ڕابوردوو لە مێشکیدا خۆی دووبارە نەکردەوە، وەک بڵێی تازە لەدایک بووبێ چاکەی خواردەوەو بۆ پاکەتی جگەرە گەڕا، لە ئاغزە جگەرە زیاتر هیچیتر بەدی نەکرد، نوێنەکەی ڕێکخست و ژوورەکەی هەرچی جۆرێک نائومێدی تێیدا ئاخێنرابوو تاری کردن...

قژە کورتەکەی شانە کرد و ڕووی کردە ئاسمان، پەنجەرەکانی ئەو ژوورە کرابوونەوە، ئاسمان بێدەنگ بوو، بڕیاری نەدابوو گوێ لە سکاڵای کەس بگرێ، غەزەبی نەباراند، ئەستێرەکانی نەباراند، تەنیا جەستەی زیندانییەکان و لەسێدارەدراوەکانی دەماڵی.

تاقەتی نەبوو بیر لە دادگای بەیانییان بکاتەوە، نەشیزانی چ جۆرە درۆ و سیناریۆیەک بدۆزێتەوە، شەقامەکە بەهۆی سەرئێشەی شەوەوە خەوتبوو، نە خۆڵڕێژەکان هاتن و نە فرۆشیارو کڕیاری تڕو تەشقەڵەکان و شتە سکراب و ئێکسپایەرەکان، لە خوارەوە هەر هەموویان لەپرخەدا بوون، پێڵاوەکانی نایە ژێر باخەڵی و فرتەیەکی بۆ کرد، دەیزانی (ئەو) لە وێستگەکەداو لەژێر چەترە سوورەکەی پاسەکەدا چاوەڕێی دەکا، بە پەلەپەلەو بە فڕکان فڕکان خۆی گەیاندە سەر کۆڵان و بەبێ بەیانی باشکردن کەوتە قسەکردن....

– چۆن ئەم شەوت بەسەربرد؟

– وەکو تۆ....

– کەس وەکو من نییە و نەبووە، من زۆر هێمن و خامۆش بووم...

– یانی چی؟

– بوورامەوە و تەواو....

– جوان بووی، بوورانەوەت لێ دێ!

– دەزانم...

– منیش زۆرم خواردەوە و بەدمەست و سەرخۆش بووم...

– ئەرێ خۆ من حەبە خەولێخەرەکانم قووت نەدا...

– باشتر..

– گریانم دێ..

– گریان و پێکەنینی تۆ هەروەک باران و پەڵکەزێڕینەن...

– ماچت دەوێ؟ نییە، لە چ رۆژێکداین؟

– دیسان زمانت بووە تەختەو بزمار؟.

– دیسان قسە حیزەکانی تۆ بوونەوە داواکاری؟ خوا جارێ رزقی دابەش نەکردووە، ئەمڕۆ رزقی هەموومان بڕاوە.

– چەندێکت پێیە؟

– هیچ...

– منیش هەر هیچ...

– ئێمە هەمیشە هەر هیچمان پێیە...

– نا.. دوو قاچمان هەیەو دوو چاو..

– فەیرۆز ئەمڕۆ بەیانی وتی:

ولثمت كالصبح المنور فاك...

– تێ ناگەم...





– دەزانم... لە بازنەیەکی پڕدا دەسووڕێینەوەو شوێنمان نییە... نازانم چ وشەیەک لەسەر نێوچەوانم بنووسم! من ناسنامەم نییە، هەتاکو ئەگەر هاواریش بکەم...

– وس وس، دەستت پێ کرد؟ دووبارە بەزمەکەیە؟

– سەرم ون کردووە...

– خۆ قاچەکانت ون نەکردوون، ئەم قسانە بەسەرچوون باوی سوریالییەت نەماوە، تۆ رێگات ون کردووە...

– رێگای راستەقینەی تۆ هەر بارە...

– ئەی رێگای تۆ لەکوێیە؟

– من رێگام نییە، رێگایەک نییە هەنگاوە قورسەکانم بگرێتەخۆی...

– هایهوو!

– خواحافیز دەڕۆم!

– بۆ کوێ؟

– نازانم... نەکارم هەیەو نە وەزیفە، ماڵەکەش گۆڕێکە بۆخۆی، منێکی مردوو، لە ماسییەکی مردوو دەچم... خەریکە بۆگەن دەکەم... مەگەر سەگەکان بمخۆن...

– لە کۆتر دەچیت و من ئامادەم بتخۆم.. بەبێ قسە قۆڕەکانت زۆر جوانیت...

– ئەگەر کۆتریش بم گمەی نامۆییم هەراسانت دەکا، دوو باڵیشم بڕاوە.

– کۆترێکی برینداریشیت...

– نا نا.. هیچ جۆرە برینێکم پێوە دیار نییە.

– جادەو شەقامەکانی ئەم پایتەختە.. دەتوت لە سەرەتای هەر ڕێگایەکدا قوربانییەکت سەربڕیوە، لافاوی خوێن گەیشتە ئەژنۆکانم، هەرکە ڕەنگە سوورەکەیم بینی، زانیم خوێنی تۆیە... تامەزرۆ بووم بۆ ڕۆحت، بۆ ئێسقانە هاڕاوەکانت..

–..........

– هەنگاوەکانیشت خوێناوی بوون، جێگاکانیان دیاربوون... خەریک بوو خۆم بکوژم، بەس بێ دەسەڵات بووم.. زانیم کە خۆتت کوشتووە، ئێمە قەت دەستبەرداری خۆمان نابین..

–...........

– گڕەم بۆت هات، خەوێکی ترسناکم پێتەوە بینی، بینیم خۆت وەکو گوللە گەیاندووەتە سەر شاخێک و لەپڕ لەسەر شاخەکەو هەر لەسەر لووتکەی شاخەکەدا... گوللەیەکت بۆ هات، کەللەی سەرتی فڕاند و خوێنت تێکەڵی خۆڵی شاخەکە بوو..

– خۆزگە ئەم خەونە جوانەت بێتە دی، من مردنێکی ئاواهیم دەوێ... نەک...

– چی؟

– هیچ.

– بەقوربانت بم...

– منیش...

–.............

–................

– تو خوا





– با نەگرین...

– گریان... ئاخر بەدەستی خۆم نییە...

– وایە، کە پارەمان نەبێ، فرمێسکمان زۆر دەبێ...

– هەندێک پارەم قەرز کردووە...

– ها ها ها... گیرفانمان پڕە لە قەرز، بەڵام من قەرزاری..

– کوردیت...

–.........

– بەتەمام...

– دەڕۆی؟ دەزانم... کەی و بۆچییش...

–...........

– دێم...

–............

– پێش تۆ دەکەوم...

–...........

– تۆبڵێی نەوەیەک بێ گاڵتەمان پێ بکا؟

– لەوانەیە...

– کەی دەڕۆی؟

– چیرۆکەکە بووەتە کەلەپچە...

– دەزانم... چیم پێ دەکرێ؟

– دوو تەڵە مووی سپیی قژت...

– بیرت دەکەم... بیری تۆ و نیشتمان...

– ها!

–.....

–.....

نەگەیشتنە بڕیارێکی تەواو، مووە سپییەکانی سەریان تێکەڵی یەکتر بوون، سەرین نەبوو سەرە قورسەکانیانی بخەنە سەر، هێلانەی ئاوارەیی دڵی هەردووکیانی بەیەکەوە نابوو، خەمی هاوبەشیش سێ ژەمی سەرەکییان بوو، فرمێسکیش تاقە چەکیان بوو، پایتەخت هەیوەی شێرەی دەکرد، دووکانەکان داخرابوون، دەرگای ماڵەکان لە بێدەنگییەکی سەیردا بوون، کەس نەبوو لە دەرگای کەس بدا.

دەرگا داخراوەکانی دڵی ئەم دووانەش کلیلەکانیان دیار نەبوون، کەس نەیدەزانی لە کوێدا ونن؟! چەند پەڵە هەورێک شەڕیان بەیەک دەفرۆشت، پاسەکانی ڕێگاوبان بۆش و بەتاڵ بوون، مایکرۆفەکانیش چەقەنەلێدانی مردووەکانیان بڵاو دەکردەوە، ئەو بۆنە شوومانە پایتەختیان کاول دەکرد، کەس نەیدەوێرا لەژێر لێفە قەترانییەکاندا هەناسە بدات، خنکابوون، ئاسمانیش خەریک بوو بڕووخێ، مەلاکانی مزگەوت ناوی خوایان لەبیر چووبووەوە، بۆیە کەس رووی لە مزگەوت نەکرد، بارەکان پڕبوون لە مەیخۆر، سۆزانییەکانی – البتاوین – یش ئەو ڕۆژە لە برساندا مردن، گیانیان بە قیست دەدا، نە کڕیار هەبووو نە نان، میوەو سەوزەکانی بەقاڵەکان زۆر هاتبوون، ئەوانیش کڕیاریان نەبوو، کولێرەکانی ناو تەنوورەکان بێ دەست و دەم دەسووتان، بێزاری بووبووە ئۆکسجین.

(ئەم) و (ئەو) وەکو دوو سەگ دڵی خۆیانیان ڕاودەنا، نەیانتوانی وەکو ڕۆژانی تر بەزمێک بنێنەوە، نیگەرانیی سەرهەڵگرتن و بەجێمانی





هەر یەکێکیان بووبووە خەمێکی نوێ، واتە ڕێگایەک بۆ پێشەوە هەنگاوی دەناو ڕێگایەک لە شوێنی خۆیدا مەیی بوو.. ئەمجارە هەنگاوەکانیان شەڕیان دەکرد.

جاددەکانی – الباب الشرقي – ڕاهاتبوون لە سەر قووتدانی ملیار هەنگاو، هەر هەنگاوێکیش بەجۆرێک، هەنگاوی ڕەش و خۆڵەمێشی، هەنگاوی قاوەیی و سەوز هەنگاوی جەرگبڕین و هەناسەساردی، هەنگاوی کوێرایی و نامەردی، هەنگاوی ئێسقان و خوێن، هەنگاوی شەل و کوێر، هەنگاوی قەترانی و سپی، زۆر زۆر بوون هەنگاوەکانیان، هەمووشیان لە قورسیدا هاوبەش بوون، زۆربەی زۆری هەنگاوەکانیش بۆ دواوە دەڕۆیشتن، کەس پێش نەدەکەوت تەنیا ئەو زاتانە نەبێ، کە بلۆک بوون، هەنگاوی ئەو بلۆکانە خێرابوون، هەنگاوە هەلپەرستییەکان تێکەڵی هەنگاوی خێرخوازەکان دەبوون، دەنگدانەوەی ئەو هەنگاوانە نەدەگەیشتنە گوێی کەس، گەورەکان پاسپۆرتیان پێ بوو، سواری فڕۆکە بوون و ماڵیان گرت، مامناوەنترە قرمزییەکانیش بوون بە قیمە، هەنگاوەکانی قرمزییە دڕاوەکانیش جیا نەدەکرانەوە لە هەنگاوەکانی تر، بۆیە زستان و هاوین – یش تێکەڵی یەکتر دەبوون، هەنگاوە ونەکانیش جێ پێیان دیارنەبوو، تەنیا تارمایی هەنگاوە ئەرخەوانییەکان دیاربوون، (ئەم) هەنگاوەکانی بریتی بوون لە چەند بۆن و ڕەنگ و قەوارەی تێکەڵ، هەنگاوەکانی (ئەو)یش – ڕەنگەکەی – بەرەو نادیاری خۆیان دەنواند، بۆیە بەغدایان بەچەند شاخێک پێلاو و نەعل دەبینی.. یەک پێلاو بۆ هەموو جۆرە پێیەک دەبوو، سەیربوو، عێراقیش بەگشتی بووبووە سێ پێلاو و دیکتاتۆرەکەش بە ئارەزووی خۆی لەپێی دەکردن، تەنیا هەنگاوەکانی

ئەو لەناو تەلەفزیۆنیشدا دەبینران و فرمێسکی چاوەکان وشک دەبوون، ئەو سێ پێڵاوانە دەچەقینە ناو هەر سێ چاوی عێراقییەکان... ئا سێ چاوی عێراقییەکان، لەهەر بۆنەیەکیشدا چاوەکان زیاد دەبوون، جگە لە کوێربوونی چاوانی تر.. (ئەم) هەر هەموو لەشی چاو بوو، جۆری چاوەکانیش رادارئاسا بوون، پلەی هەستەوەرییان دەگەیشتە سەرەتای مێژووی لەدایکبوونی مرۆڤ و گەردوون، چاوەکان کۆڵان بە کۆڵان، شار بە شار، رووبار بە رووبار، شاخ بە شاخ کۆچیان دەکرد، هەندێکیشیان بەبێدەنگی باریان دەکرد، یان تا هەتا هەتایە دادەخران، بەڵام هەر هەموو چاوەکان لە چاوەڕوانیدا بوون، چاوەڕوانیی چی؟ کەس نەیدەزانی.

تەنیا چاوی پەیکەرە قورمیشکراوەکانیش کە زۆر زەق بوون و شارەکانیان کردبووە پەیکەرستان، چاوەڕێی قوربانییان دەکرد، نەوەکان لە یەک ساتدا دەبوونە قوربانیی دروشمێک کە وشەکانی بزماری دۆزەخ و کۆڵەکەی دیوی ئەو دیوی زیندانەکان بوون، بۆیە چارەڕەشی تێکەڵی لیکاوی دیجلەو فورات بووبوو، عەبا رەشەکانیش کفنی راستەقینەی مردووە ئاسایی و نا ئاساییەکان بوون، ئاڵاکەش هەموو رۆژێک بە میزی دیکتاتۆر بۆنخۆش دەکرا، زۆرجاریش بەو ئاڵا میزاوییە تەپوتۆز و قوڕو خوێنی هەر سێ پێڵاوەکانی پێ دەسڕییەوە..

نوکتە خنکاوەکانیش لە کونەکانی مەکینەی قیمەی زیندانییەکان وەکو شیلە دەردەچوون، تەنیا بۆنیان دەهات، تەنیا بۆنیان بڵاو دەبووەوە، تەنیا قاقای سۆزانییەکانیش ئازاد نەبوون و برسێتییان لێ دەباری، قێزەونیی لە ناوگەڵە خەسێنراوەکان دەکرد.

مرۆڤە سێ چاوییەکان قەت ئارامیان نەدەگرت، چاوی سێیەمی هەر





یەکێکیشیان بەشێوەیەک بوو، روانگەشیان جیابوو، هەبوو لە دووری ملیار میل شتی دەبینی، هەیشبوو لە دووریی لووتی خۆیەوە هیچیتری نەدەبینی، چاوی واش هەبوو دەتوت سەعاتە یەک خولەک هەڵەی نەدەکرد، لە یەک کاتیشدا هەموویان نەیاندەڕوانییە ئاسمان، یان چاوەڕێی رووداوێکیان نەدەکرد، بەڵام زۆربەی زۆریان هەستەوەر بوون، نە بە فرمێسک کاریان دەکرد و نە بە کارەبا، یان پیل، یان وزەی هەتاوی، یان نەوت، یان وزەیەکی تر.

ڕەنگەکانیشیان جیابوون، خێلیشیان تێدا هەبوو، ئەو چاوانە شەو و ڕۆژ لەکار نەدەکەوتن، دووچاوی ئاسایی دەخەوتن، بەڵام چاوی سێیەم نە بە مەی و نە تلیاک و خەولێخەر پێڵووەکانی خۆیان لەیەک نەدەناو نەدەنووقاند، زۆربەی زۆریان گریانیان دەزانی، بەڵام سیستەمی گریانیان جیاواز بوو، چاوی سێیەمی زیندانییەکان سەیر بوون، بە تینی ئاگر کاریان دەکرد، دەتوت بوون بە تەپڵەکی جگەرە...

ئای لە چاوی سێیەمی (ئەم) کە ناویان لێ نابوو ئاوێنەی زەمان، هەموو شتێکت تێدا دەبینی، وەکو سەتەلایت کاری دەکرد و پێش رووداوەکان دەکەوت و پێشبینیی گۆڕانکاریی زۆر زۆر و پلان و نەخشەی دەکرد، نە بە هێزی ئەقڵ کاری دەکرد و نە بە هەستی نیشتمانپەروەری، برسێتی تاقە وزەی نەبوو، بەڵکو وزەکانی زۆر بوون، نەک تەنیا فرمێسکی منداڵێکی بۆیاخچیی کورد، نا، وزەکانی ماسۆنییەکان کاریان تێ نەدەکرد، زۆرجار تیشکی تایبەتی لێ دەردەچوو، تیشکی سیحراوی کە رەنگی (بێ ڕەنگی) وەکو خۆی بە بەرجەستەکراوییەوە دەبینی، ئەو تیشکە دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی بەرجەستە دەکرد، خەونی چاوە سێیەمەکانی لە قاڵب دەدا، فرمێسکی

دەژمارد، هەناسە ساردەکانی دەکردە بەفر، خوێنی بێگەردی دەکردە نزا، جوانیی دەکردە زێڕ، لایە لایەی سۆزانییەکانیشی دەکردە ئاوازێکی فەیرۆزی... یەکە یەکە چاوی قرمزیی لە چاوی سەوزو زەرد و رەنگی تر جیا دەکردەوە. چاوی سێیەمی ئەم دووربین و چاویلکەی نەدەویست (ئەو) وای دەزانی بە وزەی دڵ کاردەکا.

بەڵام وانەبوو بە رادەیەک چاوی شەیتان بەغیلیی پێ دەبرد، کوێر و کزیش نەدەبوو، دەتوت بەربەرەکانێ لەگەڵ چاوی خۆیدا دەکا، ئەمەندە توند بوو نە ئاسن لێی دەبردەوەو نە بەرد و نە پۆلا، هەروەها دەتوت گۆی زەویی تێدا دەخولێتەوە، سەدەها ئەستێرەی سیخوڕی و دەستکردی دەپێکا، تیشکەکانی لە جۆرێک مووشەک دەچوون کە لە سەربازگە ژێر زەمینەکانی سۆڤیەت بەدی نەدەکران، ئەو چاوە بە لایەلایەی دایکی خەوی لێ نەدەکەوت، مێژوویەکی دێرینی هەبوو، کەسیش ئاگای لێ نەبوو، نەک تەنیا زمانی گەلان و مۆسیقای دەزانی، بەڵکو لە تروکاندنی هەر چاوێک، یان لە هاژە هاژو شەپۆلەکان و باو... و شارەزاییی هەبوو، شەوان چاوی پشیلەکان راویان دەنا، ئەمیش دەبووە لایت و رێی بۆ رۆشن دەکردنەوە...

ئاوازی سیسرکە و مارمێلکەکان ئازاریان دەدا، خۆراکی دووکەڵی جگەرە بوو، نا نا، چونکە چاوێکی بەنگ و موعتاد نەبوو، خۆڵ و ئاو و ئاگروباش کاریان تێ نەدەکرد، وەکو خاوەنەکەی لەسەر وشە و داهێنان نەدەژیا، نە قورساییی هەبوو نە رەنگ و نە قەوارە، زۆرجاریش خۆی دەشاردەوە، یان گەشتی دەکرد و لەهەمان کاتیشدا لە شوێنی خۆی بوو، هەموو جۆرە نزاو سکاڵاو دوعاو پاڕانەوەکی تێدا دەتوایەوە، دڵێکی تێدا هەبوو جێی برسێتیی هەموو کەسێک دەبوو،





هەموو شتێکی دەزانی، گریان و خەوتن نەبێ، بە رادەیەک هەندێک کەس بە سەعاتی بیگبن ناویان نابوو، تووڕە دەبوو، هەڕەشەی لە بیگبنییەکانی دەکرد، (بمرم) لێدانی دڵم قەت ناچێتە سەر ئاوازی بیگبنەوە.

هەقی نەبوو بەسەر ناوگەڵی کەسەوە، دەستووری، حەڵاڵ و حەرامی تایبەت بە خۆی هەبوو، ئایینەکانی پشتگوێ خستبوو، بە ورترش ئاگای لە ئایدیۆلۆجییەکان دەبوو.

لە ٧ی نیساندا چاوە سێیەمییەکان ئاگریان لێ دەباری، بەڵام چاوی سێیەمی (ئەم) هەر ساڵ و رۆژی دەژمارد، دەتوت رۆژمێرێکی تایبەتییە، یان کاسێتێکەو هیچ یتر لە رێی دەمارەکانییەوە خۆراکی بۆ نەدەهات، چونکە بێ دەمار بوو، هەروەهاش پێویستی بە تیشکی رۆژیش نەبوو.

واتە رووناکی نەدەویست چونکە شەوی بە جوانییەوە دەبینی، لە تاریکیدا زۆر بە جوانی کاری دەکرد، گوێیەکانی لە کار نەدەکەوتن، لووتەکەشی بۆنی هەموو رووداوێکی دەکرد.

بە بۆن خەسڵەت و بۆنەو هەواڵەکانی وەکو کۆمپیوتەر هەڵدەگرت و بەیەکەوە کۆی دەکردنەوەو پاشان جیای دەکردنەوە، وێنەگرێک ناوی لێ نابوو (ئەرشیفی گەردوون) پڕ بوو لە فیلم و کتێب و کاسێت و، بڕوای بە مێژوونووسان نەبوو. هەروەها بە مردنی خۆی، چاوی هیچ جۆرە کامێرایەک لە حەقی نەدەهات، چ چاوێک دەیپاراست؟ کەس نەیدەزانی، ئەستێرەناسەکانیش نەیاندەزانی داستانەکانی لەبەربوون، هەروەها شیعرو رۆمانەکان تا حیکایەتە ئەفسووناوییەکان و زمانی قوڕو تابلۆو ئامێرە مۆسیقاییەکان... تەنیا بە دزییەوە نیوەشەو لەگەڵ

ڤیساگۆرسدا قسەی دەکرد.

ئەو چاوەش خۆی ناوی لێ نابوو (چاوە شووشـەکەم) کە زۆرجـار وەکـو دەریایەکـی خـوێناوی لە خـۆیەوە سـوور دەبـووەوە، هیچ جـۆرە مـاسـییـەکی بە خـۆیەوە نەدەگـرت، لە ناکـاودا پەڵە خـوێناوییـەکـان بەردەبوونە سـەر مـەمکەکانی، پێوەنترەکی نهێنییش هەبوو لەنێوان دومەڵەکانی سـەری و ئەم چاوە بێ ئومێدەدا، ژێر بە ژێر خـەریکی زۆر شت دەبوون، ئەگەر دومەڵێک زەنگی تەقینەوەی لێ بدایە، ئەو چاوی بۆ سێ جـار دەیتـرووکـاند هـەمـوو شـتـێکی دەباراند، هەر لە بلووری نامۆییەوە تا خۆڵەمێشی نیگەرانی، هەر لە برسێتیی بێکەسییەوە تا رەنگی ئاوارەیی، هەر لە خەڵووزی نائومێترەوە تا خـەونی کەسـاسـی، ئای لە بە یەکداچوونی هەر دووکیـان، نەیدەزانی کێم و زووخـاو هیی کـامیـانە، فرمـێسک و رەنجبێوەری چۆن بەیەکـەوە گفتوگۆ دەکەن، دەتوت دوو سیخوڕی سەیرن، بە کۆد و هێما لـەیەکتر حـاڵی دەبوون، لەناو دڵی یەکتریدا بوون، (ئەم)یش سەری لێ دەشێوا، بەلەسە دەبوو، نە لە دەروێش دەچوو و نە لە سۆفی، خـەونە پەنهـانییـەکـانی دەبوونە لۆکـەیەکی رەش، پەڵەی خـوێنی نـاو دەمـی دەبووە بەرد، پرچی بەفـراوی دەبوو و لـەقـاچ دەکـەوت، دەیزانی کـۆدەتایەکـیـان لەسـەر کـردووە و خـەریکن سـەرلەنوێ لە ناوی دەبەن، وەکو جۆلانە ئەم سـەرو ئەو سـەری دەکـرد "با بە یەکـجـاری لە سـێـدارەم بدەن، با بمرم، چ رۆژێکە وا.. وا..و.. و..؟!".

ئەو رۆژە هـەراسـانکراوە بواری نەدانـێ تۆزێک مـاچی یەکتـر بکەن، شـوێنیـان نەبوو، درەخـتـێک نەبوو ببێ بە چەتری خـەمـە هاوبـەشـە کـوێرەکانیـان، بۆیە لە تاوی بێ شـوێنی و برسـێتی زۆر زەلیل بوون،





تینوو بوون، دیجلە پڕ بوو لە ئاوی سـوێر، چایخـانەکـان پڕ بـوون لە سەلاجەو بەلووعەو کووپ، بەڵام تینوویێتی ئەمـان گەیشـتبووە رادەیەک بە مـاچێک نەبێ بەهیچ ئۆقیـانووسێک نەدەشکا، دەم و لێویان وشک بوو...

وەکو شوێنەواری دوو جۆگەی وشک بەرەو تراوێلکەی تاریکی رایان کرد، زۆر بێزار بوون.

– بۆچی دەژین؟

– با بمرین.. بەسە.. تەواو..

ئەو فرمێسکە شارراوانە دەرپەڕین، بوون بە کانییـەکی تـەقیـو، بە زمان هـەردووکیـان فرمێسکی سوێری خۆیان لێستـەوە، پایتەخت وەکو بەلەمێکی کـاغـەزین لەناو گـۆمـێک چڵکاودا سـەمـای دەکـرد، ئەم دووانەش سـەوڵـی خـۆیان ون کـردبـوو، جـڵـەوی ئەو رۆژەیـان دابووە دەسـتی هەنگاوە خـەفـەکراوەکانیـان، هەنگاوەکانیـان تێک نەدەئالاند، تۆزێکی مابوو وەکو دوو منداڵ خەریکی بەردڕاوەشاندن بن...

– ئێمە سەرەڕای ئەم جەرگبڕییە، کەسانی دی بەردەبارانمان دەکەن و خۆزگەمان پێ دەخوازن!

– ناهەقیان نییە.

– نازانن برسێتی دەخۆین!.

– گریمان زانییان، چی دەبێ؟

– ئاخ!

– ملیار ئاخ!

– یەخەمان بدڕین؟

– ..........

– وەڵامم بدەرەوە...

– تازە من لە پێستی خۆم دەرچووم، یەخەی چی؟!

ئەگەر خۆم فڕێ بدەمە ناو دیجلەوە، ئاوەکەی دەبێتە هەڵم، گڕڕڕڕەم دێ..

– منیش.. بێزار بووم لە نووسین...

– من خوێن دەپرژێنمە سەر کاغەزەکانم وەکو عەتر...

کەسیش بۆنی لاپەڕەکانم ناکات، هەر دێڕێکم چەقۆیەکەو ملم دەبڕێ.

– منیش هەر لاپەڕەیەکم گۆڕێکەو قووتم دەدا...

– ئەم نیهلیستییەی ئێمە تاکەی؟ با خۆمان بکوژین...

– نا با یەکتر بکوژین...

ئەو ڕۆژە حەڤدە کاتژمێر بەیەکەوە بوون، دەیانزانی هەموو کردەوەو قسەکانیان خەونێکی بێهوودەن، هەموو شتێکیان وت و نەگەیشتنە هیچ جۆرە بڕیارو ئەنجامێک، قسەکانیان ڕشانەوەو وڕێنە نەبوون، لەیەک بازنەشدا نەدەخولانەوە، بەڵکو هەریەکەو بازنەیەکی تایبەت بە خۆیەوە هەبوو، جار ناجارێک لە پەراوێزدا لە یەکتر حاڵی دەبوون، ناچاریش دەبوون سەریان بدەنە بەر بەرد، لە یەکتر دەترازان و سەر لەنوێ سەرەباسێک کۆی دەکردنەوە، هەندێک جاریش پشتیان لە یەکتر دەکرد و هەنگاوەکانیان دەگۆڕییەوە، ژێر پێڵاوەکانیان، ئەمەندە سوابوو خەریک بوو پێستی بن پێیان شەقبەرێ، کوتکوت بێ... نە ئاگایان لە جاددەو شەقام و کۆڵان بوو، نە بڕیارێکیان دا تۆزێک ئارام





بگرن و لەسەر سەکۆیەک بەیەکەوە دابنیشن، ئەو ڕۆژە قەوارەی ئاوارەیی پایتەخت گەیشتبووە ئاسمان.

– درەنگە..

– بۆ کوێ بڕۆم؟

– بخۆرەوە، بۆ باڕ..

– ئەی تۆ؟

– بۆ کونجەکەم، کرێ خانووشم نەداوە..

– منیش کرێی قەرەوێڵەکەی ئوتێلم نەداوە...

– سەرتاسەری تەمەنمان دەبێ کرێی هەنگاوەکانمان بدەین، کرێی پەرداخی ئاو و بتڵی نەوت و چرکەیەک کارەباو..

– کورە من کرێی پێستم دەدەم، کرێی مێزکردنم دەدەم، کرێی هەناسەدانم دەدەم... جگە لە کرێی دەرمان... کرێی گیاندان. کرێی برین و سووتان...

– خۆ منیش کرێی عەشق دەدەم...

– جگە لە کرێی قنگدڕینی مێشک و دەروون... تا ڕۆژێک دوای مردنیشم دەبێ کرێی نووسینەکانم بدەم.. کرێی بیرو باوەڕم.. کرێی ساتەکانی جەرگبڕینم.. کرێی گریانم...

– من کرێی سێبەری هەردووکمان دەدەم.

– منیش کرێی نەگبەتی و کرێی...، هیچ نەما...

– تەنیا کرێی فرمێسک نەبێ کە دەیدەین بە یەکتر.

– کێ دەڵێ ئێمە ژیاوین؟ مردوویەکین پێشوەخت هەنگاوەکانمان دەستنیشان کراون، کفنەکانمان بەپێی قەد و باڵامان بڕاون،

مەقەستیش لە دوارِۆژمان دراوە، ئیتر چی ماوە؟!

– قەت رۆژێک لە رۆژان خوێنی ئێمە نابێتە رووبار، ئەگینا سەگەکان دەمی خۆیانیان پێ دەسرِنەوە، نائومێتریش دەبێتە سەوڵ و کەنار، یەکێکمان دەوێ هەڵمان بتەکێنێ... لەم رەشبینییە هەڵمان بتەکێنێ، یێێ.

بووین بە مۆتەکە لەسەر سینگی یەکتر دەنیشینەوە.. بە فرمێسکی خۆمان دەخنکێین، لە مرۆڤایەتیمان کەوتووین، بۆ یەکتر قەت نابینە گۆچان، بە قەرز لە قەدەر، بەڵێ قەرز لە قەدەر دەکەین و دەژیین...

– ژانی هەردووکمان لەناو قورِێکدایە..

– ئەمرِۆ من و تۆ بووین بە رادیۆ.

– نا... بە سینەما...

– خۆمان رۆڵی خۆمان دەبینین، دەرهێنەرمان ناوێ، کەسیش سەیرمان ناکا و گوێمان لێ ناگرێ...

– قسەی خۆمان بێ ئێمە خەریکە شێت دەبین...

– تۆ بڵێی لەبەرئەوەی...

– بەڵێ، سەنگەرمان جیاوازە...

– ئێمە کەی شۆرِشگێرین. ئێمە مشکیش نین...

– وایە، مشک لە ساتێکدا دە کونی دەست دەکەوێت...

– ئاخ داخ، وامان لێ هات خۆزگە بە مشک بەرین.

– گرِرەم دێ...

– ئەمجارە بۆچی؟

– بۆ تۆپینێکی هەمیشەیی...





– دەبا یەکتر بکوژین...

– ناوێرین، ترسنۆکین...

– خۆمانمان خۆش دەوێ، تففوو.. تففوو...

– تفوو، تفووووو..

چاوی سێیەمی خەریک بوو کوێر ببێ، لە چاڵەکەیدا ئۆقرەی نەدەگرت، خەریک بوو بێتە دەرێ، بیلبیلەکەی بکاتە گوللەو راستەوخۆ بچێتە ناو دڵییەوە، ناچاربوو بەجێی بهێڵێ لە ئاسمانی پایتەختدا بگەرِێ، ئەو دیمەنە سەیرانە ببینێ کە لە هیچ وڵاتێکدا روویان نەداوە.

بۆیە برِیاری دا ترپەی هەنگاوەکانیش بخوێنێتەوە، کڵۆ کڵۆ خەم دەباری، پرووشە پرووشە نائومێدی دەباری، تک تک شیوەن و بێدەسەڵاتی دەباری، تنۆک تنۆک رەشبینی دەباری، کامێرا شرِەکان وێنەی ڤیستیڤاڵە سواوەکانیان دەگرت، کەچی چاوی سێیەم حەزی لە بینگە شاراوە و خەفەکراوەکان بوو، بەجێی هێشتن بۆ تف و تفکاری، دەیزانی لە گفتوگۆیەکی بێهوودەیین، دەگەنە هیچ و ناگەنە هیچ، لەپرِ لە چارەنووسێکی نادیاردا خۆیان دەبیننەوە.

چاوی سێیەم مووشەکێکی سەیر بوو، دەتوت حەوت چاوی هەیە، هەروەها وەکو پشیلە حەوت رۆحی هەیە، قەت نەدەکەوتە سەر زەوی، چاوی سێیەم گرینۆک نەبوو، کەچی هەر نووشتەی لێ دەباری، (ئەم)یش بە دزییەوە نووشتەکانی دەخوێندنەوە و چاوەکانی تر دەنووقاند و بێدەنگ دەبوون، چاوی سێیەم کە نووشتەکانی دەباراند، ئایندەی دەستنیشان دەکرد، دەتوت فنجانی قاوەیە، (ئەو)یش قەت چاوی سێیەمی نەدەبینی، نەک لەبەر ئەوەی کە گێل و گەوج و نەفام بوو، نا، بەڵکو پەردەیەکی ئەفسووناوی چاوەکانیانی داپۆشیبوو، تەنیا

دووکەڵی جگەرەی دەبینی. حەزی دەکرد جگەرەیەک دابگیرسێنێ درێژییەکەی بەقەد دووریی ئەرزو ئاسمان بێ، هەر کۆتایی نەیەت و ئیدی جارێکی تر خۆی سووک نەکا و داوای جگەرە لە کەس نەکا، دەیزانی هەموو کەسێک خەمی سامان و شتی زۆرە، بەڵام خەمی (ئەم) خەمی دووکەڵ بوو.

دڵی بووبووە کوورەی دووکەڵ، بە خوێنیدا بڵاو دەبووەوە، نەک تەنیا بە شانەکانی مێشکی، بەڵکو دووکەڵ منداڵدانیشی پڕ کردبووەوە، لەو بڕوایەدابوو لەباتی منداڵ جگەرەی دەبێ، پڕ بەدڵ حەزی دەکرد منداڵدانی ببێتە کارگەی جگەرە، بۆئەوەی لەشی ببێتە قاسەیەک پڕ بێ لە دووکەڵ، زۆرجاریش خەوی بەو کوولارانەوە دەبینی کە دەزووەکانیان دووکەڵن، باڵدەگرن و دووکەڵەکە دەبێتە هەورێکی رەش و ئاسمان دەتەنێ، ئەو ئێوارەیە وەک رۆژانی تر بێ پارە بوو، تامەزرۆی جگەرەیەکی ئەفسووناوی بوو کە بیکێشێ و لە رۆژی مردنیداو لەکاتی گیاندانیداو لە دەرچوونی رۆحیدا ئینجا جگەرەکەی لە دەم و لێوەکانی بکەنەوەو فریای شەهادەت نەکەوێ، ئای لەو ئێوارە شوومە کە هەردووکیانی کۆ کردبووەوە، نەیاندەوێرا چاو بترووکێنن، بگرین یان یەکتر بکوژن، بەقەد زۆربوونی بۆنەکان ئەمەندەش وڕێنە سواوەکانیان سواوتر دەبوون، پایتەخت.. شۆستەکانی پایتەخت توانییان ملیۆنەها هەنگاوی قورس قووت بدەن، بەڵام هەنگاوەکانی ئەم دووانە تەنیا چاوی سێیەم توانیی ببێتە قیبلەنومایان، تیشکی بڵاو دەکردەوە و سێبەرێک چەندین هەنگاو لە شۆستەیەک بۆ شۆستەیەکی تر، راوی دەنان، تەنیا چاوی سێیەم ئاوڕی دەدایەوە و هەنگاوەکانی سێبەرەکەی دەبینی، دەتوت (لایت)ە.

– گڕڕڕەم دێ بۆ جگەرەیەک.





– منیش گڕڕڕەم دێ بۆ بتڵێک عەرەق.

– چی بکەین؟

– هیچ...

– دیسانەوە دێینە سەر وێستگەکانی هیچ..

– ئەی هەر وانەبووین؟

– با.. هەمیشە هەر وابووین و وایش دەبین.

– سەربازەکانیش جگەرەیان پێ نییە...

– چەندین ملیۆن لێو تامەزرۆی جگەرەی ئازادین...

– ئای جگەرە، وای جگەرە، هەی هاوار جگەرە...

– چی بکەم؟

– هیچ... خۆڕاگر بە، وابزانە لە زینداندایت.

– دڵم زیندانە، لەشم زیندانە، سەرم زیندانە، خۆم بەگشتی گۆڕستانم.

– داخی قەرزاریی عەرەق خستوومیە...

– داخی قەرزاریی جگەرە خستوومیە...

– شیعریشمان پێ نانووسرێ...

– بڕیارم دا بە جگەرە چیرۆک بنووسم، بۆئەوەی ئاگرەکەی دێڕەکان قووت بدا...

– دێڕەکانت دووکەڵ دەکەن...

– من دووکەڵ و هیچم...

– منیش بۆنی عەرەق و هیچم...

– شەڵلا جگەرە پەت بووبووایە...

– چاویشت تەپڵەک ببوایە..

– لەپی چەپم تەپڵەکە...

– وێران بووین...

– بۆ هەر ئێـــمــــە؟.. ئاســـمـــانیش بەهۆی ئەم هەراو هوریایەوە ئەستێرەکانی نقوم کردووە...

– خوایە جگەرە ببارێنە..

– ئێمە خوومان بە عەرەق و جگەرەوە گرتووە...

– من خووم بە زۆر شتەوە گرتووە، دڵم خووی بە دڵدارییەوە گرتووە، زمانم بە (نا) خووی گرتووە، چاوەکانم بە فرمێسک، پێنووسەکەم بە رۆمان، قاچەکانم بە رۆیشتن، گیرفانەکانم بە نەبوونی... نینۆکەکانم بە روومەت رنین، کونەکانی لووتم بە بۆنی مەرگ، دەستەکانم بە هەیوەیشێرە، خوا دەزانێ ئەمڕۆ چەند کەس لە سێدارەدراون...

– زۆر...

– چەند منداڵ بێ باوک بوون...؟

– چەند دایک؟

– چەند ژن بێوەژن بوون؟

– لە ژمارە نایەن.

– ئێمەش لەگەڵیاندایین...

– خۆزگە...

– خۆزگە ئاسمان کارگەیەکی جگەرە بووبوایە..

– ئەوە نابێ سۆندە پڕبکەن لە تووتن و درێژییەکەی هەزار مەتر ببێ، بۆئەوەی بە شەو سۆندەی هەزار مەتری بکێشین...





– خۆزگەش رووباری دیجلە عەرەق بووبووایە، بۆئەوەی شەو و ڕۆژ مەلەم تێدا بکردایە...

– ئێمە زۆر بێ دەسەڵاتین، لەچاوی هەندێک گەوجەوە...

– ها ها ها..

– وادەزانن ورەمان دابەزیوەو رووخاوین و دۆڕاوین...

– ئێمە ونین ون، لە گێژاوێکداین مەگەر قەدەر دەربازمان بکا...

– خۆزگە بەتاقی تەنیا بووینایە، بێ کەس بووینایە...

– گالیسکەش بە دواماندا رادەکێشین...

– گەوجەکان بە بەڕەڵلا تێمان دەگەن..

– جگەرەمان نییە...

– عەرەقم نییە.. من جگەرەو عەرەقم نییە...

چاوی سێیەم خەریک بوو عەرەق و جگەرە ببارێنێ، بەڵام زۆر کلۆڵ بوو، خەریک بوو داوای جگەرە لە رێبواران بکات، سەیری دەکردن، هەریەکەو جگەرەی کێنت و رۆزمانی پێیە، دووکەڵەکان تێکەڵی یەکتر دەبوون...

– خۆزگە من خۆم جگەرەیەک بوومایە!

– من دەمکێشایت..

– خۆزگە، خۆ من عەرەق ناخۆمەوە.. ئەم کارە لە قازانجی تۆدایە..

– من هەمیشە..

– چی؟

– نازانم.. گێژم... بەبێ جگەرە بەنگم...

– عەیبە با داوا لەکەس نەکەین...

– ئای لە سواڵکردنی جگەرە!

– کورە با داوا بکەین..

– نا نا... خۆ خۆیشم حەزم لێیەتی..

– سەیرکە... ئەم کۆمەڵە شیوعییانە خەڵکی بەسران، چاویان تێرە... من جگەرەیەکیان لێ داوا دەکەم.. دەیانناسم..

– بەمەرجێک، بەیەکەوە دەیکێشین..

– نا نا..

– واتە داوای ناکەی عەیبە، قبووڵ ناکەم...

– رفيق اريد سيجاره...

– تفضلي رفيقة.. كافي واحد؟

– لا، اريد اثنين..

– هاچ های أربعة...

– من جگەرەی شیوعییەکان ناخۆم...

– شییرڕڕڕ... مەوقیف... های ترِحێو..

– عەیب و شوورەیی، چۆن داوای جگەرە دەکەی؟

– ئێمە هاوبیرین...

– ها ها ها...

– بۆ پێ دەکەنی، یەک هەناسەت نادەمێ...

– بە گونمەوە... با بزانین عەرەقیان هەیە... پرسیاریان لێ بکە، من زمانی عەرەبی نازانم...

– کورە چاویان زۆر تێرە...





– عِدْکُم عرق

– تشربين؟

– ها.. لا.. أی...

ئەو کۆمەڵە گەنجانە زانییان کە عەرەقەکە بۆخۆی نییە، یەکسەر چارەکێکیان دایە دەستی (ئەو)...

– دە جگەرەیەکم بدەرێ..

– تۆ وا خەریکە دەبی بە یەکێتی، چۆن جگەرەو عەرەقی شیوعییەکان داوا دەکەی...؟

– ئەمشەو نەیانگرن باشە...

– لە بەسرە بۆ پایتەخت رایان کردووە... دایکیان بمرێ زۆرن... یەکە یەکە دەیانناسم... با..

– مەگری، مەگری، جگەرەکەیان بکێشە، مەگری...

– لەوانەیە ئەمشەو هەموویان بگرن و لە سێدارە بدرێن...

– ئێمەش دەگرن...

ئاوڕیان دایەوە، سێبەرەکان تێکەڵی یەکتر بووبوون، چاوی سێیەمیش سات بە سات چاودێریی دەکردن، دەتوت فریشتەیەو لە ئاسمانەوە دابەزیوە...

– ئەی سبەینێ، چۆن پارەی عەرەق و جگەرە دابین بکەین؟

– قەرز... قەرز خۆش بێ...

– کورە نامدەنێ.. دەزانن بۆ دووکەڵ و لەتردانە..

– کەی دەڕۆی؟

– دووسبەی!

– دێم!

– نایەی..

– دێم، دەبم بە پێشمەرگە...

– نابێ...

– بۆ؟

– ناتوانی بەرگەی سەهۆڵ و سەرما بگری... هەروەها برسێتی...

– با بمرم، ببم بە شەهیدێکی راستەقینە..

– ئەی براکانت، هەر چواریان لە سێدارە دەدرێن...

– باشە چی بکەم؟

–.......هیچ!

هەموو شتێکیان لە هیچەوە دەستی پێ دەکرد و لە هیچەوە کۆتایی پێ دەها، لەناو بازنەیەکی بەتاڵدا وەکو مزراح دەخولانەوەو بەریەک دەکەوتن و لە یەکتر جیا دەبوونەوە، توانایان نەبوو بەرگری لەوجۆرە مردنە بێدەنگییەی خۆیان بکەن، لە هەمان کاتیشدا بەرگەیان نەدەگرت بەناو یەکدا دەچوون و جیادەبوونەوە، زۆرجار جێگۆڕکێیان بە سەنگەرەکانیان دەکرد و زۆرجاریش دەبوونە دوو ئادەمیزادی سەیر، هەمیشە نەداریی راوی دەنان، بۆیە کۆمەڵە وشەیەکیان کردبووە نان و هەر دەیانخوارد و شەوان دەیانڕشاندەوە، تەنیا هەر ئەو دووانە سەرگەردان و ئاوارە نەبوون، بەڵکو هەرچی تارماییەک پێست و ئێسقانی پایتەختی لەبەربکردایە، بێ گۆشت و خوێن و دەمار بەلەسە دەبوو، ترووسکاییەک نەبوو لە ئاسماندا دادی کەس بدا، ورده ورده ڕۆژیش دەبووە شەو، هەتاو هەر بە یەکجاری باری کرد و ئاسمانی پایتەختی بەجێ هێشت، گیروگرفتەکانیش دەچوونە ناو یەک





و خەڵکی گیرۆدەی نەهامەتییەکی لەبن نەهاتوو بووبوون.

ئەو ئێوارە سامناکە (ئەو) بەرەو نادیاری ملی ناو (ئەم)یش قاچەکانی فڕێ دانە حەوشەی مزگەوتی غەوس، نۆرەی تەقاندنەوەی دومەڵێکی هات، سەری لە کام دەرگاو لەکام کۆڵەکەو لەکام منارە بدات؟ نە جلوبەرگی بۆنی نوێژیان لێ دەها و نە قاچەکانی بۆنی ئیمانیان لەسەر نیشتبوو، دەنگی دەف و (لا اِلهَ اِلاّ الله) دەهات خەلیفەو شاگردەکان و نوێژکەران لەناو ترپەی زیکریاندا هارمۆنیی شکۆمەنتران دەپژاند، (ئەم) عەبایەکی رەشی داواکرد و خۆی پێچایەوە، هەنگاوی نەنا بۆئەوەی بچێتە ریزی ژنانەوە، هەنگاویشی نەنا بۆئەوەی لە بانگدان و ئایەتەکانی قورئان نزیک بێتەوە، بۆیە بێهۆش بوو، برسێتی و بێ جگەرەیی بێهۆشی کردن، لە بازنەکەی دەرچوو و چووە ناو بازنەیەکی ترەوە، خۆی لە نزیک مەرقەدی غەوس بینییەوە و یەکسەر سەری بەر زیوە توندارەکان کەوت و دومەڵێک تەقییەوە...

دەوروبەر وروژان، وایان زانی حاڵ گرتوویەتی بە (الله اکبر... الله اکبر)ەوە نزیکی بوون گولاویان پژاندە سەر دەموچاوی و ژنان بە دامێنی عەباو کراسەکانیان خوێن و کێمیان سڕییەوە، بێ ئاگابوو، هەر هەموویان شایەتمانیان هێنا، وات دەزانی رۆژی حەشرە، پرمەی گریان هەرچی قوڕگ هەبوو گەمارۆی دابوون، رێک وەکو پەت...

(ئەم)یش هەر دەگریاو لەسەریەک هاواری دەکرد...

– شێخ عەبدولقادر گەیلانی برەسە دادم!

ژنان سەریان لێ نەشێوا، نەخێر هەر هەموویان بەهەمان ئاواز پاڕانەوە...

– شێخ عەبدولقادر بڕەسە دادمان...

خەلیفەو شاگردەکان هەر زیکریان دەکرد، مەلا بانگی دا (الله اکبر) ژنان کەوتنە خۆیان بۆ نوێژکردن، چ نوێژێک؟!

کەچی (ئەم) هاواری کرد:

"تۆ بڵێی شێخ عەبدولقادر نەگاتە دادمان؟! ئەی پەنا بەرینە بەر کێ؟"

– الله اکبر، الله اکبر

ژنان هەر (الله اکبر) لە دەمیانەوە دەباراندە سەر (ئەم) و لەپڕ بوورایەوە، بێ کەس، بێ پەنا، بێ ئومێد، برسی، تینوو، دەمی کەفی کرد، وایان زانی فێیەتی، فێ دووبارە گرتوویەتی، ئاو و گوڵاویان پژاندە سەرو هەر (الله اکبر الله اکبر)یان بوو...

زیکرکردن کۆتایی پێ هات و پیاوان لە نوێژکردن بوونەوەو مەلایەک نزیکیان بووەوەو فەرمانی دا: ئوتومبێلی فریاکەوتن (اسعاف) بهێنن و بیبەن بۆ نەخۆشخانە، بەدوو سێ تەقەڵ برینەکەی سەری دەدوورنەوە...

ژنان و پۆلیسەکانی فریاکەوتن بە فڕکانێک گەیاندیانە خوارێ و کەس تەنیا پزیشکەکانیش نەیانزانی باس چییەو سەرچاوەی ئەم برینە لە کوێوە سەری هەڵداوە!

بە مەقەستی پزیشکی و بە گوێزان سەریان تاشی و دوو پزیشک کەوتنە گفتوگۆ بە زمانی ئینگلیزی، وایان دەزانی نەخۆشەکەیان تێ ناگات، بەهەرحاڵ بە دەرمان و دەرزی و دەزووی پزیشکی جێی دومەڵەکەیان دوورییەوە و بە لەفافی سپی سەریان پێچایەوە و دەرزییەکیان لە رانی دا و شەرمی کرد داوای ئوتومبێلی فریاکەوتن





بکا، گێژبوو، نەیزانی چۆن و بە چی شێوەیەک بگەڕێتەوە ماڵەوە، پۆلیسەکانی فریاکەوتن لەبەر دەرگای نەخۆشخانەکە وەستابوون، هەرکە لە داڵانەکانی نەخۆشخانەکە دەربازبوو، بەبێ گفتوگۆو داواکردن و سڵاوکردن خۆی لەناو ئوتومبێلی فریاکەوتندا بینییەوە، پۆلیسەکان داوای ئەدرەسیان لێ کرد و بە فیق و فاق و ورووژاندنی شەقامەکانی بەغدا گەیاندیانە ماڵەکەی...

ئای لەو کارەساتە کە تووشی کەسوکاری هات! واقیان وڕما، وایان زانی هەر هەموویان بۆ ئەبوغرێب پەلکێش دەکرێن، بەڵام پۆلیسەکان دابەزین و سڵاویان کرد و یەکێک بە زمانی بەغدایی وتی: رجعنا المریضە!

بە وشەی (المریضة) ئۆخەی ئۆخەیان بوو، ئیدی زانییان کێشەکە ئەمنی و سیاسی نییەو هەر وەکو جاران هەوڵدانێکە بۆ خۆکوشتن، سەریان خستە ژوورەکەی و ماڵەکە مات و زەلیل و روو زەردبوو (ئەم)" لەباتی جگەرە قەڵەمەکەی کێشا، پڕبوو لە وشە، لە خەونی ئاڵۆزو بەدینەهاتوو، دووکەڵی وشەکان سوور بوو، دەبووە هەڵم و لە بنمیچی ژوورە دوو مەترییەکەیدا کۆ دەبووەوە، ئەو شەوە فێری کێشانی قەڵەم بوو، بە ئاوێنەی لاپەڕەکانی وت: تەواو، مەرەکەب و تووتن جیاوازییان نییە، من هەناسە دەبەخشمە ئەم جگەرەیە تازەیە، دەمکێشێ.

لێوەکانی سووربوون، ددانەکانی رەش هەڵگەڕان، ئاوێنەی لاپەڕەکانی کارەساتەکانی ئەو رۆژەیان تۆمار نەکرد، وتی:

– خوای پایتەخت.. ژیانم دیجلە بردی، گەنجێتیم بەخشییە با، (با) لاڵ و کەڕو کوێرە، بەڵام بەبێ باڵ خۆی دەکاتە هەموو کون و کەلەبەرو درزێکەوە، با– شەپۆلەکانی دیجلە بەرزو نزم دەکاتەوە، ئای کە

لافاوێک دروست ناکا ئای!

مەرەکەبی قەڵەمەکەی تەواو نەبوو، ژوورە زیندانئاساکەیشی تا دەهات پان و بەرین دەبوو، لەم نهێنییە سەری سوڕما...

زانی کە دڵیەتی و واخەریکە گەورە دەبێ و لێدانەکەی تەبایە لەگەڵ لێدانی سەعاتەکەی مەچەکی چەپی، چاوی سێیەمیشی یەکە یەکە قەڵەمەکانی نووسەرانی پایتەختی لێ دەشاردنەوە و بۆی دەدزین.

هەردووکیان بێدەنگ بوون، نووسەرانی پایتەختیش هەریەکەو بەشێوەیەک عەرەقی پەیدا کردبوو، بە تاک و بە گرووپ دەیانخواردەوەو تفیان رۆدەکردە رووی رۆژی ئەستێرەکانی ئەو شەوەیان، وەنەبێ شەوانی ئەوانیش فەنتازی نەبووبێتن، ئیدی نۆکەرەکان خەریکی ویسکی و براندی و شەمپانیاو بەهاترین شەراب بوون، شیعرە نۆکەرییەکانیان دەڕێساو وەکو کەر دەزەڕین، ئەوانی دیکەش کە بە رۆژ بەعسی بوون و دوای خواردنەوە دەبوونە شیوعی تفیان رۆدەکردە ویژدانە خاپوورەکانیان، ئۆپۆزسیۆنەکانیش هەریەکەیان و بەشێوەیەک بە ئەندامی نێرینەی میزی دەکردە سەر ئەو دەفتەرو لاپەڕەو کتێبە شاراوانە کە بەرهەمیان هێنابوون، خەون بواری نەبوو سەر لە سەری هیچ کامێکیان بدا، نیگەرانی و بەلەسەبوون و هەراسانی و نەداریی بووبوونە تاقە تلیاکێک بۆ هێوربوونەوەیان، شەوانیان لەیەک دەچوون و جیاواز بوون، بە دزییەوە لەگەڵ دێرو وشەکانیان دەدواند، هەر هەموویشیان چاوی سێیەمیان هەبوو، چاوەکانیان بە دزییەوە پێوەنتران لەگەڵ یەکتردا دەکرد و بە دزییەوە کۆدەبوونەوە... بە رادەیەک موخابەراتی عێراقی بێ چاو بوون بەرانبەر ئەم هەموو چاوە سێیەمانەدا، ویژدان و هەڵوێست و ئەدەبی





زۆرکەسیان کڕی، بەڵام لە حەقی خاوەنی چاوی سێیەمەکانیان نەدەهاتن، بۆنموونە چاوی سێیەمی (فریدالله وێردی) بە دزییەوە مۆسیقای نەغمەکانی دادەهێنا پەنگیان دەخواردەوەو نۆتەکان دەبارین و باڵیان بەرەو ئاسمان دەگرت، بەپێچەوانەی ئەتوارە نامەرد و حیز و گەوادی و سیخوڕییەکانی (منیر بشیر) و برا گەوادەکەی (فکری بشیر)ەوە. هەروەها چاوی چوارەمی ئیحسان ئەدهەم بە پیت و پەڕەمووچ و نۆتە پایتەختی سەرو ژێر دەکردن و هەڵیان دەتەکاندن و دەبوونە نان بۆ منداڵەکانی عەلی و مستەفاو ژنە ملیار پیاوەتییەکەیەوە... چاوی پێنجەمی ئاسۆ سەڵتە، بەرەو ئەڵمانیا باڵی گرت، هەروەها چاوی پێنجەم و شەشەم و هەزارەها هەبوون کە مانیان گرتبوو، چ لە زیندانەکاندا یان لەسەر سێدارەکان یان لەناو گۆڕو چاڵە بێ ناونیشانەکاندا.. چاوی ملیۆنی گەلی عێراقیش بارانی زەلیلییان دەباراند.

چاوەکانی پشتی سەری (ناجی عبدالامیر) زۆر دەترووکان، دڵیشی بەتوندی لێی دەدا و ئیدی سێبەری دیار و نادیار بوو..

ئەو شەوە چاوی سێیەمی (ئەم) بووە چاوی ملیۆن بەرهەڵستکاری عێراقی و رووبەڕووی چاوان بووەوە پێی وتن:

– من لەباتی جگەرە قەڵەم دەکێشم.. ئێوەش مەرەکەب بکەنە عەرەق.. با بەیەکەوە هاوارێک بکەین، خۆ شیعری (ارادة الحیاة)تان لەبیرە، بە ئاوازەوە و بەیەک دەنگ بیچڕین...

(ئەم) قاچەکانی بەیانییان دەبوونە هەزار قاچ... هەمیشە نیوەڕوان لە بارەگای (المسرح الشعبي)دا ئارامیان دەگرت، شەوانیش گوێی بۆ مۆسیقاکانی تیپی سیمفۆنیای نیشتمانیی عێراقی شل دەکرد، تەنیا

(ئەو) تاقە هاوڕێی نەبوو، بەڕادەیەک چاوی چوارەمی پێی دەوت: تۆ دایکی هاوڕێیەکانی...

دووبارە ئەو شەوە حەزی دەکرد بەچاوی شەشەمی سەیری چاوەکان بکا، چاوەکانیش سات بەسات لەیەک دەچوون، بەیەک شێوە دەترووکان و بەهەمان شێوە دەگریان و هەر هەموشیان یەک خەونیان هەبوو، لەگەڵ خۆیدا دەیوت: "دەترسم چاوەکانم بۆ دواجار لێک بنێم و زەردەخەنەی ئەستێرەکانی عێراق نەبینم".

قەڵەمی کێشاو کێشاو کێشا، نەیدەزانی نووکەکەی بە دزییەوە فێڵی لێ دەکا و وشەکانی ناو کتێبەکان دەدزێ، لە نووکێکەوە وشەی دەدزی و لە نووکەکەی تریەوە وشەی دەنووسی، پارسەنگیشی قەت لاسەنگ نەدەبوو، ئەو شەوە ئەو قەڵەمە بەسۆزو دڵسۆزە بڕیاری نەدابوو تەواو بێ، بوو بە جگەرەیەکی مێژوویی، درێژییەکەی بەقەد درێژیی هەموو شەوانی سکپڕیی ئاسمانی عێراق دەبوو، شەوانی سووری سیاسەتنامەدارانی دەسەڵاتیش بە مژینی چرووتی هاڤانا کورت دەبوونەوە. هەرچەند چرووتەکەی سەدام حوسێن و تارق عەزیز کورت دەبوونەوە، قەڵەمەکەی (ئەم)یش لە بەرانبەریاندا درێژتر دەبووەوە، رێک بەپێچەوانەی یەکترەوە کاریگەرییان هەبوو.

ئەو شەوە هەستی کرد تا دێ قەڵەمەکەی لەگەڵ دەستی راستیدا و پەنجەکانیدا درێژ دەبنەوەو دەستی دەسەڵاتیش بە سەریدا کورت و کورتتر دەبێتەوە، لە خەونێکی خۆشدا بوو، دەستی راستی گەیشتە سەر کتێبەکانی رەفەکان، گەیشتە بنمیچی نزمی ژوورەکەی حەزیشی کرد بگاتە ئاسمان، دوو پەنجەی ببنە مەقەست و لووت و گونی زۆر کەس ببڕێ، یاخود پەتی سێدارەکانی جیهان و قەفی کەلەپچەکان





ببڕێ، هەموو شتێک تێک بشکێنێ، ئەو شەوە شەوی ئازادی بوو، رووبەڕووی هەندێک سێبەر بووەوە پرسیاری کرد بە جۆرێک لە بەربەرەکانێیەوە.

– کێرتان درێژە یان قەڵەمەکەی من؟ ئێوە خەسیون ئاخرشەڕینە خەسیون خەسیو...

زۆریش هەبوون نە لەژێر سێبەردا بوون و نە لەژێر رووناکییی هەتاودا هەردوو هێلکەی گونیان جیگۆڕکێیان دەکرد... بەڕۆژ دەبوونە باڵۆن و بەشەو فس دەبوونەوە و چرچ، ناشیرین...

(ئەم) مەبەستی نەبوو قومار بەچییەوە دەکا، چ بە قاچی چ بە گورچیلەکانییەوە یان بە دوو کونی لووتییەوە.

ئەو کەسانەی کە چاوی سێیەم و چوارەم و سەدەم و هەزارەمیان هەبوو، کەم بوون بەرانبەر بەم کەسانەی کە رۆژ بەدوای رۆژدا کلکیان دەردەکرد و درێژ دەبوون و یارییان بە خاوەنەکەی خۆیان دەکرد، زۆریش هەبوون شاخیان دەردەکرد، پێشبڕکێیەکی سەیر هەبوو لە نێوان کلکەکاندا، هەر هەموویان دەیاندۆڕاند، چاوەکان چەند تیژ دەبوون دوو ئەمەندەی تر کلکەکانی خۆیان دەدۆڕاند...

چاوی واهەبوو دەبووە ئەستێرە، وەکو چاوانی (مظفر النواب) چاوانی رعد بەندەریش تا دەهات برسییان دەبوو...

ئەو شەوە... بەدرێژاییی ئەو شەوە بیری دەکردەوە، بەراوردی دەکرد لەنێوان گۆڕانی قەوارەی ئەو هەموو چاویلکانەدا، قەڵەمەکەشی تا دەهات درێژ دەبووەوە، بە نووکەکەی چاوی خۆفرۆشانی کوێر دەکرد و دەیکردنە تەپڵەک، چاوی سێیەمی خۆیشی دەبووە دەریا، بە رادەیەک دیجلەو فوراتی قووت دەدا، ئنجا لەباتی ئەوەی ببێ بە (شط العرب)

دەبووە (شط الكرد) و دەبووە (شط الگون).

ئەو شەوە دوا.. لەگەڵ کافکاو هێرمان هسەو ئەندرەێ ژید دوا، لەگەڵ تۆلستۆیدا بەیەکەوە ناییان ژەنی.

بتهۆڤنیش گوێی لێ گرت و گرێی زمانی کرایەوە، وتی: "دەڵێن ماسۆنی بوویت، چۆن؟".

حەزیشی کرد قەڵەمێک لە قەڵەمەکانی بچێنێ.. بیکات بە درەخت و هەر ئەو شەوە بۆم و بەرامەکەی بۆن بکات سەیر بوو کە نەگریا، بە نەعلەکەی نەیکێشا بەهیچ سیسرکێکا... دەنگی مارمێلکەیەک هات، پەنجەرەکەی داخست.. قەڵەمەکەی ئاوی دیجلەی کردە مەرەکەب، شەوی وەها خۆشی بەخۆیەوە نەدیبوو، بێ گریان بێ جگەرە، خۆ دومەڵەکەش لەنێو مزگەوتی غەوسدا تەقیوەتەوە، خواخوای بوو ئەو شەوە ببێتە هەزار شەو و شەوێک..

بەڵام هەر بوو بە (شەوێک) ناوی لێ نا شەوی (قەڵەمکێشان)، پێکەنی و وتی: ئەمشەو... شەوی سەدام حوسێن دەبێ بە شەوی شمشێرکێشان سەر دەبڕێ، پیاوەکانیشی قاچ لەدەست جیادەکەنەوە، خەنجەرەکەی (عەلی)یش مل لەسەر جیادەکاتەوە، گوللەکانی (قصی)یش ناوکی شۆڕشگێڕان کون دەکەن، (ئەو)یش بێ عەرەقە تۆ بڵێی مەرەکەب بخواتەوە؟! لەوانەیە بەدەم خەوەوە بەدەست پێک هەڵبداتەوە و هەوا بخواتەوە، ها ها ها ها...

ناوبەناویش بە تیرێک و وەئاگابێتەوە... ها ها ها ها..

نەبیری لە دوێنێ شەوی کردەوە و نە لە سبەی شەوی، ئەو شەوە لەسەر لاپەڕەکانی ژیا، مرد، ژیا، ژیا، ژیا، ژیایەوە بوو بەخۆی، ئەی هەمیشە خۆی نەبوو؟ با.. لەدرۆ و قومارکردنیشدا هەر خۆی بوو، هەر





لە دڵداریدا خۆی نەبوو، کەس بۆی نییە ئەم پرسیارەی لێ بکا، چونکە دەروونناسەکەی هەرئەوەندە دەڵێ کە سەد لەسەد سیاسییەو دڵداریکردنی جۆرێکە لە قومارکردن بە لەش، نەک بە سۆزو دڵ و هەناسە.

قەڵەمە جگەرەکەی لە تەواوبووندا نەبوو، دووکەڵیشی نەدەکرد، خۆیشی وتی: ئەگەر مەرەکەبی تەواوبوو، نووکەکەی دەچەقێنمە دەمارێک لە دەمارەکانم و خوێنم لەباتی خەم و تووتن دەکێشم...

وتیشی: "چیرۆکێک دەنووسم بەناوی خوێنکێشان. ئەگەر خوێنیشم تەواو بوو، خەمەکانم دەکێشم، ئەمانیش تەواونابن و لەکۆتاییشدا مردن دەکێشم... ژیان و پێڵاوەکانم... ژیان و پێڵاوەکانم.. ژیان و پێڵاوەکانم.. ژیان و پێڵاوەکانم" تاقە دروشمی بوو، لەو قۆناغ و دەڤەرەدا بەعس دروشمی زۆر بوو، زۆر، ئەو شەوەش مێرووڵەی وشەکانی لە تەواوبووندا نەبوون، قەڵەمەکەیشی جگەرەیەکی گەردوونی بوو، دووکەڵەکەی سووربوو دەبوونە دڵۆپەی سوور، واتە دووکەڵەکە بەرەو بنمیچ باڵی دەگرت و خەمە کۆنەکانیان هەڵدەمژی و دەبوونە خوێنباران لەلای زۆر نووسەر، بەتایبەتی خاوەنی جگەرەی رۆزمان و کێنت، دڵۆپەکان دەبوونە میزباران، بەڵام خوێنبارانەکەی ئەو شەوە کۆتاییی پێ نەدەهات، دوو کڵاشی بۆریش کون کون بووبوون و چنینەکەیان رزیبوو.. وتی:

– تۆ بڵێی ئەم قەڵەمە جگەرەیە ببێتە گۆچانم؟!

دەیزانی پشیلە رەشەکە – خەمۆکی – لەمانگ و وەرزەکاندا پەلاماری دەداو وشک دەبێتەوە، هەر دەبێتەوە بە قامیش لە کونەکانی هەردوو سەریەوە خوێن هاتوچۆ دەکا، دەروونناسەکەیشی گیری

خواردبوو بەدەستییەوە، فریای دەرزیی ڤالیۆم نەدەکەوت، دەستی کون کون بووبوو، هەمیشە ئەم پرسیارەی لێ دووبارە دەکردەوە:

– چیت دەوێ؟ دنیا بگۆڕی؟ خۆ گۆڕین؟ دەبێ لە خۆتەوە دەست پێ بکا..

– یەخەی خۆمم دڕیوە.. بیدوورەوە، بەزانستی دەروونزانی بیدوورەوە، ئەی سوکرات..

– من ئەگەر بیشیدوورمەوە، بە نەشتەرگەریی دەروونی، تۆ هەر دەیدڕێنی، ئەگەر من یەخەی خۆمم دڕی؟

– بەیەکەوە دەیدوورینەوە..

– بە مردن.. مەگەر بە مردن و خۆکوشتن.

ئەو شەوە جگەرەکەی بوو بە دەروونناسی، بوون بە دوو هاوڕێی سوپەر، فرمێسکی شیرینیان دەردەدا، گڕەیان دەهات بۆ رووناکیی رۆژ، رۆژیش هەر نەدەبووەوە، مەلای مزگەوتی (ابو حنيفة) بانگی دا، دوای ئەوە بانگی مزگەوتی –کاظمية–ش لە دوورەوە ئاسمانی درووژاند... أشهَدُ أنّ عَليّاً ولي الله – یش هەروەها – الصلاة خير من النوم – پیرێژنی داچڵەکاند، تەقەتەقی پیاڵەو قۆری ئەوانی تر داچڵەکاند، پایتەخت لەخەو هەڵسا بەڵام نوێژی نەکرد.. (ئەم)یش لە گەرمەی قەڵەمکێشان و لەو تاریک و روونەدا نوێژی تایبەتی خۆی دەکرد، دەتوت وەکو کۆتر منارەی مزگەوتی ئەبو حەنیفە بەجێ دێڵێ و لەسەر منارەی مزگەوتی غەوس پشوو دەدا...

گمەگمی ئەو تاریک و روونە دەنگێکی خنکاو و داخراوبوو، نەیزانی کەی بەرز دەبێتەوە، کێ دەیخوێنێتەوەو کێ دەستنوێژی خوێندنەوە دەگرێ، لەوانەشە ئەو دەنگە هەر کپ بکرێ، (ئەم) ئەم پێشەکییانەی





بە خەیاڵدا نەدەهاتن، حەقی بەسەر زەمەن و زەماندا نەبوو، لەسەرووی هەموو شتێکەوە بوو، وتی: گرەوی چاوی سێیەم و شەوی قەڵەمکێشان... تۆبڵێی کەی بڵاو دەبێتەوە؟ نابێتەوە، ئەمیش هەر زیندەبەچاڵ دەکرێ، هەر وەکو ئەڵوەن.

دڵۆپە خوێنەکان دەبارینە سەر نێوچەوانی، کە بووبووە لاپەڕە، خەت و لۆچییەکانی نێوچەوانی بووبوونە دێر، ئیدی نێوچەوانی بووبووە تەختەیەکی ڕەش و سپی، وشەکانیش خوێناوی بوون، هەر وشەیەک دڵۆپەیەک بوو، نەشبوون بە دەریاو کانی، دڵۆپەکان وەکو بلوور وەکو بەفرو کریستاڵ لەسەر تەنافی خەتی نێوچەوانی هەڵواسران... نەیوێرا سەیری ئاوێنە بکات، دەترسا چاوی سێیەمی بەتیشکی کریستاڵی بیری و ئەڵماسی وێنە شیعرییەکانی تیژتر بێ.. بۆیە سەیری قەڵەمە جگەرەکەی کرد و وتی: ئەگەر تەواو ببێ تەواو دەبم.

شەفەق ئاسمانی سڕییەوە، تیشکی هەتاویش بوو بە خەنجەرو گوێزان سەری تاریکیی بڕی، ئەستێرەکان خەویان لێ کەوت، هەتاویش گاوڵکیی کرد، لە دوورەوە گوێت لە ترپەی هەنگاوی تیشکەکانی بوو دەهات وتی:

"گڕەم دێ بۆ ئازادی.. ئازادی لە ژوورەکەی خۆمدا... لە نیشتمانەکەی خۆمدا، لەناو گۆڕو زیندانەکەی خۆمدا".

پێستی دەخورا بۆ زیندان، حەزی دەکرد سەری پشیلەیەک یان پێ و پلی بۆقێک ببڕێ و زیندانی بکرێ، بەڵام هەر دەیتوانی سەری خەونە تایبەتییەکانی ببڕێ، ئەگینا خۆ خەونە گشتییەکانی کە بووبوونە بینایی چاوی سێیەمی وەکو پرۆجەکتەر، بەربەرەکانێیان لەگەڵ رووناکیی پەنجەرەکەیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ساتانە شەو و

ڕۆژ سەری یەکترییان دەبڕی، تەرمی یەکترییان دەناشت، فاتیحایان لەسەر گۆڕی یەکتر دەخوێندەوە، نوێژی مردنیان لەسەر ڕۆحی یەکتر دەکرد...

(ئەم) خۆی و قەڵەمە جگەرەکەی وەکو دوو هێڵی هاوتەریب چەقینە ناو سەنتەری گۆی زەوی، زەوی بوو بە دوو کەرتەوە، ڕێک وەکو سێوێک... وتی: نیوەی نێرەو نیوەکەی تری مێیە، کەچی من نێرەمووکم! ئەمە چەندی بە چەندەو کێ تێم دەگا؟

نووکی قەڵەمە جگەرەکەی کول نەدەبووەوە، دەستی کرد بە گاڵتەکردن بەو گەوجانە کە دەیانوت (بۆی دەنووسن، یان کوردی نازانێ)... جرتێکی بۆ کێشان و دەستی ڕاستی ماندوو بوو، هەرسێ پەنجەکەی خەریک بوون وەکو گەڵای زەیتوون سەوز بن، بەڵام هەر بوون بە گەڵای سوور و وەرینە سەر نێوچەوانی، تاڵە مووەکانی قژیشی بوون بە گەڵا، مووەکانی دەست و قاچ و بن باڵ و بەریشی بوون بە گوڵ، هەریەکەیان و بەشێوەیەک گۆڕانییان چڕی.. (بووین بە کوردستان، بووین بە پەپوولەی سووری عێراق، ئازادی و تیشک دەبەخشینە زیندانییەکان، مردووەکان، شەهیدەکان، پێشمەرگەکان)...

فرمێسکەکانی چاوی سێیەم زاوزێیان کرد و (چاوی چوارەم) لەدایک بوو، نەخشەی گۆرانییەکی نوێی داهێنا، نۆتەکان بوون بە برژانگ، لەپی دەستی چەپی بوو بە پێڵو، خەتەکانی لەپی دەستی چەپی بوون بە دەمار، چوونە ناو یەکتر، دڵۆپێک خوێنی وشە بوو بە گلێنە، بۆچی هەر لەو ساتەوە تا ئەمڕۆ چاوی چوارەمی هەر سوورە؟.. قەدەری وابووو وایش دەبێ، ئەی نەمانوت چاوی سێیەمی هەمەڕەنگ





بوو؟ نانا بێ ڕەنگ بوو، نازانم بەهەرحاڵ چاوی سێیەم لەگەڵ چاوی چوارەمدا نەک تەنیا هەر تەواوکەری یەکتری بوون، بەڵکو بەیەک ئاواز هارمۆنییان دروست دەکرد، لە سەرەتادا خەریکی خوێندنەوەی فەرهەنگی جیمس جۆیس بوون، ئیدی لە جۆیسەوە فێری تازەگەری بوون، عەبای کۆنەپەرستییان دڕی و کوتکوت کرد...

وتی: دەبێ چاوەزار لە مل بکەم!.

چاوی چوارەمی تەوقی سەری هەڵبژارد، شوێنەکەی ستراتیژی بوو، نا نا تەنیا ئاسمانی نەدەبینی، بەڵکو ئەریەل و ڕادارو ملیار شەپۆلی هەبوو، ڕۆحی هەموو زمانەکانی بۆن دەکرد و پەخشی دەکردن، وەکو چاوی سێیەم کاری چاودێریکردنی نەبوو، بە ئارەزووی خۆی یاریی بە کاتی دەکرد، ئسفەنجی تیشکی ڕۆژبوو، جێگۆڕکێشی بە وەرزەکانی دەکرد، پردی دەکردە کەشتی و ڕووباری دەکردە درەخت، بەردی دەکردە ماسی و دۆزەخی دەکردە کتێبی سەرمایەی کارل مارکس...

تائێستاش کەس ئەو چاوەی نەبینیوە، نە کۆمپیوتەر لەحەقی دێ و نە ئینتەرنێت و نە ئاژانسەکانی جیهان و نە ڕادیۆو نە سەتەلایت و نە کەناڵە ناوخۆییەکان... کەس نەڵێ:

– پرسیارەکانی چاوی سێیەم مێ بوون و هی چاوی چوارەم نێربوون، یان بەپێچەوانەوە..

یان: هەواڵەکانیان گیا بوون و شیکردنەوەکانیان دەنکی هەنار بوون و چیرۆکەکانیان بڕوایان بە مێشک شۆردنەوە نەبوو.. ئەندامی زاوزێکردنیان هەبوو یان نەبوو، یان شێوەیان لەدوو گورچیلە دەچوو... یان شارەزاییان دەربارەی هێماکانی ماسۆنییەت هەبوو یان نا، یان

لە زانستی سیخوڕیدا لووتەکانیان وەکو لووتی سەگی پۆلیسی بوو، یان لە هەڵسوکەوتیاندا ئەکتەرئامێز بوون یان یان یان...؟

رۆژی لەدایکبوونی چاوی چوارەم لە رۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی مووسا و عیسا نەدەچوو، نا نا نا... با گرەوێک بکەین... دەبا بەڕاشکاوییەوە قسە بکەین، رۆژی لەدایکبوونی چاوی چوارەم بەپێچەوانەی مێژووی رۆژی دامەزراندنی بناغەی مزگەوتی (سلێمان) بوو، ها؟ چیتانە؟ ئەی (ئەم) نەیوت: ژیان و پێڵاوەکانم؟ پیشەی چاوی چوارەم کلک برینە، چ کلکی پێشەوە، چ کلکی دواوە، چ شکاندنی شاخە. برژانگەکانی چاوی چوارەم لە ئەڵماسیش تیژترن، شووشەی مزگەوتی سلێمان وردوخاش دەکەن.. دەبڕن.. دەیانبڕن... چاوی چوارەم دەڵێ: بڤەیە... بیبڕەوە.. وس! وس!

جوانیی چاوی چوارەم لە جوانیی دار تووەکانی ئەوبەری خانەقین زیاترە! نا، کێ دەڵێ چاوەکان یۆتۆپییان؟ چاوی چوارەم حەزی لە گەشتکردنە، لەشوێنی خۆیدا سەقامگیرە، بەڵام گەشتی ساتانەی خۆی هەیە، پەردەی کەوالیسەکان دەماڵێ، بە لاستیکێکی ئەفسووناوی داستانە رەشەکانی کۆنەپەرستی دەسڕێتەوە.

ئەم وتی: بۆم نییە چیتر کارە نهێنییەکانی چاوی چوارەم ئاشکرا بکەم.. ناوێرن کوێری بکەن نا، چونکە ملیار چاو رێپێوانی بۆدەکەن هەتاکو چاوە خێڵەکانی جان پۆل سارتەر گۆڕستانی مونبارناس بەجێ دێڵن و چەپڕەوەکان ترۆتسکی بانگ دەکەن...

چاوی چوارەم رەخنەی لە چاوی سێیەمی گرت، وتی:

– بەسە دروشم خوێندنەوە... چونکە:

ئازادی = زیندان





مردن = ژیان

سێبەر = راستی

تاریکی = رووناکی

هتد..

چاوی سێیەم خەریک بوو کوێر دەبوو؛ چونکە لەو بڕوایەدا بوو کە مردن دژی ژیانە و تاریکی دژی رووناکییە، وا فێر کرابوو، چاوی سێیەم تووتی نەبوو نا، چاوێکی زیرەک و جوان بوو، بەڵام سیفەتی هاوبەشی هەبوو لەگەڵ چاوی سێیەمی هاوڕێیانی خۆی، بەڵام چاوی چوارەم تاقانە بوو، نە کەناری دەریا بوو، نە رەگوڕیشەی درەخت بوو، نە لووتکەو ترۆپکی شاخ بوو، سەرماو گەرمای نەدەزانی، بە مردوویی دەژیا و بە زیندوویی دەمرد...

شتەکانی تێکەڵی یەکتری نەدەکرد بەڵام حەزی لە ئەدەبی فەلسەفەو لە فەلسەفەی ئەدەبی دەکرد.. چاوی سێیەم بەغیلیی بە دینامیکییەتی چاوی چوارەمی دەبرد، دەیوت:

– هەنارە.. نەدەزانی شیرینەو نەدەزانی ترشەو، نە دەزانی مێخۆشە! هەرجارێک و بەشێوەیەک تام دەبەخشێ، خانەی دەنکەکانیشی لە قەڵا دەچن...

سپێدە ماڵئاوایی لە تاوانەکانی ئەو شەوەی کرد، (ئەم)یش هەر موعتادی کێشانی قەڵەمە جگەرەکەی بوو، رزگاری بووبوو لە دومەڵە شێرپەنجەییەکەی، وردە وردە پێستی دادەکەند و پێستێکی نوێی لەبەردەکرد، سەیری پەڵەکانی خوێنی دوێنێ شەوی کرد، هەموو رووداوەکانی دوێنێی بەبیرهاتەوە، ناوبەناویش لە قەڵەمەکەی ورد دەبووەوە، دەترسا تەواو بێ، ناچار بوو بیدوێنێ، بەڵام لەپڕ بێدەنگ

بوو، ترسا سەری لێ بشێوێنێ و تەشقەڵەی بەیانییانی پێ بکا، فێربووبوو خەمۆکیی خۆی بکاتە تەشقەڵە، ئەو جۆرە تەشقەڵانەیشی بۆ زاخاوی زمانی خراپ نەبوون، حەزی کرد تەشقەڵە بە ئاوێنەکەی بکات، کە چاوی چوارەمی هەڵبڕی، ئاوێنەی نەبینی، چاوی سێیەمی ئالوودەی ئاوێنە بوو، بەڵام چاوی چوارەمی ئاوێنەی زەمان بوو، حەزی نەدەکرد ناوی ئاوێنەی رۆژگاری لێ بنێ.

روخساری چاوی چوارەمیشی لە سەعات دەچوو، سەعاتێکی بێ نمرەو بێ میل، کەچی کاری دەکرد و یاریی بە زەمەنی دەکرد، هەروەها یاریی بە وەرزەکان و کەشوهەوا دەکرد، تفی رۆدەکردە سەر پیسایی ژینگە و تاقەتی گوێلێگرتنی رادیۆی بەغدای نەبوو، بۆیە هەواڵی پەخش دەکرد و بۆخۆی ئاژانسێکی سەیرو سەمەرە بوو، (ئەم)یشی ناچارکردبوو لە ژوورەکەیدا دابنیشێ و قەڵەمە جگەرەکەی بکێشێ و وەک بڵێی قاچەکانی ئیفلیج بن، ئەم خەمۆکییە نوێیەش ئالوودەی دانیشتنی کرد.

دەموچاوی نەشۆرد، چایشی نەخواردەوە، میزیشی نەکرد، ترسا نەوەک جنۆکەی ئاودەست دەست بوەشێنێ لە چاوی چوارەمی، حەزیشی نەکرد گوێ لە راڤەکانی دەروونناسەکەی بگرێ، وتی:

– ئەگەر دەروونناسەکەم ئاگادار بکەمەوە، بە ئارەزووی خۆی قورمیشی دەکا، با ئەمجارە من قورمیشی چاوی حەوتەمینی ئەو بکەم... مێشکی من و مێشکی ئەویش چاوێکی دین.. ئەم چاوە هاوبەشەیش بەخششی خوایە، باهەر بەدزییەوە کاری خۆی بکا، ئەگەرچی دەیزانی و دڵنیاش بوو ئەگەر دەروونناسەکەی چاوی بە چاوی چوارەمی بکەوێ، چاوەکانی خۆی لەکار دەکەون و چاوی





یەکەمی کوێر دەبێ، کاریگەریی چاوی چوارەم زۆر بوو لەسەر شاخی زۆر کەس، لە دوورەوە تیشکی رەوانەی شاخەکانی دەکرد و دەیتواندنەوە، دەیکردن بە تۆز، دەیهاڕین، وتی:

– بەهۆی چاوی سێیەمەوە ئاوێنە بووم، چاوی چوارەم ئاوێنەکانی گەردوونی وردوخاش کرد، لەوانەیشە بڵێ جیڤارا پیاوکوژ بووە، مەسیح پەسەند بکا، وا خەریکە دەبێتە کەشتیی ئاسمانی، دەترسم لەکاربکەوێ، نا نا.. ئێستا هەواڵە شارراوەکانی هەرسەهێنانی یەکێتیی سۆڤیەتم بۆ دەهێنێ، کرۆکی پیرۆسترۆیکا دەچڕێنێ...

لەوانەیە ئەم چاوەم، سەرانسەری گەردوون بکاتە چەپرەو، نا یەک رەهەندی نییە، ئەفلاتوونیشی خۆش دەوێ، ئیرێک فرۆمیش دەناسێ و لەگەڵ چاوی نیچەدا دڵداری دەکا و حەزیشی لە ولیەم رایشە، خۆ فرۆید و یانگ و ئدلەر دەپەرسێ! نا نا.. ئەم چاوە هیچ شتێک بە پیرۆزی لەقەڵەم نادا، وەکو چاوی سێیەم نییە، شەڕەنگێز نییە، تەنیا ئەقڵی پووچ دەتوێنێتەوە، تۆ بڵێی تیزاب بێ!

چاوی سێیەم وتی:

– پیشانی کیمیاو فیزیاگەرانی مەدە..

باوی رادیۆ رەشەکەی نەما، چونکە خەریک بوو باسی درۆکانی (التصنیع العسكري) و حوسێن کامل بکا.

بە رەوانەکردنی تیشکێک، پیلەکانی رادیۆ رەشەکە توانەوە، رادیۆی ماڵ و دووکان و دەزگاکانی پایتەختیش لە گۆ کەوتن، دانیشتوانی پایتەختیش سەرسام بوون، دڵیان خۆش بوو کە ئەو بەیانییە گوێ لە دەنگوباسی رژێم ناگرن، لەپڕ دەنگوباسی تر پەخش کران، خۆ وەنەبێ موخابەراتی عێراقی واقیان وڕ نەمابێ، بەڵکو کون بەکون بەدوای

سەرچاوەی ئەم هەواڵانەدا گەڕان، بەڵام دۆش دامان و هەوڵەکانیان بێ سوود بوون.

بە ڕەوانەکردنی تیشکێکی مۆر دیواری هەموو ماڵەکان بوون بە لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکی نوێ، بە ڕادەیەک نەخوێندەوارەکانیش دەیانخوێندەوە، چونکە پیتەکان سەیر بوون، نە عەرەبی بوون و نە پیتی زمانەکانی جیهانی، یان نۆتە، یان زمانەکانی لۆکاڵی، هەموو چاوەکان زاخاو کران، گوێیەکان پاک بوونەوە، مایەوە زمانەکان کە فێری وتنی (نا)بوون ئەویش بە دزییەوە، چونکە لەسەر خەون و خەونگێڕانەوە خاوەنەکانیان لەسێدارە دەدران.

خەڵکی وایان زانی ئەم دیاردەیە جۆرێکە لە درم و پەتا.. نەیانزانی کە چاوی چوارەم بڕوای بە شانەی حیزبی نییە، بڕوای بە چاپخانەکانی ژێرزەمین و ڕاپۆرتنووسین و فەرمانی سەرانی حیزب نییە، تەنانەت حیزبە نهێنییەکانیش وروژان، یەکسەر دژی ئەم دیاردەیە وەستان و ڕایان وەکو ڕای موخابەراتی عێراقی بوو، ئیدی شوێن و کون و کەلەبەر لە پایتەخت نەما نەیپشکنن.. (ئەم)یش بەبێ ئاوێنە قژە ماش و برنجییەکەی داهێناو پێ کەنی، بۆ یەکەم جار بە دزییەوە پێ کەنی، هەر هەواڵێک تێلایەک بوو دەچووە ناو قنگی چەنەبازەکانی ڕاگەیاندن و میدیای عێراقەوە..

گۆرانیی ئاگرینی پەخش نەدەکرد، چونکە دەیزانی ئەو گۆرانییە ئاگرینیانە دەبنە مایەی زمان و گوێبڕین و لەسێدارەدانی هەر هەموو (ئەو)یش کاریگەریی تیشکەکانی بەرنەکەوت لە خەو هەڵسا تفێکی ڕۆکردە نێوچەوانی ڕۆژەکەی و دووبارە خەوتەوە، حەزی نەدەکرد خوێنی خۆی بخواتەوە، نەشیدەتوانی بەبێ عەرەق هەناسەبدا، لێی





ڕاکشاو بەهیوای دەستپەڕێکەوە، چاوەکانی لێکناو لەپڕ دەستەکانی لەکارکەوتن و (وەک بڵێی پشووی کاتیی وەرگرتبێ) بۆی خەوت.. تاقەتی نەبوو تێبگات، لە وزەی چاوی چوارەمی (ئەم) تێ بگا یان پووچەڵی بکاتەوە.

مەلاو ئاینپەروەران پەنایان بردەبەر کتێبە ئاینییەکان، بەڵام هیچ جۆرە وەڵامێکیان بەدی نەکرد، نەیشیانزانی ئەم چاوە جەربەزەیە بە گومانەوە دەیانکوژێ.

چاوی چوارەم، تیشکی گومانی بڵاو کردەوە، دیکارتی لەخەو هەڵنەساند، نا گومانێکی ترسناک بڵاو بووەوە بە ڕادەیەک مامۆستاکانی خوێندنگاکان گومانیان لە خوێندکارو ئەلف و بێ و تەختەی ڕەش کرد و خوێندنگاکانیان بەجێ هێشت، خوێندکارانیش بوون بە چۆلەکەو کۆلارەو هەڵفڕین، ژنانی ماڵیش گومانیان لە ئاگری ئاشپەزخانەکانیان دەکرد و نەیاندەوێرا برنج و نیسک و نۆک و پاقلە لێبنێن.

هەتاکو داهێنەرانی فیلمەکانی کارتۆنیش گومانیان لە بەرهەمەکانی خۆیان کرد، چاوی چوارەمیش لەسەرخۆ بەبێدەنگی هەڵدەفڕی و بەبێ میل و نمرە و چالەو چرکەچرک زەمەنی وەستاندەوە، ئامێرە مۆسیقاییەکان شەڕیان لەگەڵ گۆرانی و سروودی جەنگ، جەنگە حیزەکان.. (قادسیة صدام وام المعارك) کرد، بە ڕادەیەک ئێزگەی بەغدا بوو بە میزو پیسایی، زۆربەی زۆری عێراقییە چەنەبازەکان و گوێ و کلک و شاخدەرکردووەکان بەلەسەو هەراسان بوون، نەیاندەوێرا بکەونە مقۆمقۆ، دیواری ژوورەکانیان بوون بە ئاوێنە، هەر شاخ و کلک بوو بە هەزار مەوداو ڕەهەندەوە بەرجەستە دەبوون و

وەنەبێ چاوی چوارەم بە خوێن کاری کردبێ، یان بە ئۆکسجین، یان بە ئاو، یان بە شەپۆلی گەردوونی، بەچاوە ئاساییە کزەکانی (ئەم)ی وت:

– لێزەرتان ناوێ، کوێریش بن من هەم.

(ئەم) دڵنیابوو لە قەڵەمە جگەرەکەی، چاوی چوارەمیشی مژدە بوو، بۆ خۆی چەکدار بوو (ئەو)یش لەسەریەک پێی دەوت:

– سەرت پڕە لە بتڵی گاز، دەتەقێتەوە، هەر دەتەقێتەوە، نەیدەزانی دومەڵ بتڵی گاز نییە و بەشێوەیەکی تر دەتەقێتەوە، شوێن نەما بگرە هەر لە گۆڕستانەکانی بەغداوە تا نزرگای شەخسەکان و مزگەوتی وەلی و مۆزەخانەی عێراقی و.. و.. و.. مزگەوتی (ابوحنیفة)و پاشماوە کۆنەکان وەکو تاقی کیسراو (الجنائن المعلقة)و پەیکەری حامورابی، تا گۆڕستانی غەزالی و شێخ مەعرووف و پاشماوەی سکرابەکان، تا پرد و بەردە گەورەکانی دیجلەو فورات، تا زەمەنی ئەمەوی و عەباسییەکان، تا تا تا..دێ..

تیشکێک بڵاو بووەوە پیاوەتیی نەگەڕاندەوە بۆ لە پیاوەتی کەوتووەکان.. نا، تیشکەکە هەواڵێکی بڵاوکردەوە، وتی:

– بەداخەوە ئەو بەرازە پیاوانی عێراقی لە پیاوەتی خستووە، دەرمانێک هەیە، شوێنەکەی بدۆزنەوە و فریای خۆتان بکەون، چونکە ژنانتان، کچەکانتان، شەو بەدزییەوە سۆزانین و نرخی پەردەی کچێنی (٢٥٠٠٠٠)ە.

چاوی سێیەم چاوی یەکەم و دووەمی دواند، کۆبوونەوە، وتیان:

– حکومەتێکی تازە لەناو ئەم سەرەدا لەدایک بووە. دوا هەواڵی ئێمە تەنیا سۆزانی کوشتنی فیدائییەکانە. هەواڵەکانمان کۆنن، با





فریای خۆمان بکەوین.. چونکە کاری ئێمە لەوانەیە هەر تەنیا ناشتنی ئەو ژنانە بێ کە بەناوی سۆزانێتییەوە سەریان بە شمشێر دەبڕێ و جەستەکانیان فڕێ دەدرێنە ناو عەلاگەی ڕەشی خۆڵەوە.

چاوی چوارەم سێبەری دەکردە گۆشت و خوێن و پەیکەرەکانی تواندەوە، ئاوارەکانی ئەوروپایش بڕیاریان دا شەو بینە هەڵۆو سەردانی نیشتمان بکەن و بۆنی شەپۆلەکانی دیجلە بکەن و سەردانی بازاڕی شۆرجە بکەن، خوا دەکا بەبۆنی سابونی ڕەقی و بەهاراتەوە هەرچی ئاوارەییان هەیە بەهۆی پژمینیانەوە هەڵبتەکێن و کۆڵەکەکانی شەقامی – (الرشید) – ماچباران بکەن...

چاوی چوارەم قەت حەزی نەدەکرد بناسرێت، یان سەرچاوەکانی ئاشکرابن، (ئەم)یش هەر قەڵەمە جگەرەکەی دەکێشاو نە بیری لە چاو و ئاو و دەرمان و نان دەکردەوە، نە چوونە دەرەوەو نە (ئەو)، دەیزانی (ئەو) نووسینەکانی دەپێچێتەوەو روو دەکاتە شاخ.. بۆیە (ئەم) بە ئەوپەڕی بێ باکییەوەو بە ئەسپایی وەکو بلۆک لە ژوورەکەی تەخت بوو و تەنیا چاوەکانی کاریان دەکرد، پێ کەنی و بەخۆی وت:

دەترسم قنگیشم ببێ بە چاو!

ستافی خوارەوەش سەرسوڕماوی بێدەنگییەکەی بوون، وتیان:

– لەوانەیە مردبێ، خۆی بۆگەن دەکا و دەینێژین.

دایکی وتی:

– گووی خوارد، ئەم بێ کەڵک و بەرهەمە، مەگەر شارەوانی لووتیان بگرن و بینێژن.. با بمرێ. مشەخۆرە، رادیۆکەیشی بێدەنگە، دەشت و دەر ناکا، ئاو رۆشنکەرە، بێ عار، چاوقایم، هیچ گەوادێک نایهێنێ.. لەبرساندا مردووە... لەگەڵ هەموو رۆژێک لە دەزگا دەست

لەکاردەکێشێتەوە و وازدەهێنێ، گۆبەنی، زماندرێژ، ماکەر، ئاخرشەڕ، ئەگەر ئێمە نەبین لەبرساندا دەمرێ، بڵێ هەر تەنیا خۆت بژێنە.

کەس تێی ناگات، سەرلێشێواو، ئارامبڕاو، ئاخری شەڕ بوو و شەڕ، چمان جاری شەڕ نەوییە.

چاوی چوارەم، سەیری بەرگی دڕاوی رۆمانی کۆشکی کافکای کرد، وتی:

– نازانم بە تیشکێکم بیرەکانی نەوتی عێراقی وشک بکەمەوە یان نا، گەمارۆی ئابووری نامێنێ، بایعی نامێنێ، ئەم قاچاغچییانە مۆزەخانەکانی عێراقیان فت کرد، تەنیا هەر خورمایان بۆ دەمێنێ، ئنجا کچ و ژن نامێنێ سواری ملیان نەبن.. ئەمەندە بێ ویژدانن لەسەر بەرماڵەکاندا کاری سێکسیی خۆیان دەکەن، توخمەکانیشیان جیاوازییان هەیە لەگەڵ توخمەکانی ئاژەڵ و نێرەکەرەکان...

هەرئێستا ئارەزووەکانیان دادەمرکێنم، لەباتی قۆدگا مەگەر پەرداخی نەوت بنۆشن.

نووسینەکانی سەر دیوارەکان دەگۆڕان، تادەهات کاریگەریی تیشکەکان لە زۆربووندا بوون، دانیشتوانی پایتەختیش هاووڵاتییان، کارمەندان، مووچەخۆران، شۆفێرەکان، بەر یەکتر دەکەوتن و لەباتی ئەوەی داوای لێبووردن لەیەکتر بکەن، بە چاوەکانیان قسەیان دەکرد (بیستم، خوێندمەوە، ئاگادارم، نازانم چی بکەم! نازانم هەڵوێستم چۆن چۆنی دەبێ! کێ لەپشتی ئەم پرۆسەوەیە؟ چ حیزبێک، کام دەوڵەت؟ نازانم نازانین!).

نەوت نۆشین و خوێن دەردان دوابڕیارو دواتیشکی ئەو ساتانەی چاوی چوارەم بوو، دەستی کرد بە خوێندنەوەی رۆمانی (تاعوون)ی





کامۆ، هەر بەزمانی خۆی، (ئەم)یش بە فەرەنسی پێی وت:

– منیش وەکو مارسیل بروست ژوورەکەم بەجێ ناهێڵم، ئەو (گەڕان بەدوای کاتی ونبوو)دای نووسی، منیش (گەڕان بەدوای کاتی دۆزراو)دا دەنووسم، کاتە دۆزراوەکانیش خۆیان خۆیان نوێ دەکەنەوە، بەڵام لە شوێن و کاتێکی تردا... ئەمشەو مردم، ژیامەوە، بەداخەوە نووسەرانی جیهان بەرماڵیان نەبوو، ئەگینا بەزمانی ئەوانیش نوێژم دەکرد، بەڵام باهەر بەزمانی خۆم بنووسم، زمانی سپی، وشەی پەمەیی، بەپیتی مۆر، بەرەنگی پەلکەزێڕینە، لاپەڕەکانم ڕەش نەکرد نا، خوێناوییش نەبوون، سەوزن، باوی پیتی رەش و خوێناوی نەماوە، ستاندالی سەگباب، خۆ لەپشت پەیکەرەکەتدا لە باغچەی لۆکسەمبورگدا ژنە قەڵەوەکە دەرپێکەی داکەند و میزی کرد... لەپشت پەیکەرەکەی مندا گوو دەکەن، پەیکەرێکی گوواویم بۆدەکەن.

رۆژێکیان دایکی پێی وت:

– ئەمەندە خەریکی نووسینیت، دەستکەوتت چی دەبێ؟

وتی:

– دوای مردنم لە گۆڕەپانەکەی بەرانبەر بەماڵی قایمقام پەیکەرێکم بۆ دادەنێن...

– گووووبخۆۆ

– راست دەکەیت نووسەری کورد هەر گووخواردنی بۆ دەمێنێتەوە.. راستت کرد... دەمخۆش.

چاوی چوارەم ئاگای لەم گفتوگۆیانەی جاران نەبوو، دنیای چەواشەبووی (ئەم)ی بەخەیاڵدا نەدەهات، نەشیدەویست بۆ ئایندەیەکی میهرەبان ختوکەی بدا، هەموو قسەیەکی بە فڵتەفڵت

لەقەڵەم دەدا...

بەڵام ئەو شەو و بەیانییە ئامێتە بەیەک بووە، بێدەنگییان زا، هەریەکەو بەشێوازێکی تایبەتی بەرهەڵستیی لە مردن دەکرد.

قەڵەمە جگەرەکە لە تەواوبووندا نەبوو، بۆنی نەوت و خورمای دەکرد، بەڵام گوێزی دەخوارد، کاکڵەکان زۆر بەتام بوون، دانەبەزی بۆ چاخواردنەوە، دووکەڵی قەڵەمە جگەرەکەش بێ بۆن بوو.

برا: لەوانەیە بوورابێتەوە!

دایک: با بتۆپێ... پشیلەیە هەزار رۆحی هەیە.

چاوی چوارەم ئاگای لەم ئاین و ئۆین و کەینوبەینانە بوو و نەشبوو، بەخەیاڵیدا نەدەهات تورکیا دیجلەو فورات رادەگرێ، یان کۆتایی جەنگی سێیەم چۆن دەبێ، بیری لە پلانێکی نوێ دەکردەوە، چۆن مێرووڵەکان شەحن بکا و خرۆکە سپی و سوورەکانی هاوولاتییان ببنە مێرووڵە، مێرووڵەی سوورو سپی و مێرووڵەی نیلین و گونی پیاوان بخورێنن....

نیشتمانێکی سوریالی بەرهەم بهێنێ، خۆ دەوڵەتان هەر خەریکی بەزمی گەمارۆی ئابوورین، نەوت بەرانبەر بە خۆراکی کردە نەوت = عەرەق.

نەوت خەریک بوو ببێ بە رووبار، هەموو مەنهۆڵ و بەلووعەی ئاوەکان و تانکییە گەورەکان داگیر بکا، خەڵکیش تاقەتی ئاوخواردنەوەیان نەما، تینوێتییان تەنیا بە نەوت دەشکا.

(ئەم) بەهۆی قەڵەمە جگەرەکەیەوە گرەی نەدەهات بۆ هیچ جۆرە خەونێک، پاڵی لێ دابووەوە، دەتوت ئیمپراتۆرێکە بۆخۆی، برسێتی خۆراکیەتی و چاوەکانی تاقە سەرمایەیەنی.





چاوی چوارەم لاپەڕەکانی تاعوونی خوێندەوەو لە تەواوبووندا بوو، وتی:

– مشک یانی مشک

مێرووڵەش یانی مێرووڵە...

باش نییە میهرەبانم و کرم و مۆرانەم دروست نەکردووە، بەلانی کەمەوە بۆئەوەی خولە خول خوێنی هاوولاتییان بورووژێنێ، ئەم هاوولاتییانە نە بە مارکس دەبنە پیاو و نەبە فرۆید عاقڵ دەبن و نەبە نیچە فێردەبن، خوادەکا بۆق ببارێتە سەر دەسەڵات.

با بۆق و نەوت ببن بە خۆراکی بەیانییان، بۆ نیوەڕۆ خوا گەورەیە، لەوانەیە زیندانییەکان شۆڕشێک بەرپا بکەن و دەسەڵات بگرنە دەست، یاخود شەهیدەکان زیندوو ببنەوەو ئەم نیشتمانە گسک بدەن.. خۆ پۆخڵەوات بووەتە گەڵای درەختەکان، خۆ گۆرانی قات بووە، خۆ مردنی ئاسایی کۆچی کردووە، خۆ خۆ خۆ...

چاوی چوارەم سەری خۆی بادەدایەوە، وتی:

– خۆ دەتوانم نەوت بکەمە ئاو... خۆ ئەم گەلە لەباتی ئاو نەوت بخواتەوە بە خەیاڵیدا نایەت، چونکە خوێنی ئاسایی تەمەڵی کردووە.

تۆ بڵێی بە خوێنی نەوتاوی شۆڕشێک بەرپا بکا؟!

یەکسەر تیشکێکی پەخش کرد و رووباری دیجلە بوو بەرووبارێکی تر، لە بەلووعەکانەوە نەوت دەهات، نەوتی بێ بۆن و بێ ڕەنگ – هەرکە دایکی بۆ نوێژی نیوەڕۆ چووە ئاودەستەوە هاواری کرد:

– تارەت بە چی بکەم، ئاوەکە بووە بە نەوت!.

ئەمیش لە شوێنەکەی خۆیەوە بزە گرتی.. زانیی ئیدی ناوگەڵی ژنی

عێراقی نەوتاوی دەبێ، ئیدی تەنیا بە تەڵە شقارتەیەک ئاگر دەگرێ، وتی:

ئەمڕۆ کەس دەستنوێژ ناگرێ، هەتاکو مەلاکانیش دەترسن ناوگەڵیان نەوتاوی ببێ....

پایتەخت نوێژی نیوەڕۆی نەکرد، پایتەخت لەباتی ئاو نەوتی خواردەوە، منداڵەکان شیری نەوتاوییان خواردەوە، درەختەکان ئاوی نەوتاوییان هەڵمژی، بە تەڵە شقارتەیەک عێراق ئاگری دەگرت، کەچی هاووڵاتییان نەسووتان، تەمەڵیش نەبوون بەڵکو ئاوسان، زلتر بوون، قەوارەو سەنگ و شێوەو روخساریان سەوز بوو، فرمێسکیشیان نەوت بوو، چاوەکان قرچەیان دەهات، خوێن لە عێراقدا نەما، بە دۆلاریش کەس نەیدەتوانی دڵۆپە خوێنێک بکڕێ، پیاوان ترسان توخمەکانیشیان نەوتاوی بن، منداڵدانی ژنان بە نەوت تەڕ بوون، شانەکانی لەش وەکو ئسفەنجی لێ هات، سەعافی دارە خورماکانیش سەوزتر بوون، قورستر بوون، سوننییەکان سەرسام بوون، شیوعییەکان بێ دەسەڵات بوون، کەس نەیتوانی باسی بارانی ئاسمان و هەڵهاتنی خۆرو باران بکا... تەنانەت پزیشکەکانیش نەیاندەتوانی شرینقەی ئەنتی نەوت دابهێنن، دەرمانخانەکانیش کاریگەریی ئەوتۆیان نەما... زێرابەکانیش بۆنی نەوتیان لێ دەهات، دەستەواژەی (نفط العرب للعرب) لە مێشکی عێراقییەکاندا سڕایەوە، دەسەڵات نەک تەنیا سەری سوڕما، بەڵکو پەنای بردەبەر کیمیاگەرانی جیهان، ئەندازیارانی نەوت قوڕیان گرتەوە، دەیانزانی لە مانگی چواردا هەورەکان نەوتاوی دەبن و لەپڕ نەوت دەبارێ، لەوانەشە دیجلەو فورات بە لافاوێکی نەوتاوییەوە عێراق رابماڵن.. چەکی





کیمیاویش دابماڵن...

چاوی چوارەم بە تیشکێکی، دڵی (ئەم)ی کردە پاڵاوگە، (ئەم)یش لێی بێدەنگ بوو، قەڵەمە جگەرەکەی قەڵەمێکی ئەفسووناوی بوو، ئاگری نەدەویست، یەکجار داگیرسایەوەو نەکوژایەوە. وتی:

– مەرەکەبی نووسەرانیش نەوتاوی دەبێ، وشەکانیش نەوتاوی دەبن، لاپەڕەکانیش لەکەدار دەبن، دەرپێکانیشیان نەوتاوی دەبن...

نانەواکان ترسان هەویری نەوتاوی بشێلن، چونکە فڕن و تەنوورەکان گڕ دەبەخشنە گیانی هاووڵاتییان و چارەیان نەبوو.

پێش هەموو کەسێک دەیانزانی کەس داوای نانیان لێ ناکا، هەروەهاش چایچی و شاگردەکانی چێشتخانەکان دەستیان لەکار کێشایەوەو برسێتییان هەڵمژی.

ئەو رۆژە مردووەکانیش بەنەوت شۆرران و سپێرران بە خاک، دەسەڵات نەیزانی بەهۆی کەناڵ و میدیاکانییەوە چ جۆرە هەواڵێک پەخش بکا، راوێژکارەکانیش فنیش کران، دەزگای (التصنیع العسکري) لە کار کەوت، نە عەرەق بوو بە دەرمان و نە دەرمان بوو بە دەرمان، خەڵکیش ئاگریان بەکارنەهێنا، دەیانزانی ئەم بڕیارە بڕیاری حکوومەتە و دەبێ جێبەجێی بکەن، کەس جگەرەی نەکێشا.

سنوورەکان داخران، نەوت بوو بە پەتا، بە درمێکی سەیر، مەلاکان شەوان درەنگ قورئانیان دەخوێند، فاڵچییەکان خەریکی نووشتەنووسین و سیحرداهێنان بوون، بەڵام چاوی چوارەم سیحرەکانیشی پووچەڵ کردەوە، کەس بەلووعەی نەکردەوە، کیمیاگەرانیش هەواڵی بەنەوتبوونی (شط العرب) نیگەرانتر بوون، وردە وردە ئۆکسجینی عێراقیش بۆنی نەوتی لێ دەهات، کوردیش بەم

دیاردەیە سەرسام بوو، سەرانی کوردیش ژێر بەژێر خەڵکیان دڵنیا دەکردەوە، بەڵام نەیانتوانی ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی زانستی راڤەو شی بکەنەوە، دانیشتوانی کەرکووک و خانەقین پێ دەکەنین.. تەنیا بازرگانەکان تۆزێک نیگەران بوون.. بە ئاسانی بتڵیان پڕ کرد لە ئاو، بەڵام نیگەرانی بازاڕە گەورەکانی پایتەخت بوون، نیگەرانی کارو کاسبیی خۆیان بوون...

حکومەت و ئەمن و موخابەرات لەکارکەوتن، بێ ئومێدی عێراقی داپۆشی، ژیان وەستا، بەریتانیاش هەموو راوێژکارەکانی خۆی کۆکردەوەو نەیتوانی یارمەتیی خۆی بدات، بۆئەوەی بنکەی خۆی لەم درمە رزگاربکا، هەروەها دەوڵەتانی ئەمەریکاو دەوڵەتانی رۆژهەڵات و وڵاتە عەرەبییەکانیش نیگەران بوون، بە رادەیەک عەگاڵەکانیان بەپێچەوانەوە لەسەر دەکرد، بە چاو و راو خەڵکیان چەواشە کرد، سەیربوو کە هاووڵاتییان بێ دەربەست بوون، چونکە بە هەموو شێوەیەک، هەتاکو بەگڕگرتنیشیان، قایل بوون بە نەوت تێربن. حکوومەتیش تەنیا بۆ تارەتگرتنی، ئاو و خواردنی لە دەرەوە بۆ دەهات.. ئەم کێشەیە جێی سەرسوڕمانی (طارق عزیز)یش بوو.. وتی:

– لەوانەیە ئەمشەو عێراقییەکان وەکو (اصحاب الکهف) بنوون و دوای هەزار ساڵ زیندوو ببنەوە، ناچار بوو قورئان بەزمانی ئینگلیزی بخوێنێتەوە، (عزت الدوري)یش خۆی بە دەروێش لەقەڵەم دەدا و وای دەزانی نەوت کار ناکاتە سەر ئاژەڵەکانی، بۆیە (تەها یاسین رەمەزان)و ئەوانی تر، هەر وەکو جاران کەڕ و لاڵ و بوون، وشەی (سیدي)یشیان بۆنی نەوتی لێ دەهات، بەڵام قووتیان دەدا.

چاوی چوارەم نەگریا، بووە داڵدەی رۆحە پاکەکان، نزاو پاڕانەوەش





کاریان لێ نەدەکرد، بە رەوانەکردنی تیشکێک حکومەتی خەواند، هاووڵاتییانیش تا بەرەبەیان شەونخوونییان کرد. (ئەم)یش نە قەڵەمە جگەرەکەی تەواو بوو، نە میزی دەهات و نە برسیی دەبوو، وای دەزانی لە خەونێکدایە، لەپڕ رادەچڵەکێ خۆی لە کۆڵانەکاندا دەبینێتەوە.

باڵیۆزخانەکانیش بە فەرمانی حکومەتەکانیان بێدەنگ بوون، بۆچوونەکەی (طارق عزیز)یش پێچەوانە بوو، پایتەختیش کشومات بوو، حەسحەس و پۆلیسەکانیش چەکیان فڕێ داو (نعم سَيّدي)یان لەبیر چووەوە....

لەو ماوەیەدا نوکتەکان بوون بە پەتا، لەباتی گریان خەڵکی پێدەکەنین، لەنێوان خۆیاندا دەیانوت:

– زۆرباشە، منداڵدانی ژنەکانیشمان بوونەتە بیری نەوت، وەکو کوێتی و سعوودی و ئیماراتی و عومانییەکان دەژیین.

یان: دۆشاوی تەماتەش سەوز بووە، حیزبی بەعس چیی نەکرد؟

یان: تۆ بڵێی عێراق گڕ بگرێ؟

– ئەی چەندین ساڵە گڕی نەگرتووە؟

– گڕەم دێ بۆ گڕ.

بتڵی شیری منداڵان پڕبوون لە نەوت، چاوی چوارەم بیری کردەوە، دەیشیزانی ئەم منداڵانە کە گەورەبن دەبنە کوڕی سەرۆک کۆمارو چیلکەو ئاگری جەنگەکانی، یان دەبنە فیدائی و پۆلیس و موخابەرات، بۆیە زۆر بێ دەربەست بوو، کارێکی وای کرد کە تۆزێک خەواڵووبن و نەگرین، دایکەکانیان هەراسان نەکەن، منداڵانیش داوای فیلمی کارتۆنیان دەکرد، تەلەفزیۆنیش نە پاپای پیشان داو نە تۆم و جیری و

نە سندیباد.. بۆیە زوو خەویان لێ کەوت و ژنانی عێراقیش برسیی بوون، بەڵام لە هەموویان زیاتر (ماجدات) بەهۆی ئەم دیاردەیەوە خەریک بوون لەچکەکانیان فڕێ بدەن و بازاڕو دام و داڵان بکەن و ئیدی تۆبەیەکی هەمیشەیی بکەن و بە خۆیان بڵێن: (ڕۆژێ لە ڕۆژان عەیامێک هەڵخەڵەتاین و بووین بە ماجدات)..

عێراقییەکان خەوتن، هەتاکو شێتەکانی شێتخانەش، تەنیا چاوی چوارەم و (ئەم) نەخەوتن، نە برسییان بووو نە تینوو، چاوی چوارەم وتی:

– عێراقییەکان تێربوون لە نەوت..

– بەڵێ..

– تۆ هەر خەریکی قەڵەمی جگەرەکەت ببەو خۆم دەزانم چۆن دەستکاریی خەونی عێراقییەکان دەکەم...

– بۆ تۆ دەستکاریی خەونیش دەکەیت؟

– دەروونناسانی ڤییەنا دوای خەوبینینی نەخۆش، خەون شی دەکەنەوە... بەڵام من تەنیا یەک خەون دەبەخشمە چاوانی هەموو عێراقییەکان.. خەونێکی راستەقینە کە بێتە دی و کەس نەتوانێ پووچەڵی بکاتەوە..

– منیش خەونەکانم.

– دەزانم.

چاوی چوارەم بەو شێوەیە عێراقی بەجێ هێشت، فرمێسکێکی شینی فەیرووزەییی رشت و خەوی لێ کەوت، (چاوی پێنجەم) وەکو هەتاو هەڵهات و یەکسەر بۆنی نەوتی کرد، بە فوویەک هەموو بیرەکانی نەوتی وشک کرد، هاوولاتییان کەوتنە سەر ساجی بێ





ئومێدی، لە خوێن و نەوت بوون، نەیانزانی لەکێ بپاڕێنەوەو چۆن ئەم کێشەیەیان چارەسەر بکەن، هەر هەموویان تەنیا پێستیان لەبەر بوو، گۆشت و دەمارو خوێنیان نەمابوو، چاوی پێنجەمیش سەری (ئەم)ی بەجێ هێشت و گۆی زەوی کردە دوو بەشەوە و گەیشتە کرۆکی زەوی، کەس نەیزانی بە چ چەقۆو گوێزانێک زەویی دڕی، دەبێ چەقۆکەی زۆر تیژ یان گەورە بووبێ، سەنگەرێکی بۆخۆی دروست کرد بەبێ پەنجەرە، تەنیا لە کونێکەوە سەیری پەستانی زەویی دەکرد و لەهەموو شتێک، بێ باک بوو.

عێراقییەکان بوونە پێست و ئێسقان، چاوەکانیان چوونە ناو چاڵەوە، خەریکیش بوو ئێسقانەکان لەیەکتر بترازێن، بەڵام خەونی چاوی پێنجەم تەنیا ئاسمان نەبوو، بەڵکو ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات بوو، سنوورەکانی وڵاتانی بە برژانگەکانی گسک دا، دەستکارییکردن و ئەوروپا شڵەژا، کۆستی کەوت، بۆ یەکەم جار مەسیحییەکان و جوولەکەکان یەکیان گرت و ڕۆژهەڵاتیان پارچە پارچە کرد، واتە ئایینی ئیسلامی، بڕیاری دا بە ژەهرێکی کوشندەو تازە داهێنراو (د.د.ت)ی یەکی تایبەتی ئاین لەناوبەرێ، پێغەمبەران قەڵس بوون، بەڵام هیچیان پێ نەدەکرا، لە نووزەنووز بەولاوە هیچیان نەوت و بەرگرییان لە کتێبە پیرۆزەکانیان نەکرد.

چاوی پێنجەم زۆر تیژ بوو، بە رادەیەک شاخەکانی تواندەوە، بەردی گەورەی دەکردە ئاو، کەس نەیدەبینی و هیچ کتێبێکیشی پێ نەبوو تەنیا نەخشەیەکی تایبەتی پێ بوو، دەیویست یاری بە گەردوونیش بکا، بەڵام ئەم کارەی بۆ تەواوکەری خۆی بەجێ هێشت...

چاوی پێنجەم گرینۆک بوو، هەمیشە سووربوو، خۆڵی کردە دەرمانی

خۆی، پاڵەپەستۆی زەوی کاری تێ نەدەکرد، هەروەها پەستانی دەریاکان، ئارەزووی ببووایە مرۆڤەکانی دەخنکاند و ئاژەڵە ئاوییەکانی دەهێنایە شوێنیان..

لە سەرەتادا ویستی بەریتانیا تەخت بکا، هەروەها ئەمەریکییەکان بێدەنگ بکا و زمانی سەرەکانی ئەمەریکا ببڕێ، بەڵام بەزەیی بە گەلانی دەهاتەوە، بۆیە بڕیاری دا، بەیەکەوە هەموو دەسەڵاتدارانی گەردوون کۆبکاتەوە، گۆڕێک.. تەنیا یەک گۆڕ هەڵبکەنێ، بۆ دکتاتۆرەکان، چونکە دەیزانی لەیەک دەچن و بەهەمان دەستوور فەرمانڕەواییی خۆیان دەکەن، ئەو دڵۆپە خوێنانەی کە رژرابوون ئازادیکردن، هەروەها هەموو زیندانییەکانی بەندیخانەکانی کردە چۆلەکەو کۆتر، دەیشیزانی مرۆڤ هەر مرۆڤە و هەمیشە تاوانبارە، لەگەڵ ئەوەشدا، حەزی دەکرد دڵیان بگۆڕێ، دەستکاریی شوێنەکانی چاو و لوت و دەم و چەناگەیان بکا، دەیزانی مرۆڤ لەوەتی هەیە، هەر زەویی پیس کردووە، لەیەک ساتدا داگیری دەکا و دوای چەند ساتێک تێیدا هەر دەنێژرێ.

لە بنەڕەتەوە ئارەزووی داگیرکاریی بڕی، بە مەقەستێکی تیژ رەگ و ریشەی ئەوجۆرە ئارەزووانەی بنەبڕ کرد، لەو بڕوایەدابوو کە دەبێ مرۆڤ دەسەڵاتی هەبێ لەسەر هەناسەدان و لێدانی دڵ و هاتوچۆکردنی خوێن و جووڵانەوەی ئەندامەکانی لەشی، ئەگینا مرۆڤ هەر لەخۆیەوە شێت و هار دەبێ و دەستدرێژی لە خۆی دەکا، هەرچی دەوڵەمەند هەبوو دەستی کورت کردن، هەرچی هەژار هەبوون دەستی درێژ کردن، بۆیە بڕیاری دا سیستەمەکان بگۆڕێ، هەروەها یاسای سروشت.





کاری چاوی پێنجەم زۆربوو، حەزی دەکرد مرۆڤ بکاتە باڵندە، دووباڵی بۆ دروست بکات و بفڕێ، بەڵام دەیزانی ئەمجارە ئاسمان وێران دەکا، بۆیە تەنیا گەدەی مرۆڤی بڕی، بۆئەوەی لەزەتی خواردنی مرۆڤ دابمرکێنێ، کەچی مرۆڤ هەوای کردە بنێشتە خۆشەی دەمی، تەرمی دەجوو، ددانی خۆی دەهاڕی، بۆیە بڕیاری دا زمانی مرۆڤ لە بنەوە ببڕێ، چونکە دڵنیابوو لەوەی کە قسەکردن تاقە ئامرازێکە بۆ سەرلێشێواندنی مرۆڤایەتی بەگشتی، ژەهری باراندە سەر ئارەزووەکانی مرۆڤ، هەر لە کوشتن و بڕینی یەکترەوە تا شەڕەنگێزی و رقەبەرایەتی و تووڕە بوون، بەخۆی وت: "ئەم مرۆڤە هەر دەبێ زمانی ببڕم بۆئەوەی جارێکی تر ددانەکانی تیژنەبن".

دەیزانی مرۆڤ داگیرکەرە، تێرنابێ، خۆپەرستە هەموو شتێکی بۆخۆی دەوێ، بەدەستی بێ. بەهەشتیش داگیر دەکا، هەرچی بیرو ئاین هاتن نەیانکردن بە مرۆڤ. کردیانن بە ئاژەڵێکی موتوربەکراو بە دڕندایەتی.

بڕیارەکانی زۆربوون، بەڵام بەداخەوە تەمەنی کورت بوو، تەنیا پێشنیارەکانی نووسی و دەیزانی یەکێک لەدوای خۆی دێت و یاساکانی سروشتیش جێبەجێ دەکا، لەوانەیشە بەهار بکاتە هەموو وەرزێک، دەیشیزانی بە پاڵەپەستۆی هەردوو کەرتی زەوی، زیندەبەچاڵ دەکرێ و لە شوێنی خۆیدا دەمەی، یان دەتەقێ، بە تەقینەوەیشی ئەتۆمەکان یەک لەدوای یەک دەتەقێنەوە، ئاگردانێک بۆ کتێبەکان سازدەکەن، دەیزانی کە زانای ترسناک و مرۆڤکوژ هەیە، بۆیە مردنی پێش ژیانی خست، دەستکاری وەرزەکانی کرد، جێی ئۆقیانووسەکانی گۆڕی، شاخەکانی تەخت کرد و بیرەکانی کردە کانی، بەزەیی بەهیچ

گەل و نەتەوەیەکدا نەهاتەوە و کەسیانی پەسەند نەکرد، دەیوت:

– ئەم وەحشییانە بێچارەن.

دەیشیزانی کارەکانی بەجێ دێڵێ بۆ چاوانی تر.. تەنیا هەر خەونی ئاڵۆزی دەبینی، یەکێک لەو خەونانە لەناوبردنی پزیشکی ژنان بوو، وتی:

– لەڕێی کونی ژنەوە سەیری گەردوون دەکەن.. خۆ منداڵدانی ژن لە گۆڕستان دەچێ، کەچی بووەتە سەرچاوەی مرۆڤایەتی.

چاوی چوارەم شتەکانی جیادەکردەوە و تێکەڵی دەکردن، بە رادەیەک دەوەستاو زۆر بیری دەکردەوە، بە رادەیەک بۆ مرۆڤ ناوی هەبێ بۆ دەست و قاچی هەبێ؟ بۆ راوڕووت بکا؟ بۆچی لەدایک ببێ و بژی و بمرێ، بۆ؟ بۆ یاسای سروشت وابێ؟ بۆچی مرۆڤ پەیوەست بێ بە سروشتەوە.. زۆر زۆر بیری لە هونەریش دەکردەوە، حەزی دەکرد سەمفۆنیایەک دابهێنێ و لەسەر ئاوازەکانی مرۆڤ بژی و جووڵە بکات.. مرۆڤ پیت و وشەو بیرو فەلسەفەی داهێناوە، کەچی سێ بەشی مرۆڤایەتی گەمژەن.

چاوی پێنجەم هاوکێشەکانی کیمیاشی شی دەکردەوە، یاساکانی فیزیای دەخوێندەوە، بۆیە بەداخەوە سەری لێ تێک چوو، بڕیاری دا خۆی بخنکێنێ، سەری خۆی لە سێدارەبدا، پلانێکی جوانی داڕشت و هەموو دارستانەکانی کردە کارگە، ئاژەڵەکانی فێری کارکردن کرد و هەزار جنێوی بۆ داروین و مارکس رەوانە کرد، دەیزانی کە هەر ئەوانن سەریان لێ تێ کداوە، بۆیە لەپڕ دەستبەرداری پرۆژەکانی خۆی بوو و بڕیاری دا خۆی بخنکێنێ، حەزی کرد تەوەری گۆی زەوی بگرێتە دەست و بەپێچەوانەوە هەڵیبسووڕێنێ. زەوی غەدداریش زۆر





سەرسەخت بوو، بڕیاری دا زیندەبەچاڵی بکات، کارە زۆرەکەی چاوی پێنجەم ورەبەردان نەبوو.. نە، بەڵام تەنیا ویستی بەتاقی تەنیا شۆڕشێک بەرپا بکا، منداڵدانی ژنان گرێبدا بۆئەوەی چیتر نە ژان بگرن و نە سکیان پڕ ببێ، وتی:

– ئەگەر دایک نەبێ، دایکسالارییش نامێنێ..

دەستکاری زۆر شتی کرد، بەڵام چاری نەبوو لەگەڵ مرۆڤدا...

دەیزانی کە ناشیرینن، حەزیان لە مانەوە هەیە، چونکە دەسەڵاتیان خۆش دەوێ، حەزیان لە کورسییە، حەزیان لە فەرمانڕەوایی و دامەزراندنی حکوومەتی ساختەو نووسین و داهێنانی دەستووری قەڵب و پەرلەمانی کارتۆنی و بڕواکردن بە ئاینی کۆنە...

بڕوایشی بە عێشق نەبوو، ئەدەبیشی بە میزەڵان لەقەڵەم دەدا... وتی:

– ئەدیب هەیە نووسینی جوانە، بەڵام خۆی ناشیرینە..

– ئەدیب هەیە نووسینی ناشیرینە، بەڵام خۆی جوانە..

– ئەدیب هەیە نووسینی جوانەو خۆیشی جوانە..

– ئەدیب هەیە نە نووسینی جوانەو نە خۆیشی جوانە..

– کەسی وایش هەیە ئەدیب نییە، نووسینی نییە، بەڵام زۆر جوانە..

هەروەها وتی:

– ئەی بۆچی ئاڵا هەیە، میدیاکان خەڵکیان چەواشەکرد یان نا؟ مرۆڤی بیمار بۆ هەبێ؟ مرۆڤی بێ چاو و روو بۆ لەدایک ببێ؟ دز، حیز، لەگام، چرووک.. ئەم هەموو سیفەتانە بۆچی مرۆڤ خاوەنیان بێ؟ خۆ گلگامێشیش هات و رۆیی، کارم چییە بە دەستکاریکردنی

یاسای مرۆڤایەتییەوە، هەر بۆ کلکبڕین باشن، گیرم خواردووە بەدەستیانەوە با بمرم زوو ئازادبیم... ئازادی لە مردندایە، مردن تاقە ئامرازێکە بۆ دەمکوتکردنی مرۆڤ، کەچی ئەمەندەش چاوقایمە بڕوای بە مردنی ئاسایی نییەو هونەری جەنگ دادەهێنێ... مردنی دەستکرد، هە، ها ها ها هە.

چاوی پێنجەم....

وەنەبێ سەری لێ شێوابێ، نەخێر، گیری خواردبوو بەدەستی مرۆڤایەتییەوە، دەیزانی فەیلەسووفەکان فەلسەفە دادەهێنن و دەمرن و مرۆڤ خراپتر دەبێتەوە، شەڕو مردن و کوشتن و بڕین زیاتر دەبن.

بۆیە هەموو شتێکی خستە ناو دووتای تەرازووەوە، ئەمەندە وردبوو دەتوت زەڕەنگەرە، راستە لەلایەکەوە قورسایی فەلسەفە تادەهات جوانتر دەبوو، ژیانی مادترش تادەهات سووکتر دەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا حەزی لە ژیانی دەکرد، حەزی لە مرۆڤێک بوو، وەچەی مرۆڤایەتیی ئەمڕۆو دوێنێ نەبێ، بێ گرێ و بێ ئارەزوو بێ، وەنەبێ حەزی لە سۆفیگەرێتی بووبێ، یان وەکو نیچە حەزی لە مرۆڤی سوپەرمان بووبێ، خۆی پێناسە و چەمکی تایبەتی هەبوو بۆ مرۆڤ، بۆنموونە حەزی دەکرد بەبێ زاوزێ مرۆڤ لەدایک ببێ، یان دوو پیاو بەیەکەوە سێکس بکەن و لە چاویانەوە منداڵێک بخەنەوە، یان دوو ژن بەیەکەوە سێکس بکەن و لە کونی لووتیانەوە منداڵێک یان سەگێک بخەنەوە، حەزی کرد مرۆڤ و ئاژەڵ هاوڕێیەتییەکی بەتین لەنێوانیاندا هەبێ، بۆ نموونە پیاوێک سەگێکی ببێ، ژنێک پشیلەیەکی ببێ، یان مانگایەک کچێکی چواردە ساڵانی قژزەرد و چاوشینی ببێ، یان ماکەر کوڕێکی ئێسک سووکی گەنمڕەنگی ببێ، دەیوت:





– دەبێ یاساکانی سروشت بگۆڕرێن، با کڵێساو مزگەوت بە زندیقم نەزانن، رۆژێک دێ زانست ئەم ئەزموونانە تاقی دەکاتەوە و مەزەندەکانی من دەبنە راستی، بەڵام، بەڵام، خۆ وەنەبێ من بە قووڵی بیربکەمەوە، من بێزارم بێزار، بەتایبەتی لە کارو هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان، کە هەندێکیان نەخوێندەوارن لەدایک دەبن، ناژین و دەمرن.. لەوانەیە تەنیا هەر شێتەکان وەکو مرۆڤ لە قەڵەم بدەم... یان شێتەکان و.. کێ بڵێم، خۆ منداڵانیش تاوانبارن، ژێربەژێر و بەدزییەوە هەموو شتێک دەکەن، تفوو لە منداڵیم، تەمەنم شەش مانگ بوو، کەمتر، کە مەمکی دایکمم دەمژی، حەزم دەکرد ئەندامی مێیەتیشی بمژم، داگیری بکەم بۆخۆم، لە باوکمی بسێنمەوە، دەتۆقیم کە دەچوونە باوەشی یەکترییەوە، منداڵ نێچیرە، لەدواڕۆژدا نێچیرێکی تر دەخاتەوە، وەک بڵێی گوو دەخوا و دووبارە گوو دەکا و سێبارە گووەکەی خۆی بەدوو دەستی دەخوا و ئەم خوێڕییەش تۆبە ناکا نا.

سەری سوڕمابوو، چۆن مرۆڤەکان بە ئاسوودەیی و بە تەنیا دەژین و نە بەیەکەوە تەبان و نە بێ یەکتریش دەژین، دیارە کرۆمۆسۆماتی وەحشێتییان لەگەڵدا هەیە، خۆ من شارەزای زانستی ئەمڕۆ نیم ئەگەریش وەحشی نەبن، دەرمانی وەحشێتی بەکاردەهێنن، بۆچی بە منداڵی لەدایک دەبن، بۆچی بەپیری و بە ئاقڵی لەدایک نابن؟

با ساوابن و بمرن، داستان و ئەفسانەو ئەدەب و هونەرو زانست دادەهێنن، لە کۆتاییشدا فەیلەسووفێکیان خۆی دەکوژێ، نازانن مرۆڤی کەرەپیاو، نازانێ بەختەوەری چۆنەو مانای چییە، هەر هەموویان خۆخۆرن، کەڵەگایەتی بەسەر یەکتریدا دەکەن، کوڕە یەکتر

دەکوژن، ئەم تاوانانەیان ناژمێررێن.

ئاخـر مـرۆڤ بۆ ببێ؟ باهەر مـێروولەکـان دنیـا داگیـربکەن.. خـۆ مرۆڤی ئاخرشەڕ لە کۆتاییدا دەبێ بە کرم، ئاخرشەڕ ئەم ئاخرشەڕەی خاوەنم، خۆ نووسەریشە، بەجێم هێشت نە شێتەو نە ئاقڵ، شێتیش ئاقڵ دەکا و ئاقڵیش شێت دەکا، نازانێ چۆن دڵداری بکات، دەیکا و نایکا، چواردەوریشی وادەزانن لە دەریای دڵداریدا نقومە، ئاخرشەڕ، بۆچی کچەو نێرەکەر نییە؟ لەوانەیە ئەگەر کورسیی ببێ ببێتە خراپترین دیکتاتۆر، خۆ نازدار و گوڵە، لەگەڵ ئەوەشدا دڵی زۆر رەقە، کورە هەندێک جار دەڵێی هەر بێ دڵە بێ دڵ، نە لە پاریس ئیدارە دەکا و نە لە پایتەخت و نە لە شارەکەی خۆی، دۆزەخێکی گەڕۆکە گەڕۆک، ئاگر پەخش دەکا، کەچی شەو و رۆژ ئاوپرژێنم دەکرد، تاقەتم لەسەری چوو، رام کردە ناو سەری، دەڵێی ئاگرپژێنە، دەبووایە هەر سەریم تەڕبکردایە، لە قسەکردندا بۆنی گوڵەکانی ناو سەری دەکەیت، کەچی شەوان سەری گڕ دەگرێ، حەز دەکا دنیا ئاگر بدات، لە نیرۆنیش ناچێ، نازانم چییە، مەگەر لە دانیشتنەکانیدا خۆی لەخۆی تێ بگا و دەروونناسەکەی شێت بکا.

چاوی پێنجەم زۆر گریا، دەیزانی بناغەی هەموو تاوانێک ویژدانی مرۆڤە، زۆر گەڕا بۆ رۆح، بۆ دەروون، بۆ سەرچاوەی ژیان، وەلامیشی دۆزییەوە، بەڵام بۆ کەسی نەدرکاند، کەوتە سەر پیانۆژەنین، بە نۆتە قسەی لەگەڵ دەروون و بەهاکانی تری مرۆڤ کرد، وای دەزانی دەرمانێکی نوێی دۆزیوەتەوە، کەچی مرۆڤ نەک تەنیا هەر کەڕ بوو نەیبیستبوو، بەڵکو یەک ملیگرام، یەک سەنتیمەتر نەگۆڕا، نەک هەر نەگۆڕا، بەڵکو وەحشیتر بوو.





چاوی پێنجەم شۆڕشگێڕ نەبوو، کەچی خەمی سۆڤیەتیشی دەخوارد کە هەڵوەشایەوە، ملیار جنێوی بۆ سەتەلایت و گۆرباچۆف و موخابەراتی بەریتانیا رەوانە کرد، زایۆنیستییەکانی دەست بکەوتایە سەری دەبڕین.

خۆ بە خەنجەری برژانگەکانی ورگی ماسۆنییەکانی دەدڕی، بەڵام کەس نەیزانی بۆچی ونە؟ بۆچی بێدەنگ بوو و لەپڕ چوو بە کرۆکی زەویدا؟ تۆ بڵێی دوژمنی زۆر بووبن؟ تۆ بڵێی بە ئەنقەست خۆی شاردبێتەوە؟ خۆ دەیزانی نەخۆشیی شێرپەنجەو سکچوون تووشی مرۆڤی ئایندەی شیوعییش دەبێ، کورتبین نەبوو، دەیزانی سەرانی سۆڤیەت هەڵەیان زۆربوو، ئیدی بە کورتی برییەوەو خۆی شاردەوە، نە (سەرمایە) لەناو باخەڵی بووو نە (رەچەڵەکی خێزان)، نە زاراوەی نیچەو نە راڤەی خەونەکانی فرۆید، تۆبڵێی دومەڵێک بووبێ و بەتەمابووبێ ببێ بۆ بۆمباو گۆی زەوی بتەقێنێتەوە؟ کەس ئاگای لە نیازو پرۆژە و خەونەکانی نەبوو، لە بنی هەمانەکەی دەدا، بازنەکانی تێک شکاندبوو لە شەیتانیش یاخیتر بوو، لاسایی خوایشی دەکردەوە، بەڵام نەمرد و نەبوو بە عیسایەکی تر، بە حەللاجێکی تر، حەزیشی نەدەکرد بەناوبانگ بێ، یاخود کەسایەتییەکی جیهانیی بێ، خۆی مت کردبوو.

جاری واش هەبوو لە دارفور دەتدۆزییەوە، بەبێ پاسپۆرت دەچووە هیندستان و دەگریا بۆ ئەو مردووانە کە بە گسکی بەریتانیا دەماڵرێن..

جاری واش هەبوو، لەناو سەری (ئەم)دا هاوکێشە سیاسییەکانی شی دەکردەوە، وەلام و ئەنجامی حازربەدەستیشی بۆ دەهات و پێ

دەکەنی، گاڵتەی بەو کەسانە دەکرد کە خۆیان بە سیاسەتمەدار دەزانی.

کەس نەیدەزانی بۆچی سەری (ئەم)ی کردبووە هێلانەی خۆی، هێلانەی چی، سەنگەری خۆی، ناوبەناویش تەقەی لە تاجی بەریتانیا دەکرد، یان لە شەبقەکەی شاژن (ئەلیزابێت) و (تۆنی بلێر) و داگیرکەران، ئای کە رقی لە کۆنەپەرستی بوو.

رۆحی چاوی پێنجەم زۆر ماندوو بوو، بۆیە زۆر دەخەوت، کاتەکانی خەوتن و بەخەبەربوونەوەی نادیار بوون، خۆیشی نەدەشۆرد، رقی نەبوو لە ئاو و سابوون، بەڵام هەر خۆی نەدەشۆرد، ئەوی راستی بێ چاوی پێنجەم چاوێکی رەسەن بوو، زۆرجاریش هەرلەخۆیەوە ساویلکەو بێ گوێ و بێ دەربەست و بێ ئاگابوو، هەندێک جاریش بێعاریی دەنواند و وێنای خەونی زۆری دەکرد، بەڵام رێک کەوت خەونەکانی دەهێنایە دی، راستییەکان رایان دەکرد و لەبەردەم برژانگەکانی دەوەستان، پێشوازیی لێ دەکردن و دەبووە قاسە، هەندێک کەس ناویان بە (گەنجینە) دەبرد، بەڵام هەمیشە بێ پارە بوو، سەرمایەکەی تەنیا فرمێسک بوو، زۆرجاریش سەمای بالێی دەکرد، ئەویش لەسەر گۆڕەپانێکی خوێناویی مەییو.. گلێنەکەیشی ئەڵماسی بوو، هەموو دیمەنێکی دەبڕی، بە سەرنجێکی ئاسنی دەتواندەوە، بۆیە روون و ئاشکرا بوو بۆ تایبەتمەندێتیی چاوی پێنجەم، ئەگەر پرسیار دەکەن (ئایا بۆچی لە کرۆکی زەوی خۆی شاردووەتەوە؟) وەڵامەکەی لەلای موخابەراتی بەریتانیایە.

چاوی پێنجەم کاتێک کە لەدایک بوو، بە نان باوەشێنیان کرد، ئارەقی دەرداو هەر لەو رۆژەوە بە برسێتی ژیانی بردەسەر،





هەرچییشی دەخوارد دەبووە فرمێسک، بۆ نموونە ئەگەر باینجانی بخواردایە، رەنگی فرمێسکەکەی باینجانی دەبوو، یان ئەگەر پیازی بخواردایە فرمێسکەکەی بۆنی پیازی لێ دەهات، لە تروکاندنیشدا ئاوازێکی تایبەتی پەخش دەکرد، ئاوازەکانی زۆر رەسەن بوون، بە رادەیەک چاوی تر پێیان دەوت کە گوایە کلاسیکییە، یان چاوی دووەم پێیدەوت (رۆمانسیین)، بەڵام چاوی پێنجەم هەتاکو لە نوێژکردنیشیدا دەتوت دەنگێکی ئاسمانیی هەیە، کەس لەو رستانەی تێ نەدەگەیشت لەکاتی داخستنی پێڵووەکانیدا کە بەکاری دەهێنان، بۆیە دەتوت سەرچاوەی مۆسیقایە.

نەشیدەزانی هەڵپەڕکێ لەگەڵ چاوەکانی تردا بکا، فڕیشی بەسەر خوێندنەوەی کتێبی زمانی نەتەوەکەی خۆیەوە نەبوو، وەکو رادیۆش بوو، بەڵام بێ کارەباو بێ پیل کاری دەکرد، لەخۆیەوە دادەگیرساو دەکوژایەوە، شەو و رۆژیشی نەدەزانی. سەیرە چاوی پێنجەم سەر و سیماو قەوارەیشی لەچاو نەدەچوو، کتومت دەتوت، بیرە، هەندێک جاریش دەبووە کانی، یان دەریا، یان ئۆقیانوس، فرمێسکەکانی دەبوونە تاڤگەو قەت نەدەبوونە جۆگەلەو جۆگە و رووبار، رەنگی بیلبیلەکەشی بە وەرز دەگۆڕا، لە پایزدا سەوز دەبوو، لە بەهاریشدا زەرد دەبوو، بەپێچەوانەی گەڵای وەرزەکان، لەهاویندا باراناوی بوو و لە زستاندا وشک دەبووەوە، لەمانگی تەمموزدا پەمەیی، ئەم چاوە پێیان دەوت ئاوێنەی زەمان، بە تروکاندنێک لەگەڵ پاڵەوانەکانی هەزار و یەک شەو دەژیا، یان لە شاری بترسبۆرگدا لەسەر پردەکانیدا دەوەستاو دەیڕوانییە ماسی رووبارەکەی ژێر پردەکە، حەزیشی دەکرد لەگەڵ خەلیفە عەبباسییەکاندا بژی، گڕڕەشی دەهات بۆ ئەفەریقا،

هەمیشە لەگەڵ چاوە زەقەکانی هاوڕێکەی باسی (هەمەلایا و تبت)یان دەکرد، یاخود لە چیندا بەیەکەوە ژیان بەرنە سەر، حەزیشی لە دڵداریکردن بوو و بڕواشی پێ نەبوو، چونکە شکستی هێنابوو، هەمیشە بەخۆی دەوت:

– ئەی ڕەنجبێوەرو هەناسەسارد.

خەونە فەیرۆزییەکانی زۆر ئاڵۆز بوون، کەم جاریش ئەو جۆرە خەونانەی دەبینی، دوای وەئاگاهاتنی، دەهاتنە دی، بۆ کەسیشی نەدەگێڕانەوە، بۆیە برژانگەکانی دەکردە قامچی و وەکو هەور راوی دەنان، دەیوت:

– خەونەکانم وەکو پارچەکانی هەور وان، لەیەک ناچن، هەر وەکو دیمەنەکانی سروشت.

گرەی دەهات بۆ بۆنی مرواری، چاوەکانی دی پێیان دەوت: مرواری قەت بۆنی نییە.

کەچی ئەوان هەستی حەوتەمیان نەبوو، گرینگیی چاوی پێنجەم لە هەستی حەوتەمیدا بوو، بێ نوێژیش دەبوو، خوێنی نەدەباراند قەت، هەفتەی جارێک هێلکەی مۆری دەباراند، بۆیە هێلکە مۆرەکانی نیشانەی دەستپێکردنی بێ نوێژی بوون.. دوای بارینەوەی هێلکە مۆرەکانی ماسی وردی دەباراند، ماسییەکان لە چواردەوری بیلبیلەکانیدا سەمایان دەکرد و دەبارین و نەدەمردن.. کە خۆیشی لە کرۆکی زەویدا شاردەوە لە سیفەتەکانی نەبووەوە، نەخێر، بەڵکو ماسییەکان زۆرتر بوون، هەروەها هێلکە مۆرەکانیشی.

ناوبەناو دەگەڕا بۆ چاوێک هاودەمی بێ، هاوسەری بێ، دەگەڕا بۆ چاوی زەوی، بۆئەوەی شووی پێ بکات، بەڵام چاوی زەوی چاوباشقاڵ





بوو، هەر جارەو حۆرییەکی هەڵدەخەڵەتاند..

لەبەرخۆیەوە دەیوت:

– دەمەوێ.. نامەوێ.. دەمەوێ.. نامەوێ.. لایبە، هەر لە بەهاراندا دڵداری دەکا، کۆنەپەرستە، نامەوێ، چاوی پێنجەم رقی لە مێژوو دەبووەوە، نەیدەوت "درۆیە"، بەڵکو دەیوت بە "میزاج و ئارەزووی ساتی نووسراوە"، لەباتی جگەرەیش بخوردی دەکێشا، بخوردی هندی، تاقە پیرەمێردێکی هینتر دەناسی، مانگی جارێک سەری لێ دەداو مروارییەکی پێ دەبەخشی، ئەویش لەبەرانبەردا دەستەیەک بخوردی دەدایە، کەس.. هیچ چاوێک سەری لەم جۆرە مامەڵەو بازرگانیکردنە دەرنەدەکرد.

چاوی پێنجەم باڵی نەبوو، کەچی هەر دەفڕی، لە مووشەکی ئەمڕۆ دەچوو، بەبێ وزە، بەبێ ماشین، بەبێ هیچ جۆرە ئەقڵ و هۆشێک، فڕکان فڕکانی بوو، زۆرجار ئێواران لە کەناری رووبارەکاندا گفتوگۆی لەگەڵ خدری زیندەدا دەکرد، بەیەکەوە حەوت مۆمی مۆریان دادەگیرساند و رێحانیان بۆن دەکرد و بەیەکەوە باسی زۆر کێشەی مرۆڤایەتییان دەکرد، لە کۆتایی گفتوگۆکانیشیاندا دەیانوت:

– تێنەگەیشتین مرۆڤی ئەمڕۆ بۆ وا سەری لێ شێواوە؟ هیچ چارەیەکی نییەو بێ چارەیە..

خدری زیندە باسی زەمەنەکانی تری بۆ دەکرد، هەروەها باسی حۆرییەکانی بۆ دەکرد کە تەنیا خۆی دەیانبینێ، دەیوت:

– هەمیشە کراسی تەنکیان لەبەردایەو وەکو ماسی نین، لەگەڵ دۆلفینەکاندا زاوزێ دەکەن، سکیشیان پڕ دەبێ و لە دەمەوە منداڵیان دەبێ. لە کونی قنگیانەوە هەناسە دەدەن.

دەیوت:

– زۆر گرینۆکن، زۆریش دەلەرزن، سەماکردنیش نازانن، هەر هاوارهاوریانە، گوێ شل بکە دەبیسی؟

چاوی پێنجەمیش تەنیا گوێی لە تارماییی شەپۆلەکان دەبوو، درۆیشی دەکرد، دەیوت:

– بەڵێ بەڵێ.

خدری زیندە.. خدری زیندەی جاران نەبوو، گۆڕانکاریی بەسەردا هاتبوو، جلوبەرگی لە جلوبەرگی ئەمڕۆی گەنجان دەچوو، دەگریاو پێدەکەنی، پێدەکەنی و دەگریا ... بەدەم پێکەنین و گریانەوە شیعری دەخوێندەوە...

ئەفسانەی نوێی دەچنییەوە، چاوی پێنجەم گوێی لێ دەگرت، دەمەو ئێوارەش جیادەبوونەوە، کەس لە جۆری ئەم پەیوەندییەی نەدەزانی و نە تێی دەگەیشت، بۆنی سێبەری ئاویان دەکرد و راوچییەکانیش هەر ماسییان راودەناو تەنیا بێهوودەییان بەدەست دەهێنا، نەشیاندەزانی هۆکەی چییە، ماسییەکان ئازادبوون وەکو چاوی سێیەم و خدری زیندە دەگریان و پێدەکەنین، خەونی هەردووکیانی قووت دەدان و ماسیی گەورە ماسیی بچووکی نەدەخوارد، هەر هەموویان بە یەکسانی تێر دەبوون و ئۆکسجینیان هەڵدەمژی، ئەوجۆرە ئۆکسجینە بۆنی بخورد و گولاوی لێ دەهات میوەی باخەکانیش بەزوویی پێ دەگەیشتن، گوڵەکانیش لە خۆیانەوە دەکرانەوە و بۆنیان پەخش دەکرد، ئەو رووبارەی بەلەم و کەشتی قەدەغە کردبوو هاتوچۆی تێدا بکەن، لە قەراغی رووبارەکەیشەوە منداڵان تۆزێک یارییان دەکرد و لەپڕ بێزار دەبوون و دەڕۆیشتن.. ژنانیش لەو قەراغەدا چاوەڕێی نائومێتران





دەکرد، تۆڕی چاوەکانیان هەڵدەداو چاوەڕێیان دەکرد تا ئاوابوونی خۆر... خدری زیندە وتی:

– قەت هەتاو لە رۆژئاوادا هەڵنایەت، بۆیە هەوڵی پارچەپارچەکردنی رۆژهەڵات دەدەن...

– وایە.

– قەتیش نەوت بەچاوی خۆیان نابیننەوە...

– راست دەفەرمووی..

– ئێستاش جوولەکەو مەسیحییەکان یەکیان گرتووە دژی ئێمە..

– راست دەفەرمووی...

– ئەمڕۆی جیهان لە هەموو رۆژێک رەشترە...

– راستە، بەڵام چی بکەین؟

– هیچ... هیچمان پێ ناکرێ...

– ئەی چەپڕەوەکان؟

– بۆشاییی چەپڕەوی – القاعدة – پڕی کردووەتەوە... ئەمە نهێنیی ئەم کێشەیەیە...

– تێ ناگەم...

– بیر بکەرەوە... دنیا زۆر ئاڵۆز بووە. گرێکان بەکەس ناکرێنەوە...

– ئەی ئێمە تەنیا خەمبخۆین و خۆمان بخۆینەوە؟

– قەدەرمان وایە.. ئەی ئەگەر خەم خۆر نەبین چی بکەین؟

– هیچ...

ئەم دووانەش دوای هەموو گفتوگۆیەک دەگەیشتنە هیچ... لە هەموو کەسێک رەشبینتر بوون.

چاوی پێنجەم لەم رۆیشتن و گەڕانەوەیە بێزار نەدەبوو، تەنیا کاری تۆمارکردنی وێنەکان بوو، وێنەی شەڕەکانی دەکرد، وێنەکانی دەخستە ناو ئەلبومی مێشکییەوەو یەکە یەکە پیشانی خدری زیندەی دەدان، ئەمیش لەباتی فرمێسک برینی هەڵدەڕشت و چاوی پێنجەم برینەکانی بە دەزووی فرمێسکی دەدوورییەوەو دەیکردنە چەتر.

چاوی پێنجەم کتێبخانەی تایبەتی هەبوو، قەوارەی کتێبەکانیش زۆر گەورەبوون، هەر هەموویشیان پڕبوون لە ئەفسانەی راستەقینە، لەژێر قوولاییی رووبارەکەوە خدری زیندە بۆی هێنابوون، پێی وت:

– من بەبێ چاو، هەر بە هەستی حەوتەم تێیان گەیشتووم، بۆ زاخاوی دڵ خوێندنەوەیان خراپ نییە...

بۆیە چاوی پێنجەم دێرەکانی ئەو ئەفسانانەی لە ئاوێنەی ناوچاوی دەداو دێڕ بە دێڕو بەبێ زەڕەبین دەیخوێندنەوە...

ئاوێنەکەی چاوی پێنجەم زۆر سەیر بوو، لە شاشەی ئینتەرنێت نەدەچوو، بەڵکو لەرێیەوە هەموو گەردوونی دەبینی.. گۆی زەوی تێدا هەر ساتەو بەشێوەیەک دەسووڕایەوە، بە رادەیەک دەرگاو پەنجەرە نهێنییەکانی پیشان دەدا، دەتوت تەلیسمن، بۆیە چاوی پێنجەم هەر خەریکی شیکردنەوەی ئەو تەلیسمانە بوو.

لە گۆشەیەکیشەوە ملیار کارتی قوماری شاردبووەوە، دەیشیزانی نەژادی مەی و قومارو سێکس چۆن و بەچ شێوەیەک وێنایان بکا، کلیلی ئەم جۆرە نهێنییانەشی دیارنەبوو.

چاوی پێنجەم، هەموو شتێکی هەبوو، پارە نەبێ، ئەگەر برسی بووایە، ئەوا لەگەڵ ماسییەکاندا رووەکێکی ئاویی تایبەتی دەخوارد و تێر دەبوو، شیلەی رووەکەکەی دەمژی و وەک بڵێی بەنگ دەبوو، خۆ





ئەو شیلەیە جۆرێک نەبوو لە تلیاک، بەڵکو لە ماندوویێتی دووری دەخستەوە.

چاوی پێنجەم نە زندیق بوو و نە ئیماندار، سەری لێ نەشێوابوو، بەڵام هەروەکو دیکارت شەوو رۆژ گومانی دەکرد، لە کەس نەدەترسا، دڵەڕاوکێیشی نەبوو، شەوان بەدەم خەیاڵەوە قسەی لەگەڵ حەزرەتی مووسادا دەکرد، زۆر زۆر باسی ئیسرائیلیان دەکرد و نەدەگەیشتنە ئەنجام، دەیشیانزانی کە زیاتر لە چل ساڵە یاسر عەرەفات فەلەستینی بە بەریتانیا فرۆشتووە، بە چاویان بەڵگەنامەکەیشیان خوێندەوە، ئیدی لێی بێدەنگ نەدەبوون، خەمیان بۆ بێ پارەیی و برسێتی و خوێنڕشتن و شەهید و براکوژیی فەلەستینییەکان دەخوارد، دەشیانزانی حکوومەتێکی کارتۆنییان بۆ دروست دەکەن و قودسیش دەکرێ بە خانووی جاڵجاڵۆکە و شەمشەمەکوێرەی جوولەکەو ریشی معاویە و کراسی عوسمان، بۆیە زۆر زۆر دەگریان، بە رادەیەک حەزرەتی مووسا دەستی لە جوولەکە هەڵگرت و دەستبەرداری میللەتەکەی بوو، هەمیشە گرەویان لەسەر نیازی زایۆنیست دەکرد، هەردوولا گرەوەکانیان دەبردەوە، بۆیە نە موسڵمان بە جوولەکە رازی دەبووو نە جوولەکە لەگەڵ موسڵماندا ئاشت دەبووەوە، رق و کینەی هەردوولا ڕەگی داکوتابوو و گەیشتبووە کرۆکی زەوی، دەیشیانزانی تا هەتاهەتایە ئەم دوو ئاینە، ئەم دوو میللەتە یەکتری دەهاڕن، هەروەکو هاڕینی نێوان حیزبی کرێکارانی بەریتانی لەگەڵ حیزبی پارێزگاران...

گریمانەکانی چاوی پێنجەم لەجێی خۆیاندا بوون، هەموو بیرو بۆچوونەکانیشی گومانیان تێدا نەبوو، کەمیش هەڵەی دەکرد، خاوەنی

دوو گوێی هەستەوەریش بوو، دەتوت رادارن، لە تاریکیشدا تیشکیان وەکو پروجەکتەر بڵاو دەکردەوە، ئەو کاتە کە تیشکەکان بنی زەوییان دەدڕی، هەموو پەری و فریشتەکان کۆ دەبوونەوەو لەسەر ئاوازێکی تایبەتی دەفیان لێ دەدا، ئەمیش هەر دەگریاو زیکری دەکرد، کەس لەم جۆرە رێورەسمانە حاڵی نەدەبوو، تەنیا مێرووڵەکانیش زیکریان بۆ دەکردن، چاوی پێنجەمیش گڕەی دەهات بۆ بینینی ڕاستی، تا توانیی لە کۆتاییدا رووناکییەک ببینێ و لەناو قووڵاییی ئەو رووناکییەدا توایەوەو ون بوو.

کە چاوی پێنجەمی توایەوە (ئەم) داچڵەکی، تەماشای چواردەوری خۆی کرد، هیچی نەبینی، لەگەڵ خۆیدا وتی: "تۆ بڵێی خەونێکی ئەفسووناویم بینیبێ؟".

خۆی گۆڕی و یەکسەر چووە دەرێ، کەس لەماڵدا نەبوو، دوو هەنگاوی بڕی و گەیشتە لای دووکانەکە، پاکەتێکی بەقەرز کڕی و هەر بەدەم جگەرەکێشانەوە بەڕێ کەوت، دراوسێیەکی بینی و بەیەکەوە سواری پاس بوون، وتی:

– خەوێکی سەیرم بینی، سەرم دێشێ...

– خوا بەخێری بگێڕێت... ئەگەر خەوەکەت خراپ بوو، لەئاودەستدا بیگێڕەوە...

بیری کەوتەوە کە میزی نەکردووە و دوای چەندین تاسەو ستۆپ و دابەزین و سەرکەوتنی هەندێک نەفەر، گەیشتنە گۆڕەپانی مەیدان، دابەزین و (ئەم)یش چووە لای (ئەو) کە لە چایخانەکەدا گونی مێشی دەتەقاند...

چاویان بە یەکتر کەوت و هیچیان نەوت، رەنگ و روویان زۆر





ناشیرین بوو، حەزیان نەکرد باسی هیچ شتێک بکەن، وشەی "چۆنی چاکی"یشیان نەدەهاتەوە یاد بۆئەوەی لێوەکانیانی پێ خەریک بکەن.

– چیتە بۆ بێدەنگیت؟

– هیچ..

– ئەی بۆ بێزار دیاریت؟

– بێزاری بووەتە پێستم، من دوو جۆر پێستم هەیە، پێستی دەرەوە کە دەیبینی و پێستی ناوەوە، ئەم پێستەیشم شاراوەیە، شەو پشیلە رەشەکە چرنوکی دەگرت و تووشی نەزیفێکی سەیر هاتم.. دوێنێ شەو شەوی خوێنبارانی دڵ و دەروونم بوو..

– ئایا دەتوانم ئەو پشیلە رەشەی دەروونت بخنکێنم؟

– نا... ئەوە نییە دەرمان و حەب دەخۆم...

– ئاخر، دەمرێ و لەپڕ لەدایک دەبێ.

– ئێ چارم چییە؟ مەگەر خۆم بکوژی... ملی خۆیشم ببڕی پشیلە رەشەکە هەر ناتۆپێ، شادەمارەکانم دەبڕێ و دڵم دەخوات.

دوێنێ شەو دڵی هەلاهەلا کردم، بە رادەیەک وابزانم بوورامەوە، چەند بەرگریم کرد، چەند حەبم قووت دا، بەڵام هەوڵدانەکەم بێ سوود بوو، تا بە یەکجاری دڵ و دەمارەکانی خواردم، خوێنیشی قووت دام، نۆشی...

– ئەی چارە؟

– نازانم، بۆ کوێ بڕۆم لە ناخمدایە، نینۆکەکانی زۆر تیژن...

بە رادەیەک لایەلایەم بۆ کرد، وتم ئێ بەڵکو خەوی لێ بکەوێ، من خەوتم کەچی ئەو هەر هەراسانی دەکردم... دایکم بە چڕنووک دەڵێ خرمیش.

خۆزگە دەروونناسەکەم بیتوانیایە دەست شۆڕ بکاتەوە بۆ ناو ناخم و ڕێگەی ئەو پشیلە ڕەشەی ببڕیایە! هەزار خۆزگە.. بەداخەوە بە نەشتەرگەرییش دەرناچێ، چونکە کەس نازانێ دەروون لە کوێدایە.

– ئەرێ ئێمە تاکەی وێڵ و سەرگەردان بین؟

– من.. بەش بەحاڵی خۆم تادوای مردنم. هەر خۆم نادۆزمەوە، خوا دەکا هەموو دەروونناسەکانی زانکۆی ڤییەنا یارمەتیم بدەن.

– خۆت ناتەوێ!

– لەوانەیە.

– من دەڕۆم..

– بڕۆ...

– وا بە ئاسانی؟

– ئەی بڵێم چی بڕۆ... بەڵام پشیلە ڕەشەکەم لەگەڵ خۆتدا بەرە...

– دیارییەکی چاکە...

– ئەی تۆ کەم پشیلە لە ناختدا هەیە، کەم نیهلیستیت!

– تۆش هەر وەکو من... دەترسم ڕۆژێک بێ پشیلە ڕەشەکە بتخوا و ئێسقانەکانتم بۆ بهێنن...

– هەرواش دەبێ... دوور نییە...

– تۆ دوو کەسیت؟..

– من بلیار کەسم.

– واتە بلیار پشیلەت هەیە... هەر هەمووشیان بە ڕۆژ پەلامارت دەدەن... چڕنوکت لێ دەگرن..

خەمۆکیی من نە پەردەیەکی ڕەشەو نە هەورێکی ڕەش، بەڵکو





خەڵووزیش نییە، بورکانیش نییە و ئاگرپژێنیش نییە، هەموویشیانە و دۆزەخێکە گۆشتم دەبرژێنێ و لە کونە لووتمەوە دووکەڵ دەردەچێ، بۆنی دەکەم، حەزیش ناکەم بڵێم خەمۆکی، بەڵکو وشە عەرەبییەکە زۆر جوانترە... (کآبة)، وا هەست دەکەم هەموو جۆرەکانیم هەیە، کە هەندێک جار ئەمەندە قورس دەبێت هەست دەکەم شاخەکانی کوردستان بە قورسایی خۆیانەوەو هەموو بلۆکە ئاسنینەکان لەسەر سنگمدا نیشتوونەتەوە، دەخنکێم ناتوانم هەناسە بدەم، گڕەشم دێ بۆچی نازانم... سییەکانم قەترانی دەبن، پەراسووەکانم دەبنە ئاسن و گڕ دەگرن، ئیدی هەر دەگریم. بە گریانیش هێمن نابمەوە، حەزم دەکرد بەفری دنیا لەناو دەروونمدا بووبوایە، خۆ خێرا دەتوانەوە، دەبوونە ئاو و دەکوڵان و دەبوونە هەڵم و لە چاوانمەوە دەبوونە فرمێسکی کوڵاو، باران لە ئەنجامی ساردی و سەرما دەبارێ، کەچی فرمێسکەکانم دەکوڵێن، هەرچەند هەوڵ بدەم ناتوانم ئەم هەستەم دەرببڕم... نە بەنووسین و نە بەقسە و نە بەگریان، لەگەڵمدایەو کەس هەستی پێ ناکا، تامێکی تایبەتیشی هەیە، چێژێکی زۆر نامۆی هەیە، ڕەنگیشی ڕەشە، خەڵووزی و قەترانی و دۆزەخییە، قیرێکی مەییوە، بەگڕ دەتوێتەوەو دەکوڵێ، پەراسووەکانم قیرتاو دەکا، زریان و تۆفانێکە، لە ڕەگ و ڕەچەڵەکەوە هەڵم دەتەکێنێ، ئاگرپژێنێکی خامۆشە، ناخم وێران دەکا، لێوەکانم وشک دەبن و چاوەکانم هەڵ دەقرچێن، دەرمانیش بێ سوودە، کاتییە، وەکو سێبەر لەگەڵمدایە، ئەی ناڵێم دوو جۆر پێستم هەیە، نایشلەرزم، پێوەندیشی بە ورەوە نییە، من قەت گوێ نادەمە ئەو کەسە گەوجانە کە وادەزانن ورەم بەرداوە، ورە شتێکەو خەمۆکی شتێکی ترە، مەگەر هەر هۆڵدرلین و

نیچە هەستی پێ بکەن، ئەگینا .. نازانم، کێشەکە لەوەدایە کە لە شێتخانەشدا چارەسەر ناکرێ، ئەوپەڕەکەی دەرزیی ڤالیۆمت لێ دەدەن و خەوت لێ دەخەن، یان بێهۆشت دەکەن.

هەست دەکەم دڵم تەپڵەکەو هەموو جگەرەکێشەکانی دنیا جگەرەکانیان لەناو دڵمدا دەکوژێننەوە، هەست دەکەم مەقەڵییەکی گەردوونییە و خەڵووزی دنیا تێیدا بە بەنزینی ڕۆحم دەگەشێننەوە، ناچاریشم بەرگری بکەم و بەرگەی بگرم، ئەم دەریا ڕەشە کولاّوە کە لە ناخمەوە هەڵدەقوڵێ، خۆم و ئێسقانەکانم دەکاتە چیلکە و دار و گڕیان پێ دەبەخشێ، ئای.. پشیلە ڕەشەکە چڕنووکی لێ گرتم، خنکام، فریام بکەوە، خنکام.. خن..خنخ.. کا..خ م..

– چیتە؟

– نا نا نا زا.. زا نازا.. م.. ناز...

– بڕۆین بۆ لای دەروونناسەکەت؟

– ئا..

– بگری.. گریان باشە..

– چاوەکانم فریای فرمێسکەکانم ناکەون، گڕەم دێ...

– دە ئارام بگرە..

– ناتوانم...

– دابنیشە...

– نا نا...

– جگەرەیەک بکێشە.

– جگەرە دەمکێشێ، خوێنم دەکاتە توتن و دووکەڵ..





– ئەی چی بکەین؟..

– ئەگەر بمزانیایە، خۆم چارەی خۆمم دەکرد.

– ئەی چیت بۆ بکەم؟ چۆن یارمەتیت بدەم؟

– هە، خەمۆکیی نەخۆشییەکە بە یارمەتیدان لاناچێ، چارەسەری نییە، دەتکوژێ و ناتمرێنێ... گڕت پێ دەبەخشێ و ناتکاتە خۆڵەمێش، هەر گڕ دەگری و گڕ دەگری وەکو بابا گوڕگوڕ..

– ئەی؟.

– ئەیی ناوێ، وا خەریکە دەخنکێم...

– لووتت ببڕم بۆ ئەوەی هەناسە بدەیت؟..

– ئا.. سنگم بدڕە، دڵم دەربکە...

– بۆ من پیاوکوژم؟!. کەم جەللادی ڕۆحیمان هەیە؟.. کەم پشیلەی ڕەش چڕنووکت لێ دەگرێ؟

– پشیلە ڕەشەکە جگەری خواردم، ڕۆحی قووت دام، ملم بە پەت جەڕ دەدا...

– چی بکەم، چۆن ئەم پشیلە ڕەشە بکوژم؟

– خۆزگە لەناو ناخمدا بتۆپێ... چۆن لە پێستی خۆم دەربچم؟

– های هاوار.

– دەستم بگرە، کەی عەسر دێ، کەی نیوەڕۆ دێ؟

– لە دەسەڵاتمدا نییە نیوەڕۆ و عەسرت بۆ بهێنم..

– خەمۆکی برین نییە، دومەڵ نییە بۆئەوەی، بۆئەوەی، ددان نییە، بیکێشم، قژ نییە بیبڕم، عارەق نییە دەریدەم، چڵک نییە بیشۆم، ئاگرەو خۆی خۆی باوەشێن دەکا، مردنەو خۆی تەشەنە بە خۆی دەدا،

های هاوار... پارەم نەبوو ستللازین بکڕم هێورم بکاتەوە، پارەم نەبوو تۆفرانیل بکڕم ساردم بکاتەوە، پەتی ئەم خەمۆکییە دوو جەمسەرییە بەگوێزانیش نابڕێ، با بڕۆین بۆلای ژنەکەی دەرمانخانەکە، با بەقەرز حەبەکانم بکڕم.. با چاوەکانی خۆمی بدەمێ، با هەڵیان بکۆڵێ، تەنیا تەنیا دوو.. چوار.. هەزار.. حەبم دەوێ....

بەیەکەوە ڕۆیشتن بە هەڵکە هەڵک، گەیشتنە لای دەرمانخانەکە کەچی داخرابوو.

(ئەم) دەستی بۆ سەری برد، دوومەڵێکی دی پێ گەیشتبوو، ڕۆژیش بیست و هەشتی نیسان بوو.. وتی:

– تەنیا بمگەیەنە مەرقەدی ئەبوو حەنیفە... سواری پاسی ١٨–ەم بکە...

– بەخۆڕایی سوار ببە...

– باش...

تا گەیشتنە گۆڕەپانی – المیدان – بوون بە کۆتەرە، سواری پاسەکە بوو و بە شۆفێرەکەی وت:

– پارەم لەبیرچووە.

چووە ناو پاسەکەوە، شۆفێرەکە وای زانی ژنێکی بیانییە هیچی نەوت، (ئەم)یش لەسەر کورسییەک دانیشت و پاسەکەش کەوتە ئیش، بەبەردەم وەزارەتی بەرگریدا ڕەت بوو، گەیشتە گۆڕەپانەکەی – باب المعظم – ستۆپی گرت و خۆی و پاسەکە بە بەتاڵی دووبارە کەوتنەوە ڕێ، گەیشتنە – ساحة عنتر – لێی خوڕی و سێبارە ستۆپی گرت، دابەزی و ڕووی کردە گۆڕەپانی مزگەوتی – ابو حنیفە – مزگەوتەکە بە کوێرو شەل و کەمئەندام قەڵەبالغ بوو، میزی دەهات، ئاودەستی





دۆزییەوە، میزی کرد و دەموچاوی شۆرد، دەستی برد بۆ دومەڵەکەی سەری، تادەهات گەورەتر دەبوو.

"چۆن و بە چ شێوەیەک دەتەقێتەوە؟ دەمرم... لەوانەیە – ابو حنیفە – فرێم بداتە ناو گۆڕەپانەکەی – کاظمیە – بەرگەی ئەم دومەڵە نەگرێ".

عەبایەکی زەردی لەسەرکرد و چووە ناو مەرقەدەکەوە، سێ جار سووڕایەوە، بە قایمی سەری دا لە زیوە جوانەکانی مەرقەدەکە، خوێن و کێم فیشقەیان کرد، دەتوت بۆریی ئاگرکوژێنەوەیە، پیاوان نوێژیان دەکرد، ژنان دەپاڕانەوە، منداڵان سواڵیان دەکرد، ئەمیش کەوت.

عەباکەیان بەسەر داداو بووڕایەوە، هەناسەی سوار بوو، دووبارە ژنان کۆبوونەوەو (آية الكرسي)یان خوێند، (ئەم) هەر بێ ئاگابوو، بەدەم وڕێنەکردنەوە هەر دەیوت (اِلهي).. بێ ئاگا بوو، پەروانەی پانکەکان دەسووڕانەوە، میلی سەعاتەکان نمرەکانیان دەبڕی، ژنان بە ئومێدی مرازدانەوە گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان، دوعاکەرانیش وەکو کاسێت هەر دوعاکانیان دووبارە دەکردەوە، تا دەروێشێک هات و بەدەنگی بەرز هاواری کرد:

– الله أكبر.

داچڵەکی و هەڵسایە سەرپێ، دوو ژن دەستیان گرت و گەیاندیانە لای بەلووعەکە، ئاوەکە تاف بوو، سوور بوو، شین بوو، هەموو ڕەنگەکان تێکەڵی یەکتر بوون، دەم وچاو و سەریان شۆرد، خوێن بوو بە تاڤگە " خوا گرەم تێد".

دڵۆپەکانی خوێنی بوون بە گەنم، لەو گۆڕەپانەدا بڵاوبوونەوە، کۆترەکان بە گەنمی سوور سەرسام بوون، بەیەکتریان وت:

– ئەمڕۆ ڕەنگی گەنمەکەمان سوورە.. بیخۆین، نەیخۆین.. نازانین؟

هەندێکیان ترسنۆک بوون، دەنووکەکانیان نزیکی گەنمە سوورەکانیان نەکردەوە، هەندێکی تریش هەیتاهەیتا وەکو نوقڵ گەنمی سووریان قووت دەداو ڕەنگی پەڕەکانیان سوور هەڵگەڕا...

نوێژکەران وتیان خوا خێری بکا!

– اعوذ بالله...!

– استغفر الله...!

تادەهات ئاسمان شینتر دەبوو، ئەستێرەکانی دوێنێ شەویش دەرکەوتن، تیشکەکان سووربوونەوە، ڕەنگی چینیی کاشییەکانیش سوور هەڵگەڕان.

– الاعظمیة – بوو بەخوێن، بازاڕ و شۆستەکان و شووشەی دوکانەکان نوقمی ئاسۆیەکی سوور بوون، هەر لە ڕەنگی قژەوە تا ڕەنگی پێڵاوەکان، تا ڕەنگی شەمەکەکان، هەر هەموو سوور هەڵگەڕان...

دانیشتوانی – الاعظمیە – بەیەکتریان دەوت:

– یا ستار... یا حافظ.. الیوم یوم أحمر... أحمر بلون الدم... صلوا علی النبي، اللهم صلّي علی سیدنا محمد و آل محمد...

منداڵان ڕژانە سەر شەقام... خوێن لە لووتیانەوە بەربوو، ژنان ڕژانە ناو بازاڕ، خوێن لە پەنجەی پێیانەوە بەربوو، گەنجان ڕژانە ناو ئەو قەرەباڵغییە، خوێن لە کونی گوێیانەوە بەربوو، پیاوان ڕژانە ناو ئەو حەشامەتە، خوێن لەدەمیانەوە بووە تاڤگە، شەقام و ماڵ و کۆڵان خوێناوی بوو.. هەر هەموو تووشی نەزیفێکی سەیر بوون.

– الاعظمیە – بووە دەریایەکی خوێناوی، (ئەم)یش، گلێنەی





چاوەکانی سوور هەڵگەڕان، نینۆکەکانی، نەخشەی نێوچەوانی، هەتاکو ڕەنگی پشیلەو سەگ و چۆلەکەو بولبولەکان سوور هەڵگەڕان، لافاوی خوێن گەیشتە – المقبرة الملكية – واتە گۆڕی مەلیکەکانی عێراق، هەواڵ گەیشتە (شارع عشرين و شارع ضباط و كم) و گۆڕەپانی – مكتبة الصباح –....

هەواڵ گەیشتە شوێنەکانی تری بەغدا – کاظمیە –...

– الاعظيمة غرقت بالدم.

تەنیا هەر (ئەم) بێدەنگ بوو، ئەگینا بەغداترەکان سەرسام بوون..

– شنو القصة؟

– شنو السالفة؟

کەس لەو (چیرۆک) و (حیکایەتە) سوورانە تێ نەگەیشت، کۆشکی کۆماری خەریکی کوژاندنەوەی مۆمی جەژنی لەدایکبوونی – سەدام حوسێن – بوو، جەماوەر ئاگایان لە لافاوی خوێنی – الاعظمیە – بوو، هەموو بەغداترەکان بۆنی خوێنیان کرد، هاتن بۆ تەماشاکردن.. جادەکەی نێوان – ساحە عنتر – و – باب المعظم – دەتوت بە بلۆکی خوێنی مەییو قیرتاو کراوە... دانیشتوانی الاعظمیە گێژ بوون، وڕو کاس بوون، بەغداترەکانیش لەسەر یەک هەر دەیانوت:

– شنو القصة؟

– شنو السالفة؟

چیرۆک و حیکایەت بوو بە ڕۆمان، بوو بە داستان شەپۆلەکانی ڕووباری دیجلەش ئیفلیج بوون، ئاوی ڕووبارەکەش مەیی، گەڵای درەختەکانی کۆڕنیشی الاعظمیە سوور هەڵگەڕان، هەروەهاش گیای باغچەکان ئەو ڕۆژە لەباتیی ئاو، ئەعزەمییەکان خوێنیان خواردەوە،

جاددەی (رأس الحواش) نوقوم بوو، دوکانی – أبو ظافر – و نانەواکان و ئسکافییەکان و سینەمای – الاعظمیە– و سەرتاشخانەی قەدووری و وەزارەتی داد بوون بە چەند بەلەمێکی کارتۆنی و خوێناوی و پەیکەری، – عنتر ابن شداد – لەناو دەریای خوێندا مەلەی دەکرد، شەپۆلێکی خوێناوی فڕێیدایە بەر دەرگای ماڵەکەی، براو خوشک و نەنکی نانی خوێناوییان دەخوارد، سەوزەو ترشیات و زەڵاتە و ماستاوی خوێناوی یان چای خوێناوییان لێدەنا، ڕەوانەی گەدە خوێناوییەکانیان دەکرد، سینییەکەش سەمای دەکرد، رادیۆی بەغدا لە پەخشکردنی دەنگوباسەکان و ڕێوڕەسمی کوژاندنەوەی مۆمەکەی لەدایکبوونی سەرۆکیان پەخش کرد، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئاماژەیان بۆ ئەو ڕووداوە خوێناوییە نەکرد.

نانی پێ نەخورا، ژوورەکەی هەر وەکو خۆی بوو، جلەکانی داکەند و خەوی لێ کەوت.

ئەم بەدەم خەو بینینەوە عارەقی دەردەدا، – الاعظمیة – لەناو دەریای خوێندا نوقوم بوو، لە خەودا بینی – الاعظمیة – بووەتە گۆڕستانێکی خوێناوی، چاوەکانی کردەوە و دەستی بۆ پشتی سەری برد، بە پەنجەکانی زانی کە چاوی شەشەم لە دایک بوو و چاوی پێنجەم خەوێکی هەمیشەیی لێ کەوت، زانیی ئیدی ناتوانێ لەسەر پشت بخەوێ، یان لای ڕاست، یان لای چەپ، ترس و دڵەڕاوکێ داگیری کرد، ترسا جگەرەیەک دابگیرسێنێ، نەوەک ئاوی چاوی شەشەم بەنزین بێ و بە تەڵە شقارتەیەک گڕ ببەخشێتە پایتەخت، بۆیە قاچەکانی خوراند و سەیری نێوچەوانی خۆی کرد، بینیی نەخشەکەی جارانی نەماوە و نێوچەوانی وەکو تابلۆیەکی سادەو سپی وێنای





دنیایەکی خاپوور دەکەن، تێ دەفکرێ و تێ دەڕوانێ و پیتەکانی وشەی (هیچ) دەسڕێنەوە و پیتی (د..ی..ن) دەنەخشێنن، کەی و چۆن و بۆ، لە دڵی خۆیدا زانیی وەڵام بداتەوە، چونکە پێشبینیی هەموو شتێکی دەکرد، بەڵام لێوە ڕەشەکانی نەجووڵاند، ددانە قەترانی و بۆگەنییەکانیشی لەناو دەمیدا سەمایان دەکرد، دەمی خەریک بوو دەبووە شتێک، قووڵ و پان و گەورەتر بوو، وتی:

– لەوانەیە چاوی شەشەم دنیا داگیر بکا!

نەیدەزانی ئامانجی سەرەکی چاوی شەشەم چییە؟ نەیزانی، چونکە چاوی شەشەم بەبێ زەنگ و لە خۆیەوە لەدایک بوو، پشتی سەری داگیر کرد و بوو بە پارچەیەک لە کریستاڵ، وەکو تابلۆ و چوارچێوەکەیشی زێڕ بوو، دەتوت کارەبا لە قووڵاییدا هەیەو وشەی (مردن) بە ڕەنگێکی زەرد هەڵدەبێ و دەکوژێتەوە.

چاوی شەشەم هۆمیرۆس و سەعدیی شیرازی و تاغوری دەناسییەوە، دێری دیوانەکان لایەلایەیان بۆ دەکرد، گوێکانیشی بە سەدای ئۆپیرا پڕدەبوون و بۆیە خەوی لێ نەدەکەوت، دەتوت قنگی خستووەتە سەر دەمی بورکانێک، بۆیە هەمیشە گڕدار بوو، هانای دەبردە بەر ئۆقیانووسەکان و قەت نەیدەتوانی ئاسمان ببینێ، ئاسمانیش لە ئەستێرەو مانگی خۆی تۆرابوو، ئاسمانێکی سنووردار کە بووبووە کتێبێک و بەئاسانی دەخوێنرایەوە، ئەلف و بێکانی ئاسان بوون، هەتاکو کەرەکانیش لەبەریان کردبوو، دەتوت ئاوڵەی دەرکردووە، پەتایەکی سەرسوڕهێنەریش ئەستێرەکانی بەیەکەوە بەستبووەوە.

هەموو ئەستێرەکان سیلاوی بوون، خوێنیان هەڵدەهێناو ڤایرۆسی سیلیان دەباراندە ناو سییەکانی مرۆڤەوە، ئەمیش، واتە (ئەمانیش) لە

مرۆڤایەتی خۆیان بووبوونەوە، نەدەیانزانی زاوزێ بکەن و هەر هەموویان تێکڕا نەزۆک و خەسێنراو بوون، وشکیان کردبووەوە، ئەوکاتە کەس نەیدەزانی کە نێرن یان مێ، هەر هەموویان وەکو نێرەمووک وێنا دەکران.. قاچیان دەرکرد، باڵیان دەرکرد، ویستیان بێنە خوارەوە، بەڵام لە کینەی مرۆڤەکان بێزار بوون.

هەروەها لە کەشتییە ئاسمانییەکان کە دەیانزانی بە چ فرت و فێڵێکەوە دێنە سەر مانگ و چۆن بازرگانی بەم زانستەی خۆیانەوە دەکەن و چەندین دەزگای سیخوڕی هەن بۆ گواستنەوەی هەواڵەکان...

ئەو شەوەی کە چاوی شەشەم لەدایک بوو، ئەستێرەیەک قاچەکانی شۆڕ کردەوەو هاتە خوارەوە، شوێنی نەبوو، زۆر گەڕاو بڕیاری دا چاوی شەشەم بکاتە هاوڕێی خۆی.. بە مەرجێک چاوی شەشەم رازی بێت، ئاوی رووبارەکان ببێ بە خەناو... نەک خوێناو، ئافرەتان سەریان شۆڕبکەنە ناو سەرچاوە ئاوییەکان و سەریان لە خەنە بگرن و پشتی مێژوو بشکێنن.

ئەو مێژووە کە بەبار خوێن هەڵدەگرێ و بە بەنزین ئاگری مرۆڤایەتی خۆش دەکا، مێژوو نە ئاوێنەیە و نە راستییە، بەڵکو درۆیەکی گەورەیە و باڵۆنێکە پڕە لە بۆنی خوێن، ئاودەستێکە و پڕە لە پیسایی، خۆڵەمێشێکە و پڕە لە گەندەڵی، مێژوو ئارایشتە، ماکیاجە و دەمامکی رووداوە تۆقێنەرەکان سواغ دەدا، مێژوو تەپاڵەو پشقلی سیاسەتمەدارە سیخوڕەکانە، مێژوو شەمەندەفەری ئاژەڵەکانە، هەمیشەش رووی رەشە، بە پەردە رەشەکەیەوە ئاین و ئۆینی قۆناغەکان، پلان و قومارکردن بە چارەنووسی مرۆڤایەتی، دادەپۆشێ، مێژوو مەقەڵی و تەنوورو فڕنی درۆودەلەسەی پاشا و دیکتاتۆرو





سەرکردەکانە، مێژوو تڕی شەیتانە، کە کەس ناپارێزێ و دەستبەرداری کەس نابێ، مێژوو فرتوفێڵی سیخوڕەکانە، مێژوو بە خوێنی پیسی خۆی راستییەکان دەسڕێتەوەو درۆکان زەق دەکاتەوە.

مێژووی گەواد هەمیشە لیستی سیاسەتمەدارە سۆزانییەکان کۆ دەکاتەوە و لە بانقە قێزەونەکاندا دەیانشارێتەوە، ئای لە رووڕەشیی مێژوو و ریسوابوونی زۆربەی زۆری مێژوونووسانی گەردوون، کە تەنیا بە چاوێکی کزەوە رووداوە راستەقینەکان شی دەکەنەوە، مێژوو

مەیموونێکە لەسەر ترپەی تەپڵی پیاوکوژان و جەللادەکان هەلەکەسەما دەکا، کام مێژوو؟! کە وەکو کیسەڵێکی تۆپیو بۆنی حەرامزادەیی بڵاو دەکاتەوە، وەک تڕی کەر ریسوایی دەگۆڕێتەوە بە شکۆمەنترەوە، بە پەتەکەی زندیقەکان، بە بوختانی خواناسی و خواناسەکان، بە بوختانی زندیقی دەخنکێنێ، مێژووی سۆزانی کە شەوان لە باوەشی ناوگەڵ برسییەکاندا درۆ دەکا و بەیانی راستییەکانی بیر دەچێتەوە، مێژووی سپڵە کە وەفای نییە بۆ هاوارەکان، درۆکان دەکاتە ئایەت و تەراتیل، مێژوو بە چەقۆ تیژەکەیەوە سەری منداڵان دەبڕێ و ئەتک بە کچان دەکا و بەناوی شەرع و داب و نەریتەوە راستییەکان دادەپۆشێ.

مێژووی خۆفرۆش و بیرفرۆش و ویژدانفرۆش لە هۆڵەکانی دادگاکاندا دادپەروەری بە سزادان لەقەڵەم دەدا و خۆشەویستی بە تاوان، مێژووی زۆڵ کە بە دامێنی کچە نازدارە بێتاوانەکان تایەی ئۆتومبێلی تاوانباران دەسڕێتەوە، کام مێژوو؟! ئەو مێژووە کە عارەبانەی خۆڵڕێژە و توێکڵی عێشق کۆ دەکاتەوە و فڕێی دەداتە نێو زبڵدانی خۆیەوە، مێژوو.. ئەو پەت و خەنجەرو شمشێرو چەقۆو

دەمانچەو کلاشینکۆف و بلدۆزەری قنگدڕین و بتڵ و کورسیی کارەبایی و ژەهر دەکاتە کێک و نوقڵ و نەستەڵەو چوکلێت و شیرینی...

مێژووی نێرەمووک کە ڕەنجبێوەری و هەناسەساردی دەئاخنێتە ناو قنگی کەرو لە دەمی ماکەرەوە دەریان دەکا، مێژوو هەناسەی زیندانییەکان کپ دەکا و نووسینەکانی سەر دیواری زیندانەکان تۆمارناکات و بە پاژنەی پێڵاوەکانی دەیانسڕێتەوە، کام مێژوو؟! ئەو مێژووە خەڵووزە کە ڕەنگەکانی تەباشیرەکان دەدزێ و بە پیتی گواوی لەسەر نێوچەوانی لاپەڕە سپییەکاندا درۆ و دروشمەکانی دەنووسێ، مێژوو ئەو ئاهەنگە کۆکتێلەیە کە گۆشتی پشیلەو بۆق بە گۆشتی ئاسک وێنا دەکا، مێژوو، ئایا خەریکی کۆکردنەوەی کارتەکانی مێزی سەرکردە قومارچییەکانە؟! یان بتڵە بەتاڵەکانی جن و ڤۆدگاو وێسکی و شەمپێن و شەراب و وهتد.. مێژووی بێنوێژە کە بە دزییەوە لە مزگەوتەکاندا نوێژ دەکا و لە کڵێساکاندا قەشەکان فریو دەدا...

مێژوو ئەو پەرداخە بەتاڵەیە کە پڕە لە میزو شەو و ڕۆژ دەرمان خواردمان دەکا، مێژوو ئاگر لە خەرمانەکانمان بەردەدا و فوو دەکاتە ناو گونی دەرەبەگەکانمان و قامچییەکانیان توندتر دەکا؟..

مێژوو وەکو دز پەردەی کچێنیمان لێ دەدزێ و بوختانی داوێنپیسیمان پێ دەکا و بەرماڵەکان دەکاتە گوێنی و پڕیان دەکا لە تەپاڵەی مووشەکەکان، ئەمەندە حیزە، هەمیشە بە زمانی ڕابردوو ڕووداوەکان دەسەلمێنێ، نە ئایندەی هەیەو نە ئێستا، چونکە جلی درۆ لەسەر تەنافی ریسوایی هەڵدەخا و جلی خاوێن بۆ سڕینی قنگی بەکاردەهێنێ، هەروەکو ڕەشەبا ئاڵاکان تۆزاوی دەکا و سنوورەکان بە نوکتەی پارە خوێناوی دەکا، کام مێژوو؟! ئەو مێژووەی کە یارییەکانی





شەیتان دەکاتە ئۆپەرێت و وەڕینی سەگەکان دەکاتە گۆرانیی میللی، کام مێژوو؟! ئەو مێژووەی کە مێوژێکی پووچەو هەمیشە ناودەم تاڵ دەکا و هێزی چاو کەم دەکاتەوە، بە شەڕی براکوژی گیرفانی بازرگانەکانی چەک بە خاوەن و دۆلار دەئاوسێنێ و خوێنی منداڵان دەکاتە پەیین لەسەر پاشماوەی خوێن دەژی.

ئەو مێژووەی کە ڕەنگی پەمەییی گوڵان بە قوڕ دەگرێ و شیوەن بۆ سەرکەوتنی ویژدان دەکا و لە ئاوێنەی ڕووداوەکاندا برۆی کچان دەتاشێ و پێڵاوەکانی ئەفسەرە دڕندەکان بۆیاغ دەکا، ئەو مێژووەی کە تینووێتی بە گڕی گەرووی پەککەوتەکان دەشکێنێت و لەناو زێرابەکانیدا نهێنییەکان دەشارێتەوە...

ئەو مێژووە کە خۆی بە زەڕەنگەر لەقەڵەم دەدا و بەدەنگی تەنەکە زەنگی شەڕ لێدەدات...

ئەو مێژووەی کە گەوهەرو کرۆک و کاکڵەکان فەرامۆش دەکا و ڕۆح دەکاتە پەینی خەونە پووچەڵەکانی، ئەو مێژووە بێ خەونەی کە هەمیشە مۆتەکەیە و لەسەر سنگی قەیرەکاندا دەنیشێتەوە، بەرد دەهاڕێ و باڵی پەپوولە دەسوتێنێ و ئاگری مۆم دەکوژێنێتەوە، ئایا ڕووی هەیە جارێکی دی قسە بکا؟! یان هەمیشە بێ چاو و ڕووە و زەق زەق دڕک دەچێنێ و سەری گوڵ دەبڕێ!

کلکی درۆ دەکاتە دروشم و ڕووڕەشیی یادەکان دەکاتە لافیتە، کام مێژوو؟! ئەو کەروێشکە بێنوێژەیە کە بە نەخشەی خوێنە پیسەکەی جوگرافیای گیاکان خەڵتانی خوێن دەکا...

ئەو بۆقە هاروهاجەیە کە بەربەرەکانێی ئاوڕۆشنکەرەکان دەکا و قەراغی ڕووبارەکان بە گووی سەوز وێران دەکا...

ئەو دڕکە ئاسنینەیە کە دەچەقێتە بن پێی کۆترەکان و لق و گەڵاو هێلانەکان بێنوێژ دەکا.

ئەو قەڵا کارتۆنییەیە کە بە فووی مێژوونووسێکی تر، دیوارەکانی هەرەس دێن و تێک دەشکێن..

ئەو ئاوە مەندەیە کە سیسرک و مارمێلکەو مێش و جرو جانەوەرەکان کردوویانە بە داڵدە و ڤایرۆس و میکرۆب دەبەخشنە پەپوولەو منداڵەکان.

ئەو میزەڵانە پڕ لە دووەم ئۆکسیدی کاربۆنەی کە مێژوونووسان بە نووکی پێنووسەکانیان سپیەکانمان تووشی شێرپەنجە دەکەن و درم و پەتاو کۆکەڕەشە دەکەنە هێلانە، تا مردن دەبێ هەر خوێنی رەش و بەڵغەمی درۆ هەڵبهێنین.

ئەو تەپڵەکە جگەرەیەی کە لە ئاغزە جگەرەی خەمۆکی و نیگەرانی و دڵەڕاوکێی گەلان پڕ دەبێ، کە شیلەی خەونی ئاشتیخوازان دەمژێ، ئا ئەمەیە مێژوو کە نێر لەگەڵ مێدا موتوربە دەکا و دوایی دەست و پێیان دەبڕێ و بە لقی دارەکاندا هەڵیان دەواسێ، بە گوللەی کۆنەپەرستی گوللەبارانیان دەکا...

ئەو دووکەڵەیە کە رۆ دەچێتە ئاسمان و بە فێڵێک خۆی دەکاتە هەور و هەر نابارێ و نابارێ.. و نا.. با.. رێ..ت...

ئەو تاریکییەیە کە بە تیشکی هەتاوی حەقپەرستییش ون نابێ و لە گەمارۆی سەرمان دەدات و سەرینەکانمان بۆ دەکاتە ملیار چەقۆ.

ئەو ژمارانەیە کە تادێن کەم دەبنەوە و سفر دەکەنە لووتکەی شاخەکانیان، تادێ خۆیان دابەش دەکەنە سەر زیندانی و یەخسیرو پەککەوتەو شەهید و مردووەکان و گۆی زەوی دەڕازێننەوە بە





گۆڕستان.

ئەم بەردەبارانکردنی مێژووە یەکەم پەیامی چاوی شەشەم بوو بەسەری (ئەم)ی وت:

– ئەمشەو من و دومەڵێکی نوێ یەک دەگرین، وریابە، گیانت دەردەچێ، دەمری، سەرت دەبێتە وێستگەیەکی ئەتۆمی، گازی.. نە.. ببووره، گولاوی حەقپەرستی دەپرژێنێتە سەر ئادەم و حەواو نەوەکانیان، مەگری هاوڕێیەکەت (ئەو) رۆیشت، مەگری، بواری نەبوو خواحافیزیت لێ بکا، دوو تەڵە مووی قژی سەرتی برد و ونیان دەکا، هەر وا بووە و واش دەبێ.. ئەمە قەدەری تۆ بوو لەگەڵیدا.

ئەم ئەزموونەت بکە بە چەتر و هیچی تر.. رۆیشت.. تەواو... ئەو رووبەڕووی چەندین رێککەوت دەبێتەوە و تۆش رووبەڕووی ملیار قەدەر دەبیتەوە...

خۆشبەختانە ئەسپێک لە ئاسمانەوە دادەبەزێت و دەبێتە گۆچانت...

بە برژانگەکانت گسکێ بدە لە چاوەڕوانی... بە لێوە مۆرەکانت فوویەک بکە لە نائومێدی و بە پەنجەکانت برینە قووڵەکانت بکە بە چەند بیرێک و ببە بە یوسف، چاوی حەوتەمت هەردێ و هەر لەدایک دەبێ و هەر کاروانێک شۆڕشگێڕ بەدوای خۆیدا رادەکێشێ و چاوەڕێ بکە...

چاوی شەشەم لەکاتێکدا ئومێدبەخش بوو، خاوەنی هەڵوێستی خۆی بوو، پلەی گەرمی ویژدانی لە بەرزترین پلەی گەرمیی خۆر زیاتربوو، بۆیە زۆر گرینۆک بوو، پانتاییی بەقەد پانتاییی ئاسمان دەبوو، هەمیشە دەیباراند و سنگی (ئەم)ی تەڕ دەکرد، خەمەکانی دەشۆرد، بە رادەیەک (ئەم) عەوداڵی جۆرێک بوو لە نووسین، کە قەت نەیدەتوانی

کۆتایی پێ بهێنێ.. باران و نووسین بوون بە دوو عاشقی زۆر جوان، هەستیان دەکرد خوێنیان کردووەتە گیاو گوڵ، ئەستێرەکانیان گۆڕیوەتەوە بە خەونی بەهەشتی، کەلەپووری مۆسیقای گەردوونییان لە نەغمەیەکدا کۆ کردووەتەوە، وەکو دوو کۆتر لەناو هێلانەی وشەکاندا ریقنەکانیان مرواری بوو، یان جارێک دەبوونە زەرکۆن و جارێکی تر دەبوونە کریستاڵ، پەپوولەکانیش حەزیان نەدەکرد شیلەی ئەو گەوهەرانە هەڵبمژن، بەڵکو لە سەریاندا کڕ دەبوون و ریقنەکانیان دەبوونە تیشک، دنیایان رووناک دەکردەوە، کاتەکانیان دەبڕی و وەرزەکانیش بوون بەیەک وەرز...

پاش لەدایکبوونی چاوی شەشەم، قامچییەک لە ئاسمانەوە کەوتە خوارەوە (ئەم) بە قامچیی شەیتانی ناوی دەبرد، بەڵام چاوی شەشەم پێی دەوت:

– قامچییەکی سیحراوییە و دەستێک لە پشتییەوە هەیە.

چاوی شەشەم مژدەبەخش بوو، تەنیا یەک جاریش مژدەبەخش بوو، هەر چەند ساتێک و بەس! هەر وەکو پەلکەزێڕینەیەکی گەردوونی ملیار رەنگی نواندبوون...

چاوی شەشەم چیی کرد پاش هاتنە خوارەوەی قامچییەکە؟

تیشکەکانی هەتاوی چنی و گەردوونی تاریک کرد.. هەتاو شیوەنی کرد و قوڕی بۆ تیشکەکانی گرتەوە، لە کار کەوت و خۆی زیندەبەچاڵ کرد، میلی سەعاتەکانیش لە وەڕین – ی خۆیان کەوتن، بە رادەیەک کەس گوێی لە زەنگی سەعاتی بیگبن و کڵێساکانی مەسیحییەکان نەبوو.

سیاسەتمەدارەکانی ئەوروپا، بەتایبەتی دیموکراتخوازان، بوون بە





مووچەخۆر و دانیشتن، بانقەکان تووشی ئیفلاسی بوون و نە دۆلار نرخی ما و نە فرەنک و نە پاوەن و نە یۆرۆ، نرخی ئارد گەیشتە نرخی زێڕ، دەمی ئادەمیزاد زۆر گەورە بوو، بە رادەیەک هەر یەکێک لە ژەمێکیدا گایەکی قووت دەدا، میزیان بریتی بوو لە نەوت و بەنزین، هەناسەیشیان گاز بوو، ململانێی چینەکان بۆ جۆرێکی تر خەستتر بوو، قووڵ بووەوە، تەسک و چڕ بووەوە..

دیوارەکان هەرەسیان هێنا، مرۆڤەکان دەمامکیان لە روو کرد، زۆر کۆمەڵە دەرکەوتن، هەر تاقمێکیان بە رەنگێکی تایبەتی جلوبەرگیان لەبەر دەکرد، جووڵانەوەی مێژوو وەستا، شاعیران لە شیعرنووسین بوونەوە، رۆماننووسان بوون بە خۆڵڕێژی دەزگاکانی شارەوانی، پزیشکەکان بوون بە کرێکاری کارگەکانی جگەرە، ئەندازیاران بوون بە سەرباز، نەخشەو سنوورەکان بوون بە دەزوو، ئەتڵەسیش شیوەنی کرد، رۆژ رۆژی کۆنەپەرستەکان بوو، خوێندنگاکان بوونە قەڵای جاڵجاڵۆکە و شەمشەمەکوێرە، منداڵان بوون بە ئسکافی (ئەم)یش دەمێک بوو بۆنی ئەم دیاردانەی کردبوو، کە بوون بە راست و لە ئاوێنەی گەردووندا بەرجەستە بوون، دەستبەرداریان بوو و دەستی کرد بە نووسین.

ڕۆژنامەنووسان فوویان بە میزەڵاندا دەکرد و لە بازاڕی کۆنەدا کاڵاکانیان دەفرۆشت، رووبارەکان بوون بە ویسکی و براندی و مۆدێلی ئاوخواردنەوە نەما، ژنانیش بەگشتی نەزۆک بوون، چونکە مێرد و کەپڵ و هاوڕێکانیان دووبارە بوونەوە بە ئەسپی خەسێنراو.

چاوی شەشەم بەرانبەر بەم دیاردانە هیچی پێ نەدەکرا، بڕیاری دا کوێر ببێ، لاڵ ببێ، کەڕ ببێ، سەری (ئەم)ی بادەدایەوەو رووی لە

مرۆڤایەتی دەکرد.

– هەی ئاخرشەڕینە، رەنجبێوەرو هەناسەسارد، شێتخانەکان پڕبوون لە میوانی هەمیشەیی، تا دەهات بەرهەمهێنانی دەرمانی هۆش زیاتر دەبوو..

چاوی شەشەم رووی لە خوا دەکرد و هاواری دەکرد

– خوایە بەرەو چ دۆزەخێک پاڵمان پێوە دەنێی..

قامچییەکەیش لەکاری خۆی نەدەوەستا، لە پشتی شۆڕشگێڕان و پەیامبەرانی دەداو بە فەرمانێک بە سزادانی جۆربەجۆرێک بە بڕیارێک، هەموو ملەکانیانی بەیەک ئەڵقەی پەت لەسێدارە دا.

یەک ئەڵقەی سیحراوی و تیژ ملی بلیار برسی و تینوو و زیندانی و بێتاوانی بڕی.

ئەو ئەڵقەیە نە لە تەل دەچوو و نە لە خوری، بە فەرمانی ئەو قامچییە دروست کرابوو، ملی هیچ شەهیدێک تووشی ئەم جۆرە پەتە نەهاتبوو.

ئەم بە چاوی شەشەمی وت:

– تۆ بڵێی ئەم ئەڵقەیە ملی منیش تاقی بکاتەوە؟

چاوی شەشەم پێی وت: ملی تۆ وەکو ناوقەدی دارخورمایە، قژت سەعافە و وشەکانت خورمان، مەترسە، بە تۆ ناوێرێ...

بەیەکەوە بۆ دارخورما سەربڕاوەکان گریان، بۆ ئەم ئەنفالە تازەیە گریان، چاوی یەکترییان دەسڕییەوەو ئەم دەیوت:

– من تەنیا دارخورمانیم، من داری توو و ترێ و پرتەقاڵ و هەنارو هەموو میوەکانم.. هەتاکو سنەوبەریش.





– مەبەستم تەمەنت درێژە، نامری، جارێک نامری...

– لەوانەیە ئەم قامچییە ببێ بە داس، لەناو قەدەوە بمبڕێ..

– بنووسە، بگری، بێدەنگ بە

– ئەی جگەرە؟

– من دەبمە خۆراک و ئۆکسجین و جگەرەو ئاوت...

وەرزەکان یەک وەرزن، پایزێکی خوێڕین، تۆش حەزت لەم وەرزەیە..

– .....

– چونکە لە مردن دەچێ.. مەگری، بۆخۆت بگری بۆ ئەو منداڵانە کە پشقل بە نوقڵ تێ دەگەن، دەبێ مارکس ریشی خۆی بتاشێ و ئاگری تێ بەربدا.

– ئای لە مارکس، ئێستا زیندوو بووبووایە گرەی دەهات بۆ.. بۆ راستکردنەوەی ئەم گەردوونە، کە هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە... نەیشیدەتوانی رێکی بخا.

چاوی شەشەم و (ئەم) زۆر دووان، گەیشتنە ئەنجامێکی دەستکرد، پێویستیان بە چاوی حەوتەم هەبوو بدا لەو دۆڵە کە تێیدا لەگەڵ وشەدا بەیەکەوە تەراتێنیان دەکرد، کەوتنە گومانێکی کوشندەوە، وەکو بازگە پێناسی هەموو بوونەوەرێکیان دەپشکنی، دەیانزانی قاچاغچێتی بە مەعریفەیشەوە دەکرێ، نەک تەنیا بە ئەندامی سێکسی دەستکرد، خەونیشیان بە یۆتۆپیایەکی بێ ئەندازەوە دەبینی، یۆتۆپیایەک مەگەر تەنیا چاوی حەوتەم لەگەڵ خۆیدا بیهێنێ و پرسیارەکانیشیان زۆر قووڵ و خەستتر دەبوونەوە، بوون بە دوو جەمسەری سەیر، لەیەک نەدەچوون، بەڵام یەکترشیان دەگرتەوە،

زۆرجار نەیاندەتوانی وەڵامی پرسیارە قورسەکانی خۆیان بدەنەوە، بەر چاویشیان زۆر تاریک بوو، وێنای دنیایەکی سپییان دەکرد، بەپێچەوانەی ئەم دنیا قرمزییە...

کە نەک تەنیا کانییەکان خوێن دەردەدەن، بەڵکو ئۆقیانووسەکانیش بریتی بوون لە خوێن، بیری نەوتەکانیش لەباتی نەوت خوێنیان دەبەخشییە پاڵاوگەکان، ئیدی ئیستعمار بۆی نەما وەکو سەگی پۆلیسی لە دوورەوە بۆنی نەوت بکا، بەڵکو بۆنی خوێنی دەکرد و بیری لەوە دەکردەوە چۆن سوودی لێ وەربگرێ و بەچ شێوەیەک بازرگانی و قاچاغچێتیی خۆیی پێ بکا..

بە رادەیەک شووشەی دەرمانی دەرمانخانەکان لەباتی دەرمان پڕبوون لە خوێن، خوێن جۆگەی خوێنی لێ دەبووەوە، بتڵەکانی شەرابیش پڕبوون لە خوێن، هەتاکو شوفێری ئۆتومبێلەکانیش لە بەنزینخانەدا خوێنیان دەکردە ئۆتۆمبیلەکانیانەوە.

دڵ و دەمارەکانی مرۆڤایەتی بوون بە بەلووعەو بۆریی فرمێسکی منداڵان بوو بە خوێن، میزی ساواکانیش لەناو کاریکۆت و بێشکەدا هەر خوێناوی بوو، رەنگی درەختی سنۆبەریش سوور بوو و هەورەکانی ئاسمان سوور بوون و خوێنیان دەباراند، مەنهەڵ و زێرابەکان و جۆگەی پیساییی کۆڵانەکانیش هەر رەنگی خوێنیان دەنواند...

ئەرزو ئاسمان قەپات بوون، ژنان بە کلی رەش لێوەکانیان ڕەش دەکردەوە، هەر لە ئارایشتکردنی خۆیان نەبوونەوە، بەرگی کتێبەکان و پیتەکانی ناویان سوور هەڵگەڕان.

تەنیا سەرو قژی ئەم سپی بووەوە، ددانەکانی کەوتن، نێوچەوانی





بوو بە نەخشەی جیهان، پێنووسەکەی کرد بە گۆچان، ترسا نەوەک پیتەکانی ببنە خوێن و رۆمانێکی خوێناوی بنووسێت

زۆر ترسا دیجلەی خوێناوی لافاو بکات، نوێژکەرانیش بە خوێن دەستنوێژیان دەگرت، لە نوێژەکانیاندا دەیانوت:

– نأكل دم، نشرب دم نموت بالدم...

نغرق بالدم..

کتێبە پیرۆزەکانیش لەسەر بەرزترین رەفە هەڵگیران، نەوەک پیتەکانیان خوێناوی بن، ئیدی ژنانیش جلوبەرگی منداڵانیان بە ئاوی خوێناوی دەشۆرد و خوێن شوێنی ئاوی گرتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەت پارەی خوێنی لێ وەردەگرتن، مردووەکانیش بە خوێن دەشۆرران و دەنێژران.. گەڵای درەختەکان سوور بوونەوە، پێستی ئاژەڵان هەتاکو کلکیان هەر هەموو سوور بوونەوە، بەرماڵەکان، مۆمەکانی کڵێساکان سوور بوونەوە، دروشمی لافیتەکان بە خوێن دەنووسران، سەوزە و میوەکان خوێناوی بوون، ئیدی مرۆڤەکان خوێنیان دەخوارد و دەخواردەوە، تووتنی جگەرەکانیش لەناو پاکەتی خوێناویدا مەیین، ئەستێرەکانیش لە ئاسمانێکی خوێناویدا خنکابوون، مانگ بە یەکجاری ون بوو، شەویش بووە خەڵتانی خوێن، دووکەڵی جگەرەکانیش سوور هەڵگەڕان، تەنانەت شیری دایکانیش چەند دڵۆپێک خوێن بوو، منداڵان گۆی مەمکی دایکیان دەمژی و لێوەکانیان خوێناوی بوو، رۆن بوو بە خوێن، ماستی سپی بوو بە خوێن، نان.. نانیش روخسارێکی سەیری هەبوو، کە لەسەر ساج و لەناو تەنووردا دەبرژا، سوورهەڵدەگەڕایەوە.

(ئەم) نە نان هەبوو بیخوات و نە ئاوی دەخواردەوە، چاوی شەشەم

جگەرەی بۆ دابین دەکرد و هەر بەیەکەوە گفتوگۆیان دەکرد و خەریکی ڕەشکردنەوەی لاپەڕە سپییەکانی بوو تا لە پڕ چاوی شەشەم پێی وت:

– مۆزەخانەکان تالآن کران و قاچاغچییەکانی ئەنتیکەکان دەستیان لەناو ڕۆندایە...

(ئەم)یش بەم هەواڵە سەری سوڕنەما، دەیزانی سامان و خێرو بەرەکەتی نیشتمان و عارەقی نێوچەوانی گەلان لە گیرفانی کێدایە و لە قاسەو کام بانقدا کۆ دەبنەوە.

بێدەنگ بوو، تفێکی خەستی ڕۆکردە نێوچەوانی داگیرکەران و بێدەنگ بوو.

بەڵام لە ئەنجامی بیستنی ئەم هەواڵەوە پیتەکانی بوون بە ئاگر، کۆمپیوتەری نەبوو، گڕ لە نووکی پێنووسەکەیەوە دەردەچووو زوخاوی بیرو ڕوئیایان دەدا.. دوو فرمێسکی ئاگراویش برژانگەکانیانی سووتاند، هەروەها مووە زیوییەکانی سەری، دەستی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان تەنیا هاواری کرد:

– خوایە!

پاش چەند ساتێک بوو بە سێبەر، بە فەرمانی خوا بوو بە سێبەرێکی نەمر، ئیدی ئاگای نە لە دەست و پێیەکانی خۆی ما و نە لە پەنجەکانی، نە نێژرا، نە شۆررا، نە فاتیحەی لەسەر خوێنرا، تەنانەت چاوەکانیش بۆی نەگریان، کەسیش شیوەن و ماتەمینیی بۆ نەگێڕاو چلەو یادی نەکردەوە، بە دوو ڕستەش ماڵئاوایی لە وڵاتەکەی کرد و وتی:

– تۆ تەواو بووی منیش تەواو بووم.

سێبەرەکەی و چاوی شەشەمی بۆی گریان، هەرچی نووسینی هەبوو کۆی کردنەوە:





– چاوەڕێی چاوی حەوتەمی بوو، کەچی بوو بە تۆ...

– من وەکو ئاگرم.. من نامرم، ڕاستە کەس نامبینێ، کەس پێم ناوێرێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر چاوەڕێی چاوی حەوتەم دەکەم...

دەبێ چاوی حەوتەم دزو حیزەکان، سیخوڕەکان، نۆکەران لەچاڵ بنێ...

من سێبەرێکی هەقپەرستم، هەواڵی دزینی مۆزەخانەکان کوشتمی.

چاوی شەشەم و سێبەری باوەشیان بەیەکتردا کرد و هەر لە ژوورە بچکۆلەکەی، پاکەتی جگەرە و پێنووسە ئاگراوییەکەیان شاردەوە...

ئەگەر سەرنجت بدایە ئەو زاتە سەیرو سەمەرەیە لەناو عەلاگەیەکی نایلۆندا لە گۆشەیەکی ژوورە دوو مەترییەکەیدا، لە کونجە فارگۆنییەکەیدا نێژرا، چاوی شەشەم و سێبەرەکەی (ئەم) نانیان نەبوو. بیخۆن، ئاو نەبوو بیخۆنەوە، پێویستیشیان بە جگەرە نەبوو، برسێتی گەمارۆی دان و پەیتاپەیتا چاوی یەکتریان دەسڕییەوە، لە پەنجەرەکەوە سەیری ئاسمانیان کرد، دڵۆپ دڵۆپ خوێن دەباری، ڕێبواران چەتریان هەڵگرتبوو و خوێنی ئاوەڕۆکان تێکەڵی خوێنی مەزرییەکان بوو.

ئەم دووانە عەلاگە ڕەشەکەیان دایە سەر شان و ماڵەکەیان بەجێ هێشت بڕیاریان دا بەدوای چاوی حەوتەمدا بگەڕێن و بیدۆزنەوە، بەڵکو دنیای پێ چاک بکەنەوە و تای تەرازووەکان هاوسەنگ بن، لە شەقامەکاندا تووشی هەزار سەگ و پشیلە بوون، ڕایان دەکرد.

دەیانزانی کەس ڕزگاری نابێ لە سەگ و پشیلەکانی، پەیکەرە رووخاوەکان هێدی هێدی چوونە لای دیجلە، حەزیان کرد گلەیی لێبکەن... حەزیشیان کرد عەلاگە ڕەشەکە دابنێن و بۆ یەکەم جار

پرسیار لە دیجلە بکەن، ئایا چاوی حەوتەمی لەگەڵ خۆیدا هێناوە یان نا؟..

شەپۆلەکانی دیجلە بەرز دەبوونەوە، ئاسمان و دیجلە بوون بەیەک دیجلە، وتی:

– دەزانم چی لەناو ئەم عەلاگە رەشەدایە، چاویلکەیەک و پێنووسێک، ئاغزە جگەرە و دوو سێ پارچە ئێسقان.. لە تەنیشتمدا بینێژن، ئاگام لێی دەبێ، کلیلی ونکردووی خۆی دەدەمێ، دێتەوە سەر خۆی، من دیجلەم، مژدەبەخشم، خۆی باش دەمناسێ..

دیجلە کلیلێکی لە گیرفانی خۆی دەرهێناو وتی:

– فەرموون، کە چاوی حەوتەمتان بینی، دەرگاکانی بەغدایان بۆ بکەنەوە.. ئەم کلیلە هی (ئەم)ە.. لەلای من پاراستی..

کلیلەکەیان لێ وەرگرت و عەلاگەکەیان دایە شان و کەوتنە رێ، روانییان پردەکان رووخاون، پردی – الصرافیة – بووەتە گۆڕستانی هەنگاوەکان، نەیانزانی چۆن دیجلە ببڕن و بگەنە – الکرخ – لەلای مەرقەدی خدری زیندە خۆیان گەرم بکەنەوە، نەیانزانی کە خدری زیندە دوا فاتیحای راسپاردووەتە عەلاگە رەشەکە و ماڵئاواییی لە کەناری دیجلە کردووە.

گەیشتنە لای مەرقەدەکەو عەلاگەکەیان داناو خەریکی نوێژکردن بوون، هەندێک مۆمی شکاو و بوخوردی شکاویان بینی، دایان گیرساندنەوە و لەسەر بەرماڵێک بەیەکەوە راکشان، دڵیان خۆش بوو کە رێوشوێنێکیان بۆ ئارامگرتنیان دۆزییەوە.. سەیری تاقەکانیان کرد، لە خۆڵ و تۆزی خوێناوی زیاتر، هیچیتریان بەدی نەکرد... خەوتن، خەونی ئاڵۆزیان بینی، ئاسمان بوو بە دوو بەشەوە، دیجلە





ئاسمانی داگیرکرد، بەغدا خنکا، مرد، ئەم دووانە زۆر ترسان، هەستیان کرد مەرقەدەکە وەکو بەلەمی لێ هاتووە، دەلەرزێ، شەپۆلەکان ئەم سەرو ئەو سەری پێ دەکەن.

لەناو دیجلەدا نقوم بوون، بە قایمی بەدەستێک کلیلەکەیان گرتبوو و بە دەستەکەی تریشیان عەلاگەکەیان هەڵگرتبوو...

لە خەونی دووەمیاندا دیجلە وشک بووبوو، بەغدایش لە تینوێتیی خۆیدا دەمی بۆ ئاسمان داچەقاندبوو...

ئەم دوو خەونە ساکارانە بوونە مایەی ماتەمینییان، زۆر بێ ئومێد بوون، وایشیان زانی قەدەر یارییان پێ دەکا، ناچاربوون بە وردی سەیری کلیلەکە بکەن، بیبەن بۆلای زەڕەنگەرێک، مەلایەک، کتێبفرۆشێکی پیر، تەلیسمی ئەم کلیلەیان بۆ روون بکاتەوەو چۆن چۆنی بەکاری بهێنن، ئەم باریکە رێگایانە تەنیا چارەسەرێک بوون وەکو بەنج بۆ دۆزینەوەی چاوی حەوتەم... نەیشیانوێرا کەللە سەرەکەی (ئەم) لە عەلاگەکەوە دەربکەن و بیشکێنن، بەڵکو..

سێبەر وتی:

– نا نا، چاوی حەوتەم لەوانەیە چاوەزارێک بێ و لەسەر نێوچەوانی بەغدا هەڵواسرابێ.

چاوی شەشەم وتی:

– نێوچەوانی بەغدا لە گۆڕستانی ئەمەوییەکاندا شارراوەتەوە، سەری بەغدا لە گۆڕستانی عەبباسییەکاندا شارراوەتەوە، ناوقەدی بەغدا هۆلاکۆ بڕی، بۆیە بوو بە – الکرخ و الرصافة.

هەستیان کرد بۆچوونەکانیان بە ئەوپەڕی ساکارییەوە خەملاندووە، گێژبوون، سوێندیان بە کەللەسەری (ئەم) خوارد، ئیدی هەڵەی وا

نەکەن، دڵنیابوون لە ساویلکەییی خۆیان، دەیشیانزانی کە چاوی حەوتەم نایە و ئەگەر بیدۆزنەوە تەمێیان دەکا و دەبێتە ڕێپیشاندەریان، شەهیدەکانی بەغداش شۆڕشێک بەرپا دەکەن و زیندوو دەبنەوە...

گریان، زۆر گریان، خەفەتیان بۆ مردنی کتوپڕی (ئەم) زۆر خوارد، بەغدا خاپوور بوو، دەرگای نزرگاکان داخران، تارماییی شوێنەوارەکان ون بوون، مۆزەخانەکانی بەغدا تەخت بوون، نە پرد ما و نە باڵەخانەو نە ماڵە قوڕاوییەکان...

– بەغدا کاول بوو.

– ئێمەیش وێڵ و سەرگەردانین.

– گەڕیدەشی تێدا نەماوە...

– پاکستانی و هنترەکانیش مزگەوتی غەوسی گەیلانییان چۆڵ کردووە، هەموویان سیخوڕ بوون...

– گۆڕستانی جوولەکەکانیش هەڵفڕیوە...

– بەغدا پڕ بوو لە جوولەکە... هاتبوون، دەبێ خەونێک لە نیلەوە بۆ فورات وەدی بهێنن.

– زۆر ئاڵۆزن، کەس تێیان ناگا...

– با... چاوی حەوتەم باش شارەزایانە..

– چاوی حەوتەم، چاوی حەوتەم، لە کوێی، لەسەر کام هێڵی سنوورەوە دەڕوانیتە گەردوون؟

– چاوی حەوتەم، نە گیڤارایە و نە مەسیح، لەوانەیە چاوێکی نوێ بێ! نە ئاخرزەمانە و نە تەپڵی ڕۆژی حەشر لێ دەدا.. نە.





– لەوانەیە خواوەند بەشێوەیەکی تر بڕوانێتە گەردوونەکەی خۆی...

– ئێمە زۆر ساکارین...

– دەزانم.. دڵنیام.

– تۆ دەزانی سەوڵ بەدەستەوە بگری...

– نەخێر، هێزم نییە.

– بەیەکەوە...

– ناتوانم..

– چاوی حەوتەم لەسەر کێوی قافدایە...

– لەوانەیە لەسەر ترۆپکی شاخەکانی هیمالایا، یان لە تبت بێ!

– لەوانەیشە لەگەڵ فیرعەوندا نێژرابێ!

– چاوی حەوتەم دەستکاری سیستەمی جیهانی دەکا...

– گەردوون سەرلەنوێ لە بیلبیلەکەیدا لەدایک دەبێ...

– لەوانەیە چیتر هەتاو و ئەستێرەکان و مانگ و ئاسمان نەبینین...

– لەوانەیشە شێوەی مرۆڤایەتی بگۆڕێ...

– ئێمە دەست بەتاڵین، لەهیچەوە گرەو لەسەر چاوی حەوتەم دەکەین!.

– تۆ بڵێی سەرەتای کارەکەی زیندووکردنەوەی مردووەکان بێ، یاخود بەهەشت بهێنێتە سەر زەوی؟

– نازانم..

– تۆ بڵێی دووبارە لە مەیموونەوە دەست پێ بکاتەوە؟

– تێناگەم... ئێمە زۆر ساکارین... هەر ئەمەندە دەزانین...

– خۆ دووبارە مردووەکان زیندوو ناکاتەوە...

– نە، لەوانەیە ئێستا خەریکی سەربڕینی سیخوڕەکان بێ.

– نا کارگەی دروستکردنی منداڵ دادەهێنێ.

– چی لەم کلیلە بکەین... کلیلێکی مردووە، دەرگای هیچ گۆڕێک ناکاتەوە، رۆشنی بۆ چاوی هەتاو ناگەڕێنێتەوە... دیجلەش نەما بۆئەوەی دووبارە قووتی بداتەوە، فوراتی قوڕبەسەریش مرد...

– لەوانەیە کلیلی نوێی رۆحی عێراقییەکان بێ...

– پارێزگاکانیش وێران بوون...

– راستە، بەڵام پێم وایە لەچاوی حەوتەمەوە عێراقێکی نوێ لەدایک دەبێ.

– کێ ناڵێ چاوی حەوتەم شەیتانە.

– گەوج و نەفام مەبە...

– ئێ لەوانەیە مرۆڤ ببێ بە جنۆکە.

– ها ها ها ها..

– یان پەری یان حۆری.

– جاران کەرو ماکەر بوو، ئاخرشەریشی بەخۆیەوە بینی.

– ئەگەر تەپڵ لێ بدەین چاوی حەوتەم دێ؟

– نە زەوی ماوە، نە ئاسمان و نە ئاو و نە خۆڵ..

– خنکام واخەریکە باش نامێنێ...

– بەڵێ.. ئۆکسجین قات بووە.

– بۆ کوێ هەڵبفڕین؟

– چمان شوێن ماوە؟ رۆژهەڵات ماوە؟





– ئەی کوردستان؟

– لە زەلکاوی کۆنەپەرستیدا خنکا.. نەما، لەناویان برد...

– لەناو بتڵێکی بەتاڵدا بوو، نەیتوانی لە ملی بتڵەکەوە دەربازبێ...

– خنکا.. خنکا...

– ئەی ئێمە بۆ ماوین؟

– ئێمە هیچین.

– ئەی گۆدۆی حیز نایەت؟

– نا.. گووی خواردووە!

– ئەم گفتوگۆیە ساکارەیش دەمانگەیەنێتە هیچ...

– با چاوەڕێ بکەین...

– چاوەڕێی کەشتیی نووح بکەین؟ یان دارەکەی مووسا؟

– چاوەڕێی چاوەڕوانی دەکەین...

– ئەی چیمان بەسەردێ؟

– هیچ... چاوەڕوانیی ئێمە شوێن و کاتی نییە...

– کات کەی ماوە! شوێن لە کوێوە دیارە؟

– نییە، دنیا هیچە..

– هیچ.

– لەوانەیە چاوی حەوتەم کوێر بووبێ؟

– منیش پێم وایە.

– یان چاوەڕێ دەکا رۆژئاوا خاپوور بێت؟

– ئەمەریکاش تێک بشکێنێ، داغان و واغانی بکا؟

– ئەی میللەتان؟

– بۆ کەس ماوە؟

– پۆتینیش هەر خەریکی مۆنی و کاری موخابەراتی و ڤیتۆدان و نەدان بوو.

– کەس نەماوە سواری کەشتیی چاوی حەوتەم بێ.. برسیمە.

– منیش.

– تینوومە.

– منیش.

– بیرکردنەوە بەسە.

– بەسە...

– کڵیساو مزگەوتەکانیش خاپوور بوون، نە گوێمان لە دەنگی بانگەو نە زەنگی کڵێسا... لەوانەیە کەڕ بووبێتین؟

– نا.. هیچ نەماوە و..

– هیچ ماوە و ئێمەی هیچ.. بریتیین لە کەللەسەرێک و کلیلێک و ئێسک و پرووسک..

– من ماوم، من سێبەرم..

– منیش ماوم، چاوی شەشەمم..

– هاوسەرێتیشمان پێ ناکرێ...

– نە...

– ئەی چی بکەین؟

– هیچ...– با شەڕێک بکەین؟

– بە شەڕی جیهانیی سێیەم، رۆژهەڵات فت بوو...





– با بیکەین بە شەڕی جیهانیی چوارەم...

– لەوانەیە لەنێوان رۆژئاوا و ئەمەریکادا بەرپا ببێ...

– دەستم لەسەر دڵمدایە، چۆمسکی و پیاوە جوانەکان نەمرن...

– ئێمە وا خەریکە کاڵ دەبینەوە، لەوانەیە...

– بەدەم گفتوگۆیەکی کاڵ و ساکارەوە لێوەکانمان وشک ببنەوە.

– من وا خەریکە..

– با هەڵبفڕین

– نە ئاسمانی لێیەو نە درەخت...

– قاچەکانم نەمان، ئیفلیج بوون...

– منیش وا خەریکە بەرچاوم تاریک دەبێ، کوێر دەبم.

– چاویلکەکە لەچاو بکە...

– هی (ئەم)ە...

– ئەم نەما.. مرد.

– چ ئاڵایەک لەلای کەللەسەری دابنێین؟

– ئاڵای مرۆڤایەتی.

– نا.. نا.. مرۆڤ قسەی حیزە، هەر دەخوا و دەڕیێ و دەمرێ.

– مرۆڤ نامێنێ، نەما... بە ئەتۆمێک لەناودەچێت...

– لەوانەیە ئەتۆمەکە چاوی حەوتەم بەکاری بهێنێ.

– چاوی حەوتەم میهرەبانە...

– ئەی بڵێم چی؟

– چاوی حەوتەم سەرلەنوێ ژیان دەبەخشێ، بەڵام نەک بە

سروشت..

– ئەی بە چی؟

– نازانم تەنیا هەر مەزەندە دەکەم...

– سێبەرێکیش دیارنییە...

– تۆوێکیش دیارنییە...

– گزنگیش دیارنییە...

– خۆڵیش دیارنییە...

– ئاگریش خامۆش بووەوە، ئاویش وشک بوو،

– گەردوونیش پووکایەوە...

چاوی شەشەم خەوی لێ نەکەوت، هەر لە چاوەڕوانیکردنی چاوی حەوتەم بوو، سێبەرەکەیش لە برسێتی و بێ ئۆکسیجینی و بێ نان و ئاوی، گیانی خۆی و (ئەم)ی لەدەست دا...

ئەوەی مایەوە تەنیا چاوی شەشەم بوو، هەروەها عەلاگە رەشەکە کە پێنووسێک و چاویلکەیەک و کەللەسەرێک و کلیلێکی تێدا مابوون و خۆیان بۆ ئەو مۆزەخانەیە ئامادە کردبوو، کە چاوەکانی گیانلەبەرێکی تازە کە چاوی شەشەم هەر دەترووکایەوەو لە حاڵەتی ئەگەریدا بوو، گریمانە کاڵەکانی دەکردە هاوکێشەو هەر لەسەر یەک دەیوت:

– دێ... دێ.. دێ هەر چاوەڕێی دەکەم و عەلاگە رەشەکەی دەدەمێ و هەرو هەر.... تا.. تا دەهات بە دزییەوە پیر دەبووو چاوەڕێی چاوی حەوتەمی دەکرد.... تیشکی چاوەکانی بەرەو مێشکی خۆیان ئاڕاستە دەکرد، بۆیە پێویستی نەدەکرد دنیا ببینێ، تێر بوو، چڵکاوی رۆژگاری هەڵهێنابوو بە رۆح، ئاگای لە دەست و قاچەکانی نەما، مووی





لەشیشی تا دەهات لە خۆیەوە دەوەری، خڕۆکە سوورو سپییەکانی خوێنی تەنک دەبوون.

پێستی بوو بە ئاوێنە، بۆیە بە لەش هەستەوەریی خۆی بۆ گەردوون دەنواند، شانەکانی مێشکی بوون بە کوڵەکەو تاق و گومەزو دالان، بوون بە هۆڵی کتێبخانەکان، بوون بە ژووری نەخۆشخانەکان، بوون بە قاوشی شێتخانەکان، بوون بە باخچەی منداڵان، بوون بە گۆڕەپانی قوتابخانەکان، رۆحیشی لەناو ئەم هەموو شوێنانەدا بوو بە پەپوولە پایزە، تەنیا بن پێیەکانی بوون بە ئاوێنە، بۆیە بە پێی پەتی هاتوچۆی کرد، مەمکە شۆڕەکانی بەردەدایەوە و بەربەرەکانێی لەگەڵ دایکیدا دەکرد، لە سەرئاویشدا وێنەی شیعریی بۆدەهات، وردە وردە میزی نەما، پیسایی نەدەکرد، گەدەی قفڵ دا، منداڵدانی گرێ دا، دڵە گەورەکەی بوو بە گۆڕستانێکی گەورە، گۆڕی هەموو فەیلەسووف و شۆڕشگێرانی گەردوون و زاناکان و نووسەرو هونەرمەندە گەورەکان و منداڵ و پەککەوتەو قەیرەو بێوەژنان، خۆپەرستی و نێرگزییەتی کرد بە دەسکێک کەوەرو نێوچەوانی کرد بە تەختە و بەزمانی پێنووسەکەی دەسکە کەوەرەکەی ورد ورد کرد و بە مشتی فڕێی دایە نێو تەنەکەی خۆڵەوە، گرەی بۆ (ڤیتاغۆرس)، بۆ سوکرات، دەهات. حەزی کرد بگەڕێتەوە ناو شەقامەکانی سەردەمی ئەفلاتوون، بەڵام حەزی لە پەیکەرەکانی نەدەکرد، چاکەتی پیرێتی و نیهلیستیی بەیەکەوە فڕێ دا، کراسێکی لەبەر کرد وەکو کفن وابوو لەگەڵ خۆیدا دەیوت:

"ئای کە ئازادم... خوێنم بەرانبەر بەم ئازاترە بەخشی، پێشوەخت باجەکەیم داوە، کەس ناناسم، با کەسیش نەمناسێت، باشە کە خۆم دەناسم".

ئاگای لە کورتە باڵاکان نەما، حکوومەت و دەسەڵات لەبەر چاویدا بوون بە سفر، بارۆمەتری میزاجی شکاند و جیوەکەی رژایە سەر لاپەڕەکانی، لە دەرەوەی دیواری باغچەکەیدا وایان دەزانی پیرەژنێکی خەڵەفاوە، خانەنشین دەبێ و دەمرێ، کەس تاقەتی نەبوو بۆ هەڵگرتنی تەرمەکەی خۆی ئامادە بکا، لەتاوی برسێتیی قەڵەوتر دەبوو، دووکەڵی جگەرە دڵسۆزەکەی دابەش دەبووە سەر نینۆکەکانی، لێوە مۆرەکانی قسەی شیرینیان دەباراند وەکو نوقوڵ، قەدەر لە بەرانبەریدا زۆر ترسنۆک بوو، نەیدەتوانی شووشەی چاویلکەکانی بشکێنێ، یان دەسکەکانی بچەمێنێتەوە، هەرچەند برسی بووبووایە بە پاروە نانێک تێر تێر دەبوو، هیچی نەدەویست، شەڕەکانی دارفوورو ئەفگانستان و بەیروت و عێراق و فەلەستین شکستیان پێ نەدەهێنا، دەیزانی زایۆنیستەکان خەونە دێرینەکانیان وەدی دەهێنن "لە نیلەوە بۆ فورات" عەرەبە موسڵمانەکان تەخت دەکەن، رووسیاو چین با چڵکاو و میز بهێنن و دەست و قاچیان بشۆن، کوردەکانیش دەیانوت:

– چەپرەوی مۆدێلی نەماوە!

ئەویش دەیدایە قاقای پێکەنین و لەبەرخۆیەوە دەیوت:

– مەگەر لە مەڵکەنی و سابوونکەران و باداوەدا مۆدێلی نەمێنێ!

کەران باوگەیل لەناو چڵکاوی کۆنەپەرستیدا با هەر بخنکێن، بەریتانیا تێلاترێنی کردوون و قازوخی کردووەتە ناو قنگیانەوە، چیتر شۆڕش بەرپا نەکەنەوەو داوای حکوومەتێکی نوێ بۆخۆیان نەکەن.

تۆبە بکەن.. ها.

زمانی بۆ دەردەکردن و چوار پەنجەی دەخستە سەر سەری و یاریی پێ دەکردن و ئەمە جۆرێک بوو لە گاڵتەجاڕی و دەلالەتی گاڵتەکردن





بوو بەو گەوج و نەفامانە.

زۆر حەزی دەکرد بەئاو یاری بکا، دەبوو بە منداڵ، هەر کە باخچەکەی دەبینی دیوانەکەی (رشدي العامل) – (حديقة علي)ی وەبیر دەهاتەوە، دەدوا، لەگەڵ چاوەکانی (رشدي العامل)دا دەدوا... لەبەرخۆیەوە دەیوت:

– ابو علي أنت مثل الكريستال، ارى نفسي من خلالك!

أنا فرضت على نفسي هذه ايقامة الجبرية... اعتذر...

چەند بیتوانیایە مانی دەگرت، خۆی ئەم جۆرە دەستبەسەرییەی بۆ خۆی هەڵبژارد.

دەستبەسەرییەکەی جۆرێک بوو لە رەشماڵ، هەموو دامێنی رەشماڵە رەشەکە داکوترابوو، چواردەوریشی جۆرێک بوو لە بیابان، رەشەبا هەڵی دەکرد، باران دەباری هەورەتریشقە هەراسانی دەکرد، کەچی خۆی و رەشماڵەکەی هەر وەکو خۆیان بوون، نەیدەزانی کەی شەوەو لەچ ساتێکدا رۆژ دەبێتەوە، کاتژمێری نەبوو، بەپێی دێڕەکان دەیزانی رۆژ یان شەو درێژ بوونەتەوە، نەتدەوت لە نیشتمانەکەیدایە، وەکو ئاوارە و نامۆیەک جەستەی لە رۆحی جیا بووبووەوە، نەیشیدەزانی رۆحی لەکام نیشتماندایە؟ بۆئەوەی بیدۆزێتەوە، ببنە یەک پارچە، بە دووربینەکەی ئافرەتانی دەبینی مەشکە دەژەنن، لە نزیکیشەوە هەندێکی تری دەبینی وەکو بووکە شووشەی قورمیشکراو بەبێهوودەیی دێن و دەڕۆن، خۆ ئەوانەی کە فێمنیستییان دەکرد هەر نەیدەبینین، هەوڵی دەدا ئەو کۆمەڵە دەستە کە بوونەتە دەستێکی پەنجە و لە ئاسماندان و پاشماوەی ژنە ئەنفالکراوەکان بوون باوەشیان پێدا بکا، هەر پەنجەی بڕاو بوو دەبارییە سەر رەشماڵەکەی

رابردوو، وەکو لاستیق پاشەکشێی پێ دەکرد، (ئێستا) خنکاندبووی، ئایندەش تۆپتۆپێنی پێ دەکرد، خۆیشی لەنێوانیاندا، بە چوارمشقی دانیشتبوو چاوەڕێی ئاسۆیەکی ئاکام و بێ نان و نمەک و بێ ئەمەکی دەکرد.

دەیوت:

وەکو دکتۆر (تریان) تەنیا ئەم چاویلکەیە بەجێ دەهێڵم...

نووسینیش دادم نادا، ئەمیش سووک و چرووک بووە.

لە چواردەوری رەشماڵەکەیدا تەنیا منداڵە چلوورە فرۆشەکان و بۆیاغچی و بنێشت و عەلاگەو هەموو شت فرۆشەکان هاواریان دەکرد.. قرچەی دڵی گەرمتر بوو لە قرچەی هەتاوی ئەفەریقا، قوڕی خەستی دەگرتەوە، قوڕی عەلیاوە، نەیدەزانی سکاڵا بۆ کام مەرگێک بکات، یان چ جۆرە مەرگێک کون فەیەکونی بکات، زۆر پەرۆش بوو بۆ دەرهێنانی قورتمی سەرمایەداری، هەر ریشەکێشیان بکا، دەیوت:

- بەزۆر دەمکەنە پیاوکوژ.. مەرگ!

بۆ دێی و دەڕۆی و لە چواردەورمدا پیاسە دەکەی، مەرگ بۆ نامرێنی، لەبەرئەوەی دوورتر لە تاسلۆجەوە دەڕوانمە کوردستان؟

هەر لەبەرئەوەی بە هەموو دیالەکتەکان دەئاخڤم؟

هەر لەبەرئەوەی لە چوار پارچەکەدا هەناسە دەدەم؟

ئەوان هەنگوین دەگرنەوە و منیش قوڕ دەگرمەوە.

جاری وا هەبوو رەشماڵەکەی تەنک دەبوو، لە رێیەوە تبت و ئەهرامەکان و سیبریاو دورگەکانی هاوای دەبینی، جاری تر ئەستوور دەبوو هەر وەکو پێستی خۆی، لەسەر زەوییەکە پاڵ دەکەوت،





کانییەکیش لەناو رەشماڵەکەیدا نەتەقی.

- من هەمیشە کۆچەرم، بۆچی رەشماڵەکەم نەکەم بە سابات؟

دووبارە خۆی دەستبەسەر کردەوە، رەشماڵی جێ هێشت و هەوارگەیەکی نادیاری بۆخۆی هەڵبژارد، ساباتێک کە گەڵای وشکیشی پێ نەبوو، ساباتێکی رووت و قووت، بەڵام سێبەرە راستەقینەکەی لە چواردەوریدا دۆزییەوە، وەنەبێ سێبەری خۆی ون کردبێ، بەڵام لە چواردەوریدا زۆر سێبەر هەبوون دەیانویست فریوی بدەن، سێبەرە راستەقینەکەی پێش ئەوەی خۆی لەدایک ببێ، سێبەرەکەی لەدایک بوو، بەچاویلکەو جگەرەشەوە لەدایک بوو، گرتی.. بەڵێ گرتی و دەسەڵاتی بە سەریدا شکا، گرتی و وتی:

تۆ هێن و منیش توورە..

تۆ بچووک و منیش بچووکتر..

تۆ ئافەرین و منیش دەستشکان..

تۆ رەحمەت و منیش لەعنەت..

تۆم گرت

چەند وێڵ و سەرگەردانت بووم..

چەند پەرۆش و تینووت بووم..

با بتخۆم..

با بتخۆمەوە..

درۆیە..

نە دووکەڵی و نە تارمایی..

ئێمە هەمیشە یەکترمان ماچ دەکرد..

وانییە؟

مەڵێ سێبەری چیخۆف و پۆشکین بووم..

مەڵێ سێبەری ماياکۆفسکی و یەسەنین بووم..

بڵێ هەمیشە سێبەری تۆ بووم..

خۆی و سێبەرەکەی دانسی ڤاڵسیان کرد، گوڵیان گۆڕییەوە، سێکسیان کرد، ساباتەکەیش هەروەکو خۆی بوو، وەرزەکان تێدەپەڕین، ساباتەکەی هەر هەر وەکو وەکو خۆی خۆی بوو، بوو..

دانیشتن (ئەم) قاچەکانی درێژ کرد، سێبەرەکەی چوار مشقی دانیشت، ئەم سەری بادایەوە، سێبەرەکەی سەری خۆی لە سێدارە دا... (ئەم) دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، سێبەرەکەی بوو بە چوارپێ، (ئەم) گریا، سێبەرەکەی پێیپێکەنی، ئەم باوێشکیدا، سێبەرەکەی سەمای مەرگی کرد، ئەم دەستیکرد بە نووسین، سێبەرەکەی پێنووسەکەی خۆی کرد بە گۆچان، ئەم وەکو سەگ وەڕی، سێبەرەکەی گۆرانی چڕی، ئەم پیر بوو، سێبەرەکەی بووە کچێکی چواردە ساڵان، ئەم بوو بە دەروێش، سێبەرەکەی مەرەکەبی خوارد، ئەم رایکرد شێت بوو، سێبەرەکەی بووە درەخت و رەگ و ریشەکانی چەقینە ناو قووڵایی زەوییەوە، ئەم بوو بە ئاگرو دووکەڵ و خۆڵەمێش، سێبەرەکەی بوو بە بیری نەوت و گڕو بورکان، ئەم خۆی زیندەبەچاڵ کرد، سێبەرەکەی بوو بە زەوی، ساباتەکەیش هەر وەکو خۆی بوو.

ئەم.. سێبەرەکانی تر (ئەم) میزیان بە خۆیاندا کرد، سێبەرە راستەقینەکە سەری بوو بە دەریا.. سێبەری (١) و (٢) و (٣) و.. هتد هەریەکەو بوو بە شتێک، سێبەرە راستەقینەکەی چاویلکەی لابرد و دوو هەتاو بوون بە چاوی، (١) و (٢) و (٣) بوون بە قیرو بەرد و خۆڵ،





سێبەرە راستەقینەکەی بوو بە کانییەکی زێڕین..

وتی:

– من جیام، نە خەجێم و نە ئامینەو نە مریەم و نە زولەیخاو نە جان دارک و نە رۆزا لۆکسمبورگ و نە.. نە.. نە.. و نە سیمون دی بوڤوارو نە نە نە...

سێبەرە راستەقینەکەی پێی وت:

– خۆت خۆتیت، منیش تۆم!

ساباتەکە خۆی بە گەڵای مێوی سەوز داپۆشی، بەرسیلەو ترێی دەرکرد، بگرە بووە بەهەشتێک بۆخۆی، سێبەری (١) و (٢) و (٣) و.. هتد بوونە ریقنەو پشقل و تەپاڵەی ئەو ئاژەڵە رۆحسووکانەی کە لەپڕ بوون بە میوانیان.

دەتوت ئاژەڵەکان کەشتیی نووح هێناونی، زاوزێیان کرد و زۆر بوون، (ئەم)و سێبەرەکەی کە بوو بە رۆحی ئارام بوون، پێویستییان بەکەس نەبوو، نەگریان و نە فرمێسکیان رشت، سێبەرەکەی بوو بە حەبی خەولێخەر، (ئەم) خەوت، خدری زیندەو نۆدەهیی لەخەودا بینی، ئەم دوو خودە مایەی دڵخۆشی بوون بۆی، خەونە ئاڵۆزەکانی فەرامۆش کردن و نەستی بوو بە سیبریا، داپۆشرا بە بەفر، هەرچی ئاژەڵ هەبوون کردیان بە گۆڕەپانی خلیسکاندن، بوون بە یاریزان، نە تارماییی ئاگر دیار بوو و نە پەڵکەزێرینەی برسێتی، کەس نەیدەزانی بە چی تێردەخۆن، چونکە قەت برسییان نەدەبوو و پەلاماری یەکتریان نەدەدا، پێ دەکەنین و نوکتەیان بۆ یەکتر دەکرد، نە کوێر دەبوون و نە نەخۆش دەکەوتن، زۆر قەشەنگ بوون (ئەم) قەت تەمێی نەدەکردن، رێنمایی نەدەکردن، ئەوانیش بە سفەت بوون، سەگەکانی لەباتی

وەڕینیان مۆسیقایان دەژەنی، شێرەکان بوون بە شاعیر، ڕێوییەکان بوون بە ڕۆژنامەنووس، پڵنگەکان بوون بە هونەرمەند، هەر نیگاریان وەبەرهەم دەهێناو بە بەفر خەریکی پەیکەرتاشین بوون و سیرامیک و خەریکی جۆرەکانی تر هونەری شێوەکاری بوون.

مێرووولەکانیش بوون بە مێژوونووس، ئەسپەکانیش بوون بە جوگرافیاناس، تاڤگەی ئاو لە دەمی وشترەکان بەردەبوونە ناو دەمی ئاژەڵەکانەوە، پشیلەکان ئەمەندە بە ئەمەک و دڵسۆز بوون، بوون بە پاسەوان، ئەو نەستە سپییە، نە ئاسۆی هەبوو و نە سنوور، ئەو کۆمارەیش دەسەڵاتی پێویست نەبوو، نەیاندەزانی کورسی چییەو چۆنە، پێویستیشیان بە پارە نەبوو، چونکە ئەو کۆمارە کۆمارێکی بێ بازاڕ بوو، تارماییی هیچ جۆرە دراوێک تێیدا دیار نەبوو، کەرەکان بەپێچەوانەی نەریت و کولتووری خۆیان خێزانیان دروست کرد و بوون بە گۆرانیبێژ...

مانگاکانیش بوون بە پەیکەری سەبر، بوون بە سومبولی بەخشین، پەیکەری بەفراوی کە قایمتر بوون لە بەرد.. ئۆکسجین، با، بەرد، خۆڵ، ئاو، ئاگر، بوون بە ئاسۆی ئاسمانێک کە زۆر زۆر سوور بوو، هەر هەموویان بێ خوێن بوون، هیچ مێیەک بێ نوێژ نەدەبوو، بە توخم فڕێدان زاوزێیان نەدەکرد، بەڵکو بە مژینی لێو و زمانی یەکتر، ژانگرتن مانای نەبوو، نەخۆشی ئەسڵ و ئەساسی نەبوو، تەنیا مشک بووبووە داناو بە دانایی خۆیەوە هەندێک کێشەی تەندروستیی چارەسەر دەکرد، (ئەم)یش ئەگەر بۆنی ژیانەکەی پێشووی بکردایە، دەستی دەهێنا بەسەر پشتی بۆقەکاندا، یان یاریی لەگەڵ مارەکاندا دەکرد، کیسەڵ بووە یاریزانێکی سەیر، هەر فڕکان فڕکانی بوو،





تەراتێنی لەگەڵ کەروێشکە باڵدارەکاندا دەکرد، کەسیان بیریان لە گێزەرو خواردن نەدەکردەوە، ئەو ساباتە بەهەشتەیش هەموو جۆرە سەوزە و میوەی سەیر سەیری تێدا چێنرابوو، هەر ڕەنگ و جوانی و بۆنیان دەپژاندە ئاسۆی ئەو کۆمارە، کۆمارەکەیش فیلمی کارتۆن نەبوو، واڵت دیزنی مانی نەدەویست، سێبەری هیچ مرۆڤێکیان نەدەویست، مشکەکانی فێرکردبوو کە مرۆڤ یانی مەرگ، بۆیە کۆمارەکەیان پاراست، نەیاندەزانی باروت و مووشەک و چەکی کیمیاوی چییە؟ چونکە دەنگ و دەنگدانەوەی دەنگ، بەهیچ شێوەیەک نەدەبیستران، زمان هەبوو بەڵام نۆتەی لەباتی پیت بەکاردەهێنا، لەسەر نێوچەوانی یەکتر شیعریان بە نۆتە دەنووسییەوە، دۆلفین بووە وێنەگر، سەگی ئاو بووە فەرهەنگ، کولتوورو فەرهەنگی ئەو کۆمارە بێ دەستوور بوو، کەسیان نەیاندەزانی چۆن سوێند بخۆن و بە چ شێوەیەک بەڵێنی درۆ بدەن، جلوبەرگیشیان بریتی بوو لە پێستی هەنگوین، هەنگەکانیش شا و شاژنیان نەبوو، چۆلەکەکان بە دەنووک و باڵەکانیان ئەگەر گەڵایەکی وەریو یان پووشێک هەبووایە دەیانماڵی، زۆر گەڕان چی بکەنە تەنەکەی خۆڵ، نەخشەی جیهانیان پێ نەبوو بۆئەوەی وڵاتێک شارێک.. داگیرکەرێک هەڵبژێرن.

فرمێسکیان کردە تەنەکەی خۆڵ و زبڵدان، چونکە پێشوەخت زەردەخەنەی خۆیانیان کردبووە سڵاو، ماچ تاقە فاکتەری پێوەندیکردنیان بوو، هەناسەکانیان دەخشاندە یەکتر و ڕۆح و گیان ئارامیان دەگرت، لەیەکتر تێر دەبوون، مەرج نەبوو هەریەکەو ڕەگەزی خۆی ماچ بکات، چونکە ماچکردنی مار ئازاد بوو بۆ ئاژەڵێکی تر، یان ماچکردنی، ئەسپ بۆ مەیموون، مەیموونەکانیش حەزیان دەکرد ببن بە

سیاسەتمەدار، مانیان گرت و هاتنە لای مشکە داناکان، وتیان:

– راستە ئێمە لەم کۆمارەدا هیچ جۆرە داگیرکەرو کێشەیەکی سیاسیمان نییە، چونکە نە زیندانمان هەیەو نە هیچ...

مشکەکان وتیان:

– وس بن، (ئەم) لەوەتی نیشتمانەکەی فرۆشراوە، بڕیاری داوە چیتر سیاسەتمەداری بێدەنگ نەبێ، وس بن بێزاری مەکەن، بۆتان هەیە ببن بە فەیلەسووف!

مەیموونەکان ئەم وەڵامەیان پەسەند کرد و بێدەنگ بوون.

***

(ئەم) بە تاقی تەنیا دادەنیشت، زمانی هەموو ئاژەڵەکانی دەزانی، هەروەها رووەک و دارەکان، گوێی لێ دەگرتن و شەوان دارەکان حیکایەتی سەرتاسەری مێژووی راستەقینەی مرۆڤایەتییان بۆ دەگێڕامەوە... وەڵامی کەسیانی نەدەدایەوە، هەرکە پرسیاریان لێ بکردایە، یەک رستەی دووبارە دەکردەوە:

– مارکس دەزانێ، نازانم.

ئەوانیش سەرسام دەبوون، گوێیان پڕ بوو لە وشەی (مارکس)، بەڵام نەیاندەزانی کێیەو چ کارەیە، رێزیان لە تووڕەیی و بێدەنگیی (ئەم) دەگرت و پەیتا پەیتا بە گەڵاکانیان باوەشێنیان دەکرد بۆئەوەی خەوی لێ بکەوێ.

کەچی ئەم داوای مشکە داناکانی کرد، کە بووبوون بە راوێژکاری، کە مشکەکان ئامادە بوون وتیان:

– فەرموو





وتی:

– من لەخۆم بوومەتەوە.

– بەڵێ دەزانین کە بووی بە دەروێشی پێنووسی خۆت.

– چی بکەم باشە؟.

– ئێمە دانای تۆین، فێری ناو کتێبەکان بووین، دێرو بیرەکانت بۆ دەهێنینەوە... دێڕە کۆنەکان نا... پەرتووکە کۆنەکانیش نا... مرۆڤ بە هەڵە تێ گەیشتووە، مێژووەکەیشی جگە لە کوشت و کوشتار زیاتر هیچیتر هەڵناکرێنێ... مێژووی میللەتەکەی جارانیشت پێویست ناکا پەردەی لەسەر لابدەی، میللەت و نیشتمان فرۆشرا..

– ئەی بە رای ئێوە چی بکەم؟

– ئێمە کتێبی تازەت بۆ دادەهێنین...

– خوێنیشم راهاتووەتە سەر نیکۆتین و دووکەڵ...

– خۆت خۆت بکێشە، پێنووسەکەت بکێشە، واز لە مارکس بهێنە، حەزدەکەیت بە تەڵە شقارتەیەک ریشی دەسووتێنین، هەر ئێسقانەکانی دەکەینە ئارد...

– ئەی چی بکەم؟

– ببوورە گوو بخۆ!

(ئەم) زانیی کە مشکە داناکانی راست دەکەن، گووی خوارد و هەڵی هێنایەوە، بیری لە مامۆستا (حەمەمین) کردەوە، (ئەبێ و نابێ) هاواری کرد، هەموو ئاژەڵان داچڵەکین، پێیان وت:

– مامۆستا حەمەمین نایەت، نەخۆشە، نەخۆشیی دڵی هەیە.

– ئاخر مامۆستا حەمەمین دەرمانمە! با یاسینم بخوێنێ، با

دولبەرخان بمشوات، با هەموو ژنانی کوردستان کفنم بکەن...

وتیان:

– راستییەکەی مامۆستا حەمەمین دەمێکە لە ژیان تۆراوە، لە تۆش تۆراوە، ئەو پیاوە جوانە تەنیا لە خوای خۆی و لەخۆی نەتۆراوە. خەریکی تێڕامان و بیرکردنەوەیە، نوێژی خۆی دەکا و دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە و لە کتێبخانەکەی خۆیدا، بەبێ چاویلکە گەردوون دەخوێنێتەوە.. نەمری هەر بۆ ئەوە.

– دەمەوێ وەکو ئەو بم.. دووبارە ببمەوە بە شاگردی.

– بڕوات پێ دەکا، بەڵام ئەم داواکارییە خەونە خەون! چاوەڕێی بکە، لەوانەیە بێ، چاوەڕێی بکە...

وتی:

"مامۆستا گیان"

نەیتوانی سکاڵاکانی بنووسێت، نەیتوانی دوعاکانی بکات، تەنیا ئەو رستەیە لە لێوەکانییەوە باری

"هەمیشە هەر لەدایک دەبی، دەژیی، قەت نامری"

مامۆستا حەمەمین گوێی لەم دیالۆگە بوو، (رابیعەی عەدەوی)ی کرد بە ئەمبولانس و بۆی رەوانە کرد.

وتی:

– تۆ سەماکەر بوویت و بووی بە سۆفی، منیش کۆمۆنیست بووم، چۆن چۆنی ببین بە خوشکی یەکتر.

لەناو دووتای تەرازوودا یەکسان نابین...

رابیعەی عەدەوی شیعری بۆ خوێندەوە، وتی:





– پێستت ئەمەندە تەنک دەبێ هەر وەکو پەڕەی گوڵ و باڵی پەپوولەکانی لێ دێ.

هیوایەکی لە دڕکەوە بوو بە گوڵ، لە نێوانیاندا تادەهات جوانتر و بۆنخۆشتر دەبوو، گەڵا سوورەکانی خوێنی مرۆڤە شەهیدەکانی لێ دەباری، گوڵەکە رووی کردە ئەو ئاسمانە سوورە، (ئەم)یش هەرچی خوێنی هەبوو بەتاڵ دەبووەوە، نە ئاو لە جەستەیدا ماو نە فرمێسک، لەگەڵ ئەوەشدا وشک نەبووەوە.. قەوارەی تێک نەچوو، دەیزانی رابیعەی عەدەوی نەوت و بەنزین و گاز و رۆنی تێ ناکا، هەر بە شیعر زیندووی دەکاتەوە، بەیەکەوە زۆر باسی خواو سۆفیگەرییان کرد.. وتی:

– من سەماکەر نەبووم، لەشی خۆمم نەفرۆشتووە، شەوانی سوورم نەبوو، من بێکەس بووم، رێ و شوێنم نەبوو، کەس داڵدەی نەدام.. من.. من...

رابیعە پێی وت:

– هەواڵێکی تازەم بۆ هێناویت، کەرکووک فرۆشرا...

– دەزانم، نیشتمانەکەم هەر هەمووی فرۆشراوە...

– چی دەکەیت؟

– هیچ...

ئیشکردنی من وەکو هیچکردن بوو، لەباتی منداڵ، لەباتی زۆر شت، وەکو هێلکە هەر هیچم بووە، مریشکێکی سوور بووم و قنگدڕینەکەم بۆ ماوەتەوە، دەمم بدوورەوە، بە دەزووی سۆفیگەرییەکەت لێوەکانم بدوورەوە، بە ئاگری رۆحت ئەم نووسینەم بسووتێنە، بە تیشکی چاوەکانت. پێنووسەکەم بتوێنەرەوە، کورە حەز دەکەی خۆیشم بکوژە،

بەڵام دڵم نایەت ئەم کۆمارە تازەیە بەجێ بهێڵم.

– ئەمجارە گرەت دێ بۆ کێ؟

– بۆ (...). بەچی پڕی دەکەیتەوە پڕی بکەرەوە... ئازادیت... منیش دەستبەسەرێکی ئازادم.

– هەر بۆنی کۆمۆنیستیت لێ دێ..

– مێشکم بووەتە پۆستاڵێکی کۆن کۆن، زۆر کۆن، لەناو شەقامەکانی هەتاهەتاییدا دەسووڕێمەوە.. ماکەرستانە، هیچ نەبێ وەکو نیشتمانەکەم سیخوڕستان نییە، ئەم ماکەرانە...

– لە سەری مەڕۆ بێزاریت؟

– وایە...

– بەتەمای چیت؟ دنیا بەتۆ ناگۆڕرێت...

-..............

– بێدەنگ مەبە، فایەق بێکەست بۆ بانگ بکەم؟..

– مامۆستا هێمنیش...

– بەتەمای چی دەبن؟

– شیوەن دەکەین و قوڕ دەگرینەوە، چیمان لە دەست دێ، با من هەموو شتێکم لە دەست دێ، گڕ دەبەخشمە گۆڕستانی سەیوان.

– بۆ؟

– بەشێکی زۆریان ماسۆنی بوون.

– ناترسی؟

– لە مردن با، بەڵام ئەگەر فایەق بێکەس زیندوو ببێتەوە، دەبێتە شووڕای چینی مەزن، دەمپارێزێ، دەبینە دوو ڕۆح، ئەگەر ئەو جێی





من بگرێ ڕازیم بە مردن...

– مەرجێکی قورس و مەحاڵە.

– من هەمیشە شەیدای مەحاڵ بووم، بەدوای مەحاڵدا گەڕام و دۆزیمەوە، مەحاڵەکان زۆرن، سێ بەشیانم وەدەست هێناوە، لەوانەیە لەناو گەنجەکانی کورددا جۆرێک لە مەحاڵی هەبێ. نازانم دێن، یەکە یەکە چاوەڕێیان دەکەم.. دەمەوێ ببارێنە سەر خاکی کوردستان، سیاسەتمەدارە خووساوەکان لەناو گەندەڵیدا کوپەی مەیموونییەتی خۆیان بەیەکجاری بخنکێنن...

– مەحاڵە.

– هەر دێن، ڕاستە چاوەکانم گرەو دەکەن، بەڵام هەر لەدایک دەبن، ژنی ئازای کورد هەمیشە هەر قارەمانی بووە.

– ئەی گەنجەکانی ئێستا؟

– با هەر خەریکی دەستپەڕلێدان بن تا دەخەسێن، شار بووەتە پێشانگای قنگی بووکە شووشە قورمیشکراوەکان... هەر هەموویان لەناو دەریای هیچ و بێهوودەیی و ونبووندا خنکاون، بەزەییم پێیاندا دێتەوە، گەندەڵیی سیاسی، نەوەیەکی گەندەڵی لێ دەبێ... من حەزناکەم خۆم لە قەرەی ئەم باسە سواوە بدەم، قۆناغی سەرمایەدارییە، دەبێ لووتمان بگرین، کوردستان بووەتە دزستان، درۆستان، گەندەڵستان، فرۆشستان، یاریستان، نۆکەریستان.

– لە میللەتەکەت بێ ئومێد مەبە!

– نەخێر، قەت، هەوڵ دەدەم بە دەرزی، بە نووکی پێنووسەکەم هەموو خاکی کوردستان هەڵبتەکێنم، دەمامکەکان بسووتێنم، قۆڵە دزەکان ببڕم، چاوە برسییەکان هەڵبکۆڵم، ورگە زلەکان هەڵبدڕم، کلکە

یاریزاناکان ریشەکێش بکەم.. خاتوو رابیعە ئەی هاوار، دەستەکانم بگرە با شیوەن نەکەم... با بە قورِ سەرم نەگرمەوە، قورِی خەست.

– هێمن بەرەوە تا ئێستا شێخی سەنعان و وەلی دێوانە و نۆدێیت بۆ بانگ دەکەم...

– نامەوێ، تا تەنیا بم ئەمەندە بەهێز دەبم.

– دەتخەنە زیندانەوە...

– ها.. پێستم دەخورێ بۆ زیندان، لانیکەم، دەبمە دەروونناسی ژنە زیندانییەکان، دالّدەیان دەدەم... خەریکی رۆمانەکانم دەبم.. گوو بە مێژوو.

– هەڵمەچۆ تۆ نەوەی جەمیل سائبی، پیشەی تۆ هەر نووسینە..

– گووم کردە نووسین.. من دەمەوێ هاوار بکەم.. یەخەی خۆم بدرِم و رێپێوان بکەم، با بە تاقی تەنیاش بم...

– فرِێت دەدەنە ناو شێتخانەوە.

– هەمیشە شێتە گوناهەکان هاورِێی من بوون.. با بچمە ریزی ئەوانەوە.

– ئا ئەم پەرداخە ماستاوەی دەستی من بخۆرەوە.. هێمن بەرەوە...

– هەی هاوار هەی هاوار ئاژەڵە هاورِێکانم، مەرِەکان، بزنەکان، کەرەکان، مانگاکان، یەخەی خۆتان بدرِن، لە پێستی خۆتان دەربچن، با هێرش بەرینە سەر شەقامەکان، بەڵکو میللەت وەئاگا بێتەوە، نا نا نەنوستووە...

بەئاگایە بەڵام دەرزی بەنجیان لێ داوە، بەنگ بووە...

میللەتە جوانەکەم رابپەرِە، ملت بە لۆکە دەبرِێ، بووی بە ئیسفەنجی





گەندەڵی مەیمژە. واخەریکن قاچت بەسەردا دەهێنن، پیسایی دەرمەدە، میللەتەکەم، بە قوربانی چاوانی مندالآنت بم، هەندێک هاورِێ دەڵێن: هەر ئەوەی قابیلە، رەتیان بکەنەوە، گەنجەکان لە یەکەم رۆژی راپەرِینەوە دەستپەرِلێ دەدەن، وریابن لە پیاوەتی دەکەون، ئێوەی بەستەزمان بێ ناز کەوتوون، لە حەسرەتی ماچێک وا خەریکە گیان لەدەست دەدەن، رۆڵەی مىن، بووکە شووشە قورمیشکراوەکان بێ رۆح و مێشک و گیانن، ناخوێننەوە، مریشکن، ئێواران دەکرێنە ناو کولانەکانیانەوە، خەون بە ئوتومبێل و خانووەوە دەبینن، هەر خەریکی چەنەبازین، گوێیان رابکێشن و وریایان بکەنەوە، کەسیان لەیلا قاسم ناناسن.

– بەسە بەس، هێمن بەرەوە، لەسەرخۆ بە، مەگری، نەکەی بگری، بنووسە... ئەم مێژووە بە وشە تۆمار بکە، بەرِاستی قۆناغ و سەردەمێکی ناشیرینە، باشت کردووە تفت لێ کردووە و پشتت تێ کردووە، هاوار مەکە.

– خۆم خۆمم.. شوانم، شوانێکی پیرم، پێنووسەکەم بووەتە گۆچانم، وشەکانیشم مەرِن، بزنن، مانگان.

– بنووسە هەڵمەچۆ.

– ئەی چی بکەم؟ ناتوانم بێدەنگ بم.. هەی وا هەی وا، هەی وەشێرە..

– وەکو ژنێکی لادێیی مەبە.. تۆ شارستانیت...

– نایخوا، هەی وا هەی وا، هەی وەشێرە، ئاژەڵە ئازیزەکان وەرن شیوەنم لەگەڵدا بکەن، لە دەمم بسێننەوە، دەنگم گرِە.. دەگاتە ئەوسەری تبت و سیبریاو خوارووی ئەفریقا، هەی هاوار میللەتەکەم،

نیشتمانەکەت فرۆشراوە، هەر هەمووی، شوانم.. نووسەری منداڵان بووم.. خۆ تازە من لەسەر لاپەڕەکانم دەژیم.. دەی هۆ منداڵانەکانم هۆ هۆ هۆ..

– هۆ هۆ هۆ دادە گیان!

– نەمردووم ماوم!

– هۆ هۆ هۆ...

– وەرن دابنیشن، با حیکایەتی فرۆشتنی نیشتمانتان بۆ بکەم...

– هاتین دادە گیان هاتین...

– ئازادبن، دارستانەکەی من ئازادە، میوە بخۆن جارێک یاری لەگەڵ شێر و پڵنگەکان بکەن، مەترسن، ناتانخۆن... ئالان، سۆزیار، سارێژ، تینا، ئاژان، باران، بارین، ئاران، جریوە، دەریاس، شوان، شیلان، مەزدە، گۆران، تریفە، سامان، میران، ئارا، ئاوا.. تکایە منداڵانی هەر چوار پارچەی کوردستان بانگ بکەن...

– ئاخر دادە گیان شیوەن نەکەی...

– نا شیوەنی چی، مێشکم پڕە لە حیکایەت، لە پەند، لە مەتەڵ.

– بەڵێ..

– ئێ..

– حیکایەتی پیاوە ورگ زلەکانمان بۆ بکە...

– نا.. ئەوان لەپڕ ورگیان دەتەقێتەوەو دەمرن، ئێوەی جوان..

– دادە بووی بە شوان؟

– بەڵێ، پیشەکەی ئەمڕۆم زۆر پیرۆزە... تکایە زوو زوو و بەخێرایی پێ بگەن، دە گەورەبن، زووبکەن.





– بۆ؟

– بۆئەوەی نیشتمان بگەڕێننەوە بۆ میللەت.. هەر ئەمەندەم دەوێ...

– دادە تێ ناگەین...

– من، من، دادە گیان تێ گەیشتم، هەر ئێستا یەکە یەکە دەچرپێنم بە گوێیاندا.

– وس!

– نا...؟

– چۆن؟

– کەی؟

– بۆ؟

– چی؟

– دادە دادە واتە ئێمەش فرۆشراوین؟

– نیگەران مەبن، بە چاوان دەتانگەڕێنمەوە، تاسەر دەستبەسەر نابم، ئایا جەواهیری دەناسن؟

– نەخێر...

– شاعیرێکی عێراقی بوو وتی: باقون واعمار الطغاة قصار..

– یانی چی؟

– خۆم خۆم فێری زمانەکانتان دەکەم..

– ئەی چی بکەین؟

– هە.. من دەزانم دادەمان چیی دەوێ، بەردەبارانی نۆکەرەکان دەکەین...

– راستە.. راستیش نییە، وەکو فەرەنسییەکان دوو زمانی یەک

چەقۆ بەکاربهێنن..

– چۆن چۆنی؟ سەریان ببڕین؟

– نا نا...

– ورگیان هەڵبدڕین....

– نا نا نا...

– ئەی چی بکەین؟

– بخوێننەوە...

– بە چی بزانین نۆکەرن....

– ڕۆڵەکانم من بە لووت، هەر وەکو سەگ...

– ها ها ها ها..

– ها ها ها..

– دادە بۆ تۆ سەگی؟

– ئا.. دەوەڕم..

– دە بۆمان بوەڕە...

– حەو، حەو، وەو، وەو..

– وەکو سەگ بڕۆ..

– بەڵێ باشە...

– ها ها ها.. دادە بوو بە سەگ ها ها ها..

– دەمانخۆیت، گازمان لێ دەگری؟

– حەو، حەو، دەتانپارێزم، وەو.. حەو..ئە، حەو تان حەو حەو، پا، وەو وەر، ڕێ، حەو حەو، زم، وەو وەو حەو..





– دادە بوو بە سەگێکی ڕاستەقینە، با سواری پشتی ببین...

– دەی، بڕبڕەی پشتی من بەشی هەموو منداڵانی جیهان دەکا، دەی پارەش مەدەن، بۆ کوێ دەڕۆن؟

– دەچین بۆ سەقز...

– با بڕۆین بۆ قامیشلۆ..

– نە، دەڕۆین بۆ دیاربەکر..

– با بڕۆین بۆ سەرانسەری جیهان.

– ئەرێ دادە، بیستمان، بیستمان، بۆ بێدەنگ بوویت، ئەم حەوت ساڵە بۆ بێدەنگ بوویت؟

– ژیانی دایک و باوکتانم دەخوێندەوە.. ناشارەزا بووم..

– ها...

– دادە بوەڕە..

– دەوەڕم، بەڵام فێری وەڕین مەبن باشە؟

– باش، دە تۆ بوەڕە..

– سی و حەوت ساڵە دەوەڕم، بەسە..

– دادە ببە بە کەر...

– هە، لەوەتی لەدایک بووم کەر بووم، کەر زۆر جوانە، هەر بار هەڵدەگرێ، بەڵام کەرێکی بێ کلک بووم.

– چۆن چۆنی؟

– حەزم نەکرد کەس یاری بە کلکم بکا!

– ها...

– دادە گیان من تێ دەگەم تۆ دەڵێی چی.

– هەر ئەمەندەم بەسە، ئێستا من سەگم، وایە؟

– حەو، حەو، حەو...

– نا مەوەڕن، بەبێدەنگی کار بکەن، ئێمەی نەوەی حەفتاکان.. هەشتاکان بەداخەوە فێری وەڕینیان کردین...

– ئەی دادە گیان تۆ بەتەمای تا هەتاهەتایە بوەڕی؟.

– قەدەری من وا بووەو وایە..

– حەیف، دادە کەر و سەگ بووە...

– مانگایش بووم...

– ئەی ئێستا چیت...

– قەلم، هەر هەموومان قەلین.. یەکە یەکە دەخورێین..

دەمانکولێنن، دەمانبرژێنن، سوورمان دەکەنەوە، دەعوەتمان لەسەر دەکەن..

– گۆشتمان دەخۆن و..

– ئێسقانەکانمان فڕێ دەدەنە بەر گەماڵەکانی..

– (....)، (....)، (....)...

– قوو قوو قوو قوو ووو وق وق وق واق واق..

– قوو قوو قوو.. قوو ووو وق وقق قققق واق واق..

– کەی گەورەبوون چیتر من ناوەڕم، قوو قوو قوو..

دوای ئەوەی حیکایەتەکانی بۆ منداڵان گێڕایەوە، بیری کردەوەو بڕیاری دا گۆڤارێک بۆ منداڵان دەربکا، چونکە هەموو سامانی منداڵان بوو، کەسیش نەیدەوێرا پرسیاری لێ بکا، ئایا بۆچی تائێستا بێ منداڵە، ئەگەریش پرسیاریان لێ بکردایە، یەکسەر وەڵامەکەی





ئامادە بوو، دەیوت:

– لەبەر ئەوەی کە وجوودیم...

هزر، شەکری چایەکەی بوو، زادەی سێ ژەمی نانی بوو، هەر هزری دەخوارد و دەخواردەوە، هزر بووە ئۆکسجینی، بووە دەرمان و دەرزییەکانی، بۆ یەکەم جار پەنای دەبردە بەر پزیشک، چونکە دەیزانی دەردی چییە و دەرمانی چییە!

لەو کۆمارەشیدا لە تەکنەلۆژیاو رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامەوە دوور بوو، حەزی نەدەکرد ئەستێرەکان بدوێنێ، لە دوورەوە بۆنی مرۆڤایەتی بکا، ئاژەڵانیش گیاندارێکی نەمر بوون، قەت پیر نەدەبوون، (ئەم)یش پشتە چەماوەکەی کردە گۆڕەپانی یاری، نینۆکەکانی لە خۆیانەوە وەرین، دەتوت دەست و پەنجەکانی هەستیارن، حەزی نەدەکرد قورمیش بکرێ.

لەسەر کورسییەکەی دادەنیشت و دەیڕوانییە دوور، کەس نەیدەزانی چی دەخوا و چی دەخواتەوە، دەچەمایەوە و بە مشتی ئاوی دەخواردەوە، سەیری هێڵەکانی ناو دەستی دەکرد، نەیدەزانی هێڵی تەمەنی چەند درێژە، بە بۆچوونی فاڵچییەک دەبووایە بگەیشتایەتە نەوەد، کەچی لەو بڕوایەدابوو ناگاتە شەست، لەبیری چوو شتەکان چۆن چۆنی لێکبداتەوە، هەر شانەیەکی مێشکی پارچە ئاوێنەیەک بوو، لە بەرانبەریدا ئاوێنەش نەبوو قژە زیوییەکەی شانە بکا و یەکە یەکە تاڵە رەشەکانی بژمێرێ، بە خۆی وت:

"ئاخرپیری، مەعرەکە داری"...

کەس نەبوو شەڕی پێ بفرۆشێ، گەڵا زەردە وەریوەکانی دارەکان نەبن، دەیماڵین و هەڵدەفڕین، کۆی دەکردنەوە و پەرش و بڵاو

دەبوونەوە، وتی:

– یانی چی ئەم کارە بێهودەییە، برژانگ دەوەرێ، گەڵا دەوەرێ، ژیان دەوەرێ، مردن وەکو کۆتر بەسەر شانتەوە دەنیشێتەوە.

خۆی بۆ مردن ئامادە کرد، لە دوا ساتدا شایەتمان بهێنێت، یان وەکو زیندیقێک فڕێ بدرێتە ناو چاڵ، تۆ بڵێی ئاژەڵان خەمخۆری بن، بگرین بۆی و مۆسیقای ماتەمینی بژەنن، مان بگرن، خۆیان بکوژن، چارەنووسیان چی دەبێت، مەرگ بوار نادا، مەرگ وەڵامێکی حازربەدەستە، مۆسیقایەکە هەموو خەونێک دەکوژێ، ژنێکە هەموو ساتەکانت هەڵدەتەکێنێ، چۆن چۆنی مردنی خۆی هەڵببژێرێ، کەی دڵی دەوەستێت، کام دڵ؟ ئەو دڵەی کە بە پێلەقە و تایەو کڵاش و پێڵاو و نەعل پێشێل دەکرا، کە ئاغزەی جگەرەی پێدا دەچزێنرا، کە بە چەقۆی زمان پارچەپارچە دەکرا، کام چاو؟ ئەو چاوانەی کە هەڵدەکۆڵران، بە نووکی پێنووسەکان، بە نینۆکەکان، ئەو پێڵوانە کە دەدڕان و دەکران بە پەردەیەکی رەش، ئەو برژانگانە، کە بە ئاگری چەرخی بوختانکردن و بە تەڵە شقارتەی پلارو قسەی سارد دەسووتێنران، ئەو پەنجانەی کە وردوخاش دەکران، لەسەر نێوچەوانەکاندا کوتکوت دەکران و پارچەکان لە یەکیتری دەترازان، ئای کە یادەوەرییەکانی رەش و خوێناوی بوون، هەر بۆنی پەڵەی خوێنی بۆگەنی دەکرد، نەفرەت بەدوای نەفرەتدا، رەنجبێوەری بەدوای هەناسە ساردیدا، لە ئاسمانی کۆمارەکەیدا لەپڕ درک باری.. وتی:

"گوڵم چاند، نەفرەت باری

شیعرم نووسی، درک باری"

گڕەی هات بۆ بۆنی بەهاکان، شەمەندەفەرێک نەبوو بیگەیەنێتە





ئاسمان، فڕۆکە نەبوو هەڵی بگرێ و فڕێی بداتە ناو قووڵاییی دەریاکان، پاسکیل نەبوو سواری ببێ و بیگەیەنێتە قەراغی گۆڕستانەکان، ئۆتومبێل نەبوو بیگەیەنێتە دوورگە نامۆکان، بە رابیعەی عەدەوی وت:

– تکایە وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەرەوە، ئایا مرۆڤ جوانە یان ئاژەڵ؟

ئەو سۆفییە نەیتوانی وەڵامی ئەم پرسیارە سووکە بداتەوە، هەردوو لا گیانلەبەرن.

وتی: ئەگەر زمانی مرۆڤ ببڕدرێ، ئازاد دەبێ و لە ئاژەڵیش جوانتر دەبێ.

بەیەکەوە زۆر گەڕان بۆ مرۆڤێکی بێ زمان، دەیانزانی کە هەریەکەو سەدەها زمانی هەیە، بەیەکەوە وتە وتیان کرد.. وتیان.. ئیدی جەنگ نامێنێ، ئیدی هەر نووسین و نۆتە دەمێننەوە، مرۆڤە بێدەنگ دەبێ، دەسەڵاتدارەکان لە گۆ دەکەون و ئیدی ناتوانن درۆ بهۆننەوە، بێ دەسەڵاتەکانیش زمانیان هەبێ و نەبێ هەمان شتە.. بێدەنگییش باڵی دەکێشێت بەسەر ئایندەی مێژوودا...

– سەیرە مێژوو پاشەکشێ لە مێژوویتیی خۆی بکا، ئەی چ چاوێک بڕوانێتە دێرو لاپەڕەکان؟

بڕیاریان دا دەبێ مرۆڤ دەستبەرداری چاوی خۆی ببێ... بە ئەقڵ شت ببینێ... هەروەها هاتنە سەر دەم و گوێ و لووت و...هتد.

– کێ پاساو دەهێنێتەوە؟

– کێ پۆزش دەهێنێتەوە؟

– کەس!

– مرۆڤ، ئەو ناوگەڵ برسییە، ئەو چاو برسییە، قەت تێر نابێ، نە خۆڵ دەخوا و نە بە بۆنی ئاگر تێر دەبێ، وەکو داگیرکەر زەوی و ئاسمان شەنوکەو دەکا، مرۆڤ، ئەو نەعلەیە کە مارکس بە بەنرخترین سەرمایە پێناسەی کرد، تەنیا جووتێ نەعلە، ئارەزووەکانی بە ئارەزووی خۆیان لە پێیان دەکەن و هەموو بەهایەک پێشێل دەکەن، ئایا لەلای مرۆڤ چ جۆرە بەهایەک ماوە، بەها سواوەکان یان بەها بێ بەهاکان؟

(ئەم) پەندەکانی شارەکەی وەبیرهاتەوە، کە زەلامێک لە ڕێی تەلەفزیۆنەوە سەیری کۆندالیزا رایز دەکا و دەڵێ:

– وە دوو کلک کوسیەو حوکم کەد...

دووبارە بێدەنگ بوو، دەبووایە پێش هەموو کەسێک زمانی خۆی ببڕیایە و چاوەکانی خۆی کوێر بکردایە، ناوگەڵی خۆی بسووتاندایە، سێ پەنجەکانی دەستی راستی ببڕیایە، چیتر نە خەریکی نووسین دەبوو و نە قسەی دەکرد، ئەم دوو ئامرازەی لە کولتووری خۆیدا بسڕیایەوە..

هەستی کرد دەنگێک لە ناخیدا پێی دەڵێ: نەکەی، نەکەی!

– ئەی قوڕی کوێ بکەم بەسەرمدا؟

فریا نەکەوت چاوەکانی بترووکێنێ، یەکسەر خۆی بەرانبەر بە بیابانێک بینی، داپۆشراوە بە تراویلکە، دەستی بۆ برد و یەکسەر خۆی بەرانبەر بە یەکێک بینی وتی:

– منم مرۆڤ، بمبینە بێ کلک و شاخم...

هەموو شتێکم جوانە، سوپەرو دی لۆکسم، تۆ بەدوای مندا وێڵ و





سەرگەردانی، بەدوام بکەوە...

بۆنی تراویلکەی کرد، پێی تێر بوو، قژی پێ شانە کرد، خۆی پێ تێر کرد، هەموو جۆرە تێربوونێک، هەتاکو فرمێسکی نوێی لێ قەرز کرد، پرسیاری لێوەکانی مەیین، هەروەها لێوەکانی نووسانە قەد یەکدترەوە، زمانی ون بوو، هێڵەکانی سەر نێوچەوانی بوون بە دێڕ، لەپی دەستی راستی بوو بە لاپەڕە، کۆمارەکەی لەبیر چووەوە، دەستی راستی لە شانی ترازا، سێ پەنجەی لەدەستی ترازان، لە ئاسۆی ئەو تراویلکەیەدا وەکو بولبول بەبێ باڵ گەڕان بۆ وشە گەنمێکی سەوز، سوور، پەمەیی...هتد.

لە دواییدا ڕەنگی سپییان هەڵبژارد، ڕەنگی وشەی سپی بووە چادری بۆیە سەرە ونبووەکەی، لە گەڕاندا لە بیابانە تراویلکەییەکەدا تا هەتاهەتایە ون بوو، جەستەیشی خۆی لەناو خۆڵ و لمی ئەو بیابانە تراویلکەییەدا زیندەبەچاڵ کرد، تەنیا دڕکێکی لێ لەدایک بوو، گوڵ نەبوو، چاوەکانی نووقاند و بڕیاری دا ڕۆمانێکی سپی بنووسێ و هەرسێ پەنجەکانی بوون بە هەڵمێکی رەش و ڕۆچوونە ناو ناخە دۆزەخەکەیەوە و پێنووسەکەی بوو بە خاکەناز و هەر سێ پەنجەکەی دووبارە بوون بە گڕ و لە ئاسۆی تەمومژاویی ئەو تراویلکەیەدا بوون بە گڕ.

هەستت دەکرد هەموو شتێک کاڵەو بۆنی نییە، هەستی سڕرایەوە و بوو بە خۆڵەمێش، کۆمارەکەی نەستی پێچایەوە و چوار قەدی کرد و خستیە ژێر سەری، وتی:

– بۆم هەیە هەموو شتێک بکەم،...

تۆڕێک، لە کەساسیی زمانی پێچایەوە، لێوەکانی دوورییەوە،

کونەکانی لووتی گرتەوە، هەناسەی پەنگی خواردەوە، حەزی دەکرد خۆی خەفە بکا، دەستپەڕێک لەسەر ئاسکێک بکا، کەچی پەڕەی ئەلبومێکی خۆی هەڵدایەوە، یەکەیەکە سەیری وێنەکانی کرد، کەسی نەناسییەوە، هەمووشیان دەیانناسییەوە، بەیەکەوە کەوتنە قسەکردن، زۆر دوان، بەڵام بە زمانێکی نەبیستراو، تەنیا گوێیەکانی (ئەم) لە خەوندا ئاشنای ئەو زمانە بووبوون، نە زمانی ئاسمان بوو و نە زەوی، نە زمانی سروشت بوو نە ئاژەڵ، نە زمانی جن بوو، نە ئینس، نە مۆسیقاو نە نووسین.. بەیەکەوە کۆڕێکیان گرت، گفتوگۆیەکی قووڵیان کرد، گەیشتنە ئەنجام، وەڵامی هەموو پرسیارە بێ وەڵامەکانیان دایەوە، بۆشاییەکانیان پڕ کردەوە، ئەستێرەکانیان ریزکرد، ئەمانیش لکانە قەد یەکدترەوەو بوون بە گەردانە، پەرییەکان لە ئاسمانەوە دابەزین، حۆرییەکانی دەریاکان بە ترپەی دەفەکانیان ئەو گەردوونەیان لەرزاند، دوو دڵۆپە فرمێسکی خواوەند باری، ئەو ئاسۆیە بوو بە بەهەشتێکی قەشەنگ، کەچی ئەو هەر وەکو خۆی مایەوە، ئەم جۆرە گەشتانەی رۆحی ئارامییان پێ نەدەبەخشی، ناچار بوو ئاسمان بکاتە تابلۆیەکی سەوزو خۆی رابژەنێ و حەزی لە خەمۆکییەکەی جارانی بوو، ویستی بۆی بگەڕێ، (ئەم) بە خەمۆکییەوە جوانە، خەمۆکییەکەی هەمیشە پێنووسەکەیان کردبووە مامان، هەر وشەی دەزایی و دێڕەکانی دەکردە دەسترازە، ئەمجارەیان وتی:

– شەیتان وەرە لە کوێی؟! لایەلایەم بۆ بکە، عەرشەکەت بەجێ بهێڵە، ببە بە فرۆید، بە یانگ بە ئەدلەر، سەری پشیلە رەشەکەی ناخم ببڕە، دیسانەوە گڕەم دێ... گڕم گرت، دڵم تەنوورە، ناخم دۆزەخە، سییەکانم فڕنن، تیرێکم بۆ رابوەشێنە، لەوانەیە تینوێتیی گڕەکانمی پێ بشکێ.





هاواری کرد، بن پێیەکانی ئاگریان لێ دەباری، دووبارە هاواری کرد:

– خوایە شەیتانم بۆ ڕەوانە بکە.

دەنگێک وتی:

– شەیتان مامانت بوو، لەوەتی لەدایک بووی هەر لە باوەشی شەیتاندا گۆش کراوی، شیری شەیتانت خواردووەتەوە، دەمارەکانی شەیتان دەسترازەت بوون، مێشکی شەیتان بێشکەت بوو، دڵی شەیتان ژووری تۆ بوو، شەیتان فێری گریان و پێکەنینی کردی، بۆیە بەپێچەوانەی دەستووری سیستەمی من گەورە بووی، بۆ نموونە لە رۆژهەڵاتدا وەکو رۆژئاواییەک بیردەکەیتەوەو هەڵسوکەوت دەکەیت، لە رۆژئاواشدا وەکو رۆژهەڵاتییەک خۆت دەنواند، وانەبوو؟ رۆژهەڵاتت بەرجەستە کردبوو..

– من، خۆم هەر وەکو خۆمم، وایە..

– دە هەر خۆت بە تا گیانت دەردەچێ، ڕێ نادەم عزرائیل قەت بێتە لاتەوە.. هەر شەیتان خۆی رۆڵی عیزرائیل بۆ تۆ دەبینێ و لەسەر دەستی ئەو گیان لەدەست دەدەیت.. ئەنجامەکەشت، مەبەستم لەو دنیایەدا، دەکەویتە ژێر دەستمەوە، حیساب و کیتابی تۆ جیاوازە.

– واتە نە دۆزەخم بەردەکەوێت و نە بەهەشت... نامرم.. هەر وەکو شەیتان..

– وەکو سەگ دەتۆپی... دڵت دەوەستێ و دەست و قاچت دەمرن..

– من کرم دەمخوا...

– ئەی رۆحت؟

– رۆحم جوانە، چییەتی؟

– عەیبی نییە، بەڵام بۆ کوێ دەفڕێ؟

– لەوانەیە ببێ بە کۆتر...

– ئای تڕحێو، لەوانەشە ببێ بە سیمرغ...

– دەبێ بە شێخی سەنعان، یان مەحوی، یان نۆدەهی...

– دەبێ بە ڕۆحی خۆت، ئەوان ئەوانن و تۆش تۆی، درۆزن.. تۆ درۆ لەگەڵ خودی خۆتدا دەکەی، تۆ تەنیا (ئەم)ی، بەڵام بەپێچەوانەی مرۆڤەکانیت، بۆ نموونە تاقەتی دایکسالاریت نییە، یان لە بەغدا کورد بووی، کەچی لەم شارەدا بەغداییت...

– مرۆڤم، وەفام هەیە بۆ ئاو و نانی بەغدا..

– ئەم قسە حیزانە تەنیا بۆ شەیتانی مامۆستات بگێڕەرەوە.

– دیارە.. تۆش لەمن ناگەی...

– ئەم قسەیە قسەی دەروونناس و فەیلەسووف و نووسەرانە...

– منیش هەرسێکیانم...

– تڕحێو، هیچیان نیت...

– نووسەرم..

– وایە، بەڵام ئەگەر ئازایت ئەم دێڕانە بڵاو بکەرەوە..

– دەزانم، شاربەدەرم دەکەن و دەمکوژن..

– ترسنۆکی...

– لە مردن دەترسم، بەڵام لە سێدارەدان ناترسم...

– دەبێ لە منیش بترسی...

– چڵ ساڵە بەدواتدا دەگەڕێم، نازانم لە کوێی، لە نیگەرانییەکی زۆر سەیردا بووم، نەمدەزانی هەیت یان نییت،





– هەم...

– لە کوێی؟

– لە ناختدام... لە نەستتدام، لە دڵتدام... ڕۆحی تۆم.. ڕاستە شەیتان بەڕێوەت دەبات، بەڵام دوو پەریم بۆت تەرخان کردووە، یەکێکیان لەسەر شانی ڕاستتە و ئەوی تر لەسەر شانی چەپتە، هەمیشە تۆیان لە سێدارە پاراستووە.. لەناو ئاگر بووی بەڵام نەسووتای..

– هەر ساتێکم مردنێکە، سووتانێکە...

– ڕاستە، ڕاستە، بەڵام مێشکێکی باشت هەیە، هەمیشە داگیرساوە..

– ئەی مردن؟

– عیساو مووساو محەمەد مردن، تۆش دەمری...

– با نەمرم...

– ها ها ها ها...

-..........

– ها ها ها ها...

– گەوجم؟

– نا، جوانیت، پیریت بەڵام دڵ و ڕۆح و مێشکت گەنجن...

– سوپاس...

– ئیمانیشت هەیە... وایە؟

– وایە، بەس دەمەوێ باڵ بگرم... بفڕم..

– بۆ کوێ؟ هەموو شوێنێک بووەتە دۆزەخستان و سیخوڕستان و

ئاگرستان... لە ماڵی خۆت دابنیشە و بفرە، بەسەر لاپەڕەکانتدا بفرە.. بەهۆی هەواڵەکانی رادیۆکەتەوە هەمیشە مێشکت فڕیوە... دەتەوێت بتکەم بە پەپوولە یان چۆلەکە یان کۆتر یان هەڵۆ؟

– ها، نازانم... نەخێر دەمەوێ هەر خۆم بم... بەس نازانم من چیم...

– تۆ مانگایەکی میهرەبانیت... سەگێکی بەوەفایت، ژنێکی پیاویت.

– قەت ناچمە ناو قاڵبەوە، دارە مەیتیش ناتوانێت هەڵم بگرێ.. چونکە مردن زیندانە، بۆیە نامەوێ...

– مردن ئازاترەکی رەهایە... خۆت وەکو مەشکە رامەژێنە... مەسیحییت... فاڵچیت، قۆچی قوربانیی ئیبراهیمیت... خۆت بناسە... لەرێی منەوە خۆت بناسە، دەروونناسەکان تا رادەیەک دەتوانن هەوڵت لەگەڵدا بدەن، بەڵام خۆ ئەوانیش بێ خەوش نین... وایە؟

– وایە راستە بێ خەوش نەبوون...

– تۆ ئازای، دەوێری لە ئاوێنەدا سەیری لۆچی دەموچاوت بکەی، ددانەکانت کەوتن..

– قازانجم نەکرد کە..

– جوان بووی.

– وایە بەڵام ژیانم دۆزەخێک بووە بۆ خۆی...

– بەڵام ناخت بەهەشت بوو... بێکەس بووی... من هەمیشە لەگەڵتدا بووم، کەچی تۆ لەگەڵ شەیتان بووی..

– بۆچی دژایەتیی شەیتان دەکەی؟

– کاری خۆمە.. حیکمەتی خۆمە.. حیکمەتی تۆش نووسینە.. وایە؟





– وایە...

– بەڵام کارێکی بێهوودەیە..

– وایە..

– قوڕ گرتنەوەیە...

– وایە...

– بەنجە..

– وایە..

– گۆچانە..

– وایە..

– قسەی هیچە..

– وایە... بەڵام تۆش پێش ئێمە نووسەر بووی، نووسەرێکی داهێنەر بووی...

– سوپاس.. بەڵام نووسینەکانت کفرن... بڵاویان مەکەرەوە...

– نا.. دوای مردنم...

– کەیفی خۆتە، نەموت ئازا نیت و ترسنۆکی...

– نا.. من بۆخۆم دەنووسم بۆ کەس نانووسم... بەربەرەکانێ لەگەڵ خودی خۆمدا دەکەم... نابەزم...

– دەتبەزێنم... پەنجەکانت دەشکێنم... وردوخاشیان دەکەم..

– تکایە با گوێ لە قادر کابان بگرم، نەمردووە... هەموو بەیانییەک بۆی دەگریم...

– بۆ خۆت دەگریت.. چونکە کەس بۆت ناگری، بەڵام من بۆ تۆ گریام، دوو دڵۆپە فرمێسکم بە سەردا باراندی، وابوو؟

– وابوو...

– گرەکەت خامۆش بووەوە؟.

– نازانم...

– وردە وردە هێـــمن دەبیـــتـــەوە، هـەر درۆزن و دووڕوو و ترسـنۆک مەبە.. بایەکەم باوەشێنت دەکا؟

– بەڵێ..

– ئەی کۆترو کوکوختییەکانم بوونەتە میوانی باغچەکەت؟

– بەڵێ..

– دوێنێ زۆر گریای؟

– بەڵێ خـەفـەت بۆ عێـراقییـەکان دەخـۆم.. عێـراقییـەکـان جیـان لە سەدام حوسێن و ئاژەڵەکانی عێراقیان کاول کرد...

– هێمن بەرەوە، مەگری، ئەوە حیکمەتی داگیرکەرە...

– تۆش بووی بە سیاسەتمەدار؟

– ها ها ها... هەموو سیاسـەتمەدارانی جیهـان لە گونی شـەیتانەوە لەدایک بوون، لەدەستی من بۆ کوێ دەڕۆن؟

– من وا خـەریکە تێ کدەچم، دەدەم بە شاخدا...

– خۆت دەکەمە شاخێکی گەورە...

– نامەوێ... بۆ چیمە.

– دەتکەمە دەریا...

– هـەر نامەوێ، جاری وا هـەیە بەبێ تۆ دەبمە شاخ و دەریا و هـەر لە یەک ساتیشدا...

– دەمری، دەمری...





– با بمرم، چی دەبێ با ببێ، ئازاد دەبم...

– تۆ ژیانت خۆش دەوێ..

– وابوو، هـەر مـــەراقـێکیـشـم مـــردنێکە... من هەزار جـــار خـــۆمم کوشتووە، نە پێویستم بە چاو هەیە و نە بە گوێ، دنیام بینی...

– زەلیلت دەکەم...

– هـەر گـــوێزان و کـــەتەرو حـــەپ زۆرن، خـــۆم دەکـــوژم... ســـەرە گەوادەکەم لەناودەبەم.. کارگەی بیرکردنەوەیە.. ماشێنە، لەپڕ لەکار دەکەوێ... خوا خـوامە لەناو بچێ، بێزارم، من خـۆم نیم، بەتایبەتی لەم شـــارەدا، ئاوارەم جگەرە دەمکێـــشـێ و وشـــە دەمنووسێ، خـــوێن هەڵدەهێنم... سییەکانم بوون بە بورکان، ئەرێ خۆ تەقیم...

– دەزانی دیالۆگەکەت زۆر سادەیە...

– خۆیشم مرۆڤێکی خاکیم..

– هە.. ئەمەندە ئاڵۆزی تەنیا من لە تۆ دەگەم..

– دەتەوێ ببی بە دەروونناس...

– ئەوانیش من دروسـتم کردوون.. ئـەگـەر ئازان با شـوێنی دەروون بدۆزنەوە... حەی تڕحێو...

– راست دەکەی، دەروون شوێنی نییە، هـەر وەکو رۆح...

– دەتەوێ باسی سەرچاوەی رۆح و دەروون بکەین...

– نەخـێـر، چونکە دەروونی مـن دۆزەخی ئەم دنیـایەیە و شـەو و رۆژ گڕ دەگرم خوا دەکا شوێنەکەی لەناو لەوپەڕی دنیا بێ.

– خـۆت مـــەدزەرەوە، چونکە شـرینقـەی دەروون لەدەســـتی مندایە، دەروونی هـەندێک مرۆڤ لـە نووکی دەرزی شـرینقـەکـەمدایە، راسـتـە

دەروونی تۆ دۆزەخە، ئەنجامەکەشت هەر لە دۆزەخستانی مندا دەسووتێی..

– کەواتە نەنکم وتەنی لەم دنیا مەراق و لەو دنیاش هەر مەراق...

– ئاگرکوژێنەوە بۆ تۆ نییە، ئەگەر دەست و پێت چیلکە یان ئاسن بوونایە دەمێک بوو..

– دەسووتام و دەتوامەوە، ها، گڕەم دێ.

– بمبینە دەبیتە بەفر...

– چۆن؟

– رۆحت، دەروونت دەگۆڕمەوە...

– نامەوێ، دەمەوێ هەر خۆم بم و وەکو خۆم بمێنمەوە.

– بۆ؟

– وا لەدایک بووم، وا ژیام، بەم شێوەیەش دەمرم...

– تەنیا نووسین و بێدەنگی دەرمان و بەنجی تۆن...

– جا بە چی دەچێ، من خوێنەرم نییە، نایشمەوێ بەناوبانگ ببم، نامەوێ کەس بمخوێنێتەوە.. تێم ناگەن...

– دەیەها مەودام بۆ دروست کردووی. دوو فریشتە لەسەر شانەکانتن باوەشێنت دەکەن، لە ئاگر دەتپارێزن، ئاگری دەسەلات... هەر لە دەسەلاتی دایکتەوە تا دەسەلاتی سەدام حوسێنی جاران و تا هی کورد..

– دەسەلاتی کوردی منی بە سەگێک لەقەلەم داوە... بێدەنگییان کردووەتە لۆکە و ژەهریان تێ کردووەو ملیان بەو لۆکەیەو بە جۆرێک لە لەفاف پێچاومەتەوە، منیش بە بێدەنگی و بە قیست سات بە سات گیان دەدەم، ئەم خەلوەتەم جۆرێکە لە بەندیخانە، من دەستبەسەرم، نازانم... با جگەرەیەک بکێشم و خۆم رابژەنم، لایەلایە بۆ





دیالۆگەکەمان بکەم.. نەمردن نە خەو نامبەنەوە، نازانم کەی رۆژ دەکاتەوە، ژیانی من تەنیا شەو دەیکاتەوە، رۆژیشم تاریکە.. تاریکستان لە سیخوڕستانی کوردستانێکی ژێربەژێر دەستبەسەرو فرۆشراو. ئاخۆ لە زمانم دەگەی؟

– بەڵێ تێت دەگەم... ئێوە هەمیشە دەسەلاتدارانتان نۆکەر بوون...

– بەداخەوە دەزانم، دەمێکە ئەم راستییەم بەدی کردووە.

– لە سکالاکردن تاقەتم چوو با نەیڕێسم، بەسە، ئەمڕۆ گوێیەکانی تۆم کڕیوە، ئەگینا من هەر بۆ دیوارەکان قسە دەکەم، خوایە وابزانە سەگم و دەوەڕم، لێم مەگرە، دەمڕاستمان نییە، کەڕین، لاڵین، کوێرین. قورمیش کراوین، دەخۆین و دەڕیین، گەنجە جوانەکانمان فەوتاون، فێری تەمەڵی و درۆ و مشەخۆری بوون، سیخوڕن، تەمەنیان دەگاتە سی ساڵ هێشتا نازانن مانای ماچکردن چییەو چۆنی دەکرێ.

خوایە.. راستە من زۆر دەڵێم، حەبی بێدەنگییشم قووت داوە، ستیلازین. چیی دی قسە ناکەم.. ناوەڕم، بەریتانیا بە دامەزراندنی ئەم حکوومەتە ئەفسووناوییە تۆبەی بە میللەتی کورد کرد، چیتر داوای حکوومەتێکی سەربەخۆ نەکا. خوایە ئەمە دوا پەندم بوو، تەواو...

من..

چاوێکی بێ رووناکیم..

ناوێکی بێ هەناسەم..

خوایە..

گڕەم دێ بۆ سەهۆڵبەندانێک دڵم سارد بکاتەوە، بیبەستێت، چیتر خوێنم لەناو دەمارەکانمدا هاتوچۆ نەکا، وەکو چیرۆکی (اصحاب الکهف) بۆ ماوەیەک بمرێنەو خۆم بڕیاری کاتی زیندوو بوونەوەم

دەدەم.. زەنگی زەمەنم بۆ قورمیش بکە، تا لەکاتێکدا دام بچڵەکێنە کە چوار پارچەی کوردستان یەک پارچە بن، نا نا نامەوێ چاوم بکەوێتەوە بە دەسەڵاتی نوێ، لە ئێستاش خراپتری لێ دێ، بەڵام دەمەوێ چارەنووسی میللەتەکەم بخوێنمەوە، یەک زمان بەکار بهێنن.

خوایە..

چی دەکەیت بیکە، بەڵام بۆ ماوەی سەد ساڵ بمکوژە، گرەم دێ بۆ ئاوی سارد. جۆزیف کنشت، لە سەهۆڵبەندانێکدا خنکا، من لەناو دەریای خوێناوی عێراق و ئەفغانستان و دارفوورو فەلەستیندا دەخنکێم، پەلەقاژێمە، وا خەریکە گیان لەدەست دەدەم... لەناو ئاگرپژێندام... نازانم ئێسقانەکانم بۆ کوێ فڕێ دەدا، مەبەستمە بزانم سەرم چی لێ دێ، هەمیشە لەسەر لەپم دەسووڕێتەوە.. زۆرجاریش دەفڕێ، دەزانم بۆ کوێ دەڕوا، بەس نازانم لەچ کاتێکدا دەگەڕێتەوە! قورسایی سەرە قورسەکەم بەقەد قورسایی گۆی زەوی دەبێت، هیچ شانێک نییە هەڵی بگرێ، شانە لاوازەکانی خۆم نەبن، قورسە قورس، کەسیش ناتوانێ قورمیشی بکا، لە پشتیشەوە تاقە چاوێکم هەیە رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەبینێ، چەپ و راست دەبینێ، لەسەر تەوقی سەریشمەوە چاوەکەی سەرم هەر گۆڕانکارییەکانی ئاسمان دەبینێ.

خوایە..

ئەم چاوانە چین کە بۆت دروست کردووم؟!

خوا لە سکاڵای (ئەم)ی وەر گرت، ئەمیش خۆی لەسەر ئۆقیانووسێکی شیندا بینی، حەزی کرد شەپۆلێک بیباتەوە و نقوم ببێ، بەڵام تا دەهات شەپۆلەکان دەکشانەوە و لمی وشکیان بەجێ دەهێشت.

(ئەم) ناچار بوو لەگەڵ سێبەرەکەیدا جووت ببێتەوە، بۆی راکشا،





گەردوون شین بوو، دەتوت بە کفنێکی شینی تەمومژاوی پێچراوەتەوە، چاوی پشتی سەری بێزار بوو، هاوارێکی لێ هەڵسا.

– سەیری کوێ بکەم؟

ناچار بوو لەسەر لای راستی رابکشێ، شەپۆلەکان پەیتاپەیتا دەهاتن و لێی نزیک دەبوونەوە، بەڵام قەت تەڕیان نەدەکرد، لە قاچەکانیشیەوە مووچڕکەیەکی پێ گەیشت، دڵی راژەنی و بەسەر دەمدا خەوت، چاوی پشتی سەری ئازاد بوو، روانییە هەڵۆکانی ئاسمان، شەڕە دەنووکیان بوو، باڵەکانیان دەدا بە یەکتردا و شەپۆلەکان بەرزو نزم دەبوونەوە، دڵەڕاوکێ گۆی زەویی گرت، خەریک بوو زەوییەکەی ژێری بەرز ببێتەوەو بگاتە ئاستی قاچ و نینۆکی هەڵۆکان (ئەم) نەیدەزانی مووروی شین لە کوێوە دەبارێتە سەر جەستە پووچەکەی و هێزو وزەیەکی تازەی پێ دەبەخشێ، دەیزانی لە دەرەوەی کات و شوێندایە، بۆیە ئۆخەی ئۆخەی بوو کە تێکەڵی سروشت بوو، حەزی دەکرد دەست و قاچەکانی لە لەشی بترازێن، وتی:

– گەیشتمە حاڵەتی نێرڤانا... بەرزترین پلەی بوون و لە حاڵەتی یەکێتیی بووندام.. چیتر هیچم ناوێ، ئەگەر گیانیش لەدەست بدەم، گوێ نادەمێ، چی دەبێ با ببێ، شەپۆلەکان قووتم دەدەن و نقوم دەبم، ئەم ئۆقیانووسە دەبێتە گۆڕم، شوێنگوم دەبم و کەس نامناسێ، خۆزگە چیتر گۆڕستان نەبینم، نەمنێژن لەتەک هیچ مردوویەک.

ڕەنگی چاوەکانی فەیرووزی بوون، پشتی چاوەکانی بە لمە شینەکە هەزار بارە داپۆشرابوون بە خۆی.

***